ژمارە ١٤
کانوونی دووەم ٢٠١٢

# نوێبوون

## گــۆڤارێکی سیاسی و روناکبیری وەرزیــیە

خاوەن ئیمتیاز/ مەڵبەندی (١) رێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ک)

ســــــــــەرنووسەر/ ئەنوەر ساڵح عەزیز
جێگری ســـــــــەرنووسەر/ ئازاد تۆفیق

راوێژکاران
ئەکرەمی میهرداد
ئومێد قـــەرەداغی

سەرپەرشتیاری هونەری
ئـــــالان قـــادر

هەواڵنامەی کتێب

ناونیشان / سلێمانی -شەقامی سالم
(مەڵبەندی(١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك))

Email: nwebunm1@yahoo.com
nwebun@live.com
www.pukm1.com
Tel: 07480172102
07705434650

هەڵەچن / محەمەد نەجمەدین
چاپ / چاپخانەی شڤان
تیراژ / ١٥٠٠ دانە
ژمارەی سپاردن / ٢٠٤

هەواڵەی کتێب

# لەم ژمارەیەی نوێبووندا


| | | |
|---|---|---|
| *کێشەکانی عـــێراق و تەقینەوەی ململانێکان. | سەرنووسەر | 5 |


## ديموكراسی


| | | |
|---|---|---|
| * سنوورەکانی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان. | ئەکرەمی میهرداد | ١٥ |
| * زەمینە تیۆری و مێژووییەکانی گەیشتن بەخەڵك سالاریی.<br>(وڵاتانی جیهان چۆن بوون بە دیموکراتی؟) | حسێنی بەشیریە<br>لە فارسیەوە: نوێبوون | ٧٧ |
| * پارتی سیاسی و دەوڵەتی نەتەوەیی. | د. رێبوار کەریم مەحمود | ١٠٣ |
| *دیمـــــوکـــــــراسی و فتوا. | ئومێد قەرەداغی | ١١٥ |
| *دەوڵەت، سیاسەت. | محەمەد حەکیمی | ١٢٣ |

# سیاسەت


| | | |
|---|---|---|
| * پرۆژەی دابەشکردنی عیراق لەنێوان تیۆر و پراکتیکدا. | سالار شێخ تۆفیق | ١٣٤ |
| * بەهاری عەرەبی وهەندێ سەرنجی ئیتمولۆژی. | دانا ئەحمەد مستەفا | ١٥١ |
| * رووخانی لۆکاڵ لە سەردەمی گۆڵوباڵدا. | جەمال حسێن | ١٥٧ |


# کـــورد


| | | |
|---|---|---|
| * دەربارەیدروستبوونی دەوڵەتی کوردی . | ئازاد تۆفیق خەیات | ١٦٨ |
| *هەڵکشان بەرەو چارەنووسێکی نادیار. | د. سەردار قادر | ٢٠٥ |

| | | |
|---|---|---|
| *فەرهەنگی زاراوەکان | ئا/ئازاد تۆفیق | ٢٢٣ |


هەزارنامەی کتێب

# کێشەکانی عێراق و تەقینەوەی ململانێکان

عێراق وڵاتێك بووە کە مێژووەکەی پڕ لە ململانێی سەخت بووە و ، بەبەردەوامی ئەم ململانێیانە لە دۆخێکی توندوتیژدا بوون ، یان ململانێکان بە ڕێگەی کوشتن و تۆقاندن و خوێن ڕشتنەوە بەڕێوەچوون، هەرچەندە شوێنی وڵاتی عێراق لە مێژوودا بە ناوچەیەکی شارستانی ئەژمار دەکرێ، بەڵام ئەم مێژووە شارستانیە نەیتوانیوە بنەماکانی پێکەوە ژیان و لێبووردەیی و دیدە جیاوازەکان و یەکتری قبوڵ کردن لە عێراقدا بهێنێتە ئاراوە و ببێتە کلتوورێك کە نەوە بەنەوە گەشەی پێ بدرێت و ببێتە بنەمایەك بۆ پێکەوە ژیانی ئاین و نەتەوە جیاوازەکان. عێراق وڵاتێك بووە کە شیعەو سوننە وەك دوو مەزهەبی  ئیسلامی ناکۆکی تێدا گەشەیان کردووە. ئەم دوو مەزهەبە بە درێژایی مێژووی خۆیان لە سەنگەری ململانێکاندا بوون کە بە شێوەیەکی بەردەوام لە ڕووی ڕۆحیەوە یەکتریان قبوڵ نەکردووە ، ئەتوانین بڵێین ئەم دوو مەزهەبە لەلایەن دەمارگیریی مەزهەبیەوە رابەری کراوە. هەرکاتێك مەزهەبێك لەم مەزهەبانە لەناو دەسەڵاتی سیاسی بووبێت لە سیستەمی سیاسی دەوڵەتی عێراقدا، ئەوە لایەنی دووەم خۆی بە مەغدورو غەدر لێکراو زانیوە (وەك لە سەردەمی سیستەمی بەعسدا) کە سوننەکان خاوەن دەسەڵات بوون لەسەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی عێراقدا ئەم کێشەیە زیاتر زەق دەبێتەوە کە لەو کاتەشدا لەسەر مەلیکی عێراق هەڵایەکی گەورە دروست بوو ئەمەش ئەو هۆکارانەیە کە لەناو خۆی عێراقدا نەتوانراوە میکانیزمێکی دەسەڵاتداری بدۆزرێتەوە کە هەموولایەك بە دڵنیاییەوە بتوانن وەك هاووڵاتیەکی عێراقی ژیانێکی ئاسوودەیی بۆ خۆی بەرێ بکات. هەرچی خوێن ڕشتن و کوشتن و ماڵوێرانی خەڵکی  عێراقە بەر ئەنجامەکەی لەو بیروباوەڕانەوە دێن کە کۆمەڵێك وەك هێزی مەزهەبی نەتەوەیی جیاواز بوونیان هەیەو خاوەنی هێز و پێگەی کۆمەڵایەتین ، ئەم واقیعەش هەلومەرجێکی دروست کردووە کە وێنەیەکی نابەرامبەر  لە زهنی خەڵکی عێراقدا کێشراوە. وە ئەم هێزە کۆمەڵایەتیانە نەیانتوانیوە هوشیاریەکی کۆمەڵایەتی بونیاد بنێن تا بتوانن پەیوەندییەکانی نێوان لایەنەکانی ئەم ململانێیە ڕێکبخات. ئەم حاڵەتەش هۆکاری

خۆی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی دووردێـژی خوێناوی لە نێوان ئەم دوو مەزهەبەدا، هەروەها لە دوای دروست بوونی دەوڵەتی عێراق ئەم دوو مەزهەبە وە کوردیش لە گەڵیاندا خرانە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقییەوە کەواتە سێ لایەنی ململانێ لەناو چوارچێوەی دەوڵەتێکدا بەزۆر ڕێکخران ، ئەم ململانێیانە لە مێژووی دەوڵەتی عێراقدا بە شێوازی جیاواز بەردەوام بوون و هەتا ئێستاش ماشێنی ئەم ململانێیە لە سەر ڕەوتی خۆی لە عێراقدا بەردەوامە ، ڕاستە لە مێژووی دروست بوونی ئەم دەوڵەتەدا سوننە لەسەر حوکم بووەو ترۆپکی دەسەڵاتی بەدەستەوە بووە و لەهەمان کاتدا بڕیار بە دەستی عێراق بووە، شیعە و کوردیش بەردەوام لە بەرەنگاریی ئەم دەسەڵاتەدا بوون ، بەردەوام لە ڕێگای دەسەڵاتی مەرکەزیی عێراقەوە ئەم هێزە ئەو دوو هێزەی تری خستۆتە پەراوێزی سیاسیەوە. پەراوێزخستن ئەو هۆکارەیە کە دەبێتە داینەمۆی گەشەسەندنی ململانێیەکی بێ کۆتا ، هەرکاتێك ململانێکانی نێوان ئەم سێ هێزە لە ناو عێراقدا خەفە کرابێت، یان ئەوەتا بە هێزێکی گەورە کراوە یان هێزێکی داگیرکار هاوسەنگیی لە نێوان ئەم سێ هێزەدا ڕاگرتووە.

لە ڕووخاندنی دەسەڵاتی حزبی بەعسی فاشی ئەم سێ پێکهاتەیەی عێراق توانیان بۆ ماوەیەك هاوهەڵوێست بن لە هەندێك بابەتی سیاسی عێراقدا کە ئەویش لە ترسی ئەو مێژووەی کە هەبووە ، لەهەمان کاتدا بە چاودێری هێزێکی وەك ئەمریکا کە لەناو عێراقدا بووە کە عێراقیش سەروەری خۆی لە دەست دابوو. لەو جۆرە باردۆخەدا توانرا دەستوورێك بهێنرێتە کایەوە و بەراپرسی خەڵکی عێراق ئەم دەستوورە بووە دەستووری نوێی عێراق ، دەستوورێکی سیستمی دەوڵەتێکی فیدراڵی بوو. بەڵام هەر زوو سروشتی ئەم هێزانە وابوو کە بەچاوی گومانەوە بڕواننە بوونی یەکتری ئیتر کەوتنە ئەوەی چۆن ڕێگری لە بەردەم ئەم دەستوورەدا دروست بکەن بە بیانووی جۆراوجۆر هەرچەندە لە سەرەتاوە سوننە بڕیاری دا بایکۆتی هەموو هەڵبژاردنەکان بکات بەشداری نەکرد لە دەورانی یەکەمدا بەڵام پاشان لە هەڵبژاردنەکانی تردا هاتنە ناو ململانێیەکان و چوونە ناو پرۆسەی هەڵبژاردن وە لەم هەڵبژاردنەشدا ژمارەیەك کورسی بەر سوننە و شیعە و کورد کەوت، سوننە و شیعە لەسەر زۆرایەتی لە عێراقدا

نزیکەی یەك ساڵ پاش هەڵبژاردن بەناو بژیوانی کورد تونرا حکومەتێك تەشکیل بکرێت، پاش تەشکیل بوونیش کەوتنە دروست کردنی گیرو گرفت بۆ یەکتری لەناو دامەزراوەکانی سیستمی سیاسی عێراقدا بەڵام ئەم ململانێیانە هیچ وەرچەرخانێکی دروست نەکرد ، شێوەیەك لە پێکەوەیی هەبوو لە روخساردا، بەڵام ئەوەندەی کە ئیتر ئەمریکا بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی دا لە عێراقدا حاڵەتێك لە وەرچەرخانی سیاسی دروست دەبێت وقەیرانێك دێتە ئاراوە ئیتر ئەم ململانێیە بەشێوەیەکی خێرا و بەپەلە بەرەو هەڵچوون دەچێت تا دەگاتە رادەی تەقینەوە هەرچەندە ئەم ململانێیانە لە هیچ سەردەمێکی مێژوویی دەوڵەتی عێراقدا یەکلا نەکراوەتەوە و چارەسەری گونجاوی بۆ نەکراوە، بۆیە ئەم ململانێیە بەردەوام هەبووە ڕەنگە زۆرجار تەوژمی ململانێیەکە یان بکەرانی ململانێیەکە لە حاڵەتی ئامادەباشیدا نەبووبن بەڵام هەرکاتێك زەمینەی هێزی ئەم ململانێیە هەبووبێت ئەوا خۆی دەرخستووەتەوە ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی بونیاتی کۆمەڵگای عێراق کە لە مێژووەکەیدا کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی کۆچەریی بووە، هەروەك کۆمەڵناس عەلی وەردی دەڵێت: (لە کۆچەرێتیدا شەڕ ئەسڵە و ئاشتی تەنها ڕاگوزەرە، بەڵام لە شارستانیەتدا ئاشتی ئەسڵە و شەڕ ڕاگوزەرە).

ئەم وتەیە پڕاوپڕە بە واقیعی کۆمەڵگای عێراق کە بەردەوام پرانسیپی شەڕ پرانسیپێك بووە بۆ هەموو یەکلایکردنەوەکانی ململانێیەکان. ئەمە ئەو مێژووەیە .. ئەمە ئەو بونیاتەیە قۆناغ بەقۆناغ لە عێراقدا هاتووە و لەناو هزری تاکەکانی عێراقدا نەوە بەنەوە ڕاگوزەری کردووە و بۆتە بیرکردنەوە و جووڵە و بڕیار و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی. هیچ سیستمێکی سیاسی عێراق نەیانتوانیوە لە ڕێگەی هوشیاریەوە لە ڕێگەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکانەوە لە ڕێگەی زانست و زانیارییەوە لە ڕێگەی سیستمێکی دیموکراتیەوە لە ڕێگەی چارەنووسەوە ئەم خەسڵەتە ئەم ماهیەتە ئەم شووناسە بگۆڕن و دنیابینیەکی نوێ لە شێوەی پێکەوە ژیانی جیاوازییەکانی ناو عێراق بهێنرێتە ئاراوە کە ململانێیەکان بکرێنە مایەی گەشەسەندن و بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگای عێراق ، دەبێت هەموومان ئەو ڕاستیە بزانین کە پێکەوە ژیان لە نێوان کلتوورە جیاوازەکان و ڕوانگە جیاوازەکاندا تەنها عەقڵە دەتوانێت ئەو پەیوەندیانە

ڕێك بخات و لە دەرەوەی بەرهەمی عەقڵگەرایی هوشیاری تەنها ئەم حاڵەتە ڕوودەدات کە ئێستا عێراق پێیدا رادەگوزەرێ.

بۆیە دەکرێت ئیتر سیاسیەکانی عێراق بە دوای ئەوەدا بگەڕێن کە میکانیزمێکی نوێ، یان سیستمێکی نوێ، بۆ دەسەڵاتدارێتی عێراق بهێنرێتە ئاراوە، تاکو هەموو لایەکی ئەم ململانێیە هەست بە ئەمان و بوونی خۆی بکات... چەندین ساڵە بەزەبری هێز و درۆ باس لە عێراقی یەکگرتوو دەکرێت .. باس لە یەکپارچەیی عێراق دەکرێت بەڵام لە ڕاستیدا تاکەکانی ئەم سێ میحوەرە جیاوازە بەردەوام هەستیان بە یەکبوون ویەکپارچەیی عێراق نەکردووە. ئەوەتا ئەمرۆ کە لە عێراقدا ململانێیەکان لە نێوان کارەکتەرە سیاسیە شیعەکان و کارەکتەرە سیاسیە سوننەکان گەیشتۆتە ئاستێکی مەترسیدار ، بەتایبەتی لە نێوان مالکی ( شیعە) سەرۆك وەزیرانی عێراق و تارق هاشمی (سوننە) جێگری سەرۆك کۆمار دروست دەبێت، ئەم دوولایەنە ئەگەر سەیر بکەین هەردووکیان لە هەرەمی دەسەڵاتی سیاسی عێراقدان، دەسەڵاتی شیعە دەیەوێت بە دەسەڵاتی شیعەگەرایی لە عێراقدا حکومەتێك دروست بکات بەناوی زۆرایەتیەوە لە عێراقدا وە سوننەش ئەم زۆرایەتیەی پێ قبوڵ ناکرێ. ئەم بارودۆخە لە هەلومەرجێکدا ڕوودەدات کە زۆرێك لە وڵاتانی عەرەبی بە قەیرانێکی سیاسیدا تێپەڕ دەبن، هەرچی ئەم حکومەتانەیە کە ماوەی چەندان دەیەیە حکومداریی دەکەن لە ناوچەکەدا یەك بەدوای یەکدا لە هەرەس پێهێناندان لەلایەن گەلەکانیانەوە ، ئەوەی کە ئێستا پێی دەوترێت بەهاری عەرەبی بەمانایەکی تر واتە باهۆزی گۆڕانکاری لە سیستمە دیکتاتۆرییەکانی وڵاتانی عەرەبی گرتۆتەوە گۆڕانکاری بەو مانایەی خەڵکانی ئەم کۆمەڵگایانە دەیانەوێت بە میکانیزمێکی نوێ ژیانێکی نوێ بنیات بنێن ئەمەش بەو میکانیزمە کۆنانە نابێت کە خۆی لە سەرکوتکردن و دیکتاتۆریەت و بیرۆکراتیەت دەبینیەوە، ئێستا ئەم چەمکانە بەرەو نەمان دەچن و وە خەڵکی ئەم وڵاتانە داوای ماف و ئازادییەکانیان دەکەن، ئەگەر لەم قۆناغەدا هەرچییەك بێت.

بۆیە عێراق سەرباری دەردەکانی خۆی بەدەر نییە لەم کاریگەریانە، وە ئەم کاریگەریانە حوکمی خۆیان دەکەن لەسەر شێوەی حوکمڕانی لە عێراقدا وە ئەم

گۆڕانکاریانە کە لە ناوچەکەدا دەگوزەرێن وایان کردووە کێشەکان گەورەتر و فراوانتر بن لەوەی کە هەیە، واتە شیعەی عێراقی دەست بۆ قولایی هێزی شیعەی ناوچەکە دەبات ، یان مەرجەعە شیعیەکانی ناوچەکە پشتیوانی لە دەسەلات و سیاسەتی شیعەکانی عێراق بکات ئەمەش وایکردووە بۆ ئاینده هێزێکی شیعەگەرایی لەناوچەکە سەر هەڵبدات و هێزەکانیان بخەنەگەڕ لەپێناو ئامانجەکانیاندا. بەهەمان شێوە سوننە دەیەوێت دەست بۆ قولایی هێزی سوننەی ناوچەکە بەرێت لانیکەم دەوڵەتی سعودیە و حکومەتی تورکیا پشتگیری دەکات، واتە مەترسی ئەم ململانێیە لە نێوان مالکی و هاشمیدا رەنگە ببێتە هۆکارێك بۆ یەکلاییکردنەوەی ململانێی شیعە و سوننە لە رۆژهەلاتی ناوەڕستدا کە ئەمەش دەبێتە مایەی وێرانکردنی عێراق بە یەکجاریی یان ئەگەر ئەمەش ڕوونەدات ئەوا کێشمەکێشمێکی گەورە و نائارامیەکی زۆر دروست دەبێت بۆ عێراق کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی عێراق گەشەنەکات و بەرەو پێشەوە نەڕوات و بەردەوام لە کایەیەکی دواکەوتوودا بمێنێتەوە.

ئێستا ئەوەی دەگوزەرێت لە عێراقدا مەسەلەکە هی ئەوە نییە بڵێین ئەوە دەبێت یان نابێت: ئێستا ململانێی شیعەگەرایی و سوننەگەرایی ئیعلانێکی راستەوخۆی شەڕە بەلام نەتیجەی شەڕەکە چۆن دەبێت جاریٔ ئەمەیان دیار نییە، ئێستا قەیرانێکی سیاسی قووڵ دەستی پێکردووە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، مالکی ڕەنگە لە ئاییندەدا کار لەسەر ئەوە بکات چ لە پەرلەمان چ لە حکومەت دەسەلاتی ڕەهای شیعەگەرایی بسەپێنێت وەپاشان هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی دەستووری عێراقیش بدات، بەمەش عێراق بەرەوتاکرەوی و تاك حزبی بەرێتەوە. ئەمەش ئەو خەتەرە گەورەیەیە کە چەندین وەختە قسەی لەسەر دەکرێت، بۆیە دەکرێت کەسە سیاسی و رۆشنبیری و کۆمەلایەتی و مەرجەعە دینیەکانی عێراق هەوڵی ئەوە بدەن پێش لە شەڕێك بگرن کە لە ئاییندەدا لەبەردەمی هەموو تاکێکی عێراقیدایە.

هەولێر نامەی کتێب

## ڕۆڵ و پێگەی کورد لەم بارودۆخەدا

کورد وەك کارەکتەرێکی سیاسی مەیدانی عێراق، بەقەدەر قورسایی هەبوونی پێگەی خۆی لەبواری ئیقلیمی ونێودەوڵەتیدا، قورسایی دەکەوێتە سەرشانی، کورد وەك هەرێمی کوردستان کاریگەریی لەسەرە بۆ هەر ڕووداوێکی سیاسی چ لە عێراق چ لە ناوچەکە کە ڕوودەدات، کورد لەناو جوگرافیایەکدا دەژی کە دەوڵەتانی وەك ئێران و تورکیا و سوریا و عێراقە، هەموویان دژی بەرژەوەندییەکانی کورد بیر دەکەنەوە، یان لانیکەم ڕێگرن لەبەردەم مافی چارەی خۆنووسینی ئایندەی ئەم هەرێمە. بۆیە کورد زۆر پێویستە پێش هەموو شتێك هەوڵبدات ڕۆڵی گرنگ بگێرێت لە بەرەوپێشچوونی پرۆسەی ئاشتی لەسەر هەموو ئاستەکاندا. وە کورد هەوڵ بدات وەکو هێزێکی بێ لایەنی ناوبژیکار ئەم ململانێیە بە ئاراستەی خاوبوونەوە وپرانسیپی ئاشتی بەرێت .

لە هەموو ئەمانە گرنگتر ئەوەیە کە کورد هەوڵبدات لەناوخۆی خۆیدا خۆی ڕێکبخاتەوە، واتە کورد دەبێت بە ئیسلامی وعەلمانی و بەدەسەلاَت و ئۆپۆزسیۆن و هەموو لایەنەکانی تری کوردستان وتارێکی هاوبەشی سیاسییان هەبێت تایبەت بەم قەیرانەی کە ئێستا دەگوزەرێت لە عێراقدا واتە مەبەستمان ئەوەیە کورد بەهێزێکی هاوبەشەوە لەم مەیدانەدا بێت و بەسەر لایەنەکانی ململانێیەکاندا دابەش نەبن. شتێکی دیکە کەمایەی خۆشحاڵیە بۆمان جارێکی تریش هەڤاڵ (مام جەلال) بە زەنگێکی تەلەفون بێ دەنگیەکی تر دەشکێنێت و پەیوەندیەك و گفتوگۆیەکی نوێ لەگەڵ برایانی ئۆپۆزسیۆن دروست دەکاتەوە .. ئەم پەیوەندییە ناتوانین ئێستا نەتیجەکەی دیاری بکەین بەلاَم دەست پێکێکی نیشتمان پەروەرانەیە و ئەم هەڵوێستە هەڵوێستێکی جوامێرانەی مێژووییە بۆ خودی هەڤاڵ مام جەلال و هەم بۆ بزووتنەوی سیاسی کوردی و بۆ دۆزی ئاشتیانە و پێکەوەژیانیش، چونکە تاکە ڕێگاو باشترین ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ویەکلاییکردنەوەی ناکۆکیەکان و ململانێیەکان تەنهاو تەنها گفتوگۆیە.

مەبەستمان ئەوەیە دەبێت هەموو کارەکتەرە سیاسیەکانی کوردستان وهەموو دامودەزگاکان و پەرلەمان حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و تاك بەتاکی کۆمەڵگەی خەڵکی کوردستان بە ئاراستەیەك هەنگاو بنێن کە ئەم پڕۆسەیەی کوردستان نەکەوێتە تەنگژەی سیاسیەوە و لەبەر بەرژەوەندییەکان و خواستە تایبەتیەکان لەبار ببرێت . دەبێت هەوڵ بدرێت هێز و تواناکانی سیاسی وئابووری وسەربازی یەك بخرێن بە ئامانجی پاراستنی میللەتەکەمان و بۆ وەدەسهێنانی پڕۆسەی ئاشتی لە ناوچەکەدا و دوورکەوتنەوەی جەنگ وماڵوێرانی لەسەر هەرێمەکەمان. کەواتە ڕێکخستنەوە و سازدانی ماڵی کوردی ئەرکێکی لە پێشینەی هەموو رۆشنبیرێكو سیاسییەك و تاکێکی ئەم هەرێمەیە بە ئاراستەی خۆ ئامادەکردن بۆ هەرپێشهاتێك کە دێتە پێشەوە، لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان وحکومەتی هەرێمی کوردستان و دامودەزگا شەرعیەکانی هەرێمی کوردستان بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدابن چاکسازیی نوێ و دادوەریی کۆمەڵایەتی و زۆرترین ماف و ئازادییەکانی خەڵك لە کوردستان دابین بکەن و هەوڵی ئەوە بدرێت گەندەڵی و مشەخۆری و ناعەدالەتی لەم سیستەمەدا کەم بکرێتەوە وە کار بکرێت بۆ ئەوەی یاسا سەروەر بێت بە ئامانجی ئەوەی بتوانرێت زۆرترین خزمەت بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکرێت. ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ هەر ئەگەرێك خۆی ئامادەبکات و پەیوەندی بەردەوامی بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە هەبێت لە هەر ڕووداوێکی پشت پەردە خەڵك ئاگادار بکاتەوە. وە دەبێت ئەرکی حزبەکانی کوردستانیش ئەوە بێت لە رێگەی ئۆرگانەکان و میدیاکانیانەوە خەڵکی کوردستان هوشیار بکەنەوە بەرامبەر بەو ڕووداوانە یان ئەو قەیرانانەی کە دێنە پێشەوە و ئەرکی داهاتووی خەڵکی کوردستان ڕوون بکرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانرێت هێزو تواناکان بەگەڕبخرێن لە پێناو هەرێمەکەماندا.

لەگەڵ ئەمانەشدا کورد پێویستە بەردەوام بێت لەسەر پێشکەش کردنی پڕۆژەی کاریگەر بۆ رزگار کردنی عێراق لە هەر شەڕێکی خوێناوی کە دێتە پێشەوە ، مەرج نییە لابردنی ئەم شەڕە یان دوورخستنەوەی ئەم شەڕە بە یەکپارچەیی خاکی عێراق



هەواڵنامەی گێڕ

بکرێت، بەڵکو هەوڵ بدرێت میکانیزمێکی نوێ بۆ ئایندەی دەوڵەتی عێراق بدۆزرێتەوە، چونکە لە مێژووی عێراقدا دەرکەوت دەسەڵاتی مەرکەزیی نابێت بۆ حوکمداریی لە عێراقدا، لە مێژووی دەسەڵاتە مەرکەزییەکانی عێراق بە ئاگر و ئاسن و هێزی سەربازیی بارودۆخەکەیان ڕاگرتبوو. دوای ڕووخاندنی حزبی بەعسی فاشی دەوڵەتێکی نوێ بەناوی دەوڵەتی فیدراڵی هاتە ئاراوە بەپێی دەستوورێکی دەنگ بۆدراو لەلایەن خەڵکی عێراقەوە نزیکەی یەك دەیەیە لە سیستمی فیدراڵی لە عێراقدا تەنها هەرێمێك هەبووە ئەویش هەرێمی کوردستان بووە، هیچ زەمینەیەك بۆ دروست بوونی هەرێمێکی تر لە عێراقدا نەبووە، یان لانیکەم لە عەقڵیەتی زۆرێك لە دەسەڵاتدارانی شیعەو سوننە بڕوایان بە فیدراڵی نییە وە لەئەنجامی دەیەیەك لە سیستمی فیدراڵی لە عێراقدا دەبینین کە چۆن لەسەر سەنتراڵ بوون وبەهێز بوونی پێگەی هەریەك لە سوننە و شیعە کەوتوونەتە ململانێیەك کە عێراقیان تووشی قەیرانێکی سەخت کردوو.


بۆیە دەکرێت لێرەوە ئیتر بیر لە شێوازێکی تر بۆ دەوڵەتی عێراق بکرێتەوە یان بەرەو قۆناغێکی نوێ هەنگاو بنێین کە ئەویش قۆناغی دوای سیستمی فیدراڵیە، ڕوونتر بڵێین ناکرێت کورد ئیتر ڕەورەوەی گەشەکردنی خۆی ببەستێتەوە بە ململانێیەکەوە کە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە .. بۆیە کورد حەقی خۆیەتی داوای سیستمێکی سیاسی تر بکات کە ئەویش سیستمی کۆنفیدراڵی یان مافی چارەی خۆنووسینە بۆ چارەسەری کێشەکانی عێراق ، ڕەنگە بتوانرێت بەم شێوە سیستمە دەوڵەتداریی بکرێت. بۆ ئەوەی نەشیعە لە سوننە بترسێت نە سوننەش لە شیعە و نەکوردیش لە هەردووکیان ، پێویستە پەیوەندییەکی تر ڕێکبخرێت لە سیستمی دەسەڵاتدارێتی عێراقدا... گرنگە کورد بۆ ئەم قۆناغە ئامادەباشی بکات ئەرکەکەش ئەرکی تەنها حزبێك ودووان نییە بەڵکو ئەرکی هەموو تاکێکی نیشتمان پەروەرو دڵسۆزە وقۆناغەکەش قۆناغێکی زۆر مەترسیدارە ...

سەرنووسەر

# دیموکراسی

- سنوورەکانی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان.
- زەمینە تیۆری و مێژووییەکانی گەیشتن بەخەڵك سالاریی (وڵاتانی جیهان چۆن بوون بە دیموکراتی؟).
- پارتی سیاسی و دەوڵەتی نەتەوەیی.
- دیمـــــوکــــــراسی و فتوا.
- دەوڵەت، سیاسەت.

هەواڵنامەی کتێب



# سنوورەکانی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان

ئەکرەمی میهرداد

هەواڵنامەی کتێب

(( ئایا هەر وڵاتێك دەتوانێ دیموکراتی بێت؟ ئایا هەموو دنیا دەتوانن دیموکراتی بن؟ هێنانەدی دیموکراسی پێویستی بە هیچ پێشمەرجێك نییە، تەنها ویست و خواستی نوخبەکان نەبێت بۆ حکومەت بە شێوەی دیموکراتیك. بەڵام زەمینە و مەرجەکان دەتوانن لە ناو کۆمەڵی مەدەنی و لەلایەن کۆمەڵگای جیهانیەوە بۆ هێنانەدی و فراوان کردنی ویستی سیاسی بۆ ریفۆرمە دیموکراتیەکان هێزو کاریگەریان هەبێت)) لاری دیامۆند.

## پێشــەکی :

**کۆمەڵگای** باشووری کوردستان لە دوای ساڵی ١٩٩٢ و لە ئەنجامی راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ لەدژی دەسەڵاتی دیکتاتۆر و داگیرکاری بەعس، دەچێتە ناو قۆناغو سەردەمی دیموکراسی. بڕیاری سەرکردایەتی سیاسی ئەوسای کوردستان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن و هێنانەدی حکومەتی دیاریکراو لەڕێگای هەڵبژاردنەوە بڕیاری گرنگو بەرپرس و هۆشیارانە بوو کە ئەم هەرێمە لە زەریای وڵاتانی نادیموکراسیو داگیرکاری کوردستانەوە بەرەو کەناری دیموکراسی و ئـازادی بچێت. یەکەمین سنووری ئەم هەرێمە بۆ تێپەربوون بەرەو دیموکراسی بێگومان لە هەڵبژاردنی مانگی مایسی ١٩٩٢ دەست پێدەکات و لەوساوە دەتوانین بڵێین کە وڵاتی ئێمە، کوردستان پێ دەنێتە ناو دیموکراسی. گومانی تێدانیە کە هەڵبژاردن یان دیاریکردنی دەسەڵات لە ڕێگای هەڵبژاردن یەکەمین بڕیار و ساتەکانی پەیدابوونی دیموکراسیە، کە هێشتا ئەم بڕیارە دەبێتە سەرەتای کار بۆ دامەزراندنی دەسەڵات و سیستمی

دیموكراسی. هەڵبژاردنیش ڕێگای گونجاو یان شایستەیە بۆ دەستپێكی سیستمی دیموكراسی، چونكە مرۆڤایەتی لەم ڕێگایە باشترو شایستەتری نەدۆزیوەتەوە. هەڵبژاردن و دەسەڵاتی هەڵبژێردراو وێڕای ئەوەی كە ڕێگاو سازوكارێكی گونجاوە بۆ بەشداری گشتی خەڵك لە دیاریكردنی دەسەڵاتدا، بەڵام دەبێت لەوە دڵنیابین كە هێشتا سەرەتای كارو كاروانی دیموكراسیە. هەروەها بۆیە هەڵبژاردن بۆ دیاریكردنی دەسەڵات گرنگو شایستەیە، لەبەر ئەوەی كە ئەو دەسەڵاتە بتوانێت ببێتە نوێنەری خەڵك و مافو ئازادی و دادپەروەری و بەشداری و سیستمی یاسایی بۆ نیشتمان ئاوەدان بكات. یان هەروەكو (لینكۆڵن) دەڵێت: دیموكراسی دەسەڵاتی خەڵكە، لەڕێگای خەڵكەوە و لەپێناوی خەڵكدا.

لـێرەوە ساتی دووەم یان كاروبەرپرسیاریی دووەمـی دیموكراسی دەبێتە هێنانەدی سیستمی دەستووری و یاسایی بۆ ماف و ئازادی و یەكسانی و بەشداری. هەر سیستمێك یان دەسەڵاتێك خۆی بە دیموكراسی دەزانــێ یان پابەندە بە یاساو ڕێساكانی دیموكراسی كە دەبێت ئامانجی سیستم و دەسەڵاتەكەی بكاتە مافو ئازادی و یەكسانی و بەشداری. بێگومان ساتی سێهەم یان دەتوانین بڵێین (سەردەمی) سێهەم دەبێتە پێكهێنانی كۆمەڵگایەك كە خودان بێت لە فەرهەنگ و پەروەردە و زهنیەتی دیموكراسی، كە ئەمەش دەبێتە بیروڕای گشتی و كۆمەلایەتی خەڵك بۆ پابەند بوون و پاراستنی دیموكراسی و هەوڵو خەباتی بزاڤە دیموكراتیەكان بۆ ئەو پاراستن و گەشەكردنە.

لەم ڕوانگەیەوە یان بەسروش وەرگرتن لەمێژووی سێ سەد ساڵەی دیموكراسی لە ڕۆژئاوا (ئەوروپا و ئەمریكا) كاری بەردەوامی دیموكراسی دەبێتە سێ پرسی سەرەكیو ڕەسەنی ئەو سیستمە. پرسی یەكەم، پرسی دروستكردنی دەسەڵات و سیستمی دیموكراسی و نوێبوونەوەی ئەو دەسەڵاتو سیستمەیە كە پیادەكردنی هەڵبژاردنە یەك لـەدوای یەكەكان بۆ دیاریكردنی دەسەڵاتەكانی (سەرۆكایەتی وڵات، پەرلەمان و حكومەت و دەسەڵات و ئەنجوومەنی شارەكان یان ناوچەكان)،

بێگومان ئەمەش دەبێت بە دەستوور و یاسا ئاشکراو راگەیەندراو بێت و حکومەت و یاساکانیش بیپارێزن. پرسی دووەم، بێگومان هەروەکو باسمکرد پرسی (مافەکان، ئازادی ، دادپەروەری و یەکسانی، و بەشداری)ە، کە ئەمانەش دەبێت لە دەستووردا دیاریکراوبن و سەرئەنجام دەستوور دەبێتە ناوەرۆکی فەلسەفەی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) یان نیشتمانی. هەر لەم روانگەیەشەوە دەبێت هەموو کایەکانی ژیان و مافو ئازادی و دادپەروەری و بەشداری بەیاسا دیاریکراوبن. دەبێت یاسا هەبێت بۆ کاروکارکردن و بیمەی بێکاری، دەبێت یاسا هەبێت بۆ بیمەکۆمەڵایەتیەکان، بۆ مافو ئازادیەکانی ژنان و لاوان و منداڵان، بۆ سیستماتیك کردنی دەسەڵاتی سیکولارو عەلمانی و هەروەها پرسی سروشتی دینداری وەکو مافێکی سروشتی دەبێت دابینکراوبێت... و سەرئەنجام دەبێت بۆ هەموو کایەکانی ژیان یاسا دەسەڵاتدار و سەروەر بێت.

پرسی سێهەم، پرسی کۆمەڵگاو کۆمەڵگای دیموکراسیە، کە هێزە کۆمەڵایەتیەکان یان فەرهەنگیەکان یان تەواوی ناسنامەکان (نەتەوەیی، ئاینی، کۆمەڵایەتی، بیریاری) دەبێت پابەندبن بەیاساکانی دیموکراسی و پیادەکردنی سەروەریی و سەربەخۆیی یاسا. یان دەبێت خەباتکار و تێکۆشەربن بۆ پاراستنی مافو ئازادیەکان و لەبەرامبەر هەموو ئەو هەوڵ و هێزانە راوەستاوبن کە دەیانەوێت دیموکراسی سنووردار بکەن یان پێشێلی بکەن، ئەگەرچی ئەو هێز و لایەنانە حکومەت یان هێزە سیاسیەکانیش بن!

سەرئەنجام دەر ئەکەوێت کە کارو بەرنامە و ناسنامەی بەردەوام و هەمیشەیی دیموکراسی بریتی دەبێت لە ریفۆرم و گۆران لە هەردوو ئاراستەی دەسەڵات و سیستمی سیاسی، فەرهەنگ و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیدا، قۆناغی یەکەمی ریفۆرمو گۆران دەبێتە قۆناغی دامەزراندنی سیستمی دەستووری و یاسایی بۆ دیموکراسی کە بتوانێت هەموو ئەو کارو بەرنامانە بهێنێتەدی کە باسمکردن و قۆناغی دووەمیش دەبێتە رزگارکردن و کاراکردنی هێزە کۆمەڵایەتیەکان بەرامبەر بەسیستمی سیاسی دەسەڵاتدار، کە بەم بزووتنەوانە دەڵێن (بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی نوێ).

بێگومان ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتی نیە لەنمایشکردنی پرس و لایەنەکانی فەلسەفەی دەسەلاَتداریَتی دیموکراسی، بەڵکو ئامانجی لەوەدایە کە ڕەهەند و سنوورەکانی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا باس و شرۆڤە بکات!

## یەکەم، ماهیەتی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان

**ئەگەر** هەڵبژاردنی مانگی ئایاری ١٩٩٢ بەسەرەتای کاروانی دیموکراسی لە کوردستان بزانرێت، بێگومان شەڕی ناوخۆی نێوان هەردوو باڵی دەسەلاَتی کوردی دژایەتی دیموکراسیە یان هەوڵێکی توندوتیژو شەڕخوازبوو بۆ پاشەکشە پێکردنی دیموکراسی. وتەیەکی بەناوبانگی نووسەرو زانای ئەمریکی (ڕۆبەرت داڵ) هەیە کە دەڵێت: (ولاَتانی دیموکراسی یان هێزە دیموکراتەکان هەرگیز لە نێوان خۆیاندا شەڕیان نەکردووە. لەنێوان ساڵانی ١٩٤٥ تا ١٩٨٩ کە سی و چوار جەنگ لە جیهاندا بەرپابوون، هیچکامیان لەنێوانی ولاَتانی دیموکراتیدا نەبوون. لەوەش زیاتر ئەوەیە کە ئەگەری سەرهەڵدانی ئەو جەنگانە یان خۆ ئامادەکردن بۆ جەنگ لەنێوان ئەواندا نابینرێ و پەیدا نابێ)١. ئەم وتەیە هێندەی بەیانی راستەقینەی دیموکراسییە کە پەنا ناباتە بەر توندوتیژی و جەنگ، هێندەش ئەو مەترسیەمان پێدەڵێت کە سیاسەت ودەسەلاَت و فەرهەنگ لەڕۆژهەلاَتدا، کە کوردستانی خۆمان بەشێکە لەو فەرهەنگە، هێشتا چاو و دڵی لەلای توندوتیژی و جەنگە. شەڕی ناوخۆ تەنها جەنگێکی خۆکوژی و ماڵوێرانکەر نەبووە، بەڵکو ئەو سەردەمەشمان بۆ نیشان دەدات کە پاشگەز بوونەوە لە دیموکراسی و پەنابردن بۆ جەنگ و توندوتیژی دەتوانێت دەسکەوتەکانی دیموکراسی لەناو بەرێت یان هیچ نەبێت دوای بخات، هەروەکو چۆن کاروانی دیموکراسی لەساڵی ١٩٩٤ تا ٢٠٠٥ لە کوردستان دواخرا.

هەڵبژاردنەکانی ساڵانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٩ دیسان جارێکی دیکە ڕەوت و کاروانی دیموکراسی لە هەرێمدا ژیانەوە، یان ڕەهەندی هەڵبژاردنی لە دیموکراسی کوردیدا

هێنایەوە سەر تەختی شانۆی ژیانی سیاسی. دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە هەرێمدا بەڵگەیەکی دیکەی ژیانەوەو بەخۆدا هاتنەوەی دیموکراسیە لە هەرێم، یان وەرچەرخانی نیمچە ئۆپۆزسیۆنی ناو دەسەڵات بەرەو ئۆپۆزسیۆنی ئاشکرای دەرەوەی دەسەڵات دەبێتە ئاماژەیەکی دیکە لە هاوسەنگی کۆمەڵایەتی و سیاسی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن. زاراوەی (نیمچە ئۆپۆزسیۆن) بۆ ئەو لایەنە سیاسیانە بەکاردێت کە بەشێکن یان باڵێکن لە دەسەڵات، بەڵام نەیارن یان ڕەخنەیان هەیە لەکارنامەی سەرەکی دەسەڵات و مەرج نییە هەموو کات ئەم ئۆپۆزسیۆنە شاراوەیەی ناو دەسەڵات لەبەرئەوەی نەیار و ڕەخنەکارە بەرنامەو ڕوانگەی سیاسی و فەلسەفی جیاوازی هەبێت لەدەسەڵات بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە خۆیان بەمەغدور دەزانن یان پلەوپایەی دڵخوازیان نەدراوەتێ ٢. هەردوو حیزبی یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی کەپێش ٢٠٠٩ بەشێك بوون لە حکومەتی هەرێم و باڵی ریفۆرم و گۆڕانی ناو (ی.ن.ك)یش پێش ٢٠٠٩ بەشێك بوون لە سیاسەتی نیمچە ئۆپۆزسیۆن. بەڵام دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی دەسەڵاتی هەرێم بۆ خۆی بەڵگەیەکی ئاشکراو زیندووە کە ئەم سیستمە سیاسیە دەتوانێت ڕەخنەی لایەنە بەرهەڵستکارەکانی پەسەندبکات، کە بێگومان نابێتە بەڵگەی ئەوەی کە خودی ئۆپۆزسیۆنەکە یاساو ململانێکانی دیموکراسی پەسەند دەکات. ڕەوشی حۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوبات تا ١٩ی نیسانی ٢٠١١، بەڵگەی تەواون کە هێشتا ئۆپۆزسیۆنی هەرێم نەگەیشتوونەتە ناو فەرهەنگو سیاسەتی دیموکراتی و بەڵگەی تەواو ئاشکراو سەلمێنەریشن کە دەسەڵاتی کوردی لەزەمیەی نەیاری سیاسیدا چووەتە ناو سنوورەکانی دیموکراسی. دەسەڵاتی کوردی بەهەردوو باڵی (یەکێتی و پارتی) وەڵامی شەڕو ئاژاوەکانی بزووتنەوەی ١٧ی شوباتیان بەئاشتی و دیموکراسی دایەوە، بەڵام کارنامەی هەرسێ باڵی ئۆپۆزسیۆن (گۆڕان ، یەکگرتوو و کۆمەڵ) کارنامەی پەلامارو ڕووخانی حکومەتی هەرێم بوو ئەگەر بۆیان بکرایە. بەرنامەی هەڵوەشانەوەی هەرسێ سەرۆکایەتیەکەی (هەرێم و پەرلەمان و حکومەت) کە کارنامەی ئەو ئۆپۆزسیۆنە بوو، بەڵگەی تەواون کە ئەم ئۆپۆزسیۆنە پابەند نابێت بە یاساکانی هەڵبژاردن و زۆرینەو کەمینە، و ئەگەر بۆی بکرێت پەلامار دەدات یان ڕاپەرین سازدەکات و دەسەڵاتەکان بەزۆر دەگرێتە دەست.

هەولێرنامەی کتێب

سەرئەنجام لەم سەردەمەدا، بەتایبەتی لەدوای دەركەوتنی ئۆپۆزسیۆن و شكستی بزووتنەوەی توندڕەوی ١٧ی شوبات، دەبێت بگەینە ئەو ئەنجامەی كە:

١ – ژیانی سیاسی لە كوردستان، واتە دیاریكردنی دەسەڵاتەكان لەڕێگای هەڵبژاردنەوە، یان دیموكراتیك كردنی پرۆسەی سیاسی نێوان دەسەڵاتو نەیارانی خەریكە بەرەو ئاكامی باش یان (تەكامول) دەچێت. لەكوردستان هەموو شێوەكانی ئازادیی سیاسی و راگەیاندن و ڕوناكبیری هەیە، هەموو لایەنە سیاسیەكان ئازادن لە گەیاندنی بیروڕاو بەیانكردنی بەرنامەكانیان، میدیاكان ئازادن لەنەیاری و رەخنەكانیاندا و ڕوناكبیران و نووسەران ئازادن لە دەربڕینی بیروڕایان و تەنانەت زۆر جاریش ئەو ئازادیانە لەسنووری یاسایی تێپەڕ دەكات و دەبێتە سنووردار كردن یان دژایەتی و پێشێل كردنی ئازادییەكانی ئەوانی دیكە. لەم پرسەدا دەگەینە ئەو باوەڕەی كە (ژیانی سیاسی) و (دەسەڵاتی سیاسی) لە كوردستان دیموكراتیك كراوە و تازە هیچ كەس و لایەنێك ناتوانێت پاشەكشەی پێبكات و ئەمەش مەرجی یەكەم یان سنووری پەرینەوەیە بۆ دیموكراسیەكی باشتر و بەهرەمەند تر.

٢ – دیموكراسی سیاسی یان دیموكراتیك كردنی ژیان و دەسەڵاتی سیاسی خۆبەخۆ نابێتە دیموكراسیەكی كۆمەڵایەتی یان نابێتە دیموكراسیەك كە خودان بێت لە (ماف، ئازادی، یەكسانی، بەشداری و فەرهەنگی دیموكراسی). ئەم ئاستە لە دیموكراسی یان ئەم سەردەمەی دیموكراسی كە دەبێتە ئامانجو هیوای باڵای دیموكراسی هێشتا لە كوردستان لە سەرەتای كارواندایە و ئەو سەرەتایەش بە دەسەڵات و سەروەریی و سەربەخۆیی دەستوور و یاسا دەست پێدەكات. هیچ وڵاتێك یان سیستمێكی دیموكراسی ناتوانێت بەبێ دەسەڵات و سەروەریی یاسایی بگاتە دیموكراسی كۆمەڵایەتی خاوەن ماف و ئازادی. ئەگەر هاوسەنگی هێزە سیاسیەكان بتوانێت شێوازێك یان سازوكارێك بۆ دیموكراسی كردنی ژیان و دەسەڵاتی سیاسی بهێنێتەدی، وەكو رێكەوتنی پارتی و یەكێتی لە دوای شەڕی ناخۆی ١٩٩٤ تا ٢٠٠٥ و راگەیاندنی ڕێكەوتنی ستراتیژی یان وەكو ڕێكەوتنی حكومەتی هەرێم لەگەڵ لایەنەكانی

ئۆپۆزسیۆن. بەڵام زۆر ئەستەم و سەختە وڵاتێك بگاتە دیموکراسی کۆمەڵایەتی بەبێ دەسەڵاتی دەستووررو یاسا، یان خەڵك ناتوانن تەنها بەهێزی کۆمەڵایەتی نەیار یان هاوسەنگی سیاسی بگەنە کەناری مافو ئازادی و یەکسانی و بەشداری تەنها دەسەڵاتی دەستوور و یاسا دەتوانێت بەشێوەی بەردەوام و هەمیشەیی ئەو هیوایانە مسۆگەر بکات.

کۆمەڵگای ئێمە ئێستا لەم ڕەوشەدا یان سەردەمەدا بەسەر دەبات، کە ئەویش ئەوەیە، ئایا دەسەڵاتی سیاسی و ژیانی سیاسی دیموکراتیك لە هەرێم دەتوانێو دەیەوێت دیموکراسی سیاسی بەرەو دیموکراسی کۆمەڵایەتی بەرێت؟ ئایا هێزە کۆمەڵایەتیەکان، کە تارماییەکانیان دەرکەوتووە بەڵام نەبوونەتە هێزی دیفاکتۆی ناوکۆمەڵگا، دەتوانن لە بەرژەوەندی خۆیان دیموکراسی کوردی بکەنە خاوەنی مافەکان؟ نەیاریی و ململانێی نێوان هێزە سیاسیەکان لەم زەمینەیەدا چۆنە و بەکوێ دەگات؟ دەسەڵاتی کوردی، هەروەکو بەڵێنی داوەو کارنامەی هاوپەیمانی کوردستانیش لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩ بەو شێوەیە ڕاگەیەنراوە کە دەسەڵاتی یاسایی لە هەرێمدا سەروەر بێت و ماف و ئازادی و یەکسانی بۆ خەڵکی کوردستان فەراهەم بکات، ئایا ئەم دەسەڵاتە ئەم بەڵێنانە جێبەجێ دەکات؟

ئایندەی پەرینەوەی دیموکراسی سیاسی لە هەرێم بۆ دیموکراسی کۆمەڵایەتی لەگرەوی وەڵامی ئەم پرسیارانەدایە!

٣ – ئەم دیموکراسیەی ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا هەیە و (بەشێکە لەو ١٢٠ دەوڵەتەی کە لە جیهاندا لە دیموکراسیدا ژیان بەسەر دەبەن، شێوەیەك نییە لە دیموکراسی دڵخواز یان سیستمێك نییە کە هیواو ئامانجەکانی خەڵك بهێنێتەدی و لەدیدا چەمکی (لانی زۆری) ژیانی دیموکراتیك لەهەموو بوارەکانی ژیاندا بەرهەم بهێنێ، بەڵکو جۆرێك سیستمی سیاسی یە بەمانای (لانیکەم) و بەناونیشانی شێوەیەك لەحکومەت یان (تەکنۆلۆژی سیاسی)ە کە لەوێدا دەسەڵاتو هەژموونی سیاسی لەڕێگای ململانێ و بەشداریی لە هەڵبژاردنەکاندا لەلایەن پارتە سیاسیەکانەوە

و بەهۆی دەنگ و پەسەندکردنی زۆرینەی خەڵکەوە دەستی گەیشتۆتە سەرچاوە سەرەکیەکەی ڕەوایی سیاسی).[٣]

(لە دیموکراسی لانیکەمدا دەسەڵاتی سیاسی یان لایەنێکی سیاسی کە لەلایەن خەڵکەوە زۆرینەی دەنگیان بەدەست هێناوەو لە (هەڵبژاردنە ئازادەکان)دا بوونەتە لایەنی دەسەڵاتدار بۆ ماوەیەك دەسەڵات و هەژموونی حکومەت و دەوڵەت بەدەستەوە دەگرن و دەیانەوێت بەرنامەی دڵخوازی خۆیان پیادەبکەن. بێگومان لە دیموکراسی لانیکەمیشدا یان لەو دیموکراسیانەدا کە هێشتا بەشێکن لە ڕەوشی تەکنولۆژی سیاسی و دروستکردنی دەسەڵات بەشێوەی دیموکراسی، سیاسەتو حکومەت پێویستی یان بەدابینکردنی ئازادییە گشتی یەکان و بەتایبەتی ئازادی بەیان و کۆبوونەوەو حزبایەتی و دروستکردنی لایەنە سیاسیەکان دەبێت، هەروەها دەبێت ئازادی میدیا و ڕەخنەو ڕوناکبیرانیش فەراهەم بکرێت و تەنانەت تەواوی پرۆسەی سیاسی بۆ نەیاری و ڕەخنە دابین دەکرێت، کە ئەمانەش هێشتا بەشێکن لە پێداویستی یەکانی دیموکراسی لانیکەم، یان بەهۆی ئەمانەشەوە هێشتا دیموکراسی نەچۆتە ناو دیموکراسی لانی زۆرەوە.

(دەتوانین بڵێین کە چەمکی دیموکراسی لانیکەم (چەمکی سیاسی)یە بۆ دیموکراسی یان دیموکراسی تەنها لەمەیدانی سیاسەتو پەیوەندییەکانی دەسەڵاتو سیاسەتدا دیموکراتیك کراوە، لەکاتێکدا دیموکراسی لایەنی زۆر (چەمکێکی فەرهەنگیو کۆمەڵایەتیو ئابوورییە) کە لەوێدا ئازادییەکان، مافە مەدەنیەکانو بەشداری و بەهرەمەندییەگشتی یەکان لە ڕەهەندی سیاسیدا بە دەسەڵاتدارکردنی هاوسەنگیەك دەبێت لە دابەشکردنی دادپەروەرانە و دادپەروەری کۆمەڵایەتی، بەشێوەیەك هەموو لایەنەکان و چینەکان بتوانن لێی بەهرەمەندبن و بتوانن بەشێوەی یەکسان لەبواری دەسەڵاتی دەوڵەت و سیاسەتدا ململانێ و بەشداری بکەن و لەئەنجامدا فەرهەنگی دیموکراتی لەئاستی هەموو کۆمەڵگادا و لەودیوی نوخبەو ژیانی سیاسیەوە فراوان و گەشەداربێت. دیموکراسی لانیکەم یان دیموکراسی سیاسی زیاتر پەیوەندی بەو وڵاتانەوە هەیە کە تازە چوونەتە یان دەچنە ناو ژیانی دیموکراسی، بەڵام چەمکی



هەوڵنامەی گێژ

دیموكراسی لانی زۆر باس لەبەرقەرار كردنو پایەڕێژی و قووڵكردنەوەی ژیانی دیموكراسی و بەدامەزراوەیی كردنی ئەو ژیان و سیستمە دەكات).٤٠

لە دیموكراسی لانیكەمدا، یان لە دیموكراسی سیاسیدا ئەو هێزانە دەسەڵاتیان هەیە كە بەشێكن لە رابردوو یان ئەو هێزانەن كە پێیان دەوترێت هێزەكانی دیفاكتۆ (قوات الأمر الواقع)، هەر بۆیەش بەم دیموكراسیە دەوترێت دیموكراسی بەهێزەكان، نەك دیموكراسی بۆ خەڵك و بۆ كۆمەڵ. لە دیموكراسی سیاسی و لانیكەمدا سیاسەت بەهرەمەندتر و دەسەڵاتدارتر دەبێت لە خەڵك یان لەتاك. پیاوان بەهێزترن لەژنان و لاوان و منالان، لەم شێوە دیموكراسیەدا بەتەمەنەكان زیاتر بەدەسەڵات و بەهرەمەندترن لە گەنجەكان، خێڵەكان دەسەڵاتو هەژموونیان بەسەر تاكەكانەوە هەیە، بازاڕو دەوڵەمەندەكان یان خاوەن سەرمایەكان دەتوانن بەهرەمەند و سوودمەندبن لە دیموكراسی بۆ بەردەوامكردن یان پاوانكردنی بەرژەوەندی و هەژموونی خۆیان. بەكورتی ئەم دیموكراسیە سیاسیە بەهێزەكان بەهێزتر دەكات، دەوڵەمەندەكان سوومەندتر دەكات، پارت و كۆمەڵە سیاسیەكان بەهەژموون تر دەكات، بەڵام تاكو لاواز و پەراوێز كراوەكان لەدنیای بەدبەختی و رۆژ ڕەشیدا دەهێڵێتەوە یان فەرامۆشیان دەكات یان ڕێگاكانی دەرباز بوونیان لەم ستەمانە بنبەست دەكات.

ئەو دیموكراسیەی كە ئێستا لەهەرێمدا هەیە توانیویەتی ژیانی سیاسی، یان شێوازی دیاریكردنی دەسەڵات و پەیوەندییەكانی دەسەڵاتدارێتی دیموكراتیك بكات، بەڵام نەیتوانیوە یان (نایەوێت!) ئەم دیموكراسیە بەرەو لانی زۆری كۆمەڵایەتیو ئابووری و فەرهەنگی بەرێت كە بێگومان ئەمەش بەوە دەبێت كە دەسەڵاتی دەستووری و یاسایی (مافەكان، ئازادییەكان، دادپەروەری كۆمەڵایەتی و بەشداریی سیاسی و گشتی) فەراهەم بكات و خەڵك و (تاك) لەم بەرهەمانەی دیموكراسی بێبەش ناكات. زاراوەكانی دیموكراسی لانیكەم، یان دیموكراسی سیاسی، دیموكراسی بەهێزەكان سیاسی، دیموكراسی بەهێزەكان ئەو چەمك و تێگەیشتنانەش كە دیموكراسی لە ڕەوشی (دیفاكتۆ)دا دەهێڵنەوە!

له دیموكراسیی دیفاكتۆدا بێگومان ئەو هێزانه لەناو سیاسەت و دەسەڵات و كۆمەڵگاو ئابووری و فەرهەنگدا دەسەڵاتدارن یان حوكم دەكەن كە هێزی دیفاكتۆن. له وڵاتانی رۆژهەڵات و بەتایبەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست كە كوردستان لەو رۆژهەڵاتەشدا هێشتا وڵاتێكی دواكەوتوو یان تازە پەرەئەسەنێت لایەنەكانی دەسەڵاتدرایّتی دیفاكتۆ لەم مەیدانانەدا دەرئەكەون، له كوردستان دەسەڵاتی یەكەم و رەها بۆ هێزەو هەموو ئەو لایەنانەی كە هێزیان هەیە (سیاسەت، ئابووری، كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی) ئەوان دەتوانن له هەموو مەیدانەكانی ژیانیشدا بەهێز و دەسەڵاتداربن. بەرژەوەندی هێزی دووەم یان دەسەڵاتی دووەمە، بێگومان بەرژەوەندیی زیاتر و باڵاتر بریتییه له بەرژەوەندی لایەنە بەهێزەكان نەك بەرژەوەندی هەمووان. دەسەڵاتێكی دیكە لەدرۆ و فریودا یان له شاردنەوەی ڕاستیەكاندا خۆی دەنوێنێ و هێزو بەرژەوەندی لایەنە دەسەڵاتدارەكان وا دەكات كە ئەم رەوشە نەك تەنها دەسەڵاتدار بێت، بەڵكو ببێتە بەشێك لەفەرهەنگ یان هیچ نەبێت ئاسایی وەربگیرێت. دەسەڵات یان لایەنی چوارەم له بیركردنەوەو فەرهەنگی كۆن و نەریتیدا دەرئەكەوێ بیركردنەوەی عەقڵانی، زانستی یان تیۆری لەترسی بیركردنەوەی كۆن و نەریتی تەنها لەسنووره تەسكەكاندا هەن و نەیانتوانیوە بەرەو رەهەندی گشتی بڕۆن.

لەم باسەی سەرەوەدا مەبەست لەوەبوو كە لانیكەمی دیموكراسی و دیفاكتۆ و سیاسەتی بەهێزەكان تەنها له دەسەڵات و پەیوەندییە سیاسیەكاندا نەهێڵینەوە، بەڵكو دەبێت رەهەندی گشتی و فەرهەنگی كۆمەڵگاشمان لەبیربێت نەك تەنها ئەو هێزە كۆنانە یان دیفاكتۆیانە كە تائێستا حوكم دەكەنو دەسەڵاتدارن.

هەولێرمەڕ كتێب

## دووەم، لەدیموکراسیی هەژموونگەرەوە بەرەو دەسەڵاتی لیبراڵ- دیموکرات

**هەندێك** لە نووسەران و سەرچاوەکان وڵاتانی تازە پەرەئەستێن و دەسەڵاتە سیاسیەکەی بە (نیمچە دیموکراسی) ناودەبەن و (لەم سیستمانەدا، ژیانی سیاسی نە بەتەواوی دیموکراتیکە و نە بەتەواوی تۆتالیتارە. ئەم وڵاتانە لە راستیدا لە گێروگازی نوێسازی و گەشە و تێپەربووندان لە نەریتەوە بەرو مۆدێرنێتی و هەر بۆیەش لەناکۆکی و خەباتی نێوان هێزەکانی کۆن و نوێدا جڵەوگیری دەکەن لەبەرقەراربوونی دیموکراسی و تۆتالیتاریزم هەروەها بونیادی کۆمەڵایەتی نەریتی و فەرهەنگی نەریتی بەجێماو و پەراگەندە رێگا دەگرن لەهاتنە سەرکاری سیستمی مۆدێرنی دیموکراسی)٥. لەم شێوازە دیموکراسیانەدا دەسەڵات و بونیادە کۆنەکانی دەسەڵاتی نەریتی و هەژموونگەرایی و باوك سالاریی، دەسەڵاتی ئایین (تیۆکراسی)، شێخ سالاریی و دەسەڵاتی رەهای سیاسەتو پارەو دەوڵەمەندەکان ئاوێتە دەبن لەگەڵ دیموکراسی کردنی دەسەڵات و پەیوەندییە سیاسیەکان و سەرئەنجام شێوازێکی غەریب و عەجیب لە دەسەڵات و هەژموون دروست دەکەن، مەگەر هەر لەرەهەندی هەژموونگەراییدا لەیەك بچن.

لە وڵاتانی دواکەوتوو یان تازە پەرەئەستێندا جێگیرکردنی دیموکراسی یان گەشەی دیموکراسی لە لانیکەمەوە بۆ دیموکراسی لانی زۆر لەگەڵ زۆرێك رێگر و کۆسپ بەرەو روو دەبێت: دەسەڵات و هەژموونی گروپە ئەرستۆکراتی و کۆنەکان کە دیموکراسی بەنەیاری بەرژەوەندییەکانیان دەزانن، هەژموون و دەسەڵاتی فراوانی بەها کۆنەکان و بونیادە نەریتی یەکان، بەردەوامبوونی دەسەڵاتە کۆنەکانی خێڵەکان

و دامەزراوە ئايينى يە بەهێزەكان و دەسەڵات و هەژموونى هێزە چەكدارەكان، و هەموو ئەمانەش دەيانەوێت هێزو بەرژەوەندى و هەژموونى خۆيان لە ديموكراسى تازە دامەزراودا بەردەوام بكەن يان ئەم ديموكراسيە بخەنە ژێر ركێفى خۆيانەوە. بەشێك يان زۆربەی مێژووی بيست ساڵەی ديموكراسی لەهەرێمدا باس لە دەسەڵات و هەژموونی ئەم هێزانە دەكەن. فشاری ئەم هێزانە لەناو حكومەت و پەرلەمان و دامودەزگاكاندا پێويستيان بەوە هەيە كە حكومەتێكی لەشێوازی خۆيان يان تەواوی سەربەخۆيان دروست بكەن، بۆيە ئەم هێزانە زەمينەكانی دەسەڵاتی هەژموونخواز دروست دەكەن. ڕەوشەكە بەم حاڵەشەوە ناوەستێت بەڵكو ئاوێتەكردنی بەرژەوەندی و هەژموونی ئەم هێزانە لەگەڵ ڕەهەندی نيمچە ديموكراسيدا كە دەسەڵاتی بێ هێزو لەرزۆك و ناجێگير دروست بكەن. مەبەست لەبێ هێزو لەرزۆك و ناجێگير ئەوەنييە كە بەرامبەر تەواوی خەڵك وەهان، بەڵكو تەنها لەبەرامبەر تەماع و بەرژەوەندی و هەژموون و دۆشينی (ابتزاز) ئەم هێزە ناوبراوانە دەسەڵات و حكومەت لاوازو بێ هێز دەبێت.دەسەڵاتی ناجێگير و لاوازی بەناو ديموكراسی بەشێوەيەك ڕوخسارو ناسنامەی خۆی ڕێك دەخات كە ئاوێتەيەك بێت لە ئۆتۆكراسی، ئۆليگارشی، پۆپۆليزم و ديموكراسی لانيكەم.

بەڵام ئەوەی كە ئەم دەسەڵاتە ئاوێتەيە دەپارێزێت وەكو سيستمێكی سياسی ئەوەيە كە دەسەڵاتێكی هەژموونخوازەو لەوێدا دەسەڵاتداران خواستەكانی خۆيان لەچوارچێوەی بڕيارو ياسای سياسيدا بەسەر خەڵكدا دەسەپێنن. لەسيستمی هـەژمـوونخـوازدا بـڕيـاردانـی سياسی تـارادەيـەكـی زۆر تەنها لـەلايـەن شاندە دەسەڵاتدارەكانەوە و بەبێ گەڕانەوە بۆ بيروڕای گشتی و خواستەكانی خەڵك ساز و پيادە دەكرێن. سنووردكردنی واقيعیو ياسايی بەسەر دەسەڵاتی سياسيدا جێبەجێ ناكرێت و سەرچاوەی دەسەڵات و بڕيارەكانيان تارادەيەكی زۆر دوورە لە نەريتی ديموكراسی. لەم دەسەڵاتەدا ڕابەرانی كارێزماتيك و مێژوويی و شۆڕشگێڕ يان هێزە كۆنەپارێزو نەريتيەكان زۆربەی بڕيارو كارەكانيان بەدەستەو واش لەپەيڕەوانو لايەنگرانی خۆيان دەڕوانن كە دەبێ بەتەواوی پاشكۆی ئەوان بن و دەسەڵات و سيستمە حكومدارەكەيان بەشايستەو ناياب بزانن.



هەواڵنامەی دێپ

هەندێك لەسەرچاوەكان و نووسەران لەنێوان رژێمە هەژموونخوازو تۆتالیتارەكاندا جیاوازی دەبینن‌و (رژێمی تۆلیتار لەهەموو بوارەكانی ژیانی تایبەتی و گشتیدا دەست لە ژیانی خەڵك وەرئەدەن و هەوڵ ئەدەن كە ژیانی سیاسی و كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی خەڵك بەپێی ئایدۆلۆژیای خۆیان یەكرەنگ بكەن و دەسەڵاتی سەركوتگەر و پۆلیسی بەسەر كۆمەڵگادا زاڵبكەن. لەكاتێكدا رژێمی هەژموونخواز تەنها نەیاری سیاسی خۆی سەركوت دەكات (كەخۆشبەختانە هەرێمی كوردستان لەم رەوشە رزگاری بووە)، و رێگا دەگرێت لەهاتنە سەركاری حكومەتی یاسا و ژیانی خەڵك بەماف و ئازادییەكان شاد ناكاتەوە، بەڵام بەبێ ئەوەی كە ژیانی تایبەتی خەڵك بخاتە مەترسی هێرشی ئایدۆلۆژی و سەركوتەوە))[٦]

هەژموونخوازی بەشێكە لە تایبەتمەندییەكانی شێوازە جیاوازەكانی رژێمی سیاسی كۆنەپارێز، فاشیست، دیكتاتۆری نەریتی‌و مۆدێرن و تۆتالیتار، بەڵام مەرج نییە هەموو دەسەڵاتێكی هەژموونخواز بەرەو ئەو سنوورانە بچێت و هەندێك لەو رژێمانە تەنها لەپیادە كردنی هەژموونخوازی دەسەڵاتەكاندا دەمێنێتەوە. بۆیە هەندێك لەو نووسەرو میدیاكارانەی كە دەسەڵاتی كوردستان بەفاشیست ناودەبەن، تووشی هەڵەی مەعریفی و سیاسی بوون و دەسەڵات لەكوردستان لەماوەی بیست ساڵی رابرووودا بەشێوەی هەژموونخواز كاری كردووە و خۆشبەختانە نەگەشتۆتە ناو دیكتاتۆری و فاشیزم و تۆلیتاریزمەوە.

## بەرەو دەسەڵات و حكومەتی لیبراڵ – دیموكرات

زۆربەی ئەو دەسەڵاتانەی كە لە هەژموونخوازی نەریتی و مۆدێرنەوە نەچوونەتە ناو دیكتاتۆری، تۆتالیتاریزم و فاشیزمەوە ئاسۆی ئەوەیان لەپێشدابووە و لە ئایندەشدا بەرەو رووی ئەوە دەبنەوە كە دەبێت بەرەو دەسەڵاتی لیبراڵ – دیموكرات یان بەرەو دەسەڵاتی یاسایی و مافدانی برۆن یان دەبێت سیستمێكی دەستووریی و

یاسایی بۆ هەموو کایەکانی ژیان فەراهەم بکەن. دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا هێندەی ئەم ئاسۆ و ئایندە دیموکراسیەی لەپێشە هەرگیز بەرەو دەسەڵاتی خراپتر لە هەژموونخوازی ناگەڕێتە دواوە.

## ئەم دەسەڵاتانە چۆن دەتوانن (دیموكراتیك)بن؟

(ئەم دەسەڵاتانە دەبێت ڕەهەندو دامەزراوە فەرمیەکانی (هەڵبژاردن) دەستوورو یاسا و هەرسێ باڵەکەی حکومەت: دەسەڵاتی یاسا دانان، جێبەجێ کردن و دادوەری دیموکراتیك بکەن. و دامەزراوەکانی خەڵك لە سیستمێکی پەیوەنداری نێوان دەسەڵات و خەڵك لەڕێگای هێزە کۆمەڵایەتیەکان، گروپە هاوبەرژەوەندەکان، پارتە سیاسیەکان و سەندیکاو ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و کەناڵەکانی میدیا یاسایی و دیموکراتی بکرێن)[٧]

یەکێك لە روانگە باشەکان بۆ ئەوەی دەسەڵاتێك یان دەوڵەتێك بکرێتە دیموکراتی وتاری سەرۆك (ئەبراهام لینکۆڵن)ی ئەمریکایە لەشاری گیتزبۆرگ لە کاتی جەنگی ناوخۆی ئەمریکا کە دەڵێت: دیموکراسی حکومەتی خەڵکە، لەلایەن خەڵك و لەپێناوی خەڵکدا. سەرۆك لینکۆڵن سێ ڕەهەندی گشتی دیموکراسی دەناسێنێ: حکومەتی (خەڵك) بەو مانایەی کە حکومەت (لەسەرووی) خەڵکەوە نیە، بەڵکو دەبێت ڕەوایی خۆی لەپابەندبوونی خەڵك بەخۆیەوە بەدەست بهێنێ (یان دەبێت لەسەر بنەمای متمانە و پەسەندکردنی خەڵکەوە بێت)، (لەلایەن) خەڵکەوە بەو مانایە دێت کە هاوڵاتیان دەبێت بەقووڵی و فراوانی لە کارو بڕیارەکانی حکومەتدا بەشداربن، و (لەپێناو خەڵك) بۆ ئەو مەبەستەیە کە دەوڵەت بۆ هێنانەدی خۆشگوزەرانی گشتی و پاراستنی مافەکانی ئەواندا کارو تێکۆشان بکات.[٨]

دیموکراسیە سەرەتاییەکان یان ئەو وڵاتانەی هەنگاو دەنێن بەرەو دیموکراسی، یان دەیانەوێت لە ڕەهەندی هەژموونخوازی دەسەڵات و ڕژێمەکان ڕزگاریان بێت، دەبێت سەرەتا لەبیری ئەوەدابن کە دەسەڵاتەکەیان بکەنە حکومەتی یاسا و مافەکان (حکومە القانون و الحقوق) یان ئەو ناسنامە مێژوویی و سیاسیەی کە تا ئێستا لەفەلسەفە و

زانستی سیاسیدا پێیدراوە کە بە دەوڵەتی لیبراڵ – دیموکرات ناوهێنراوە. رژێمی سیاسی لە کوردستان لەم رێوانەدا قۆناغی سەرەتای دەست پێکردووە، کە ئەویش دیموکراسی کردنی دەسەڵات و پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵات و سیاسەتە یان پەیوەندییەکانی نێوان حکومەت و هێزە سیاسیەکانە. لەمەش زیاتر مەیدانی ئازادی سیاسی و راگەیاندن و رێکخراو بوون هەتادێت بەرەو ئازادیی یاسایی هەنگاو دەنێت.

هەندێك لەبیروڕاکان باس لەوەدەکەن کە دەسەڵاتی هەژموونخوازیی رەوشێکی سیاسی ئۆتۆکراسیە یان شێوازێکە لە دەسەڵاتی (مۆنارکی) کە دەسەڵاتی تاك لایەن و تاك ڕەهەندە. ئەگەرچی لە کوردستان لە ساڵی ۱۹۹۲ هەتا ئێستا دەسەڵاتی دوولایەنە (دوالیزم)ی نێوان یەکێتی و پارتی بووە لەگەڵ هەندێك لایەنی نیمچە ئۆپۆزسیۆنی ناسراو بە (هاوپەیمان)، بەڵام خودی ئەم دەسەڵاتەش بەرامبەر بەخەڵك یان لەبواری مافو ئازادی و دەسەڵاتی یاساییدا هەر بەشێوەی (ئۆلیگارشی) کە دەسەڵاتی کەمینەیە حکومەتی بەڕێوە بردووە. ڕاستە حکومەتی هەرێم دەسەڵاتی دوو حیزبی سەرەکی بووە لە کوردستان، بەڵام خودی ئەو دەسەڵاتەش بەشێوەی هەژموونگەرا یان دیموکراسی لانیکەم و سیاسی وڵاتیان بەڕێوەبردووە.

هەندێك دەیانوت و دەڵێن پەیدابوونی ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی حکومەت پەراوێز یان سنووری دیموکراسی فراوانتر دەکات، بەڵام من بڕوام وایە هەتا یەکێك لەو دوو هێزە سەرەکیەی حکومەتی هەرێم نەبێتە ئۆپۆزسیۆنی یاسایی، ئەستەمە کوردستان بەرەو دەسەڵاتی لیبراڵ – دیموکرات یان دەستووری بڕوات. لە ئەورووپاو ئەمریکای باکوور لەدوای هێنانەدی دەوڵەتی یاساو مافەکان و دەسەڵاتی لیبراڵ – دیموکراتەوە هێزە سیاسیەکانیش باشتر توانییان ناسنامە و بەرنامەی سیاسی و ئایدیۆلۆژی خۆیان دروست و بژار بکەن. دەسەڵاتی یاسا و مافەکان لەهەردوو مەیدانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەبێتە سەرەتایەك کە: (پارتی دیموکراتی کوردستان) لەحزبی کۆنەپارێز و دامەزراوەی بنەماڵەوە بەرەو پارتێکی لیبراڵ – دیموکرات بچێت و بنەماکانی لیبرالیزمی دیموکراتی بکاتە ناسنامەی خۆی، کە ئەمەش بێگومان لەدوای ئەوە دەبێت کە حکومەتی هەرێم لەدەسەڵاتی هەژموونخوازەوە بەرەو

دەسەڵاتی یاساو مافەکان بچێت. (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) کە لە کۆنگرەی (١)ی ساڵی ١٩٩٢ بەدواوە خۆی وەکو سۆسیال دیموکرات ناساندووە و هەتا ئێستاش وادەکات، هەتا ئەرکەکانی دەوڵەتی یاساو ماف و دیموکراتی نەهێنێتەدی ناتوانێت بەرەو (دیموکراسی کۆمەڵایەتی) بچێت کەهەمان مانای سۆسیال دیموکراسی دەدات. بێگومان بەرنامەو ناسنامەی سۆسیال دیموکراسی لەسیاسەتی لیبرال– دیموکراسی فروانترە بەرەو دادپــەروەری کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی رەفا دەچێت و هەندێکیش بروایان وایە کە (سۆسیال دیموکراسی سیاسەتی یەکسانی خوازییە، کە بڕوای پتەوی بە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی نوێ و ئەرکی دەوڵەت هەیە لە سەرلەنوێ دابەشگردنەوەی سامانەکان).٩ ئەم حزبە بێگومان لەدوای ئەرکەکانی ئەم قۆناغە دەبێت بەرەو پیادەکردنی ئەو ناسنامەیە بچێت.

لەدوای ئەم قۆناغە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن (گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتوو) ناچار دەبن کە یاساو ڕێساکانی دەوڵەتی یاسایی دیموکراتیك پەسەند بکەن و ئەوانیش چیدی درێژە نەدەن بە ڕەهەندی هەژموونخوازی سیاسی یان نارۆشنی لەنێوان سێ بواری ئۆپۆزسیۆن بووندا کە ئەوانیش (ئۆپۆزسیۆنی هەژموونخوازی، نیمچە ئۆپۆزسیۆن و ئۆپۆزسیۆنی نایاسایی) و بپەڕنەوە بۆ ڕەوشی (ئۆپۆزسیۆنی یاسایی). لەوانەیە هەندێك بڵێن کە ئەم بڕوایانە تەنها هیوا یان ڕامانی خەیاڵین بۆ هێزە سیاسیەکانی کوردستان، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە هەتا کوردستان نەچێتە قۆناغی دەسەڵاتی یاسایی و دیموکراتی فراوانەوە، زۆر زەحمەتە هێزەسیاسیەکان بتوانن بەتەواوی بەهرەمەندبن لەناسنانەی تایبەتی خۆیان، یان دیسان وەکو جاران بەهانەی مێژوویی و (واقیعی) نەك (حەقیقی) یان دەبێت بۆ مانەوە لەنارۆشنیدا یان مانەوە لە سیاسەت و فەرهەنگی هەژموونخوازی و دیموکراسی لانیکەمدا.

## سێ یەم، زەمینەكانی گەشەكردنی دیموكراسی لە كوردستان

**هەرچەندە** پرانسیپ و یاساكانی گەشەو بەهێزبوونی دیموكراسی لەزۆربەی وڵاتان و لەزۆربەی سەردەمەكاندا لەچەند بنەمایەكی گرنگدا كۆدەبێتەوە، وەكو بنەماكانی هەڵبژاردن و سیستمەكانی هەڵبژاردن، دەسەڵاتە یاساییەكان (یاسادانان، جێبەجێ كردن و دادپەروەری)، دەسەڵاتی دەستوور و پرانسیپی پەیمانی كۆمەڵایەتی، مافو ئازادی و یەكسانی، دروستكردنی سیستمی سیاسی و پەیوەندی سیاسی دیموكراتیك، و سەرئەنجام نەخش و كاریگەری هێزە كۆمەڵایەتیەكانی لە بەشدارییان لەو سیستمەدا، بەڵام شێوە جیاوازەكانی تێپەڕبوون بەرەو دیموكراسی و چۆنیەتی دامەزراندی دیموكراسی سەرەتایی لەهەر وڵاتێك یان لەهەر سەردەمێك دەتوانن كاریگەربن لەسەر ئاراستەو چۆنیەتی بەرەو پێشبردن یان گەشەی ئەو دیموكراسیە. لەم زەمینەدا شارەزایان و بیریارانی ئەزموونی دیموكراسی سەرەتا و زەمینەكانی گەشەی ئەو دیموكراسیانە باسی سێ كۆمەڵ تیۆر دەكەن لەم پرسەدا. یەكەم، تیۆرەكانی پەیوەندار بە هەلومەرجی پەیدابوونی هێزو بكەرەكانی دیموكراسی و كۆمەڵە تیۆری دووەم تایبەتن بە قۆناغەكانی تێپەڕبوون بەرەو دیموكراسی و قۆناغەكانی گەشەو جێگركردنی ئەو سیستمە. و سێ یەم، ئەو تیۆرانەن كە باس لە تێپەربوونی دیموكراسی سیاسی دەكەن بەرەو دیموكراسی كۆمەڵایەتی.

تیۆری یەكەم، باسی ئەو هەلومەرجە مێژووییە دەكات كە دەتوانێ باس و ڕۆشنكردنەوەی چوارچێوەیەكی ئەزموونی بۆ پەیدابوونو جێگیربوونی دیموكراسی بكات كە ئەوانیش ئەم لایەنانە لەخۆ دەگرن: هێزی بزوێنەر یان سەرچاوەی جوڵان بەرەو دیموكراسییە كە لەوانەیە لەلایەن دەسەڵاتەوە بێت لەباڵای كۆمەڵگاوە، یان لە خوارەوە كۆمەڵگاوە بێت لەلایەن خەڵك و بزاڤەكانی كۆمەڵایەتی، یان لەدەرەوەی

کۆمەڵگا بێت، وەکو کاریگەری ئەمریکا و هاپەیمانان لەسەر ڕەوشی دیموکراسی کوردی (لە ١٩٩٢ بەدواوە) یان لەناو دیموکراسی عێراقدا (لە ٢٠٠٣ بەدواوە).

تیۆرەکانی دووەم، ئەو تیۆرانەن کە باس لە چۆنیەتی و شێوازی تێپەڕبوون بەرەو دیموکراسی دەکەن کە لەوانەیە ئاشتی خوازانە بێت وەکو ڕێگای ڕێکەوتنو ریفۆرمی سیاسی، توندوتیژو نائاشتیانە بێت وەکو کۆدێتای دیموکراتیك و شۆڕشی دیموکراتیك یان بەرئەنجامی جەنگ و شکستی لایەنی دیکتاتۆری بێت کە کوردستان لەدوای ساڵی ١٩٩١ بەخۆیەوە بینی.

بەشی سێهەمی تیۆرەکان باس لەفراوانی و قووڵی چوون بەرەو دیموکراسی دەکەن یان گرنگی دەدەن بە پلەو قۆناغەکانی دیموکراسی لە دیموکراسی لانیکەمەوە بۆ دیموکراسی لانی زۆر. ١٠

دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان بەرهەمی جەنگی دووەمی کەنداو و شکستی دەسەڵاتی بەعسە لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ و سەرەتای ئەم ڕاپەڕینە بەجەنگی هاوپەیمانان لەدژی دەوڵەتی عێراق و ڕاپەڕینی بەهاری کوردستان بوو لەساڵی ١٩٩١. بێگومان ئەم زەمینەیە دوو هۆکارو ئاراستەی بەهێز نەخشی تێدا دەبینی، کەیەکێکیان دەسەڵاتی هێزە سیاسیەکانی کوردستان بوو کە ئەوکاتە ناسراو بوون بە(بەرەی کوردستانی) و یەکێتی و پارتی نەخشی سەرەکییان لەم مەیدانەدا بینی و دووەمیان توندوتیژی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری ڕاپەڕیوو بوون. ئەم دوو هۆکارەش لەژینگەو چەتری هاتنی هاوپەیمانان بۆ کوردستان توانییان جەنگەکە بەقازانجی خەڵکی کوردستان ببەنەوە. لەوکاتەوە هەتائێستا لە دیموکراسی کوردیدا لایەنی سیاسەتو هێز نەخشی سەرەکی دەبیننو تەواوی ئەزموونی دیموکراسی لەهەرێم کاریگەری سیاسەت و هێزی پێوە دیارە. مەبەست لەم بڕوایە ئەوەیە کە لە دیموکراسی کوردیدا هەر لەسەرەتاوە لایەنی پەیوەندار یان بەهرەمەند لەماف و ئازادیو یەکسانی لەمەیداندا نەبووەو هەربۆیەش دیموکراسی کوردی هێندەی سیاسی بووەو هێندەی گرێدراوە بەهێزە سیاسیەکانەوە، هێندە ئامادەبوونی لایەنی مافو ئازادی بەقازانجی خەڵك تیایدا بەشدار یان ئامادە نەبووە.

لەم دیموکراسیەدا پەیوەندی هێزە سیاسیەکان لەشەڕو ئاشتیدا کاریگەری قووڵ

و فراوانی لەسەر ڕەوت و گەشەی دیموکراسی داناوە، یان هەروەکو لەکوردستاندا باوە تەواوی پڕۆسەی سیاسی بەندە بە پەیوەندی نێوان هێزە سیاسیەکانەوە. ڕێکەوتنی پارتی و یەکێتی لەساڵی ١٩٩٢–١٩٩٤ توانی سەرەتایەکی ئومێدەوار بۆ دیموکراسی بوونی حکومەتی هەرێم دروست بکات، بەڵام شەڕی ناوخۆی ١٩٩٤–١٩٩٧ و دۆخی نەشەڕ نەئاشتی ١٩٩٧–٢٠٠٣ تەواوی پڕۆسەی سیاسی و ئاشتی لەکوردستان پەکخست، کە ئەمەش بێگومان بەبەهای پاشەکشە یان ئاوێزان کردنی دیموکراسی بوون. پەیوەندی نێوان هەردوو باڵی دەسەڵاتیش لەگەڵ لایەنەکانی دیکە، بێگومان هەر بەوشێوازە کاریگەر دەبێت لەسەر بوون یان نەبوونی پڕۆسەی سیاسی و ئاشتی. نەبوون یان لاوازبوونی دیدگای کۆمەڵایەتی و مرۆڤدۆستانە بۆ پرسی مافو ئازادی و یەکسانی، تەنانەت وایکردووە ئەگەر هەوڵێکی خەڵك یان چەند هەوڵێك هەبێت بۆ داواکردنی مافو ئازادی یەکسەر بە ئاراستەی سیاسی، یان لەڕاستیدا بە ئاراستەی شەڕو ئاشتی نێوان هێزە سیاسیەکاندا دەڕوات. نموونەی ئەمەش لەمێژووی ئەم چەند ساڵەی دواییدا بەرچاوە و لەساڵی ٢٠٠٦ باڵی ئۆپۆزسیۆنی ناو یەکێتی لایەنگری نەوشیروان مستەفا لەدژی باڵی دەسەڵاتدار لایەنگیری لە مانگرتن و خۆپیشاندانە پەراگەندەکانی سلێمانی و گەرمیان دەکرد. یان بزووتنەوەی١٧ی شوبات هەتا ١٩ی نیسان کە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) دەیانویست لەڕێگای داواکاری و خۆپیشاندانی خەڵکەوە حکومەتی هەرێم و سەرۆکایەتی و پەرلەمانەکەی بڕوخێنن. ئەم هەلومەرجە بەو ئەندازەیەی کە بەیانکردنی ڕاستینەی هەژموونخوازی سیاسی حیزبەکان بێت، بەو ڕادەیەش ئەو ڕاستیە دەخاتەڕوو کە خەڵکی کوردستانیش هەموو پرسێکی خۆیان داوەتە دەست هێزەسیاسیەکان.

هەژموونی سیاسیو پەیوەندی نێوان هێزەسیاسیەکان تەنها لەو سنوورەدا ناوەستێ کە مانگرتن و داواکاری و خۆپیشاندانەکانی خەڵك بەشێك بێت لەویستی ئەو هێزە سیاسیانە، بەڵکو تەواوی روناکبیران و میدیاکاران و نوخبە زانستی و زانکۆییەکانیشی گرتۆتەوە، یان تەواوی دامودەزگا بیرۆکراتی و ئیدارییەکانیش بەشێکن لەو هەژموونە سیاسیە یان پەیوەندییەکانی نێوان حیزبەکان تەواوی کۆمەڵگای خستۆتە ژێر سایەی خۆیەوە. بەم مانایە کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان

لەلایەن هەژموونی سیاسی جۆراوجۆرەوە بەڕێوە دەبرێتو یان تەواوی ڕەهەندەکانی کۆمەڵگا خراوەتە ژێر سێبەری سیاسەتەوە. ئەگەر لەم سێبەرە سیاسیەدا تەنها یەك لایەنی سیاسی دەسەڵاتدار بووایە، بێگومان کۆمەڵگای کوردستانی دەبووە کۆمەڵگایەکی تۆتالیتاری یەکڕەنگ کراو بە سیاسەتێك یان ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو. بەڵام لەبەر ئەوەی زیاتر لەسیاسەتو بیروڕا یەك لەم کۆمەڵگایەدا دەسەڵاتدارن بەسەر خەڵکا، بۆیە بەتۆتالیتار ناوی نابەین و تەنها بە (کۆمەڵگای سیاسی) دەیناسێنن.

لەم کۆمەڵگا سیاسی و تاکڕەهەندو پاوانکراوە لەلایەن سیاسەتەوە، کە تەواوی لایەنە سیاسیەکانیش هەژموونخوازن، بێگومان کۆمەڵگاکەش هەژموونخواز ئەبێت ئەگەرچی لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ لەکوردستان نەشەڕ سازکراوەو نەهیچ لەلایەنو کەسێك خۆیان بۆ شەڕ ئامادەکردووە، بەڵام ڕوانگەی سیاسی و پاوانخوازیی و هەژموونگەرایی حیزبەکان کە خەڵکیش بەسەریاندا دابەشبووە ئەگەری ئەوەی لێ پەیدا ئەبێت کە جارێکی دیکە (خوانەخواستە) بەرەو شەڕ بچێت. لەم زەمینەیەدا هەردوو لایەنی پارتی و یەکێتی لەساڵانی ٢٠٠٩-٢٠١١ بەرپرسیارانە ڕەفتاریان کردووەو ئۆپۆزسیۆن بەتایبەتی (گۆڕان) لەم سێ ساڵەی دواییدا زۆرجار بەرەو سنوورەکانی پاوانخوازیی و شەڕ هەنگاوی ناوە، بەڵام خۆشبەختانە هەروەکو کورد دەڵێت کەس شەڕی لێ نەکرین. باس و لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگای تاك ڕەهەندو پاوانخوازی سیاسی، بێگومان پرسێکی فیکری و سیاسی فراوانە و من نیازم نیە لەم وتارەدا زیاتر لەوە بەدواییدا برۆم. بەڵام بۆیە ئەم باسەم هێنایە ئاراوە، بۆ ئەوەی بەو ئەنجامە بگەین کە هەموو شتێك لەکوردستاندا خراوەتە ژێر سایەی هەژموونی سیاسی و ڕەوشی پەیوەندی نێوان لایەنە سیاسیەکانەوە و سەرئەنجام زۆر بەئاسانی دەگەینە ئەو کەنارەی کە تەواوی دیموکراسی کوردی کە ئێستا لەلایەن سیاسەتەوە بەڕێوە دەبرێ و دەبێت سیاسەتیش تەکلیفی خۆی لەم زەمینەیەدا یەکلایی بکاتەوە، یان سیاسەتو حیزبە سیاسیەکان بەتایبەتی (پارتی، یەکێتی، گۆڕان و یەکگرتوو) دیموکراسی کوردی لەسەرووی کۆمەڵگاوە بەرەو ئاستی فراوانتر دەبەن، یان بەرەو چوارگۆشەی یەکەمی دەبەنەوە کە چوارگۆشەی پێش پرۆسەی سیاسی و ئاشتی سیاسیە کە لەوێدا دیموکراسی سیاسیش لەناو دەچێت. ئەگەری دووەم، بەبڕوای من، ئەگەرێکی زۆر

هەوارگەی کتێب

لاوازە ومن وادەزانم کە جێگیربوون و گەشەی دیموکراسی ئەگەری بەهێزی هەیە.

لە کوردستان دەسەڵاتو پەیوەندی سیاسەت و دەسەڵاتدارێتی بکەری یەکەم و کاریگەرە کە دیموکراسی سیاسی لەکوردستان بەرەو دیموکراسیەکی جێگیرو گەشەسەندوو بچێت یان بەهۆی دامەزراندنی حکومەتی یاسا و مافەکان لە قۆناغی یەکەم رزگاری بێت و بگاتە قۆناغی دەوڵەتی لیبراڵ–دیموکرات. (لە ئەدەبیاتی سەرەتای تێپەڕبوون بەرەو دیموکراسی و پاراستنی ئەم دیموکراسیانە دڵنیایی لەسەر پێویست بوونی دەستپێکی دیموکراسی لەسەرووی کۆمەڵگاوە کراوە. (سامۆیل هانتینگتۆن) لەکتێبی ناوداری خۆی بەناوی (شەپۆلی سێهەم، دیموکراتیزەکردن لە درەنگانی سەدەی بیستدا) باس لەنەخشی لاواز و نەبوونی جەماوەر دەکات بۆ چوونە ناو دیموکراسی و ئەوەش نیشاندەدات کە لە ٣٣ پرسی دیموکراسی لەدوای ساڵانی حەفتای سەدەی بیست تەنها لەشەش وڵاتدا جەماوەر هەندێك نەخشو کاریگەرییان هەبووە. لەم ڕوانگەیەدا لەوانەیە خەڵك شۆرش و راپەرین بکەن (وەکو بەهاری کوردستان لە ١٩٩١) و رژێمەکان سەرنگوم بکەن، بەڵام تەنها نوخبەو دەسەڵاتدارانی سیاسی دەتوانن بە پیادەکردنی رەوشو پەیمانەکانی خۆیان لە جیاتی رژێمە سەرەڕۆکان، رژێمی دیموکراتی بونیاد بنێن. بەوتەی هانتینگتۆن (سازشی نێوان نوخبە و لایەنە سیاسیەکان، دڵی زیندووی تێپەڕبوونە بەرەو دیموکراسی). ١١ ئامانجی ئەم سازش و رێکەوتنەش بریتییە لە: ناساندنی رێساو یاساکانی دەسەڵاتدارێتی بەسەر شێوازی کارو پیادەکردنی حکومەت و دەسەڵات لەسەر بناغەی دابینکردنی دوو لایەنەی رەچاو کردن و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی حکومەت و لایەنە سیاسیەکانی دیکە.

## دەسەڵات و پەیوەندییەکانی سیاسەت و دەسەڵاتدارێتی

نەخش و کاریگەریی نوخبەو شاندی دەسەڵاتدار لەگەڵ پەیوەندییەکانی سیاسەت و دەسەڵاتدارێتی بەو ئەندازەیە نیە کە تەواوی پرۆسەی دیموکراسی یان گەشەکردنی دیموکراسی سیاسی بەرەو دیموکراسی کۆمەڵایەتی پابەندبێت بە دەسەڵات و نەخشی

ئەوانەوە، بەڵکو تەنها لەوەدا کۆدەبێتەوە کە هەلومەرجی پێویستی سیاسی و ئاشتی سیاسی ساز دەکات کە پرۆسەی سیاسی بە ئاراستەی دیموکراتی و یاساییدا بڕوات. لەم دیگایەدا جێگیری و گەشەی دیموکراسی یان هیچ نەبێت مانەوەی دیموکراسیەکی یاسایی و سیاسی بەشێکە لە دەسەڵاتو بیرکردنەوەی سیاسەتمەداران و بەتایبەتیش هێزی دەسەڵاتداری حکومەت. نەخش و کاریگەری نوخبە سیاسیەکانی دیکەی دەرەوەی حکومەت یان بەشداری لایەنە سیاسیەکانی دیکە سەرئەنجام بەرەو ئەوە دەچێت کە ژینگەیەکی سیاسی دیموکراتیک (یان پێچەوانەکەی) لەو وڵاتدا دەسەڵاتداربێت.

بەڵام کە دەچینە مەیدانی پرکتیکی نەخشو کاریگەریی نوخبەی سیاسی لە دیموکراسی سەرەتاییدا، پرس یان (ڕەوشی) چۆنیەتی و پێکهاتەی ئەو نوخبە سیاسی و دەسەڵاتدارە کاریگەری دەبێت لەسەر ڕەوت یان ئاییندەی جێگیر بوون و بەهێزبوونی دیموکراسی. کۆمەڵناسی سیاسی مۆدێرن (ماکس فیبەر) چۆنیەتی و پێکهاتەی ئەم نوخبە سیاسی و دەسەڵاتدارە لە سێ نموونەدا کۆدەکاتەوە، یەکەم نوخبەی سیاسی و دەسەڵاتداری نەریتی و مێژووییە کە لە بنەماڵە و دەسەڵاتە کۆنەکانەوە ئەم پرسەیان بۆ بەجێماوە و پشتاو پشت دەسەڵاتیان هەبووە یان سیاسەتو شۆڕشەکانیان بەمیرات بۆ بەجێماوە. دووەم، نوخبەی سیاسی و دەسەڵاتداری کاریزماتیك و ڕەهبەری کە نەخش و کاریگەری ئەو کەسانە لەشۆڕش، سیاسەت و ڕوناکبیریدا دەبنە زەمینەی دەسەڵات و سیاسەتەکانیان. و سێهەم، نوخبەی سیاسی و دەسەڵاتداری بیرۆکراسی یان عەقڵانی و قانونی کە ئەمەیان زیاتر بەرهەمی دیموکراسی و سیستم و دەسەڵاتی دیموکراتیە کە لەوێدا کەسانی شارەزا و خوێندەوار و پسپۆڕ لەبوارە جیاوازەکانی ژیاندا دەچنە ناو سیاسەت و دەسەڵاتەوە.١٢ سیاسەت و دەسەڵاتی نەریتی مێژوویی یان کاریزماتیك و ڕەهبەری کەمتر بەرەو دیموکراسی و دەسەڵاتی یاسایی دەچن و کەمتر بەرەو یاسایی و ئاشتی سازی پەیوەندییە سیاسیەکان دەچن، مەگەر بەناچاری. بەڵام سیاسەت و دەسەڵاتی عەقڵانی – یاسایی چونکە خۆیان زادەی سەردەم و فەرهەنگ و نەریتەکانی دیموکراسین، یان بەرژەوەندییان لەدیموکراسیدایە نیازو پێویستیان بەوەیە کە دیموکراسی و یاسایی بوونی سیاسەت و دەسەڵاتو



هەولێرنامەی کتێب

پەیوەندییەكانی ئەم دوانە بەرەو بەهێزبوون بچێت.

ولاٌتانێك كە تەمەن و پێشینەی دیموكراسییان كەم بێت، بێگومان بەشێكی زۆر لەسیاسەت و دەسەلاٌتدارێتی لە بەشی یەكەم و دووەمی تیۆرەكەی ماكس فیبەردان و گومانی تێدانیە كە ولاٌتانی رۆژهەلاٌتی و كوردستانی خۆشمان هەر لەو رەوشەدا ژیان بەسەردەبەن. سیاسەتو دەسەلاٌت لەكوردستان یان بەدەستی كەسانی مێژوویی نەریتی و كەسانی كارێزمایی و رابەرییەوە، یان بەدەستی كەسانێكەوەیە كە ئەم دوو لایەنە پشتیوانیان بكەنو بیانپارێزن. لەسنوورو مێژووییەكی زۆر كەمدا لایەنی سێهەمی سیاسەت و دەسەلاٌتدارێتی كە (عەقلاٌنی– یاسایی)ن، ئەگەر كەسانێكیش لەم نەوەیە نەخشو كاریگەرییەكی هەبێت، بێگومان ئەم نەخش و كاریگەرییە تەنها بەرەزامەندیو بەرژەوەندی رابەرانی نەریتی و كارێزمایی دەبێت.

نوخبە دەسەلاٌتدارەكان یان سیاسیەكان ئەو كەسانەن كە بریار بەدەستن لە بالاٌترین و بەهێزترین و گرنگترین پرسەكانی كۆمەلگاو حكومەت یان لەو دامودەزگا گشتی و جەماوەرییانەدا (كە ولاٌتی ئێمە زۆربەیان یان هەموویان پاشكۆی سیاسەت و دەسەلاٌتن) كە دەتوانن لەهەر كۆمەلگایەكدا بەهێزبن. بەلاٌم خودی ئەم نوخبە سیاسی و دەسەلاٌتدارانەش لەدوو پێوەردا دەتوانن پێكهاتە و شێوازی بوونو كاریگەرییان پیادەبكەن، یەكەم، پێوەری هاوسەنگی و پشتیوانی بونیادی، كە ئەم پێوەرە زیاتر بونیاد و پێكهاتەی ئابووری و فەرهەنگی و كۆمەلاٌیەتی دەكاتە روانگەو پشتیوانی سیاسی. بەرژەوەندی هاوبەشی ئابووری و كۆمەلاٌیەتی ئەو نوخبانە زۆر جار وادەكات كە روانگەو بونیادی فەرهەنگی یان ئایدیۆلۆژی هاوبەشیش دروست بكەن. زۆربەی حیزبەكانی كوردستان لەم پێوەرەدا هاوبەشیو هاوپشتی سیاسی خۆیان بەرهەم دەهێنن و دەیپارێزن. پێوەری دووەم، رادەی هاوپشتی بەهاییە یان شێوەیەكە لەتێگەشتنی دیموكراسی و عەقلاٌنی كە رێكەوتنی رێژەیی نێوان روانگە و بەرژەوەندی و بالٌەكانی سیاسەت و دەسەلاٌت دەخاتە ناو رێساكانی ئەو دەسەلاٌتە و لەناو یەك گوتاری هاوبەشدا بەیانی كۆبوونەوەی ئەو بەهایانە دەكات. حیزبە دیموكراسی و سۆسیال دیموكراتەكانی رۆژئاوا لەسەر ئەم بنەمایەی دووەم دروست بوون و بونیاد و هاوپشتی خۆیان دەپارێزن.

هەولێر كتێب

لەم دوو ڕوانگەوە ئەم دوو پێوەرە سێ جۆر پێکهاتە و شێوازی سیاسەتو دەسەڵات (بەتایبەتی شاندی حکومەتی) بەدەست دەهێنن:

١ –چین یان هەیئەتی دەسەڵاتداری ناکۆك و لێك ترازاو کە هەم لەڕوانگەی هاوپشتی بونیادی و هەم لەڕوانگەی ڕێکەوتنی بەهاییدا نەیانتوانیوە بگەنە پێوەرێکی گونجاو بۆ پیادەکردنی سیاسەتو دەسەڵاتیان. بەشەکانی ئەم شێوازە لەشاندی دەسەڵاتدار بەتەواوی بەرامبەر بەیەك بێ متمانەن و بەزمانی سیاسی جۆراو جۆر قسەدەکەن و ژیانی سیاسی وەکو پرسی مان و نەمان چاولێدەکەن و هەمیشە لەبەرامبەر یەك لەکێشەو ناکۆکی توندو تیژدان (ئاشکرا یان نهێنی). حیزبەکانی (ی.ن.ك) و (گۆڕان) لەم پێکهاتە و شێوازەدا سیاسەتداریتیان کردووە.

٢ –شاندی سیاسەت و دەسەڵاتداری یەکپارچە لە ڕوانگەی هاوپشتی بونیادی و ڕێکەوتنی بەهاییدا، بەڵام بە بوونی ئەندازەیەك لەجیاوازی بیروڕا لەنێوان کەسان و باڵەکاندا. بەشەکانی ئەم چینە سیاسی و دەسەڵاتدارە لەبەرامبەر یەکتردا کێبەرکێی ئاشتیانەیان هەیەو ژیانی سیاسی وەکو دانوستانی ڕێژەیی سەیر دەکەن نەك وەکو نەبەردی مان و نەمان. لەنێوان ئەم بەشانەی سیاسەتو دەسەڵاتدا هیچ کەسێك یان لایەنێك هەلومەرج و دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژی و بونیادییان نییە. (لەکوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تائێستا هیچ حیزبو لایەنێکی سیاسی و دەسەڵاتدار لەم بونیادو شێوازەدا دروست نەبوون).

٣ –شاندی سیاسی و دەسەڵاتداری یەکپارچە لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژی و بونیادییدا. لەم جۆرە سیاسەت و دەسەڵاتەدا هەموو پێکهاتەو شێوازە سیاسیەکە بەهۆی لایەنێك یان کەسێکی دەسەڵاتی ڕەهاوە کە لەسەرچاوەکانی دەسەڵاتدا خاوەنی ڕەوشی ستراتیژیکە پێوەرەکانی بونیادی و بەهایی سازدەکرێن و دەسەڵاتدار دەکرێن. هەروەها هاوپشتی بەهایی و بیروباوەڕەکانیش لەڕێگای هەمان باڵی دەسەڵاتدارەوە دەبێتە دەزگایەکی ئایدیۆلۆژی یان بنەمای ڕەوایی (مێژوویی– نەریتی). باڵەکانی دیکە دەبێتو پێویستە لەگەڵ باڵی دەسەڵاتداردا خۆیان ڕێکخەن یان بێدەنگ بن.١٣ لە کوردستان حیزبەکانی (پارتی، یەکگرتوو، کۆمەڵ) لەم ڕەوشەدا ژیانی سیاسی دەسەڵاتدارێتی خۆیان بەسەردەبەن.

## ئەم پێکهاتە و شێوازە سیاسی و دەسەڵاتدارانە چۆن دەتوانن لەگەڵ دیموکراسیدا بسازێن؟

هەروەکو لەئاماژەو ئاسۆی ئەم باسانەدا چەند جارێك ئاماژەمان بۆ کرد، ئایندەی ئەم پێکهاتە و شێوازە سیاسی و دەسەڵاتدارانەی هەرێم تەنها لەدوو ڕێگاوە دەبێت، یەکەم، پرۆسەی سیاسی یان سیاسەتی ئاشتیانەی دیموکراسی دەبێت پێوەرو ناوەڕۆکی یەکەم بێت لەژیانی سیاسی و دەسەڵاتدارێتیدا.من باوەڕم وایە سەرەتای ئەم پرۆسە سیاسیە لەکوردستان لەپەیدابووندایە، یان بەرژەوەندی و سازانی لایەنە سیاسیەکان بەرەو ئەو ئاراستەیە دەچێت! دووەم، بوونی دەسەڵاتێکی دەستووری یان هیچ نەبێت (یاسایی) کە هەموو پێوەر و پەیوەندییە سیاسی و دەسەڵاتدارێتی یەکان بخاتە سنوورەکانی یاساوەو هیچ لایەن و دەسەڵاتێك نەتوانێت ئەم پرۆسە یاساییە یان (ڕێکەوتنە یاساییە) بەرەو نەمان یان پاشەکشە بەرێت. پرۆژەی هاوبەشی نێوان پارتی و یەکێتی لەهاوینی ٢٠١١ بەسەرەتای ئەم پرۆسە یان کاروانە سیاسیی و یاساییە دادەنرێ. بۆیەش هەردوو وشەی پرۆسەو کاروانم بەکارهێناوە، چونکە لەوانەیە لەماوەیەکی کورتا وەکو پرۆسەیەك جێبەجێ بکرێت، یان لەدرێژ خایەندا وەکو کاروان بکەوێتە ڕێ.

(هەندێك لایەن و تیۆری سیاسی گەوهەری دیموکراسی نە لە حکومەتداو نە لە دەسەڵاتی ڕەهای (زۆرینە)دا دەبینن، بەڵکو لەدەسەڵات و حکومەتی یاسادا بەئەنجام دەگات. لەم دیگایەدا دەسەڵات لەبنەمادا مەترسیدار دەبینن، بۆیە دەبێت بەیاسا سنووردار بکرێت. بەڵام ویستی زۆرینە وەکو سنوورداربییەك بەسەر حکومەتدا ئەژمار ناکرێت، بەڵکو لەوانەیە کارو بڕیارەکان بەرەو ڕەهایی و سەرەڕۆیی ئەو زۆرینەیە بچێت. دیکتاتۆری زۆرینە لە دیکتاتۆری کەمینە ترسناکترو بەهێزترە (ئەمە ئەو ڕەوشەیە کە دەسەڵاتی زۆرینەی لەکوردستان بەرەو شەڕی ناخۆ برد). پرسی

هەولێرنامەی کتێب

سەرەکی لەدیگای حکومەتی یاسادا لەپێناوی پاراستنو بەردەوامی مافو ئازادییەکانی تاکدا خەبات دەکات لەبەرامبەر هەرشێوەیەك لە دەسەڵاتی ڕەهاو ویستی توندڕەو و سەرەڕۆیی دەسەڵاتەکان. هەربۆیە دەبێت زۆرینەش لەلایەن دەزگا یاساییەکانەوە کۆنترۆڵ بکرێت. وێڕای ئەمانەش یاسا لەدیموکراسیدا ولەماهیەتدا ڕێگرە لەدەسەڵاتی ڕەها، چونکە یاسا بەتایبەتی بەرامبەر بەحکومەت فەرماندەر و ناچارکەر نییە. یاسا ئەوە دیاری ناکات کەخەڵك چۆن دەبێت ژیان بکەن، بەڵکو ئەوان لەئەنجامدانی کاری خراپو ناشایستە دوور دەخاتەوە یان سزایان دەدات. لانی زۆری ئەم دەسەڵاتە یاساییە ئەوەیە کە دیموکراسی حکومەتی ڕاستەوخۆی جەماوەری یان زۆرینە نیە، بەڵکو ڕێگایەکە بۆ ڕاوێژ لەگەڵ زۆرینەدا بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی تاك و کەمایەتیەکان. یاسا خەڵك و تاك بەرامبەر دەسەڵاتی ڕەهای خودی دیموکراسیش دەپارێزێ).[١٤]

دەسەڵات یان حکومەتی یاسایی هەر بەو ڕادەیەی کە ڕێگرە لە ڕەهابوونی خودی دەسەڵاتی سیاسی و حکومەت، بەهەمان ئەندازەش کۆسپ دەخاتە بەردەمی ئەو هەوڵ و کارانەی کە ئۆپۆزسیۆن یان کەمینە سیاسیەکان دەیانەوێت بەرەو ئاشوب یان ڕاپەڕینی بەرن. ئەگەر مەبەستی یەکەم لە کوردستان ڕوانگەی ڕێگری بێت لەدەسەڵاتی نیمچە ڕەهای حکومەت (یەکێتی و پارتی)، بێگومان ئامانجی دووەم بۆ ئەوەیە کە دیسان جارێکی دیکە هەلومەرجی ١٧ شوباتی سازکراو لەلایەن ئۆپۆسیۆنی هەرێمەوە ڕوونەداتەوە. بەرژەوەندی هاوبەشی لایەنە سیاسی و حکومیەکان و سازانی ئەوان، ئەگەر بۆ ئەوەبێت کە پرۆسەی سیاسی بە ئاشتی و بە یاسایی بەرەو دیموکراسی بچێت، بێگومان دەسەڵات و حکومەتی یاسایی چاکتر دەتوانێت ئەم پرۆسە سیاسی و ئاشتیانە بەرەو کەناری دیموکراسیەکی فروانترو بەهێزتر بەرێت. سەرئەنجام لە دیموکراسی سیاسی هەرێمدا هیچ پرسێك هێندەی ڕێکەوتنی سیاسی و دەسەڵاتی یاسایی گرنگ و کاریگەر نییە، ئەمەش وێڕای ئەوەی کەدەبێت بەزووترین کات بەرەو ڕێکەوتنی تەواو و بەردەوام بچێت.

## دیموکراسی سیاسی چۆن دەتوانێ کۆمەڵگا رێك بخات؟

رۆبەرت دال، بیرمەندی ئەمریکی کە یەکێکە لەسەرچاوەکانی تیۆری دیموکراسی بۆ سوود و بەهرەمەندی کۆمەڵگا و بونیادنانی ژیانو جیهانێکی باشتر لەکتێبە ناودارەکەی خۆی بەناوی (دەربـارەی دیموکراسی) ئەم ئامانجانە لەدیموکراسی یاسایی یان هەروەکو خۆی دەڵێت لە (دیموکراسی ئامانجدار)دا دەبینێ"

١ – دیموکراسی یارمەتیمان دەدات کەرێگر بێت لەحکومەتو دەسەلاتی سەرەرۆ، یان جڵەو گیربێت لەهەموو هەوڵو سیاسەتێکی توندوتیژ و بێ بەزەیی. لەوانەیە گرنگترین و بەردەوامترین پرسی سیاسەت دەربازبوون بێت لەحوکمرانی کەسو لایەنە زۆردارەکـان. لەسەرانسەری مێژووی نووسراودا، بەتایبەتی لەسەردەمی خۆمان، رابەران و دەسەلاتدارانێك پەیدابوون کە هۆکاری خۆ بەگەورەزانی، بەدگومانی، بـەرژەوەنـدی تایبەتی، ئایدیۆلۆژی، نەتەوەپەرستی، دین بـاوەری، بڕوابوون بەبالاتربوونی خۆیان یان بەهۆی هەست و هەڵچوونی خۆیانەوە وابیردەکەنەوە کە دەبێت بەهۆی پیادەکردنی هێزو توندوتیژی دەسەلات و سیاسەت بگرنە دەست بۆ ئەوەی دەستیان بگاتە مەرامو ئامانجەکانیان. مێژووی مرۆڤایەتی سەلماندویەتی کە قوربانیەکانی دەستی ئەم سەرۆك و ئەو رابـەرە خۆپەرستانە کەمتر نەبووە لەقوربانیانی نەخۆشی، برسێتیو جەنگ.

٢ – دیموکراسی مافە بنەڕەتیەکانی هاوولاتیان دابـین دەکـات کەرژێمە نادیموکراتیەکان نایەنەوێت یان ناتوانن ئەو مافانە بەرەسمی بناسن. دیموکراسی تەنها ڕەوتێکی حوکمداری نییە، بەڵکو دەبێت ئەو مافانەش زەمانەت بکات کەتوخمە سەرەکیەکانی دەزگا گرنگو پێویستیەکانی دیموکراسین. لەبەر ئەوەشە کە دیموکراسی تەنها دەسەلاتی زۆرینە یان نوێنەرانی خەڵك نییە، بەڵکو سیستمێکی مافدانی و ماف پارێزیشە. مافەکان لەڕوانگەی هەموو خەڵك و تاکەکانەوە ژینگەی ڕوان و پێگەیشتنی ڕەوتی دیموکراتیك کردنی حکومەتەکانە.

٣ –دیموكراسی دابینكەرو پارێزەری ئازادییەكانی تاكەكانە. وێڕای سیستمی سیاسی ڕێگر لەهێزو تودوتیژی و پاراستنی مافەكان، ئازادیو هەلەكانی ژیان و دیاریكردنی چارەنووسو سەربەخۆیی مرۆڤەكان بەڕەسمی دەناسێ و لەدەستوور و یاساكاندا بنەمای پەیمانی كۆمەڵایەتی بۆ دەسازێنێ. بڕوا بوونی خەڵك بەدیموكراسی و لایەنی یاسایی بوونی دیموكراسی تەنها لەبەر ئەوەنییە كە دەسەڵاتی یاسایی بەرقەرابێت، بەڵكو دەتوانێ مافو ئازادی و دادپەروەرییان بۆ زەمانەت بكات. ئازادییەكانی تاك لەزەمینەكانی ژیان و سەربەخۆیی و بیروڕاو سیاسەتو ناسنامەدا لەگەڵ مافەكاندا بەردی بناغەی ڕەوایین بۆ دیموكراسی و سەرەتایەكیشن بۆ بەشداری خەڵك لەدیاریكردنی چارەنووسدا.

٤ – دیموكراسی كۆمەكی خەڵك دەكات تاپارێزگاری لەبەرژەوەندییەكانیان بكەن. هەركەسێك یان هەموو كەسان بەدوای بەدەستهێنانی پرسو مافەكانی ژیانەوەن، ئەوان تەواوی ژیانیان خەریكی هەوڵ و تێكۆشانن بۆ بەدەست هێنان و پاراستنی مافی مانەوە، خواردن، نیشتەجێ، تەندروستی، خۆشەویستی، ڕێز، ئاسایش، خێزان، دۆستان و كاری مەبەست و ژیانی خۆشو ئاسوودە. لەوانەیە یەكێك لەم پرسانە لەلای هەندێك گرنگتر بێت ، بەڵام تەواوی ئەم بەرژەوەندی و مافانە دەبنە ڕوانگەی خەڵك بۆ پشتیوانی كردن لە ڕەوایی دەسەڵاتێك. لەسەردەمی داگیركاری و دیكتاتۆریدا هەوڵ یان غەریزەی مانەوەو تیانەچوون دەبێتە ڕوانگە و پرسی زۆرینە (هەروەكو داواكاری كورد لەسەردەمی داگیركاریو دەسەڵاتی فاشیزمدا)، بەڵام لەدوای دەستپێكردنی دیموكراسی پرسی ژیانی گونجاو یان شایستە دەبێتە ڕوانگەی گشت بۆ ناسینی پەیوەندی خۆیان لەگەڵ دیموكراسیدا.

٥ –تەنها دیموكراسی و دەسەڵاتی دیموكراسی یاسایی دەتوانێ لانی زۆری هەلەكانی ژیان بۆ خەڵك بسازێنێ بۆ ئەوەی بە ئازادی چارەنووسی خۆیان دیاری بكەن – واتا بەپێی ئەو یاسایانەی كەخۆیان هەڵیانبژاردووە دەبێت ژیان بەڕێوەبچێت. هیچ مرۆڤێك ناتوانێت ژیانێكی گونجاو پەیدابكات، مەگەر ئەوەی كە دەبێت لەگەڵ خەڵكی دیكە بژیت. بەڵام ژیانی لەگەڵ ئەوانی دیكەشدا بۆ خۆی دەبێت نرخ و بەهایەكی

بۆ بدرێ. دیموکراسی یاسایی دەبێت ژیانی تاك و کۆمەڵایەتی زەمانەت بکات و لەرێگای یاساکانی کار، تەندروستی، بیمەکانی ژیان، باری کەسێتی... هتد. زۆرترین هەلەکانی ژیان بۆ هەمووان بنەخشێنێ و هەمووان بەهرەمەند بکات لەسامانی وڵاتو شایستەییەکانی.

٦ -دیموکراسی و بەرپرسیاریی ئەخلاقی مەدەنی. هەموومان بەرپرسیارین بەرامبەر خۆمان و بەرامبەر بەگشت. بیروباوەڕەکان، کارەکان، بەرپرسیارێتی گشتی و تایبەتی، پاراستنی ڕەوشی گشتیو یاسایی، پەنابردن بۆ زۆر و توندوتیژی، پاراستنی ئاشتی یاسایی... هتد، تەنها لەدیموکراسیدا بەپێی یاسا دەپارێزرێ. بەڵکو بەرپرسیاری و پەسەندکردنی یاساو هەلوومەرجی گشتی دەکرێتە (یان دەبێتە) فەرهەنگ و دابو نەریتی کۆمەڵایەتی.

٧ -دیموکراسی و گەشەی مرۆڤایەتی: زەمانەتی یاسایی مافەکان، ئازادییەکانو یەکسانی، هەلەکانی ژیانو پاراستنی بەرژەوەندییەکان دەبنە سەرەتاو زەمینەکانی گەشەو پێشکەوتنی مرۆڤایەتی، هەروەها دەبنە هێزەکانی گەشەو پێشکەوتنی کۆمەڵگاش ، ئەم هۆکارانەش دەبنە بنەماکانی هاوکاری و پەیمانی کۆمەڵایەتی کە مرۆڤایەتی بەرەو سەردەم و ئایندەیەکی گەشترو بەهرەمەندتر دەبەن.

٨ -تەنها دیموکراسی دەتوانێ یەکسانی سیاسی بەرهەم بهێنێ و بیپارێزێ. یەکێك لەگرنگترین بەڵگەکانی پێویست بوونی دیموکراسی و باڵاتربوونی ئەم سیستمە ئەوەیە کە حکومەتی یاسایی دەتوانێ و دەبێ یەکسانی سیاسی لەهەموو رژێمەکانی دیکە زیاتر بەرەو پێشکەوتن ببات. یەکسانی لە دامەزراوە سیاسیەکاندا، یەکسانی یاسایی بۆ هەڵبژاردن و خۆهەڵبژاردن، زەمانەت کردنی مافی سیاسی و بەیانی سیاسی و ڕێکخراو بوونی سیاسی و لەهەمووشیان گرنگتر ئەوەیە کە بەدەستوورو یاسا هەموو کەس یەکسانن لەناو یاسا و لەبەردەمی یاسادا و هەمووکەس هاووڵاتی پلەیەکە.

٩ -دیموکراسی ڕێگرە لەجەنگە ناوخۆیی و دەرەکیەکان. یان هێز و دەسەڵاتە دیموکراتەکان لەگەڵ یەکتر شەڕ ناکەن و خۆشیان بۆ جەنگ ئامادە ناکەن. هەموو پرسو هاوسەنگیەیە سیاسیەکان بەیاسا ڕێکدەخرێت.[١٥]

سەرئەنجام سەرەتاكانی دیموكراسی سیاسی لەكوردستان دەبێت بەرەو ڕێكخستن و دەسەڵاتی یاسایی بچێت و زەمینەكانی دیموكراسیەكی فراوانترو مرۆڤانەتر بنەخشێنێ یان ڕێگای گشتی و یاساییەكانی دیاری بكات. ئەزموونی ولآتانی ئەورووپاو ئەمریكا یان ولآتانی تازە شادبوو بە دیموكراسی (لەدوای دەیەی ١٩٧٠) دەتوانن ڕێنمای دیاریكەرو كاریگەربن بۆ ئێمە. سەرەتاو زەمینەكانی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ڕووناكبیری لەكوردستاندا بۆ ئەم ئامانجە ڕەنگیان ڕشتووە، بەڵام سەرەتای گرنگترو كاریگەرتر ئەوەیە كە سیستم و یاسای دەسەڵاتدار ئەم پرسانە لە دەستوورو یاساكاندا جێگیربكاتو دەسەڵات و حكومەتی بەرپرس جێبەجێیان بكاتو سەرئەنجامیش ببێتە بەشێك لەفەرهەنگو ئیرادەی كۆمەڵایەتی.

## چوارەم، ژینگەی كۆمەڵایەتی بۆ دیموكراسی ( پەیوەندی دیموكراسی و خەڵك ):

**ئەلكسی** دی توكفیل فەیلەسوفی كۆمەڵایەتی دەربارەی ژینگەی كۆمەڵایەتی بۆ دیموكراسی دەڵێت(دیموكراسی تەنها ڕژێمێكی سیاسی نییە، بەڵكو (هەلومەرجێكی كۆمەڵایەتیشە) كەپەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی نێوان هاوولآتیان دیاری دەكات، بۆ ئامانجی گەشتن بە جۆرێك لە یەكسانی، كە ئەویش یەكسانییە لە هەلومەرجو دۆخی ژیاندا. ئەم یەكسانییە جیاوازە لەیەكسانی مافەكان كە فەیلەسوفانی سەردەمی ڕۆشنگەری بیریان لێدەكردەوە، ئەم یەكسانییە كۆمەڵایەتییە دەتوانێ یەكسانیی سیاسی لە یەكسانی بۆ شایستەیی و یەكسانی لە هەل و فرسەتەكانی ژیان نزیك بكاتەوە. هەروەها دیموكراسی، دیسان بریتییە لەو پێوەرە كۆمەڵایەتیەی كە هاوولآتیانی سەردەمە جیاوازەكانی ناو سیستمی دیموكراسی یەكسان و چوون یەك دەكات)١٦. وەكو بەرئەنجامێكی لۆجیكی بۆ ئەم دیگایەی تۆكفیل دەبێت دوو پرسی گرنگ لەم ڕستانە پەیدابكەین: یەكەم، دیموكراسی بۆخۆی هەلومەرجێكی واقیعی كۆمەڵایەتیەو. دووەم، دیموكراسی بەبێ گۆڕینی هەلومەرجی كۆمەڵایەتی ناتوانێت ژینگەی گونجاو



هەولێرنامەی کتێب

یان شایستە بۆخۆی پەیدابکات. ڕەهەندەکانی گۆڕان لە کۆمەڵگای نەریتی، یان پێش دیموکراسی، بۆ کۆمەڵگای مۆدێرنی دوای دیموکراسی، دەبێتە شێوازێك لەگۆڕان لەکۆمەڵگایەکی ئەرستۆکراتی (وەکو ئێستای کوردستان) بۆ کۆمەڵگای دیموکراتی و پرسی سەرەکی لەم گۆڕانەدا بێگومان پرسی چوونەپێشەوەو گەشەکردنە بەرەو یەکسانی لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ژیاندا، کە ئەمەش دەبێتە ژینگەو هاندەری نوێبوونەوە. یەکسانی لەهەلومەرجەکانی ژیانو بوونی خەڵك کاردەکات بۆ یەکسانی سیاسی و یەکسانی لەهەلومەرجەکاندا، یان یەکسانبوون لە پلەو پایە و شایستەییدا کە ئەمانەش بەرەو سەرهەڵدانی چینی ناوەڕاستی نوێ دەچن و ئەم چینەش دەبێتە ژینگەو بکەری سەرەکی بۆ دیموکراسیەکی چاکترو باشتر.

بەڵام ئاستەنگی گەورە و بەهێز لەبەردەمی ئەم هەلومەرجەدا، واتە هەوڵدان بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی یەکسانی کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی لەوێدا دیموکراسی هەم هێزی کۆمەڵایەتی لەخۆی کۆبکاتەوە و هەم بتوانێت گۆڕانێك لە هەلومەرجی ژیانی خەڵکدا بەقازانجی خەڵك و بەقازانجی دیموکراسیش بسازێنێ، ئەوەیە کە نایەکسانی لە هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵایەتیدا تائێستا دەسەڵاتدارنو بەشێکن لەکۆمەڵگا دیموکراتیەکان، کە بێگومان کۆمەڵگاکانی تازە شادبوو بە دیموکراسی لەم زەمینەیەدا لەکۆمەڵگا دیموکراسیەکۆنەکان هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵایەتی تیایاندا خراپترە. ئەم هەلومەرجە جۆرێك دوورخستنەوەی ئیجباری چینە هەژارو نەدارەکان یان چینە میللی یەکان و شێوازێك لەنەگۆڕانی کۆمەڵایەتی لەئاستی فراوانداو لەماوەی دێژخایاندا دروست دەکات. واتە لە هەردوو کۆمەڵگا دیموکراسیو نادیموکراتیەکاندا دوورخستنەوەی خەڵك لە یەکسانبوونی هەلومەرجەکان یان لە یەکسانیی سیاسی وا دەکات کە هێزی کۆمەڵایەتی دیموکراسی لاواز بێت یان دوور بێت لە شانۆی کارو ئاڵوگۆڕەکان. لەم سەردەمەدا هێزی سیاسیەکان یان هێزی دەسەڵاتدارەکان دەبنە بکەرو هێزی بێ ئەملاولای ناو دیموکراسی (کۆن یان نوێ) و خەڵکیش سەرەڕای ئەوەی کە بکەرنین، تەنانەت ناتوانن یان نایەنەوێت بینەریش بن. لەهەندێك لەدیموکراسیەکانداو بەتایبەتی لەدیموکراسیە سەرەتاکان و دیفاکتۆکاندا بەپێچەوانەی ئامانجەکانی تۆکفیل، بەربەست و ڕێگرە کۆمەڵایەتیەکان تائێستاش

هەن‌و بەهێزن، و بزاڤ و جوڵانەوەی نێوان چین‌و توێژەکان بەرەو دیموکراسی تائێستا سنووردارن. ئەم هەلومەرجە وا لە دیموکراسی دەکات لەبزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکەی دوور بێت، کە ماهیەتی ئەو بزووتنەوەیە بریتییە لە بزووتنەوەی ڕەوایی و یەکسانی خوازیی و بکەوێتە بەردەستی هێزە هەژموونخوازەکان و لەماهیەتە مرۆڤانەکەی بەتاڵ بکرێتەوە. ئەگەر لەدیموکراسیدا هەردوو ڕەهەندی (هەلومەرجی کۆمەڵایەتی) واتا ئامادەبوونی هێزە کۆمەڵایەتیەکان بۆ پشتیوانی لەدیموکراسی، و (پرۆسەی یەکسانی سازی) واتا بوونی یاساکان بۆ یەکسانیی سیاسی و یاسایی، یەکسانیی کۆمەڵایەتی و ئابووری، و یەکسانیی فەرهەنگی هەبێت، بێگومان لەوکاتەدا دەتوانین بڵێین کە (کۆمەڵگای دیموکراسی)مان هەیەو ئەم کۆمەڵگایەش جۆرێك نەرمی و سازشی بونیادی و کۆمەڵایەتی دەسازێنێ بۆ پرسی ریفۆرم‌و گۆڕان و گواستنەوەی کۆمەڵگا بۆ ڕەوش‌و هەلومەرجێکی بەهرەمەندتر. (لەراستیدا، واقیعی کۆمەڵایەتی بۆ دیموکراسی یان کۆمەڵگای دیموکراسی دەتوانێت ئاسۆکان‌و هەلەکانی گۆڕان و جووڵەی کۆمەڵایەتی بەدی بهێنێ، کە ئەمەش هەلێکی زۆر لاوازە لەکۆمەڵگای ئەرستۆکراتی یان لەکۆمەڵگای دیموکراسی لانیکەمدا یان لەکۆمەڵگای دیکتاتۆریدا. کۆمەڵگای نادیموکراتی ئەو کۆمەڵگایانەن کە جیاوازی و هەلاواردنی میراتی و بەجێماو یان نەریت‌و بیروڕای دەسەڵاتخوازی و پاوانخوازی بالادەستن).١٧

لەکۆمەڵگا دیکتاتۆری و ئەستۆکراتی و دیفاکتۆکاندا، ڕەهەندەکانی هێز، بەرژەوەندی، فریو و درۆ، و بیروڕای نەریتی کۆن حوکم دەکەن‌و تەواوی کۆمەڵگایان خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. واتا هێز مەرج و پێوەری یەکەمی لایە بۆ دەسەڵاتدارێتی، بوونی هێزەکان، نەك ماهیەتی هێزەکان بڕیار دەدەن و دەسەڵاتدارن و بەرژەوەندییەکانیان هەمیشە لەسەرووی ماف‌و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگایە و ئەم هێزانە یان بەرژەوەندییانە ڕاستیەکان دەشارنەوە، درۆ دەکەن‌و خەڵك فریو دەدەن. وایان لەکۆمەڵگاو دەست‌و پێوەندەکانیان گەیاندووە کە بوون‌و دەسەڵات‌و مانەوەی ئەمان تازە حەقیقەتێکی ئەبەدییەو لەتەواوی کۆمەڵگاکاندا هەر ئەوان هەژموونداربوون. لەم زەمینەیەدا، واتە لەم زەمینەی هەژموونەدا خەڵکیان قەناعەت پێکردووە کە دەسەڵات‌و بەرژەوەندی و ڕوانگە و نەریتەکانی ئەوان پرسەکانی کۆمەڵگای

بەدەستەوەیەو لەدەسەڵاتدا هەر ئەوان حوکم دەکەنو لەئۆپۆزسیۆندا هەر خۆیان سەرکردەو کاربەدەستن و لەبازارو ئابووریشدا هەرئەوان بەهرەمەندن. ئەمە ئەو هەلومەرجەیە کە تەواوی کۆمەڵگا دیکتاتۆری و دیموکراسیەکانی رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتی ناوەراستی خستۆتە ژێر سایەو دەسەڵاتی خۆیەوە.

بەڵام بەدیلی ئەم کۆمەڵگا نادیموکراتیانە یان ئەم هێزە نادیموکراتیانە کە دیموکراسیان بە بارمتە داگیرکردووە یان خۆیان بەناوی دیموکراسیەوە، کارو ئامانجە نادیموکراتیەکەیان بەسەر کۆمەڵگادا سەرداركردووە، دەبێت لەم ئاراستە پێچەوانەیەی ئەواندا سۆراخی بکەین کە بنەمای یەکسانی لە مەیدانەکانی (سیاسەتو یاسا)و (کۆمەڵایەتی و ئابووری) و (فەرهەنگی و گشتی)دا وەکو بنەما یاساییەکان حوکم بکەنو بنەما کۆنەکانی (هێز، بەرژەوەندی، فریوو نەریت) پاشەکشەیان پێ بکرێت.

گۆڕان و گواستنەوەی کۆمەڵگای کۆن (دیکتاتۆری، ئەرستۆکراتی، دیموکراسی لانیکەم) بەرەو کۆمەڵگای مۆدێرن، بەرەو ئاڵوگۆڕێکی قـووڵو فـراوان دەچێت بۆ دەستکاری و رێکخستنی بونیادی کۆمەڵگای کۆن بەرەو کۆمەڵگای مۆدێرن دەبات یان هەلومەرجی نەریتی بەرەو هەلومەرجی کۆمەڵایەتی دیموکراتی دەبات، پرۆسەیەکی دینامیکییە کە ناوی (یەکسانیە لە هەلومەرجەکاندا) و مۆنتسکیۆ لەسەدەی نۆزدەدا بەم شێوەیە دڵنیایی لەم پرۆسەیە دەکاتەوە: (لەنێوان ئەوشتانەدا کە سەرنجی منی راکێشا لەکاتی مانەوەم لە ویلایەتەیەکگرتووەکان، ئەوەبوو کە یەکسانیی لەهەلومەرجەکاندا بەتەواوی منی خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە). سەبارەت بە توکفیل، دیموکراسی و یەکسانی دوو مەرجن بۆ یەکتر ئەم پرۆسەیەش لەم رەهەندانەدا بەئاکام دەگات:

١ – یەکسانیی سیاسی و یاسایی: واتە هەموو دانیشتووان هاوولاتیانی پلە یەکن نابێت بەپێی ئیمتیازاتەکان لەیەکتر جیابکرێنەوە یان هەڵاوارد بکرێن. سەرمایەداران یان چینە کۆمەڵایەتیەکان نابێت بەهرەمەندبن لە سەڵاحیاتو ئیمتیازاتی سیاسی و یاسایی، بەڵکو دەبێت یاسا بۆ هەمووان بێت و هەربۆیەش دەبێت: مافەسیاسی و مەدەنیەکان و ئازادییە گشتی یەکان ئەو مەرج و زەمینانەبن کە دەبنە ژینگەی سەوزبوونی دیموکراسی.

٢ – یەکسانیی کۆمەڵایەتی و ئابووری کە ئەمڕۆ پێی دەوترێت (یەکسانی لە هەلومەرجەکانی ژیاندا). ئەم بنەمایە لەلایەن هەردوو بیروباوەڕی سۆسیالیستی و لیبرالیەوە گرنگیان پێدراوە کە لەوانە دوو بیرمەندی گەورە بەشێکی زۆری نووسین و بیری خۆیان بۆ تەرخان کردووە، (جۆن راولز) لەکتێبی (دادپەروەری چییە) ١٩٧١ و (مایکل والزەر) لەکتێبی (مەیدانەکانی دادپـەروەری). والزەر بڕوای بەوەیە کە دەبێت هەموو کەس یەکسان بن لەمافی ژیاندا و کەس نەبێت نیازو پێداویستیەکانی ژیانی نەبێت و دەبێت دەوڵەتیش ئەم کارە بەیاسا چارەسەر بکات. بنەمای دووەم، دەبێتە بنەمای جیاوازی کە جیاوازی و هەڵاواردن دەبێت لەبەرژەوەندی هەژارو لاوازو پەراوێزەکاندا بێت و یاسا و حکومەت فریای ژیانیان بکەوێت١٨. بەڵام مایکل والزەر وابیر دەکاتەوە کە مەیدانەکانی دادپەروەری دەبێت لەم پرسانەدا جێبەجێ بکرێت و گومانیشی تێدانییە کە دەسەڵاتی یاسایی و سیاسی دەبێت بەم ئەرکە هەستێ: مەیدانەکانی ژیان بۆ دادپەروەری (ژینگە، ئاسایش و خۆشگوزەرانی یان ئاسودەیی، ژیانی ئابووری، پلەو پایە، کار، کاتی پشوو و بەخۆداهاتنەوە، پەروەردەو فێرکردن، سۆزداری و عەشق و ژیانی ئیرۆسی، بەخشندەیی کۆمەڵگا و فەرهەنگ و بیروڕاکان، دووبارە خۆ ناساندنو خۆ بژارکردن)١٩.

٣ – یەکسانیی فەرهەنگی: کە ئەمەش وەکو یەکسانی لە بیروڕا و شایستەیی کەسەکان و نەستی دیموکراسیدا ڕەنگ دەداتەوە. کەسەکان خۆیان بەرامبەر ئەوانی دیکە بەیەکسان و هاوشان دەبینن کە ئەمەش جۆرێکە (لەیەکسانیی خەیاڵی، سەرەڕای بوونی نایەکسانیی واقیعی)). ئەگەرچی کەسەکان بەشێوەیەکی سروشتی یان غەریزی بڕوایان بەیەکسانیی هەیە، بەڵام کۆمەڵگا و دەسەڵاتی درێژخایان و ڕابردووی نایەکسان و فەرهەنگو بیروڕا کۆنەکانی ئەو سەردەمە وا لە مرۆڤەکان دەکەن یان خۆیان کەمتر لەکەسانی دیکە ببینن، یان لەباڵاو سەرووی خەڵکانەوە دەنازن. پێوەری کۆمەڵگای دیموکرات و بوونی ئاشتی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە دانیشتووان بڕوای بەهێزیان هەبێت بە یەکسانی و هاوشانی نێوان کەسەکان.

لەنێوان هیوای دڵخوازی دیموکراسی بۆ هێنانەدی واقیعیەتی (یەکسانیی لە هەلومەرجەکان) و هێزو دەسەڵاتی کۆمەڵگای کۆندا پرسێك پەیدا دەبێت (کەبیرمەندان

هەواڵنامەی کتێب

ناویان ناوە (قەیرانی ڕەوایی) یان (قەیرانی گۆڕان و گواستنەوە)ی کۆمەڵگا لە ڕەوش و هەلومەرجێکەوە بەرەو ئایندەیەکی دیکە. دەبێت توخم یان ڕەگوڕیشەی ئەم گۆڕان و گواستنەوەیە لە تایبەتمەندی کۆمەڵگاکان بەرەو ئاڵوگۆڕی نوێ یان بەرەو ئاسۆی کۆمەڵی نوێ بناسین. قەیرانەکانی ڕەوایی لەناو کۆمەڵگادا، نەك تەنها لەسیاسەت و دەسەڵاتدا، لەسەردەمی گواستنەوە بەرەو پێکهاتە یان ژینگەیەکی تازەی کۆمەڵایەتی دەرئەکەون کە بەم جۆرەیە: ١- جێگا و هەلومەرجی گروپ و دەزگا موحافەزەکارە گەورەکان (حیزب، ئایین، سەرمایەدارانی گەورە، بونیاد و نەریتی کۆن) لە سەردەمی گۆڕاندا دەکەونە بەر دەمی هەڕەشەی لاوازبوون یان نەمان. ٢- تەواوی ئەم گروپ و بونیادە گەورە و کۆنانە لەناو کۆمەڵگادا و لەسەردەمی تێپەڕبووندا یان لانیکەم تا ئەو کاتەی کە ئەوان نەرمی و داواکاری بۆ گۆڕان نیشاندەدەن، ناتوانن دەستیان بگاتە بونیاد یان سیستمێکی سیاسی تازە [٢٠]. (ئەمەش ئەو هەلومەرجەیە کە ئێستا تەواوی هێزە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایینی یە باڵا دەستەکان لە کوردستان تیایدا بەسەر دەبەن و هەموویان کەوتونەتە بەردەمی هەڕەشە یان ئەگەری ئاڵوگۆڕ و هیچیشیان ئاسۆی نوێبوونەوە یان چاکسازیی لەخۆیاندا بەدی ناکەن).

بەم شێوەیە ناکۆکی و ناسازگاریی نێوان ڕەهەندی مۆدێرن سازیی ناچاری و بەرگری بونیادە کۆنەکان لەدژی ئەو ڕەهەندە دەبێتە (یان تازە بووەتە) بەشێك لە ژیانی سیاسی لە کوردستان یان سنوورێك لە سنوورەکانی دیموکراسی کوردی یان بەشێوەی ئەلکسی دی توکفویل کە دەڵێت:

(سەردەمێك لە پرانسیپی مێژوویی لە ژیانی نەتەوەیەکدا ڕوودەدات کە لەناویاندا داب و نەریتە کۆنەکان دەکەونە بەردەمی گەشەو ئاڵوگۆڕی، ئەخلاقی گشتی پەرتەوازە، بیروڕای ئایینی لەرزۆك و دیدگا کۆنەکان و تەلیسمەکانی ڕابردوو شکست دەخۆن، بەڵام خەڵك دەستیان بە پرسەتازەکان نەگەیشتووە، بۆیە ئەوان نەوەکو جاران سەبارەت بە دەسەڵات و ئەرستۆکراتی کۆن وەفادارن و نە پەیوەندییەکی ئاشکراو دیاریشیان لەگەڵ کۆماری (دیموکراسی)دا هەیە، ئەوان لەنێوان دوو لایەندا، لە نێوان شپرزەیی و پەرێشانیدا ڕاوەستاون).[٢١]

چاوەڕوانیەکانی خەڵكی كوردستان یان دیگای نارۆشنی ژینگەی كۆمەڵایەتی بەرامبەر هەلومەرجی لاواز یان لانیكەمی دیموكراسی كوردی. گومان لەوەی كە دەسەڵاتی سیاسی ریفۆرمی دیموكراتی دەكات و ئومێدی زۆری ئەوانیش بەو ریفۆرمانە حاڵەتی بەرزەخی ئۆپۆزسیۆن لەنێوان دیموكراسی بوونو هەژموونخوازیدا. هەل و ئەگەری ئەوەی خەڵك خۆیان بەجیاو دوور لە هێزە سیاسیەكان بتوانن ژینگەیەكی مافو ئازادی و بەشداریو دادپەروەری دروست بكەنو لەم زەمینەیەدا مانگرتن و خۆپیشاندان و بەرخۆدان سازبكەن، یان دیسان جارێكی دیكە بچنەوە پاڵ هێزەسیاسیەكان. هەڵوێستی نارۆشنی زۆرینەی میدیاو روناكبیران و نوخبەی سیاسی و فیكری و زانستی بەرامبەر لایەنگیری كردن لەدیموكراسی ناو خەڵك یان دیسان مارەكردنەوەی ئەو دیموكراسیە لە هێزەسیاسیەكان. ئەمانە ئەو ژینگە و هەلومەرجانەن كە قەیرانی خستۆتە بناغەی كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی گشتی، كە وا لەكوردستان دەكەن لەسەردەمی قەیرانی رەوایی نەك تەنها لە سیاسەتو دەسەڵاتدا بەڵكو لە كۆمەڵگاشدا رووبدات و كاریگەربێت!

## هاووڵاتیان دیموكراسی چۆن دەبینن؟

هەڵوێستی خەڵك بەرامبەر بە دیموكراسی و متمانەی ئەوان بەو رژێمە دیموكراتیەی كە لە وڵاتی خۆیاندا هەیە و چۆنیەتی مامەڵەی ئەوان بەرامبەر ئەو سیستمە، پێی دەوترێ (فەرهەنگی مەدەنی). لەم فەرهەنگەدا ئەم پرسانە لەلایەن خەڵكەوە بیریان لێدەكرێتەوە:

١ –خەڵك سیستمی سیاسی وڵاتی خۆیان چۆن هەڵدەسەنگێنن.

٢ –لەگەڵ ئەو سیستمەدا چۆن پەیوەندی دروست دەكەنو تیایدا بەشدار دەبن.

٣ –پێوەر یان بارۆمەتری جەماوەری خەڵك بۆ چۆنیەتی كارایی دیموكراسی وڵاتی خۆیان چۆنە و تا چ رادەیەك ئامادەن داكۆكی لە دیموكراسی بكەن وەكو شێوازێك لە حكومەت و دەسەڵاتداری.



هەولێرنامەی كتێب

٤ –ئەم پرسانە لەناو بیروڕای گشتی یان فەرهەنگی سیاسی و مەدەنی باودا چۆن جێگایان دەبێتەوە.[٢٢]

**ناوەڕۆکی ئەم پرسانە یان ماهیەتی دڵخوازی خەڵک بۆ ئەم پرسانە لەم ئامانجەی خوارەوەدا کۆدەبێتەوە:**

١ –ڕەوایی و داکۆکی لەدیموکراسی: بنەماکانی ڕەوایی دەسەڵاتێك لەڕوانگەی فەرهەنگو جیهانبینی دیموکراسی، ئەوەیە کە ئەو رژێمە بەشێوەی دەستووری و یاسایی بتوانێت نوێنەری خەڵك بێت بەهۆی هەڵبژاردنە ئازادو بەردەوامەکانەوە. دەسەڵاتی نوێنەرایەتی بتوانێت و بیەوێت مافو ئازادی و عەدالەت و بەشداری و پێشکەوتن بۆ خەڵك دابین بکات. لەم کاتەدا داکۆکی خەڵك لە دیموکراسی دەبێتە کاردانەوە یان ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕ و فەرهەنگی گشتی. دیموکراسی تەنها لەم ڕەهەندانەدا دەتوانێت وەکو باشترین شێوازی دەسەڵاتدارێتی هەبێ و بمێنێتەوە. هەڵوێست و بڕیاری خەڵك بەرامبەر دیموکراسی کوردی (کە ئەم هەڵوێست و بڕیارانە تائێستا نەبوونەتە پێوەر یان ڕوانگەی گشتی بۆ هەڵسەنگاندنی حکومەتی هەرێم) لەدوو پرسی سەرەکیدا دەرئەکەوێت: یەکەمیان ئەوەیە کە بەشێکی زۆری خەڵك خاوەن یان بەهرەمەندنین لەدیگاو فەرهەنگی دیموکراسی بەرامبەر حکومەتەکانو زۆرینەی خەڵك، دەسەلات وەکو بەشێك لەناسنامەی حیزبی، نەتەوەیی یان ئایینیو بنەماڵەیی تەماشا دەکەن، یان وەکو بەشێك لەرابردووی خەبات و سیاسەتی کوردایەتی پشتگیری لەو دەسەلات و سیاسەتە دەکەن. لەمەش خراپتر ئەوەیە کە زۆرینەی ئەندامانی حیزبەکان و کەسانی خاوەن پیشە و دیدگای سیاسی لەناو باڵبەندو تەکەتولاتەکاندا پشتگیری و داکۆکی خۆیان بڕیاردەن. دووەمیش، ئەوەیە مادام تائێستا سیستمی یاسایی بۆماف و ئازادی و عەدالەتو بەشداری پەیدانەبووە یان کاری پێنەکراوە، بۆیە زۆرینەی خەڵك (یان جەماوەری ناحیزبی و ناسیاسی) هەڵوێستی چاوەڕوانی و بینەریان هەیە، یان هەڵوێستی کاردانەوەی کاتییان هەیە بۆ پشتگیری لە دەسەلات و سیاسەتێك لەبەرامبەر دەسەڵاتو سیاسەتەکانی دیکەدا.

لەم هەلومەرجەدا هێزە چالاکەکانی ناو سیاسەت و حکومەتداری زۆربەی کارو پرسەکانیان لەلا کۆبۆتەوە و پەیوەندی و کاریگەری نێوان ئەو لایەن و باڵانە دەتوانێت بڕیاری ئایندەی نزیك بۆ چۆنیەتی ڕەوایی و پشتیوانی لەو ڕەوایییە ساغبکاتەوە.

٢ –متمانە بەکارایی و سوودمەندیی دامودەزگاکان:

لە هەرجێگایەك کە جەماوەی خەڵك کەمتر ڕەزامەندبن لەکارکردی دیموکراسی، بەڵام دیسان دیموکراسی وەکو باشترین شێوازی حکومەت (یان حکومەتی خاوەن خراپەی کەمتر) دەرئەکەوێت. لەوڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپا و ئەمریکای باکوور متمانەو پشتیوانی خەڵك بەرامبەر بەکاراییو سوودمەندیی دامودەزگاکان بووەتە بەشێك لە فەرهەنگی مەدەنی یان شێوازێك لە نەریتو ئایینی دیموکراتی. جگە لەم نموونانە لەزۆبەری وڵاتانی دنیا هێشتا خەڵك نارۆشن یان بەدبینن بەرامبەر بە دیموکراسی و ئەم ڕەوشەش لەوانەیە سەبارەت بەچۆنیەتی کارکردی دیموکراسی کاریگەری هەبێ، بەڵام ئەمەش بەمانای ئەوە نییە کەدەبێت وەکو سیستم و فەرهەنگ بخرێتە ژێر پرسیارەوە، بەڵکو بەو مانایە دێت کە هەندێك ڕژێمی دیموکراتیکی تایبەت (وەکو کوردستان) دەبێت ریفۆرم بکرێت، نەك ڕەت بکرێتەوە !

لەرژێمە دیموکراتە لاوەکان و تازە پەیدابووەکاندا، یان ئەو دیموکراسیانەی کە ئەگەری شکست و هەڵوەشانەوەیان هەیە، چەند هەڵوێست یان ڕەوشی ناو خەڵك دەتوانێ ئازار بەم دیموکراسیانە بگەیەنێ، تەماع و چاوچنۆکی بەشێك لە بەرپرسان و دەسەڵاتداران و نوخبەکان بۆ بردنی زۆرترین سوود و قازانج یان بۆ دۆشینی (ابتزاز) ئەو دەسەڵاتو ڕژێمانە. بێلایەنی یان بێ متمانەیی و ناکارایی خەڵك بۆ داکۆکیکردن

لەو دیموکراسیە لاوانە، یان نارەزایەتی توندی هەندێك سیاسەتو خەڵك کە هەڵوێستێکی تۆڵە ساز یان پۆپۆلیستی توندیان هەیە بەرامبەر بەخراپ بەکارهێنانی دیموکراسی و دەسەڵات لەلایەن هەندێکەوە. هەست یان هەڵوێستی تۆڵە کردنەوەی بەشێك لەپەراوێزکراوان، بێبەشان و هەژاران یان داخ لەدڵانی سیاسی و ئایدیۆلۆجی یان جیهادی لایەنە بونیادگەراکان، ئەمانە هەموویان دەبنە زیان یان ئاستەنگ کە دیموکراسی و خەڵك جارێکی دیکە پەیمانی کۆمەڵایەتی دوو لایەنە ببەستن، کە بێگومان بە زیانی خەڵك و دیموکراسی و نیشتمان تەواو دەبێت. سەرئەنجام بێ متمانەیی، بەدبینی، بێگانەبوون بەرامبەر بەدیموکراسی رێگردەبن لەجێگیربوون و گەشەی دیموکراسی یان ناکارایی دامودەزگاکان (کە خۆیان سەرچاوەن بۆ ئەو کاردانەوانە) دەبنە هۆکاری بەهێز بۆ پێشنەکەوتنی دیموکراسی.

هەواڵنامەی کتێب

## نەیارانی دیموکراسی کوردی

نەیارانی دیموکراسی کوردی دەکرێن بەسێ بەشەوە:

١ –ئەو هێز و دەسەلاّتانەی کە لە مێژوودا و ئێستاش خۆیان بەدوژمن یان نەیاری کوردستان دەزانن و نایانەوێت لە کوردستاندا پرۆسەی سیاسی و ئاشتی کۆمەلاّیەتی بەرەو کەناری دیموکراسی سیاسی و کۆمەلاّیەتی بچێت. ئەمانە ئەو هێزو لایەن و دەسەلاّتانەن کە دژی سەرجەم کوردایەتین و دیموکراتیك بوونی کوردستان لەبەرژەوەندی خۆیان نابینن.

٢ –ئەو هێز و دەسەلاّت و لایەن و کەسانەی کە دەیانەوێت دەسەلاّت و دیموکراسی هەرێم بارمتەی هێز و دەسەلاّت و بەرژەوەندی و ئایدیۆلۆژیای خۆیان بێت، یان دەخوازن دەسەلاّت و حکومەتی هەرێم لە هەردوو ڕەهەندی حکومەتداری و دیموکراسیدا لەمەش لاوازتر بکەوێتە ژێر دەستی خۆیان و لەجاران زیاتر بیدۆشن یان (ابتزازی) بکەن. ئەم هێز و لایانانە تەنها هێزو حیزبە سیاسیەکان نین، بەلّکو هەندێك سەرمایەدارو خێلّ و ڕوانگەی ئایدیۆلۆژی و فیکریش (وەکو کورد دەلّێت) خەونی گولی بە دیموکراسی کوردستانەوە دەبینن.

٣ –ئەو سیاسەت و خەلّکانەی کە هەلّوێستی کاردانەوەی توند یان تۆلّەو لەناوبردنیان بەرامبەر بە دیموکراسیی کوردی هەیە، یان بە بەهانەی سیاسی و لە ڕوانگەی فیکریدا لەبەربوونی ڕەخنە خراپترین وەسف و گومان بۆ دیموکراسی کوردی ناودەنێن و لەبەر ئەو باس و گومانانە دەیانەوێت بیروخێنن یان هەروەکو خۆیان دەلّێن دەسەلاّتەکانی هەلّوەشێننەوە بۆ ئەوەی خۆیان بچنە سەر دەسەلاّت. ئەمانە لەبیری خۆیان دەبەنەوە کە هەر لایەنێك بەشێوەی نادیموکراتی بچێتە سەر دەسەلاّت، تەنانەت ئەگەر دەسەلاّتی نا دیموکراتیش لەناو بەرێت هێشتا هەر خۆیان نابن بەدیموکراسی و لایەنگرانی مافو ئازادی!

## پێنجەم: ڕێگاو هەلەکانی پەرەپێدانی سیاسی

(**پەرەپێدانی** سیاسی یان گەشەی سیاسی بەرامبەر زاراوەیەکی دیکە بەکاردێن کە تارادەیەکی زۆر هاوتای ئەوانە، ئەو زاراوەیەش پێی دەوترێت (مۆدێرن سازی سیاسی).... ئەو هەوڵ و کارانە دەگرێتەوە کە دەسەڵاتێك یان سیستمێك دەیەوێت ئەنجامیان بدات بەمەبەستی:

١ –ئاڵوگۆری سیاسی بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی تایبەت وەکو دەوڵەتی لیبڕال– دیموکرات.

٢ –ئاڵوگۆڕی گشتی لەقەڵەمرەوی سیاسەت و پەیوەندی نزیکی ئەو سیاسەتە لەگەڵ بوارەکانی دیکەی کۆمەڵگا وەکو فراوانبوون و ناوەندی بوونی دەسەڵات و تایبەتمەندی کردنی کار و پێکهاتە سیاسیەکان و سەرئەنجام یەککگرتنەوەی ئەو کارو پێکهاتانە لەخزمەتی گەشەی سیستمەکەدا. زیادکردنی بەشداری خەڵك لەسیاسەتدا. بەهێزکردنی هەستی پەیوەندی و نزیکایەتی نێوان خەڵك و دەسەڵات.

٣ –توانایی ئەو دەسەڵاتە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پەیدابوو لەگەشەی کۆمەڵگاو داواکارییەکان، هێنانەدی سیاسەتی نوێ بۆ کۆمەڵگاو پرسە تازەکانو دۆزینەوەی ڕێگاکانی ریفۆرم.

٤ –نەخشەدانان و پیادەکردنی ئەو ڕێگاو رژێمانەی کە دەتوانێ کارەسیاسیەکان ئەنجام بداتو ڕێگا تازەکانیش بدۆزێتەوە). [٢٣]

بێگومان کۆمەڵگای کوردستان و ڕەوشی سیاسی حکومەتی هەرێم و تەواوی ژیانی سیاسی لە کوردستان لەبەردەم هەلومەرجێکدایە، کە چیدی هەژموونی سیاسەت بەسەر کۆمەڵگادا لەهەردوو ئاراستەی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن ناتوانێ تەنها لە ڕوانگەی دەسەڵات یان بەرژەوەندی سیاسەتەوە کۆمەڵگا ڕازی بکات. واتا کۆمەڵگای کوردستان وێرای پابەندی بەشێك بەدەسەڵات، یان پەیرەوی هەندێك بۆ ئۆپۆزسیۆن، یان بێلایەنی و سەربەخۆیی بەشێکی دیکەی کۆمەڵگا، بەڵام خەڵك زۆربەیان دەیانەوێت هەلومەرجی سیاسی یان کاراکتەری سیاسی بەرەو هێنانەدی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی

لەناو دیموکراسیی هەنگاوبنێن، واتە هەروەکو چەندجارێك باسمانکرد، خەڵك دەیەوێت حکومەتی هەرێم و سیاسەت لە کوردستان مافو ئازدای و عەدالەت و بەشدارییان بۆ بهێنێتەدی. هەروەکو مێژووی وڵاتانی دیموکراسیش سەلماندوویانە دەبێت سیاسەت و دەسەڵاتی هەژموونگەرا بەرەو سیستمی لیبراڵ – دیموکرات بچێت بۆ ئەوەی ئەو مافو داخوازییانە بەخەڵك شادبکاتەوە. گرێ خواستی کۆمەڵگا و داواکاری بەردەوام یان نەیاریی و نارەزایی لەهەمبەر نەهێنانەدی ئەم پرسانەدا، کۆمەڵگا و سیاسەت ئەخاتە بەردەمی هەلومەرجێك، کە پێی دەڵێن زەمینەی گەشەو پەرەپێدانی سیاسی. واتا یەکەمین ئەرك و قۆناغی گەشەپێدانی سیاسی لەکوردستان ئەوەیە کە دەسەڵات بەرەو سیستمی مافو ئازادی یان دەوڵەتی یاسا و ماف هەنگاو بنێت و تەنهاش بەمە دەتوانێ دەستی بگاتە گەشەپێدانی سیاسی.

هەموو کارەکانی دیکە، یان نەخشەو سیستم دانان بۆ هەنگاوەکانی دیکە، وەکو (کارکردنی دەسەڵات و سیاسەت و دامودەزگاکان بۆ مەبەستی ناوبراو، زیاتر کردنی بەشداریی خەڵك و نزیك کردنەوەی خەڵك و سیاسەت. توانای دەسەڵات بۆ چارەسەری کێشەی تازەکان، هێنانەدی رێگاو پێکهاتەی نوێ بۆ چارەسەری کێشە و پرسی نوێ. دانانی نەخشە زانستی و پەیگیرەکان و بەتایبەتی بەسوودمەندی لە ئەزموونی وڵاتانی دیکە) هەموو ئەمانە هەروەکو چۆن بەشێکن لەپەرەپێدانی سیاسی، هەر بەوشێوەیەش دەتوانن رێگاو بونیادەکانی کۆمەڵگای نوێش دروست بکەن. یان پرۆسەی مۆدێرن سازیی تەنها لەم رێگاو ئامانجانەدا بە ئاکام دەگەن.

رەهەندی گشتی گەشەپێدانی سیاسی یان مۆدێرن سازیی سیاسی (بەتایبەتی لەرۆژئاوا) لەسێ رەهەندی گشتیدا توانیویەتی کۆمەڵگا و دەوڵەتی مۆدێرن بەرەو قۆناغی تازە بەرێت، ئەوسێ رەهەندەش ئەمانەن: دەوڵەت سازیی نەتەوە سازیی،و بەشداری خەڵك. دەتوانین کارە بەردەوام و یەك لەدوای یەکەکانی گەشەی سیاسی لە سێ رەهەندی دیکەدا بدۆزینەوە: یەکێتی نەتەوەیی، سیستماتیك کردنی دەسەڵاتو سەرئەنجام یەکسانی.

بەڵام بیرمەندی ئەمریکایی (سامۆیل هانتینگتۆن) بڕوای وایە کە دەبێت هەلومەرجی دەسەڵات مۆدێرن بکرێت (دەوڵەت سازیی) پاشان ناسنامە و یەکێتی نیشتمانی و لەدوای ئەوانیش یەکسانی یان بەشداری بکرێتە ئامانج. بەبڕوای ئەم هەرچەند دامودەزگا سیاسیەکان زیاتر بتوانن بمێننەوە و کاراتربن و زیاتر لەخەڵك نزیك بن، سەر ئەنجام دەتوانن ئاراستەکان بەرەو یەکێتی نەتەوەیی خێراتر وکاریگەرتر بکەن و لەزەمینەی نەتەوەیی و نیشتمانیش دا بێگومان (بەڵام دوای پرسی مافو ئازادی) ڕەهەندی بەشداری و یەکسانی پێدەگات[٢٤].

## زەمینەکانی پەرەپێدانی سیاسی

(کارلز بوا) مامۆستای زانستی سیاسی لەزاکۆی شیکاگۆ لە کتێبی (دیموکراسی و دووبارە دابەش بوون)دا زەمینەکان یان پێشمەرجەکانی گەشەپێدانی سیاسی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەناسێنێ:[٢٥]

١ –یاری دیموکراسی یان نەخشی هەڵبژاردنە ئازادەکان: گرنگ لەوەدا نییە کێ دەیباتەوە، گرنگ ئەوەیە کە دۆڕاو ئەنجامەکە پەسەند بکات. باشترین و سەرەتایی ترین پێشمەرجی گەشەی سیاسی ئەم دوو هۆکارە یان یارییەن (هەڵبژاردنە ئازادەکان) و پەسەندکردنی پرانسیپی دۆڕاندن و پابەندبوون بەیاسای هەڵبژاردنەکانەوە. پشتیوانی لەم پرسە و یاسایی کردن و دووبارە و چەند بارەکردنەوە و بوونی بەبەشێکی گرنگ لە فەرهەنگی خەڵك دەتوانێ زەمینەی گرنگ بۆ دیموکراسی بسازێنێ. لەهەرێمی کوردستان بەشێك لەخەڵك یان زۆرینەی خەڵك بڕوایان وایە، بەڵام هێزە سیاسیەکان هێشتا هەڵوێستیان ڕۆشن نییە!

٢ –یەکسانیی هەلومەرجەکان: بەشێوەی گشتی دیموکراسی تەنها بەمەرجێك دەتوانێ هەبێت کەبراوەو دۆڕاوەکان – یان خەڵك و دەسەڵات – لەژێر سایەی هەلومەرجێکی یەکسانی ڕێژەییدا بژین. باشترین زەمینەی مومکین و شایانی جێبەجێ کردن، بێگومان سیستمی ماف و ئازادی و بەشداری و دادپەروەرییە کە هەلومەرجی

ژیان، سیاسەت، ئابووری و فەرهەنگی خەڵك بەشێوەی یاسایی و دەستووریی دەخاتە باری یەکسانی (سیاسی)یەوە.

٣ –ژیان و هەلومەرجی ئابووری: لەم پرسەدا دوو هۆکاری گرنگ دەتوانێ نەخشی کاریگەر ببینێ یەکەم، لەو وڵاتانەدا کە ئابووری دەوڵەت لەئەنجامی ئەو کارانەوە پەیدا دەبێت کە خەڵك پێوەی ماندوو دەبێت و بەشێکی زۆر لەسامانی گشتی لەباجەکان پەیدا دەبن، دەسەڵات و دەوڵەت بەرەو دیموکراسی زیاتر دەڕۆن. بەڵام ئەگەر سامانی وڵات لەسەر سەرچاوەکانی زەمین و نەوت و سەرچاوە سروشتیەکان بێت کە سامانێکی ئامادە و مۆڵن و خەڵك پێوەیان ماندوو نەبووە و ئەم سامانە (بێگومان) دەکەوێتە دەستی حکومەت. لەم کاتەدا ئەگەر پێشتر ئەو دەسەڵاتە دیموکرات بێت، بێگومان دەبێت بەخێرو خۆشی و ماف و ئازادی بۆ خەڵکی وڵات (نموونەی نەرویج). بەڵام ئەگەر دەسەڵاتەکە نادیموکرات (هەژموونخواز، دیکتاتۆر یان فاشیست) بێت، بێگومان ئەم سامانە مفتە زیاتر لەدیموکراسی دووری دەخاتەوە. ڕەوشی دەسەڵاتدارانی هەرێم بەرامبەر نەوت و سامانی سروشتی و بەکارهێنانی ئەو سامانە لە خزمەتی وڵات و دیموکراسی هێشتا هەروەکو چۆن دەسەڵاتە سیاسیەکە هەژموونگەرایە، هەر بەو شێوەیە ئابوورییەکەشیان هەژموونگەرانەیە. واتا لەخزمەتی دەسەڵاتی سیاسی و ئەرستۆکراتی ماڵی (وسیاسی) کوردستاندایە.

دووەم، بێگومان پرسی مافو ئازادی و دادپەروەرییە لەئابووریدا (کە دەبێتە دەوڵەتو دەسەڵاتی خۆشگوزەرانی بۆخەڵك)، کە لەبەشی شەشەمی ئەم باسەدا دەیخەنە ڕوو.

٤ –توندوتیژی سیاسی، ئەگەر هەژموونگەرایی بـەرەو دەسەڵاتی لیبرال – دیموکرات نەچێت یان دەسەڵاتی کۆن ئامادەی هەڵبژاردنی ئازاد، یان پێشبینی دۆرانی خۆی نەکات و ئامادە نەبێت بەهیچ شێوەیەك دەست لەدەسەڵات بەربدات، بێگومان نەیارانی سیاسی تەنها یەك ڕێگایان لەبەردەمدا دەبێت بۆ بەدەستەوەگرتنی دەســەڵات، کەئەویش توندوتیژی سیاسیە. ئەم توندوتیژییە سیاسیەش تەنها لەسنووری نەیارانی سیاسی یان تەنها بۆ ئۆپۆزسیۆن نامێنێتەوە، بەڵکو دەچێتە ناو

خەڵك و تەشەنە دەكات و دەبێتە سیاسەتی پۆپۆلیستی تۆڵە كردنەوە یان هەوڵدان بۆ ڕووخانی دەسەڵاتی كۆن بەهەر نرخێك یان شێوازێك بێت. لەهەرێمی كوردستان و لەڕەوتی ڕووداوەكانی ١٧ی شوبات هەتا ١٩ نیسان دەسەڵاتی كوردی شێوازێك یان (مانۆڕ و گەمەیەكی سیاسی) نیشاندا بۆ ئارایشت كردن یان سەرلەنوێ سازكردن و دەستكاریكردنی دەسەڵات و زۆرینەی خەڵكیش لایەنگیریان لەو هەوڵە كرد، بەلام ئۆپۆزسیۆن و پەیڕەوانی بەرەو توندوتیژی و تۆڵە كردنەوە بیریان كردەوە.

٥ – نەخش و كاریگەری فەرهەنگی سیاسی دیموكراتی: ئەگەر بزانین كە دیموكراسی تەنها كاتێك دەگەشێتەوە كە هەندێك هەلومەرجی كۆمەلایەتی دەستبكەون، یان فەرهەنگی سیاسی باو (یان زاڵ) ئامادەی سازكردنی ئەو پێشمەرجانە بێت. ئەگەر وانەبوو، چی دەكرێت؟ ئایا دەتوانرێت بۆ گەشەو پەرەپێدانی دیموكراسی، بچینە ناو دەستكاری كردنی ئەو هەلومەرجە؟ یان دەتوانین هەلومەرجی كۆمەلایەتی ولات بەجۆرێك نوێ بكەینەوە كە وەلامدەری نیازەكان تێپەڕ بوون بێت بەرەو دیموكراسی.

وەلامی ئەم پرسیارانە سادەنین، بێگومان دەرگایەك پەیدا دەبێ بۆ تێپەڕبوون بەرەو سیستمی دیموكراتی لیبرال – بەلام زۆر لەوە تەنگترە كە زۆربەی خەڵك بیردەكەنەوە و زۆر لەوەش دژوارترە كەنووسەران و روناكبیران خەونی پێوە دەبینن. سیاسەتمەداران دەبێت بزانن لە دووڕییانێكدا وەستاون و چاوەڕوانی هەڵبژاردنێكی دژوارن: یان چارەسەرە كورت خایەنەكان یان چارەسەری درێژخایەن، یان توندوتیژی یان كرانەوەی دیموكراتی، یان ریفۆرمی سیاسی و ئابووری یان درێژەدان بەسیاسەتی هەژموونگەرایی و پشتیوانی لە ئەرستۆكراتی ماڵی و چەوسانەوەی چینایەتی. ئەمانە ئەو دووڕییانە بوون كە ئێستا دیموكراسی ولاتانی رۆژهەلاتی لەبەردەمدا وەستاوە (بێگومان كوردستانی خۆشمان لەو دوو ڕییانەدایە).

هەرێمی کوردستان تائێستا سێ شێوازی فەرهەنگی سیاسی و ململانێی سیاسی و (دیموکراسی!) بینیوە. ڕێکەوتنی ساڵی ١٩٩٢ هەتا ١٩٩٤ بۆ دابەشکردنی نیوە بەنیوەی دەسەڵات لەنێوان پارتی و یەکێتی، لەگەڵ ڕازیکردنی ئەحزابی کوردستانی لەناو حکومەتی هەرێم. شەڕی ناوخۆی ساڵی ١٩٩٤ - ١٩٩٧ و دابەشبوونی لایەنە سیاسیەکان بەسەر دوو بەرەی شـەڕدا. لەگەڵ بەشێك لەسوودمەندانی ئیسلامی سیاسی لە هەردوولا. قۆناغی سێهەم لەساڵی ٢٠٠٩ دەست پێدەکات کە ئۆپۆزسیۆنی ناو دەسەڵات (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) لەدەسەڵاتی هەرێم جیادەبنەوە و هەندێك جار دەیانەوێت بیروخێنن و هەندێك جار (ناڕاستەوخۆ) یان شەرمنانە دەیانەوێت دیسان بەهرەمەندبن لە ئیمتیازەکانی دەسەڵات و ئەرستۆکراتی ماڵی و دارایی. بەڵام چارەسەری ئەم فەرهەنگە سیاسیە لێڵە (بەرامبەر بەدیموکراسی) تەنها بەدوو شێواز دەبێت: یەکەم، پرۆسەی سیاسی و چۆنیەتی دروستکردنی دەسەڵات دەبێت بەیاسا و هەڵبژاردن بێت. هەموومان دەزانین براوە قسەناکات و دەکەوێتە خۆشیەوە، بەڵام دەبێت دۆڕاو ئەم هەڵبژاردنە ئازادو یاساییە پەسەندبکات و ڕازی بێت بە ئەنجامەکانی. دووەم، دەوڵەتی یاساو دەسەڵاتی سیاسی یاسا بەرەو دەوڵەتی مافەکان بچێت.

## پەرەپێدانی سیاسی وەکو ریفۆرم

چاکسازیی یان ریفۆرمە سیاسیەکان یەکێکن لەهۆکارە بەهێزەکانی پەرەپێدانی سیاسی یان ئاڵوگۆڕی سیاسی بەشێوەی گشتی. چاکسازیی و ریفۆرم لەسەرەتادا سنووردار دەبێت بە مەیدانێکی دیاریکراو، وەکو ریفۆرمی یاسایی لە دەسەڵاتدا، بەڵام پاشان سنووری فراوانتر بەخۆیەوە دەگرێت. لە وڵاتانەدا کە ئەگەری ڕوودانی شۆڕش لەخوارەوەی کۆمەڵگا پەیدا نەبووە، ئەنجامدانی ریفۆرم لەسەرەوەی کۆمەڵگا یان لە دەسەڵاتدا جێگای شۆڕش دەگرێتەوە. ریفۆرمی میجی لەژاپۆن لە ساڵی ١٨٦٨، ریفۆرمی ناوداری بسمارك لە ئەڵمان و سەرئەنجام ریفۆرمەکانی گۆرباچۆف لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران، دەتوانن پەیامی مەزنی ئاڵوگۆڕ و گەشەپێدانی سیاسیان هەبێت،



کتێبخانەی هەوارنامە

یان دەتوانن لەجیاتی شۆڕش کۆمەڵگا بەرەو هەلومەرجێکی نوێ بەرن.٢٦ هەندێك لەریفۆرمەکان لەوانەیە لە شۆڕشەکان کاریگەرتر و بەهێزترین.

سەبارەت بە هەلومەرج یان زەمینەکانی سەرهەڵدانی ریفۆرم دەبێت بڵێین کە ئەنجامدانیان دەبێتە دروست بوونی کەلێنێك لەنێوان شاندی دەسەڵاتدار و ئەوانەی کە ریفۆرمیان پێباشە و ئەمەش کاتێك ڕوودەدات کە ڕژێمە سیاسیەکان یان هەندێکیان دووچاری قەیرانی ئاشکراو فراوان دەبن. لەم ڕەوشەدا ریفۆرم لە ڕەوشی لاوازی دەسەڵاتەکان زیاتر بەرەو قەیران دەچێت یان قەیرانی دەسەڵاتدارێتی قووڵتر دەکاتەوە. بەڵام ئەگەر ئەنجامدانی ریفۆرم لە ڕەوشی بەهێزی دەسەڵاتدا ڕوویدا و پێش سەرهەڵدانی ریفۆرم جێبەجێ بکریت، بێگومان کاریگەرتر و بەسوودتر دەبێت بۆ سیستمی سیاسی و بۆ کۆمەڵگاش. ئەگەر لەم سەردەمی ئێستای دەسەڵاتدارێتی هەرێمی کوردستاندا ریفۆرمەکان بۆ مافو ئازادی و عەدالەت و بەشداری لەڕێگای دەسەڵاتی یاساوە ئەنجام بدرێت، بێگومان سەرەتا بە قازانجی خودی دەسەڵات دەبێت و سەرئەنجام بەسوودی کۆمەڵگاش تەواو دەبێت. بەڵام لەکاتی لاوازبوونی دەسـەڵات و ڕەوشی قەیرانیدا هەر چاکسازی و ریفۆرمێك ناتوانێت ڕێگربێت لە ڕووخانی دەسەڵات یان لەبەریەك ترازانی سیاسەت و کۆمەڵگا.

چۆنیەتی و ماهیەتی سیستمە سیاسیەکان و پەیوەندییان بەریفۆمەوە پرسێکی دیکەیە سەبارەت بە گەشە و ئاڵوگۆڕی سیاسی، ڕژێمە داخراوەکان یان هەژموونخوازەکان دەبێت لە ڕژێمە دیموکراتەکان جیا بکرێنەوە. ڕژێمە داخراوەکان لەوانەیە هەندێك لەریفۆرمەکان کۆنترۆڵی ناوەندی ئەوان لاواز بکات و ڕێگا بدات بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگا یان دەسەڵاتی یاسایی بێنە ناو سیاسەت و دەسەڵاتەوە، بەڵام سیستمی دیموکراتی لەبەر ئەوەی توانای زیاتری بۆ ریفۆرم هەیە بۆیە ریفۆرم بەهێزتریان دەکات. جۆرەکانی ریفۆرم لەگەڵ هەلومەرجی دەسەڵاتی سیاسی و دیموکراسیدا دروست دەبن یان پیادە ئەکرێن: ریفۆرمەسیاسیەکان دەتوانن وەڵام بەقەیرانی ڕەوایی ڕژێم و چاککردنەوەی بونیادە سیاسیەکانی بدەنەوە، یان وەڵام بن بۆ هێنانەدی و فراوانکردنی بەشداری سیاسی و بەهێزکردنی ڕەوتەکانی ئەو بەشدارییە یان فەراهەم کردنی زیاتری کەناڵەکان بێت بۆ بەشداری. یان ریفۆرم

دەتوانێت ببێتە هۆی بەهێز کردن و کۆکردنەوەی تواناکانی حکومەت بۆ باشترکردنی ژیانی خەڵك و چاکسازیی لە سیستمی دابەشکردنی ئابووری و ئیداریدا. ریفۆرمی ئابووری لەزەمینەی دابشکردنی دادپەروەرانەی سامان و کەمکردنەوەی جیاوازی ململانێی چینایەتی و کۆمەڵایەتیدا زۆربـەی جار تایبەتمەندی سیاسی پەیدا دەکاتو هەندێك جاریش پێویستی بەدەستاو دەستکردنی سەرچاوەکانی دەسەڵات و بەهرەسیاسیەکانە.

زۆربەی ریفۆمەکان لەناو چینی دەسەڵاتداردا یان سەرکەوتنی بەرنامەکانیان پێویستی بەهاوکاری لایەنەکانی دیکەی ناو دەسەڵات و ناو ژیانی سیاسی هەیە، یان زۆربەی جارەکان بەشێوەی سروشتی و بەپێی لۆژیکی بەرژەوەندییەکان هێزە نەیارو ئۆپۆزسیۆن و ریفۆرمیستەکانی دەرەوەی دەسەڵاتیش پشتیوانی لەو چاکسازییانە دەکەن. ئەگەرچی سەردەمی ئێمە سەردەمی سەرهەڵدانی شۆڕشە سیاسیەکان یان سەردەمی ئاڵوگۆڕی رژێمە دیکتاتۆری و هەژموونخوازەکانە و ئەم هەلومەرجەش زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتۆتەوە، بەڵام هاتنەدی سیستمی دیموکراتی بەهەموو لایەنەکانی دەسەڵاتی سیاسی و سیستمی ماف و ئازادی و چاکسازییەوە دەبێت. شۆڕش و ڕاپەڕینەکان دەسەڵاتی کۆن دەڕوخێنن، بەڵام دیموکراسی و مافو ئازادی بەشۆڕش دروست نابێت و بەرهەمی ریفۆرم و چاکسازیی و سیستمی یاسایین.

لە کۆتاییدا پەیوەندی نێوان ریفۆرم و ماهیەتی رژێمەکان دەتوانن ڕێنمایەکی باش بن بۆ گەشە و ئاڵوگۆڕی سیاسی. ریفۆرم لەسیستمی دیموکراتیکدا بەشێکە لە ڕەهەندی ژیانی ئاسایی سیاسی و کارایی و دەسەڵات و جێگیر بوونی حکومەت زیاتر دەکات. بەڵام ریفۆرم لە رژێمی نەریتی و دیکتاتۆری و هەژموونخوازەکاندا بەشێك نییە لە ژیانی ئاسایی سیاسی، بەڵکو ئاڵوگۆڕە لەو رژێمەدا یان لەوانەیە بتوانێ بێ هێزی و نا جێگیری لەو سیستمەدا بەدی بهێنێ یان بەشێکە لەو تایبەتمەندییە ناوبراوانە.

## هەلومەرجی کۆمەلایەتی بۆ پەرەپێدانی دیموکراتی

بیرکردنەوە دەربارەی حکومەتی دیموکراتی و کۆمەڵگای دیموکراتیك یەکێکە لە زەمینە گرنگەکانی گەشەو پەرەپێدانی سیاسی. ئەگەرچی سەرەتای ئەم ئامانجە بە گۆرانکاری سیاسی یان گەشەی سیاسی و یاسایی ناو دەسەڵات دەست پێدەکات، بەڵام ئامانجی دڵخواز لەوەدایە کە کۆمەڵگا بگۆرێ و بەرەوپێشی بەرێت و بەهرەمەندی بکات. سەرکەوتنی دەسەڵاتی دیموکراتی و گەشەپێدانی ناو ئەو سیستمە لەوەدا دەرئەکەوێت کە رەهەندی کۆمەڵایەتی یان دامودەزگا کۆمەڵایەتیەکان (وەکو ئابووری ئازاد، میدیا، فەرهەنگ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان) چەند کاریگەر بوون لەو ئاڵوگۆرانە یان چەند کاریگەر بوون لە رەوتی ئاڵوگۆردا لەسەر حکومەت و دەسەڵات. (کۆمەڵگای دیموکرات، کە بەشێکی گرنگە لەپرۆسەو کاروانی دیموکراتی و دەبێتە ئامانجی هەر دەسەڵاتو سیستمێکی دیموکرات، ئەو دامودەزگا کۆمەڵایەتیانەیە کە دەبنە پێشمەرجی حکومەتی دیموکرات. خاڵی گرنگ لەوەدایە کە دیموکراسی تەنها نەبەستراوە بە دامودەزگا سیاسیەکانەوە، بەڵکو لە هەمان کاتدا بۆخۆی بەشێکە لە شارستانیەکی تایبەتی کە هەندێك جار پێی دەڵێن ((شارستانی دیموکراتی)) ).[٢٧]

رەهەندی کۆمەڵایەتی پەرەپێدانی سیاسی یان هەلومەرجی کۆمەڵایەتی بۆ گەشەی سیاسی لەم پرسانەدا کۆدەبێتەوە: پەیوەندی نێوان ریفۆرمی سیاسی و چاکسازیی ئابووری، پەیوەندی نێوان سیاسەتی دیموکراتی و کۆمەڵی مەدەنی بەرەو کوێ دەگات، ئایا ئابووری بازار یان ئابووری ئازاد چۆن دەتوانێ نەخشی هەبێت لەسەر دەسەڵاتی سیاسی و ریفۆرمی سیاسی، لەدیموکراسیدا مەسەلەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی چۆن دەتوانێ بناغەیەکی بەهێزبێ بۆ پەیدابوونی دیموکراسی و گەشەپێدانی سیاسەتەکەی، سەرئەنجام ئایا پێش پەیدابوونی دیموکراسی پرسی

لێبوردەیی ئایینی و نەتەوەیی و ناسنامەیی پەیدا دەبێت یان دوای دیموکراسی. هەموو ئەم پرسانە کە بۆ خۆیان بابەتی گرنگن لە کۆمەڵناسی سیاسیدا، واتە کاریگەری دوو لایەنەی سیاسەت و هێزەکانی کۆمەڵگا، بەڵام لەهەمان کاتیشدا دەتوانن نەخش و سەرەتای گرنگ بۆ دیموکراسی و گەشەی دیموکراسی بەرهەم بهێنن.

لەم زەمینەدا هێزە کۆمەڵایەتیەکان یان ئەوەی لە زانستی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا پێی دەوترێت (کۆمەڵی مەدەنی) لەگەڵ هەردوو چەمکی فیکریو فەلسەفی (بەشداری) و (لێبوردن) یان ئاشتی کۆمەڵایەتی دا دەتوانن پایە یان روانگە بەهێزەکانی کۆمەڵگابن بۆ بەهێز بوونی دیموکراسی. گومانی تێدا نییە باشترین سەرەتا لەم زەمینە کۆمەڵایەتیانەدا ئەوەیە کە حکومەتو دەسەڵات بەپێی یاسا دیموکراتی و جیهانیەکان بوون، سنوور و کایگەری و پەیوەندی نێوان ئەم پرسانە رێك بخەن.

بەڵام کۆمەڵگای سەرەتایی لەدیموکراسیدا، یان کۆمەڵگاکانی ناو دیموکراسی لانیکەم، بەشی هەرە زۆری (بوون، سنوور، کاریگەری و پەیوەندی) نێوان بەشەکان و رەهەندەکانی کۆمەڵگا بەستراوە بە سیاسەت و دەسەڵاتی سیاسیەوە. یان هەروەکو لە کۆمەڵناسی کۆمەڵگا تازە پەرە ئەستێنەکاندا باسکراوە، بکەری یەکەم و کاریگەر لەم کۆمەڵگایانەدا حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی یە. ئەگەر پەیوەندی لەناو حکومەت و سیاسەتدا هەژموونگەرابێت، بێگومان لەناو کۆمەڵگاشدا بەو جۆرەیە (وەکو هەردوو سەردەمی شەری ناوخۆی هەرێم ١٩٩٤ - ١٩٩٧، و سەردەمی بزووتنەوەی ١٧ی شوبات بینیمان کە پەیوەندی سیاسی لەناو کۆمەڵگادا بەرەو توندوتیژی دەچوو). بەڵام ئەگەر پەیوەندی نێوان حکومەت و سیاسەت بەشێك بێت لە پرۆسەی ئاشتی، پەیوەندییە سیاسیەکانی ناو خەڵکیش بەو شێوەیە دەروات.

ئەگەرچی بەشی هەرە زۆری رەهەندە کۆمەڵایەتیەکانی ناو هەرێمی کوردستان (کۆمەڵی مەدەنی، ئابووری بازاری ئازاد، میدیا و روناکبیری، بزووتنەوەکۆمەڵایەتیەکان) هەموویان پاشکۆ یان پابەندی سیاسەت و بیرکردنەوەی حیزب و هێزە سیاسیەکانن، بەڵام سەرەتای ئازادی و سەربەخۆیی کۆمەڵگا یان سەرەتای پەیوەندی نا مەرکەزی نێوان سیاسەت و کۆمەڵگا لە کوردستان دەرکەوتووە.

ئەگەرچی ئەم پرسانە لەناو فەلسەفەی سیاسی دیموکراسیدا تازەنین، بەڵام

هەولێرنامەی گێر

لای فەیلەسوفو بیرمەندە مەزنەكانی دیموكراسی گرنگترین پرس، پەیوەندی نێوان یەكسانیی كۆمەڵایەتی سیستمی دیموكراتیە. (بەڵگەی سەرەكی ئەلكسی دی تۆكفیل لەساڵی ١٨٣٥ لەكتێبی (دیموكراسی لە ئەمریكا) بۆ سەلماندنی ئەم پرسە بووە لە ئایندەی دیموكراسیدا. لەهەركۆمەڵگایەك یەكسانیی كۆمەڵایەتی زیاتر بێت، هەوڵ و ئەگەری پایەدار بوون و بەردەوامبوونی دیموكراسی زیاتر دەبێت. لە ئەمریكا یەكێك لە بنەما گرنگەكانی بزووتنەوەی مافە مەدەنیەكان لەدوو دەیەی ١٩٥٠ و ١٩٦٠ ئەوەبوو كە نایەكسانیی نەژادی لەبناغەدا نەیارە لەگەڵ دیموكراسیدا. لەو سەردەمە هەتا ئێستا ئاستەنگی یەكەمی سیاسەتی ئەمریكا بوونی ناكۆكیە لەنێوان خواستی دیموكراسی لەگەڵ نایەكسانیی ئابووری و كۆمەڵایەتیدا). [٢٨]

سەرئەنجام دەگەینە ئەو ئەنجامەی كە گرنگترین ڕەهەندی بوون و مانەوە و گەشە و جێگیربوونی دیموكراسی ئەوەیە كە دیموكراسی سیاسی یان یاسایی بەرەو دیموكراسی كۆمەڵایەتی بچێت كە بناغەی یەكەم لەو دیموكراسیەدا یەكسانی كۆمەڵایەتی و دەسەڵاتدار بوونی دادپەروەری كۆمەڵایەتیە بەمانا دیموكراسیەكەی چونكە ئامانجی دیموكراسی هەر ئەوەنیە كە دەســەڵات وسیستمی سیاسی و دیموكراتیك هەبێت، یان تەنانەت ئەم دەسەڵات و سیستمەش بكرێتە دەسەڵات و سیستمی یاسایی و ڕەوایی، بەڵكو لەوەدایە كە ئەم هۆكارە بەهێزە بتوانێ ژیانی باش و شایستە بۆ كۆمەڵانی خەڵك دروستبكات، یان دیموكراسی بەرەو دیموكراسیەكی كۆمەڵایەتی خۆشگوزەرانی بچێت یان هەروەكو دەڵێن (دیموكراسی وەكو باشترین سیستمی هەتائێستا بتوانێ باشترین ژیان بۆ كۆمەڵگا بەدی بهێنێ). [٢٩]

## شەشەم، دیموکراسی کۆمەڵایەتی

(**دیموکراسی** کۆمەڵایەتی ئەو شێوازەیە لەدیموکراسی، کە خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و هێنانەدی دەوڵەتی رەفا و دابەشکردنی دادپـەروەرانـەی سامان لەکۆمەڵگادا بەهۆی حکومەت و دەوڵەتەوە، دابین دەکات. لایەنگرانی دیموکراسی کۆمەڵایەتی لە هەوڵی ئەوەدان کە بنەماکانی لیبرالیزم و حکومەتی دامەزراو لەسەرو بنەمای نوێنەرایەتی و دەسەڵاتی خەڵك لەگەڵ بنەماکانی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی و دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامان، ئاوێتە بکەن. بە دەربڕینی رۆشنتر دیموکراسی کۆمەڵایەتی ئەو جۆرەیە لە دیموکراسی کە تا ئەندازەیەك رۆحی سۆسیالیزم تیایدا ئامادەیە و بۆیە لەباری کۆمەڵایەتی‌و ئابووریدا دەکەوێتە نێوان لیبرالیزم و سۆسیالیزم).٣٠ بەهۆی ئەم بیروباوەڕو بنەمایانەوە دیموکراسی کۆمەڵایەتی دڵنیایی لەسەر بەرپرسیاریی کۆمەڵایەتی دەوڵەت دەکات و لەهەمانکاتدا بەشێوەیەکی میانرەو یان هەموارکراو (تعدیل) سیستمی سەرمایەداریش دەپارێزێ. زۆرێك لە بیرمەندان و نووسەران رەگوریشەی سەرەتایی دیموکراسی کۆمەڵایەتی لەبیروباوەڕو تیۆری (ئەدوارد برنشتاین) یەکێك لەرابەرانی ناوداری بزاڤی سۆسیالیستی و ئەنترناسیۆنالی دووەم لەسەرەتای سەدەی بیستدا دەبینن، کە خوازیاری هێنانەدی ئامانجەکانی سۆسیالیزمن لەڕێگای دەسەڵاتی پارلەمانی و ئەزموونی ریفۆرمیستی، نەك لەڕێگای شۆڕش و توندوتیژی.

(یەکێکی دیکە لە سەرچاوەکانی بیروباوەڕ و بزاڤی دیموکراسی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتـەوە بۆ بڕواکانی سۆسیالیزمی فابیانی (لە بەریتانیا) و بەتایبەتی ئەندێشەی کەسانی وەکو ئێچ. جی وێلز، جۆرج برناشاد، سیدنی و بیاتریس وێب. دەوڵەتانی خۆشگوزەرانی سەدەی بیستەم لە رۆژئاوا لە راستیدا لەسەر بنەماکانی ئەم بیروباوەڕانە دامەزراوە. نوێنەرانی دواتری دیموکراسی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی



هەوالنامەی پێنج

لەئەمریکا بریتین لە (جۆن راولز، رۆناڵد دۆرکین و مایکل والـزەر) کە لایەنگیری دادپەروەری کۆمەڵایەتی بوون لەدابەشکردنی ژیان). [٣١] ڕەوتی نەیاری دیموکراسی کۆمەڵایەتی لەکۆتاییەکانی سەدەی بیستدا لەلایەن کەسانی وەکو فریدریك فۆن هایك و رۆبەرت نۆزیك وەکو داکۆکی لەبیروباوەڕی نیولیبرالیزم (لیبرالیزمی نوێ) خرایەڕوو، کە ئەوان بەشداری دەوڵەت لە ئابووری و دادپەروەری دابەشکردنی کۆمەڵایەتی بەنەیار دەزانن بەرامبەر بنەماکانی لیبرالیزم و بەبێ ئاکام و بەرهەم ناوی دەبەن. دیموکراسی کۆمەڵایەتی ئەگەرچی نەریت و مێژووی ئەوروپاییان هەیە، بەڵام ئەم ڕەوتە لە ئەمریکا زیاتر بەدڵنیابوون بەرامبەر بە تاك گەرایی و لیبرالیزمی ئەمریکایی بوو کە ڕوانگەی دیموکراسیی خەڵکیان هەبوو، نەك پەیڕەوی لە بیروباوەڕی سۆسیالیستی.

لایەنگرانی دیموکراسی کۆمەڵایەتی داکۆکی لەمافە کۆمەڵایەتیەکان دەکەن و لەو بڕوایەدان کە ئەم مافانە لەسەدەی بیستەمدا دەبێت بێنەدی، هەروەکو چۆن لەسەدەی نۆزدەدا هێنانەدی (مافە سیاسیەکان) کرایە ئامانج و لەسەدەی هەژدەهەمدا (مافە مەدەنیەکان) و لەسەدەی حەڤدەمدا (مافە سروشتی یەکان) بوون یان کرانە دروشم و ئامانجی دیموکراسی. بنەمای سیاسی و کۆمەڵایەتی سۆسیال دیموکراسی یان دیموکراسی کۆمەڵایەتی لەوەدایە کە دەبێت دەوڵەت بەرپرسیاریی کۆمەڵایەتی بگرێتە ئەستۆی خۆی بۆ دابینکردنی هەموو مافە فەردی و گشتی یەکان, هەندێك لەبیرمەندان بڕوای فراوانتر و پەیگیرتریان هەیە بڕوایان وایە کە بەرهەرەمەندبوون لە مافە کۆمەڵایەتیەکان مەرجی گرنگە بۆ پرانسیپی هاووڵاتی بوون بەمانای دروستی ئەم وشەیە لەدیموکراسیەکانی ئێستادا. سەرئەنجام مانفێستی ئەمڕۆی دیموکراسی کۆمەڵایەتی دڵنیابوونەوەیە لەمافو بەهرەمەندییەکانی دەوڵەتی رەفـا، وەکو دابینکردنی کار یان بیمەی بێکاریی، خزمەتگوزارییەکانی رەفاهیەت، هەموارکردن و کەمکردنەوەی جیاوازی چینایەتی و دابیینکردنی هەمو بیمە کۆمەڵایەتیەکان و لەئاکامدا دیموکراسی کۆمەڵایەتی شتێکی زیاترە لە دیموکراسی لیبرال و کەمتریشە لە سۆسیالیزم.

## دەوڵەتی خۆشگوزەرانی و دیموکراسی کۆمەڵایەتی

دەوڵەتی خۆشگوزەران بەهێزترین شێوازی دەوڵەتی مۆدیرنە کە لە کاردانەوەی قەیرانە ئابووری و سیاسیەکانی سەرمایەداری پەیدابووە. شەپۆلی قەیرانی ئابووری سەرمایەداری لە دەیەی ١٩٣٠ کە بووە هۆی بڵاوبوونەوەی بێکاری، کەمبوونەوەو لاوازی سەرمایەگوزاری، پێویستی بەوە دەکرد کە بەشداری دەوڵەت لە ئابووریدا بەشێوازێکی تەواو نوێ دەست پێبکات. یەکەمین دەوڵەتەکانی رەفا لەسەردەمی هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهاندا لە رۆژئاوا پەیدا بوون و هەنگاو و بەرنامەی گرنگ و فراوانیان لە ریفۆرمی سیستمی دارایی و بانکیدا ئەنجامدا، بودجەی گشتیو باجەکانیان زیاتر کرد، یاساکانی کاریان سازکرد، پیشەسازی و رشتە ئابوورییە گشتی یەکانیان خۆماڵی کرد، دابەشکردنی دەرامەت و دابینکردنی خزمەتو بیمە کۆمەڵایەتیەکانیان دادپەروەرانە دەست پێکرد و سەرئەنجام ژیانی کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی فراوانیان لە وڵاتەکانیان هێنایەدی. (جۆن مینارد کینز، ئابووریناسی ناسراوی ئینگلیزی، بنەما تیۆری و ئابوورییەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی لەساڵی ١٩٣٦ و لە کتێبی (تیۆری گشتی پارە، بەهرە و کار)دا خستەروو و پاشان ئابووری دەوڵەتی رەفا وەکو ئابووری کینزی ناسرا. رێگاچارەی کینز بۆ قەیرانی سەرمایەداری ئەوەبوو کە دەبێت دەوڵەت دەسەڵاتی خۆی لەزەمینەی باجەکان و زیاد کردنی بودجە گشتی یەکان بۆ مەبەستی داواکارییە گرنگەکان و بەکاربردنی کار و بەهرەکان بەکاربهێنێ. لەو ساوە دەوڵەتی رەفا لەسەرمایەدارییدا دەبێتە جێنشینی سیستمی بازاری ئازاد).٣٢ دەوڵەتەکانی رەفا بە ئەندازەی جیاواز لە زەمینەی دابەشکردنی دەرامەت، سەرمایەگوزاری و دۆزینەوەی کار و بەرپرسیارییەکان توانیان هەنگاوی گرنگ و ئەزموونی سەرکەوتوو بۆ دیموکرسیی کۆمەڵایەتی دروست بکەن.

کۆمەڵایەتی کردنی دیموکراسی و پەیداکردنی پێکهاتەی دەوڵەتەکانی رەفا

بەرهەمی چالاکی و خەبات و سەرکەوتنی پارتە سۆسیال دیموکراتەکان بوو. حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانی و پارتی کرێکارانی بەریتانیا، حیزبی سۆسیالیستی فەرەنسا و تارادەیەکیش حیزبی دیموکراتی ئەمریکا پارێزگاری دەکەن لە سیاسەتەکانی خۆشگوزەرانی، بیمەکانی کۆمەڵایەتی و سیستمی کارو بەهرە کە بەسیستمی (بەکارهێنانی تەواو) ناسراون.

## دیموکراسی کۆمەڵایەتی و ڕێنمایی بۆ (ی.ن.ک)

یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کە بێگومان هێزێکی کاریگەرو ڕەسەنی خەبات و تێکۆشان و سیاسەتە لە کوردستان، لەساڵی ١٩٩٢ بەدواوە پابەندی خۆی بە سۆسیال دیموکراسی و ڕێکخراوی سۆسیالیست ئەنترناسیۆناڵ راگەیاندووە و تائێستاش بیروڕای ڕەسمی و گشتی ئەم حیزبە دڵنیایی کردنە لەسەر بڕوا بوون بە سۆسیال دیموکراسی. بەڵام پرسیاری گرنگ و ئاسۆی بوون و مانەوە و گەشەی ئەم حیزبە بەوە بەستراوە کە تاچەند پەیگیر دەبێت بەو ڕێبازەوە. باشترین شت ئەوەیە بەراوردێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەلسەفی بکەین لەنێوان سۆسیال دیموکراسی و (ی.ن.ک)دا:

١ –سۆسیال دیموکراسی چی یە؟

(سۆسیال دیموکراسی سیاسەتی یەکسانخوازییە کە بڕوای پتەوی بە دەوڵەتی ڕەفای نوێ و ئەرکی دەوڵەت هەیە لەدابەشکردنەوەی سامانداا. سۆسیال دیموکراتەکان بنەمای ئازادی خوازی کلاسیك و دیموکراسی نوێنەرایەتی و ئابووری تێکەڵاو پەسەند دەکەنو دەیانەوێت ریفۆرمی سیاسی لە دەسەڵات و سیاسەتدا ئەنجام بدەن، وەفادارن بەرامبەر ئامانجی ئەخلاقیی دادپەروەری کۆمەڵایەتی).[٣٣]

(سۆسیال دیموکراتەکان چەمکەکانی بەرپرسیاری کۆمەڵایەتی و ئەرکی دەوڵەت

لە هاوکاری و کۆمەکدا دەبیننەوە بۆ ئەوانەی کە دەرامەت و ئیمتیازی کەمتریان هەیە لەکۆمەڵگادا. بەبڕوای سۆسیال دیموکراتەکان.دەسەڵاتی دەوڵەت هەمان ئەو هۆکارە ڕەوا و پەسەندەیە کە ئەم بەرپرسیارییە کۆمەڵایەتیانە دەگرێتە ئەستۆی خۆی).[٣٤]

(سۆسیال دیموکراسی دەیەوێت نەخۆشیە کۆمەڵایەتی وچینایەتیەکان لەناو بازاڕی ئازادا چارەسەر بکات، یان دەیەوێت ئابووری سیاسی سەرلەنوێ (ئەخلاقی بکاتەوە)، واتە دەیەوێت پرسی دادپەروەری کۆمەڵایەتی وەکو یەکێك لەپرسە ئەخلاقی و فەلسەفیەکان بخاتەڕوو، نەك تەنها وەکو پرسێکی ئابووری. دابەشکردنەوەی تازەی سەروەت و سامان، مانای بەشداری ڕاستەوخۆی دەوڵەتە لەدابینکردنی کار ودەرامەت و ژیانی شایستەو بیمە کۆمەڵایەتیەکان و هەلەکانی پێشکەوتن).

(یەکێکی دیکە لە بنەما و ڕێنمایە گرنگەکانی سۆسیال دیموکراسی بەشداری و کاری ڕاستەوخۆی دەوڵەتە بۆ سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی سامانی گشتی بۆ پێشکەوتنی ئامانجەکانی ئەخلاقی و مرۆڤایەتی. ئەم شێوەیە لەکارکردن و ڕێنمایی تەنانەت وادەکات کە هێزو دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی ناو سامان و خاوەندارێتی بەویژدان تر و ئارامتر کاری خۆیان بکەن).[٣٥]

(سۆسیال دیموکراسی بڕوای بەوەیە کە هەموو کەسەکان دەبێت لەکۆمەڵگای ئازادا بەیەکسانی بەهرەمەندبن لەسەرچاوەکانی ژیان و کۆمەڵ و دەبێت هەموو کەس بتوانێ ڕەوشی تایبەتی خۆی بەرامبەر ئامانج یان بەرنامەی ژیان بەئازادی بخاتەڕوو و یان بەدییان بهێنێ. هەربۆیەش دەبێت هەلومەرجی هاندانی ئەخلاقی و مادیی ژیان بۆ هەموو کەسێك فەراهەم بکرێت تا ژیانیان بەهرەمەندبن لەڕێزی خۆیان و ڕێزی کەسانی ترو بزانن و لەوەتێبگەن کە سیستمی ئازادی خواز سەرچاوەکانی ژیان بۆ گەشەو پێڕەوی ئەوان دابین دەکات).

(بـڕواو هەڵوێستی سۆسیال دیموکراسی بۆ ناساندنی چەمکی هاووڵاتی، شێوەیەکی تایبەتە بۆ لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و دەبێت ئەو ئەنجامە بێتەدی بۆ ئەوەی تاکەکان خۆیان بە ئەندامی تەواوی کۆمەڵی سیاسی بزانن. سۆسیال دیموکراسی بەپێی ئەم بڕوایە ئەندامێتی کۆمەڵایەتی تاکەکان بەبەشێکی سەرەکی بەرنامەی خۆی دەزانێ: نابێت هیچ کەسێك برسێتی ببینێ، بێ ماڵ و شوێنی ژیان



هەولێرنامەی گێر

بێت، لەبیمەو بەهرەکانی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزرای بێبەش بێت، دەبێت حکومەت چاودێری و پارێزگاری کەسانی بەتەمەن و سالاّچوو دابین بکات، نابێت هیچ منالێك بێبەش بێت لە زەمینەی هەلی پەروەردەو بەشداری لە ژیانی گشتی . سەرئەنجام دەبێت هەموو کەسێك بەهرەمەند بێت لە هەلی کارکردن و هەستی رێزداری و شایستەیی ژیان بۆ ئەوەی بتوانێ نەخشی دیاری هەبێت لەبەدیهێنانی نیازو پێداویستی یەکانی کۆمەڵگا).

هەرلەم زەمینانەدا سەرۆکی ئەمریکا لەساڵی ١٩٩٣ (بیل کلینتۆن) کە لەلایەن حیزبی دیموکراتی ئەمریکاوە کراوەتە کاندیدی سەرۆکایەتی لەساڵی ١٩٩٢: (میللەت، وەکو کۆمەڵێکی ئەخلاقی، ناتوانێ لەبەرامبەر ئەوە بێ هەڵوێست بێت کە ئایا ئەندامەکانی وەکو تاك یان وەکو چینەکان، لەمەیدانی ژیاندا پێشکەوتوون یان پێشیل کراون؟ کلینتۆن دەڵێ دەبێ دەوڵەت زەمانەتی ئەوە بکات کە مەترسی و بەرپرسیارییەکانی ژیان لە کۆمەڵی مەدەنیدا نابێت دژوارو ترسناك بێت، کە نەتوانین بەرەنگاریان ببینەوە، یان هەلومەرجی کۆمەلاّیەتی راستەقینەی بەشداری و هاوکاری لەهەندێك تاك و ئەندامانی کۆمەڵ زەوت بکات). [٣٦]

(نیشانەی دیارو ئاشکرای دیموکراتی کۆمەلاّیەتی (سۆسیال دیموکراسی) هاودەردی و هاوسۆزییە لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە لە بێدادی و بێمافیدا ژیانی رەنج و ئازار بەسەر دەبەن، بەشێوەی گشتی کرێکاران، ژنان، کەمایەتی نەتەوەیی و نەژادی، بەسالاّچوان، مندالاّن، نەخۆشان یان ئەوانەی کەمئەندام و بێ توانان، ئەوانەن کە دەبێت سۆسیال دیموکراسی داکۆکییان لێبکات. دیموکراسی کۆمەلاّیەتی بەپێویستی دەزانێ کە دەوڵەت نەخش و کاریگەری هەبێت لەژیانی شایستە و خۆشگوزەرانیدا، و ئەمەش وەکو دیدگایەکی ئامرازی یان هۆکاری سەیرناکات، بەڵکو لەلای ئەوان دەوڵەتی رەفا یەکێکە لە ئامانجە گرنگەکانی ستراتیژی.

سۆسیال دیموکراتەکان دەیانەوێت بەهاندانی ئەندامانی کۆمەڵ و گرتنەبەری رەوشی داهێنەرانەی ریفۆرمی هەلومەرجە کۆمەلاّیەتیەکان و بەهۆی پارێزگاری سیاسی دەوڵەتەوە یاسای کۆمەلاّیەتی وپێشکەوتوو بۆ سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵگا

بەرهەم بهێنن. هێنانەدی خۆشگوزەرانی و مافی بێکاری و یاسای کاری دڵخواز بۆ یەکێتی و سەندیکا کرێکاریەکان، زەمینە و هەلی خوێندن و پەروەردەی زیاتر، بریارو یاسای بەهرەمەند بوون لە مافو بیمەی تەندروستی و پاراستنی منالآن و پیران. بەرنامەی تایبەت بە خانەنشینی، دابینکردنی ماڵ و شوێنی ژیان بۆ هەمووان. دیموکراسی کۆمەلآیەتی بەهۆی ئەو دەسکەوتانەی کە لەدوای جەنگی جیهانی دووەم لە ئەوروپا بەدەستی هێنا و لەرێگای دەوڵەتەکانی رەفاوە زۆرترین پێشکەوتنی لە دیموکراسی رۆژئاوادا بەخۆوەبینی.

٢ –فەلسەفەی سیاسی و کۆمەلآیەتی سۆسیال دیموکراسی

(دیموکراسی کۆمەلآیەتی وەکو بەشێك لەتیۆری دیموکراسی، هەوڵدەدات کە دیدگایەکی بالآتربێت لەو پرسەی کە پێی دەڵێن (دیموکراسی تەواو). پێناسەی زاراوەی سۆسیال دیموکراسی ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە دیموکراسیی کۆمەلآیەتی بەسوودتر و بەهرەمەندترە لە دیموکراسی نەریتی، بەلآم کەمترە لەسۆسیالیزم. بروایەکی دیکەی سۆسیال دیموکراسی ئەوەیە، کە لە سیستمی نوێنەرایەتی و نەریتی لیبرالیدا ئەو شێوازانە لەسازوکاری عەقلآنی و گونجاو پەیدانابن، کە بتوانن بەرادەی پێویست هەلومەرج و ماهیەتی دیموکراسی راستەقینە بپارێزن. بۆیە دەبێت بۆ ئەو مەبەستە برازقی بەهێز و تۆری کۆمەلآیەتی یەکسانی خواز لەناو خەڵکا زیندوو بێت بۆ داکۆکی کردن لە دیموکراسیی راستەقینە. ماکفرسۆن کە یەکێکە لە زاناو تیۆرمەندەکانی فەلسەفەی سیاسی لەکانادا: ئەگەر تیۆری دیموکراسی تەنها خۆی بەچۆنیەتی دیموکراتی کردن حکومەت و دەوڵەتەوە سنوردار بکات، بێگومان ناتوانێ بەخواستەکانی خۆی بگات. تیۆری دیموکراسی بەمانای دڵخوازو تەواوی وشەکەی دەبێت پرسی چۆنیەتی دامەزراندن و سازکردنی حکومەتی یەکسانی خوازتر لەتەواوی ژیانی ئابووری و کۆمەلآیەتی لەبەرچاوبگرێت).[٣٧]

ئامانجی سۆسیالیزم لەسۆسیال دیموکراسیدا وەکو ئامانجی مەزن و کۆمەڵگای دڵخواز بۆ مرۆڤایەتی یەکێکە لەو پرسانەی کە هەندێك لە سۆسیال دیموکراتەکان (مەبەستم ئەوانەی کە بەخۆیان دەڵێن دیموکراتی سۆسیالیستی) لەمارکسیزم نزیك

دەكاتەوە: لەلای ئەوان (هەرسیستمێك كە ملكەچی لۆجیكی سەرمایە و ململانێ بێت، سەرەرای هەموو ئەو لایەنە باشانەی كە باسیان دەكرێ، بەڵام لاوازو بێتوانا دەبێت لەهێنانەدی هەلومەرجی گونجاو یان شایستە بۆ مافی هاوولاتی بوون و گیانی كۆمەڵایەتی راستەقینە.... دەبێت وا لە سۆسیالیزم بگەین كە خەباتی بێ وچانە و لەپێناوی كۆمەڵگایەكی زیاتر دادپەروەر و ئازادیخواز، هەر بۆیەش ئەم خەبات و ئامانجە دەبێتە پرۆژەیەكی پێویست و شایانی هێنانەدی. دەبێت واسەیری سۆسیالیزم بكەین كە خەباتی بەردەوامە بۆ هێنانەدی دیموكراسی و یەكسانی و ملكەچی ئابووری بۆ چاودێری لێپرسینەوەی دیموكراتی. ئەوان بروایان وایە كە سۆسیالیزم كۆمەڵگاو سیستمێكی كۆمەڵایەتی تازەیە، كە بەرهەم هێنانی بۆچەندین نەوە دەخایەنێ و لەوانەشە هەرگیز بەشێوەی تەواو و كۆتایی نەیەتەدی. هەر ئەم سۆسیالیزمە پرۆژەیەكە دوو ئامانجی هەیە، یەكەمیان هێنانەدی ئەو سیستمە دیموكراتیەیە كە تارادەیەكی زۆر فراوانترە لە دیموكراسیی سەرمایەداری، و ئامانجی دووەم یەكسانی یە یان كەمكردنەوەی ریشەیی یە بۆ هەموو رواڵەت و دیاردەكانی جیاوازی و هەڵاواردن و نەبوونی بێتوانایی كە بەشێكن لە دیموكراسی سەرمایەداری).[٣٨]

(مەبەست و ئامانجەكانی سۆسیال دیموكراسی هەمیشە ئابووری و كۆمەڵایەتی بوون، و هۆكار و ئامانجە سیاسیەكانیش هەر بۆ ئەم مەبەستە بەكاردەهێنێ، و ئەمەش ئەو تایبەتمەندییەیە كە سۆسیال دیموكراتەكان لە حیزبەكانی دیكە جیا دەكاتەوە. باسكردنی ئەم رەهەندەش بۆ ئەوەیە كە پارتە سۆسیال دیموكراتەكان یەكەمین رێكخراوە جەماوەری و كۆمەڵایەتیەكان بوون لەمێژووی ئەورووپا و ئایدیۆلۆژیای سەرەكییان بـیروڕای كۆمەڵایەتی و خەباتی كرێكارو جەماوەری زەحمەتكێش بووە).[٣٩]


دڵنیایی سۆسیال دیموكراتەكان بۆهێنانەدی دیموكراسی كۆمەڵایەتی، یەكسانی و ئازادی لەرێگای (بوون و ئاگایی) بزاڤە كۆمەڵایەتیەكان یان هەروەكو خۆیان دەڵێن هێنانەدی ئازادی و یەكسانی لە رێگای هاوكاری كۆمەڵایەتیەوە دەبێتە ماهیەتی بوون و كۆمەڵایەتی ئەو بزووتنەوەیە. ئامانجی ئەم بزاڤەش بریتییە لەژیانی باشتر بۆ هەمووان لەكۆمەڵگایە باشتردا و بناغەی بیركردنەوەی كۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و فەلسەفیشیان

لەم ڕوانگەیەی ماركسدا دەر ئەكەوێت: گرنگی دان بە بیركردنەوەی عەمەلی چینی كرێكار، تەنها لەبیركردنەوە، تێرامانو هۆشیاریدانیە، بەڵكو لەبوونی كۆمەڵایەتی ئەو چینەدایە، یان لەژیان و شێوەسازكردنی كۆبوونەوەو ڕەهەندی كۆمەڵایەتیدایە، كە لەوێدا ڕەخنەی كۆمەڵایەتی دەبێت بە ڕەخنەی ژیانی واقیعی و زیندووی كۆمەڵگای مەوجود).[٤٠]

## سەرچاوەكان


١ رابرت دال، دربارەی دموكراسی، ترجمەی حسن فشاركی، نشر شیرازە، چاپ اول ١٣٨٩ ، ل ٧٣ و ٧٤.
٢ بۆزیاتر شارەزابوون لە زاراوەكانی ئۆپۆزسیۆنو نیمچە ئۆپۆزسیۆن بڕوانە (حسین بشیریە، عقل در سیاست، نشرنگاه معاصر، چاپ اول ١٣٨٣ ،ل ٥١٣٥. ئەم لێكۆڵینەوە لەلایەن نوسەری ئەم وتارەوە كراوەتە كوردی، بڕوانە: ئەكرەمی میهرداد (ئۆپۆزسیۆن لە سیستەمی دیموكراسی و ڕژێمە هەژموونخوازەكاندا). گۆڤاری كەوانە ژمارە (١)، ل ل ١١٣–١٥٣.
٣ گزار بەدموكراسی، زیرنقر حسین بشیریە، نشرنگاه معاصر، چاپ سوم ١٣٨٧، ل ل ١١–١٢.
٤ هـ.س.پ ل ل ١٢–١٣.
٥ حسین بشیریە، أموزش دانش سیاسی، دانشگای حقوق و علوم سیاسی، نشرنگاه معاصر، چاپ ششم، ل ١٦٧.
٦ هـ.س.پ، ل ١٦٩.
٧ استیون تانسی، مقدمات سیاست، ترجمەی هرمز همایون پور، نشرنی، چاپ سوم، ١٣٨٦، ل ٢٥٥.
٨ هـ.س.پ، ل ٢٥٦.
٩ دایرە المعارف دموكراسی، بەسەرپەرشتی سیمور مارتین لیپست، كتابخانەی تخصصی وزارت امور خارجە ایران، جلد دوم، چاپ اول ١٣٨٣، ل ٦٧٦.
١٠ گزار بە دموكراسی، زیرنقر حسین بشیریە، نشرنگاە معاصر،چاپ ششم ١٣٨٤، ل ١٥.
١١ هـ.س.پ، ل ١٥.
١٢ سلین اسپكتور، قدرت وحاكمیت در تاریخ اندیشەی غرب، ترجمەی دكتر عباس باقری، نشرنی، چاپ اول ١٣٨٢، ل ل ١٧٨–١٧٩.
١٣ حسین بشیریە، گزار بە دموكراسی، ل ل ٤١–٤٢. (پێوەرو پێكهاتەكانی سیاسەت و شاندی دەسەڵاتدار لەم سەرچاوەیە وەرگیراون).
١٤ حسین بشیریە، أموزش دانش سیاسی، ل ١٦٤.
١٥ رابرت دال، دربارەی دیموكراسی، ل ل ٥٩–٧٣.
١٦ ایریك كیسلاسی، الدیموقراگیە والمساواە، ترجمە جهیدە لاونـد، معهد الدراسات الاستراتیجیە، الگبعە الاولی ٢٠٠٦ بغداد، ل ٦.
١٧ هـ.س.پ، ل ٣٢.

١٨ رابرت. بی. تلیس، فلسفەی راولز، ترجمەی خشایار لیهیمی، گرح نو، چاپ اول ١٣٨٥ ، ل ٦٥.
١٩ مایکل والزر، حوزەهای عدالت (در دفاع ازکپرت گرایی و برابری) ترجمەی صالح نجفی، نشر پالپ، چاپ اول ١٣٨٩.
٢٠ رابرت دوز، سیمور مارتین لیپست، جامعه شناسی سیاسی، ترجمەی دکتر محمد حسین فرجاد، انتشارات توس، چاپ اول ١٣٧٣، ل ١١٨.
٢١ هـ.س.پ، ل ١١٨.
٢٢ گزار بەدموکراسی، لاری دیموند، ل ١٦٥.
٢٣ مراحل و عوامل و موانع رشدسیاسی، بەسرپرستی عزت الله فولادوند، نشر ماهی، چاپ دوم ١٣٨٨، ل ٣٥.
٢٤ هـ.س.پ، ل ٦٩.
٢٥ هـ.س.پ، ل ١٢٩ – ١٣٧.
٢٦ حسین بشیریه، اموزش دانش سیاسی، ل ١٨٦.
٢٧ لزلی جایکوبز، در أمدی بەفلسفەی سیاسی نوین (نگرش دموکراتیك بەسیاست)، ترجمەی ترتچای جیریاپی، نشرنی، چاپ اول ١٣٨٦، ل ٣١.
٢٨ هـ.س.پ. ل ٣٢.
٢٩ رامین جهانبگلو، حاکمیت و أزادی (درسهای فلسفەی سیاسی مدرن)، نشرنی، چاپ دوم، ل ١٠.
٣٠ حسن بشیریه، أموزش دانش سیاسی، ل ١٦٥.
٣١ هـ.س.پ، ل ١٦٦.
٣٢ هـ.س.پ، ل ١٨٠.
٣٣ دایره المعارف دموکراسی، جلد دوم، بەسرپرستی سیمور مارتین لیپست، کتابخانەی وزرات امور خارجه ایران، چاپ أول ١٣٨٣ ، ل ٦٧٦.
٣٤ هـ.س.پ، ل ٦٧٦.
٣٥ بەراود و جیاوازی نێوان (مارکسیزم، سۆسیال دیموکراسی و سۆسیالیستی دیموکراتی)، وەرگێرانی لەفارسیەوە: ئەکرەمی میهرداد، بەشی رووناکبیری مەکتەبی رێکخستنی ی.ن.ك، چاپی یەکەم ٢٠٠٧، سلێمانی، ل ٤٦.
٣٦ هـ.س.پ، ل ٥١.
٣٧ کرافورد. ب. ماکفرسۆن، جهان واقعی دموکراسی، ترجمه علی معنوی تهرانی، نشرأگاه، تهران ١٣٧٩،
٣٨ رالف میلیباند، الاشتراکیه العصر شکاك، ترجمه نوال لایقه، دارالمدی للنشرو التوزیع، الگبعه الاولی، ١٩٩٨ بیروت، ص١٣.
٣٩ فرهنگ اندیشەهای سیاسی، ترجمەی خشایار دیهیمی، نشرنی، چاپ دوم ١٣٧٨، ل ٥٥.
٤٠ هـ.س.پ، ل ٥٧٦.



# زەمینە تیۆری و مێژووییەکانی گەیشتن بەخەڵک سالاریی

## (وڵاتانی جیهان چۆن بوون بە دیموکراتی؟)

هەواڵنامەی کتێب

حسێنی بەشیریە

لە فارسیەوە:نوێبوون

# بنەما تیۆرییەکان

**ئەمرۆ** لێکۆڵینەوەی تیۆری بۆ تێپەڕبوون بەرەو خەڵك سالاریی (دیموکراسی)و زەمینە کۆمەڵایەتیەکانی بەگرنگترین باسەکانی ناو کۆمەڵناسی سیاسی دادەنرێت.تەنانەت دەتوانین بڵێن کە سەرنجدان بەگرنگیی و پانتایی ئەم لێکۆڵینەوەیە، کۆمەڵناسی سیاسی جگە لە کۆمەڵناسی زەمینەکانی گەیشتن بە دیموکراسی، شتێکی دیکە نییە. بە ژماردن و ناسینی ولاتانی دیموکراتی لەم دوو دەیەی دواییدا پانتایی ئەدەبیات و تیۆرسازی دەربارەی تێپەڕبوون بەرەو خەڵك سالاریی بەشێوەیەکی ناوازەو بەرچاو فراوانتربوون. ئەم ئەدەبیاتە چیدی وەکو جاران سەروکاری نییە لەگەڵ باسە فەلسەفیەکان دەربارەی ماناو چەمك یا بەهرەو ئیمتیازی دیموکراسی بەسەر سیستمە سیاسیەکانی دیکەدا. ئەمرۆ گرەوی گشتی لەسەر ئەوەیە کە هەموو ئامانج و هیوا گرنگەکانی مرۆڤ، کە زۆر بەدەگمەن لە شوێنێکدا کۆدەبنەوە، بۆنموونە سیستم و ئاسایش، حکومەتی یاسایی، ئازادی، یەکسانی، چاودێری مافەکانی تاك، پێشکەوتنی زانستو زانیاری، بەرهەم هێنانی سامان، دابینکردنی ئاشتی، مودارات‌و لێبوردن، پلوورالیزمو فرەیی، سەربەخۆیی تاك، پارێزگاری لە فرەبوونی کۆمەڵایەتی، پایەداربوونی خێرو چاکەی تاك و گشتی و سەرئەنجام هێنانەدی ژینگەی گونجاو بۆ گەیشتن بە (حەقیقەت)، ڕەخنە و ڕەخنەکاری و ئەزموون و هەڵەکانی، لەسنووری گونجاو یان مومکیندا تەنها لەسایەی سیستمەکانی خەڵك سالاریدا بە ئاکام دەگەن. ئەدەبیاتی گەیشتن بە دیموکراسی ئەم جۆرە لە باسە فەلسەفیەکان دەکاتە گریمانەو دەستمایە و لە جیاتی ئەوەی تەنها ڕەهەندو زەمینەکانی تێپەڕبوون لەرژێمە نەیارەکان بەخەڵك سالاریی بۆ سیستمە دیموکراتەکان و زەمینەکانی جێگیرکردن‌و بەرقەرارکردنی ئەوان لەسەردەمەکانی تێپەڕبوون یان لەماوە کەمەکاندا دەخاتە بەرباس‌و لێکۆڵینەوە. لەم دوورنمایانەدا،و لەسادەترین پێناسەدا گەیشتن

به دیموکراسی له لایەك بریتییه لەوەی رەهەندی سیاسی ببێت به جێگربوونی حکومەتی هەڵبژێردراو و بەرپرس له رێگای ململانێی ئازاد و دادپەروەرانه لەنێوان هەموو هێزە سیاسەکان و لەلایەکی دیکه و لەرەهەندی کۆمەڵایەتیدا گرنگی دەدات به چەمکی بەهرەمەندبوونی هەموو خەڵك لەئازادی و مافه مەدەنی و سیاسییەکانو پەیدابوونی بزاڤ و ئەنجوومەن و رێکخراوە مەدەنیه کاراو کاریگەرەکان. بەواتایەکی دیکه و بەکورتی گەیشتن به دیموکراسی دوو رەهەندی هەیە: یەکەم دەسەڵاتدارێتییه و دووەم کۆمەڵایەتی:

## رەهەندی حکومەتی :

١ –پێکهێنانی حکومەتی هەڵبژێردراو و وەڵامدەر.
٢ –ململانێی ئازادو دادپەروەر لەنێوان هێز و پارتە سیاسیەکان.

## رەهەندی کۆمەڵایەتی:

١ – بەهرەمەندبوونی خەڵك له مافه سیاسی و ئازادییە مەدەنیەکان.
٢ – بوون و چالاکی ئەنجوومەن و دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی.

لێکۆڵینەوەی تیۆری بۆ گەیشتن به دیموکراسی له روانگەی سێ چەمکەوە دەخرێتەروو:

١ –شێوەناسی / که دەربارەی رووخسارو شێوازە جۆراو جۆرەکانی دیموکراسی دەدوێ.
٢ –ریشەناسی / که هۆکار و زەمینەکانی تێپەربوون دەناسێنێ.
٣ –ئاکام ناسی / که رەهەندو قۆناغەکانی گەیشتن به دیموکراسی و بەتایبەتی زەمینەو هەلومەرجەکانی جێگیربوون و پێگەشتنی دیموکراسی لێکۆڵینەوە دەکات

هەواڵنامەی کتێب

لەباسی یەکەمدا سێ پێوەری ڕەسەن بۆ دەستەبەندی رووخسارو شێوازەکانی تێپەڕبوون بۆ خەڵك سالاریی لە ئەدەبیاتی نووسراودا بەکارهێنراون:

١ -خواستگای سەرەکی تێپەڕبوون کە لەوانەیە لە باڵاوەبێت (ریفۆرمی سیاسی) یان لە خوارەوەی کۆمەڵگادا بێت (شۆڕشی سیاسی)و تەنانەت لەدەرەوەی کۆمەڵگابێت (دەستێوەردان یان جەنگی دەرەکی).

٢ -شێوازی تێپەڕبوون کە لەوانەیە لەڕێگای سازش و ڕێکەوتنی نێوان هێز و پارتە دەسەڵاتدارەکان و نەیارەکان بێت بەشێوەی ئاشتیانە، یان لەڕێگای کودێتا، شۆڕش یان دەستێوەردانی دەرەکی بێت بەهۆی جەنگ وتوندوتیژی.

٣ -پانتایی یان ڕادەی گۆڕانکاریی سیاسی سەرەتایی لەو ڕوانگەیەوە کە گۆڕان تەنها سیاسەتەکانی گروپی حاکم و لە ناو خودی هەیئەتی دەسەڵاتدا ڕوودات و لە ئاکامدا لەپێکهاتە و ڕێساکانی ژیانی سیاسیدا (دەستوور) ڕەنگ بداتەوە.

سەبارەت بەوەی کە کام ڕووخسارو شێوازی ناوبراو لە گەیشتن بە دیموکراسیی روو دەدات، بێگومان پەیوەستە بە هۆکارە جۆراوجۆرەکانەوە، لەناو باس و لێکۆڵینەوەکانی تێپەڕبوون بەرەو دیموکراسی، دڵنیایی لەم بابەتانە دەکرێت:

١ -یەکێتی یان پەڕاگەندەیی گروپە پێکهێنەرەکانی چینی سیاسی دەسەڵاتدار، بەو مانایەی کە هاوئاهەنگی و یەکێتی زیاتر و بەهێزی ناو ئەو چینە سیاسیە لەوانەیە لەئەنجامدا بەرەو تێپەڕبوونی توندوتیژیی بڕوات، لە کاتێکدا پەڕاگەندەیی و پەرتەوازەیی چینی دەسەڵاتدار بە هۆکاری گرنگی ئەژمار دەکرێت لە ئەگەری ڕوودانی گەیشتن بۆ دیموکراسی بەشێوازی ئاشتیانە.

٢ -ڕادە و ئەندازەی بەهێزی و ڕێکخراوبوونی گرووپە نەیارەکان، بەو مانایەی کە کاتێك گرووپە نەیارەکانی حکومەت ناتوانا و بێ ڕێکخراوبن لە کۆتایدا تێپەڕبوون بەشێوەی توندوتیژ ڕوودەدات، بەڵام بەهێزی و ڕێکخراوبوونی گرووپە نەیارەکانی حکومەت یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی تێپەڕ بوونە ئاشتی خوازەکان.

٣ - ئاڕاستە و ئەندازەکانی بەرگریی هێزە چەکدارەکان، بەرگریی باڵای ئەم

هێزانه ئەگەرچی له قۆناغه سەرەتاییەکان بەسەرکەوتوویی دەتوانێت رێگربێت له تێپەربوون بۆ دیموکراسی، بەڵام له رەوشی جێبەجێ بوونی هۆکاره پێویستەکانی دیکه سەرئەنجام تێپەربوون بەرەو توندوتیژیی دەروات، لەکاتێکدا که نەبوونی بەرگریی هێزه چەکدارەکان (سوپا و پۆلیس) لەبەرامبەر رەوتی تێپەربوون بەگرنگترین هۆکاری ئاشتی خوازانه ئەژمار دەکرێت بۆ گەیشتن بەدیموکراسی.

لەباسی دووەمدا که فراواترین مەیدانی لێکۆڵینەوەی تێپەربوونه بەرەو دیموکراسی، دەبێت باسی زەمینەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی پەیدابوونی خەڵك سالاریی بکرێت. له ئەدەبیاتی ئەمڕۆدا سێ دیدگای تیۆری سەرەکی دەربارەی هەلومەرج و زەمینەکانی پەیدابوونی دیموکراسی خراونەتەروو، یەکەم تیۆری نوێسازی، دووەم روانگه بونیادییەکان، و سێ یەم تیۆرەکانی تایبەت به ئیلیته سیاسیەکان وەکو بکەرو کارگوزارانی تێپەربوون.

تیۆری گشتی (نوێ سازی) دڵنیابوون دەربارەی زەمینه و هەلومەرجه جۆراوجۆرەکان باس دەکات، وەکو گەشەی ئابووری، فراوانبوونی شارنشینی و گەشەی زانیاری و پەیوەندی و هاوپشتی لەگەڵ فراوانبوون و گەشەی خەڵك سالاریی. لەم روانگەیەدا گەشەی ئابووری دەبێته هۆکاری فراوانبوونو گەشەی پەروەردەو زانستی گشتی و هەروەها گەشەی چینەکانی ناوەراست که پێگەی سەرەکین بۆ دیموکراسی. تیۆری نوێ سازی، فراوانبوونی دیموکراسی وەکو ئاڵوگۆری سەرەکی لەپێکهاته کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا سەیرناکات، بەڵکو له روانگەی تایبەت به ئاڵوگۆره چەندایەتیەکان تەماشای مەیدان و زەمینەکانی بەرقەراری دیموکراسی دەکات. به پێچەوانەوه لەتیۆره بونیادییەکاندا پرسی ئاڵوگۆری بونیادی لەپێکهاتەی چینایەتی، دەسەڵاتی دەوڵەتو هەژموونی نێونەتەوەیی وەکو هەلومەرجی پێویست بۆ گەیشتن به دیموکراسی دەکەنه زەمینه و هۆکار. ئەم دیگایه بەشێوەیەك تەماشای پرۆسەی تێپەربوون بەرەو دیموکراسی دەکات که بەرئەنجامی کێشمەکێش، سازش و دژایەتیەکانی نێوان هێزه مەزنەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتیه. هەندێك لەچینه کۆمەڵایەتیەکان له روانگەی پێکهاتەی چینایەتیاندا دوژمنی دیموکراسین و بەرامبەر بەخەڵك سالاریی لەبەرگریدان، مێژووی پەیدابوونو گەشەی دیموکراسی نیشانی



عەوداڵەی کتێب

داوە کە ئەرستۆکراتی زەویدار زۆربەیان دوژمنی سەرسەختی دیموکراسی بوون. لەبەرامبەردا چینەکانی ناوەڕاستی نوێ پشتیوانی لە خەڵك سالاریی دەکەن. بەبڕوای هەندێك لەشارەزایان دیموکراسی بەرهەمی پەیدابوونی بۆرژوازی و دەسەڵاتی ئەوانە بەسەر دەزگای دەوڵەتدا. لەتیۆرەکانی بونیادگەراییدا بەو شێوە گرنگە باسی نەخشی راستەخۆی بکەر و کارگوزارانی سیاسی و رێکخراو، بەتایبەتی نوخبە دەسەڵاتدارەکان ناکرێت بۆ گەیشتن بە دیموکراسی.

بەپێچەوانەوە بەشی سێ یەمی تیۆرەکان دڵنیایی لە نەخشو کاریگەریی نوخبە سیاسیەکان دەکەن کە وەکو کارگوزارانی سەرەکی گەیشتن بە دیموکراسی ناویان دەبەن. یەکێك لە دەست پێشکەرانی ئەم پەیرەوە (دانکورات راستۆ) بوو کە لە وتارێکی گرنگ بەناوی (گەیشتن بە خەڵك سالاریی) لەساڵی ١٩٧٠ باسی ئەو بەڵگانە دەکات کە تیۆری نوێ سازی بەتایبەتی و بەراستی هەلومەرجی تەواوی دیموکراسیەکانی ئەوسای رۆشن کردۆتەوە و بەڵام لەدەرخستنی چۆنیەتی سەرهەڵدانی دیموکراسی بەقۆناغی سەرەتادا یان (لەدایك بوونی) ناتوانا بوو. بەبڕوای ئەم نووسەرە رێگای گەیشتن بە دیموکراسی لە چوار قۆناغدا تێدەپەڕێ:

١ – شێوەسازبوونی یەکێتی نەتەوەیی.

٢ – خەباتی ناتەواو بۆ دەسەڵاتی سیاسی لەنێوان چینە کۆمەڵایەتی و هێزە سیاسیەکاندا، ئەم دووپێشمەرجە زەمینەکانی کارو بڕیاری نوخبەکان دیاری دەکات.

٣ –تێپەڕبوونی سەرەتایی یان قۆناغی بڕیاردان کە هێزە نەیارو ئۆپۆزسیۆنەکان بەشێوەی تاکتیکی بڕیاردەدەن لەگەڵ یەك سازش بکەن.

٤ – قۆناغی تێپەڕبوونی داوتر یان قۆناغی دووەم کە دیموکراسی هێز پەیدا دەکات و وەکو رێگاو هۆکاری چارەسەری کێشەو نەیارییەکان بڕیاردەدا.

بەشێوەی گشتی، کە پاشان زیاتر رۆشنی دەکەینەوە، دیدگای تایبەت بە نەخشی کارگوزاران و نوخبەو بڕیاردەران، کە ئەمڕۆ بەفراوانترین تیۆری تێپەڕبوون بۆ دیموکراسی ئەژماردەکرێت و لە رۆشن کردنەوەی گەیشتن بەدیموکراسی لە



هەواڵنامەی کتێب

(شەپۆلی سێهەمدا) بەکارهێنراوە (وەکو تیۆرو دیدگای ئۆدانێل، خوان لینتز و ستیپان) قۆناغەکانی گەیشتن بە دیموکراسی بەم شێوەیە ڕووشن دەکەنەوە:

١ – پەیدابوونی قەیرانو دژایەتی و کێشمەکێش لەناوخۆی ڕژێمی نادیموکراتیدا پێش تێپەڕ بوون بەرەو دیموکراسی، بێگومان ئەگەر ڕژێمی پێش تێپەربوون دووچاری هیچ ئاستەنگێك نەبێت و بەهرەمەندبێت لەجێگیریی و دەسەڵاتی تەواو، هەلومەرجی سەرەتایی پێویست بۆ تێپەڕبوون ڕوونادات.

٢ – هەنگاونان بەرەو کرانەوەی ڕێژەیی ژینگەی سیاسی یان (ئازاد سازی سیاسی) لەلایەن هەندێك لەنوخبە دەسەڵاتدارەکان لەکاردانەوە بەرامبەر هەڕەشەو ئاستەنگە ناوبراوەکان.

٣ –سەرهەڵدانی (توندڕەوەکان) و (میانڕەوەکان) لەناو نوخبە دەسەڵاتدارەکان، هاوکات لەگەڵ پەیدابوونی گروپە میانڕەوە ڕیفۆرمیستەکان یان توندڕەو و رادیکاڵەکان لەناو نەیارانی حکومەت.

٤ – هاوپەیمانی نێوان (کۆترەکان) (میانڕەوەکان لەناو حکومەتو ئۆپۆزسیۆن) لەدژی (هەڵۆکان) (توندڕەوەکانی ناو حکومەت و ئۆپۆزسیۆن).

بەتێپەڕبوونی ئەم قۆناغە، ئەگەری پەیدابوونی (حکومەتی گواستنەوە) فەراهەم دەبێت حکومەتە تێپەڕەکان کە هەلومەرجەکان بۆ گەیشتنی باشترە یان تەواوتر بۆ دیموکراسی سازدەکەن، سەبارەت بە توانایی دەسەڵاتداران و نەیاران بەرامبەر یەك، لەوانەیە یەکێك لەم سێ شێوازەی ژێرەوە پەیدابکەن:

١ –حکومەتی گواستنەوە یان تێپەڕین لەژێر دەسەڵات و ڕابەرێتی نوخبە دەسەڵاتدارەکان (ئەزموونی ئیسپانیا).

٢ –حکومەتی گواستنەوە لەگەڵ دەسەڵات و ڕەهبەریی هێزە نەیارەکانن (ئەزموونی پورتوگال).

٣ –حکومەتی گواستنەوە لەگەڵ هاوپەیمانی و سازشی نێوان نوخبە

دەسەڵاتدار و نەیارەکان (ئەزموونی پۆڵۆنیا).

لەباسی سێهەمدا، باس لە قۆناغەکانی پێکهێنانی هەموو ڕەهەندەکانی تێپەڕبوون بۆ دیموکراسی گفتوگۆ دەکرێت کە پێکدێت لە ئاستەنگی رژێمی پێش دیموکراسی، قۆناغی پەیدابوونی ژینگەی سیاسی کراوە، هاوپەیمانی هێزە سیاسیەکان لەناو حکومەتی گواستنەوەداو لەکۆتاییدا جێگیرکردن و بەهێزکردنی دیموکراسیە بەو مانایەی کە باسکراوە. بێگومان لەپەیداکردنی کۆتایی دیوکراسیدا چەند هۆکاری جیاواز نەخشیان دەبێت لە نموونەی ئەمانەی خوارەوە کە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا باسکراون.

١ – ئەزموونی پێشووی حکومەتی دیموکراتی یان نیمچە دیموکراسی زەمینە یان پێشمەرجەکانی بۆ جێگیرکردنی دیموکراسی بەدی دەهێنێ.

٢ – پاشەکشەی چینی دەسەڵاتدار لەرژێمی پێش تێپەڕبوون بەشێوەیەك کە هەوڵ و ئەگەری خۆسازدانەوەیان نەبێت.

٣ –ڕێژەی کەم یان ئەندازەی لاوازی سازدانی جەماوەری کە زۆربەیان هۆکاری هاندان و سازدانی بیروڕای توندرەو و نادیموکراتین.

٤ – هێزو توانای ڕێژەیی دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیو کاریگەرییان.

٥ –سەرهەڵدانی ئایدۆلۆژی دیموکراسی وەکو نەیاری بەهێز بەرامبەر ئایدۆلۆژیا نا دیموکراتەکان. مەیلو بڕوای ڕابەرانی تێپەڕبوون بەرەو دیموکراسی لەم زەمینەیەدا گرنگ و کاریگەرە.

٦ –هەلومەرجی نێونەتەوەیی گونجاو بۆ پایەدارکردنو جێگیربوونی دیموکراسی، نموونەش وەکو فشاری نێودەوڵەتی لەسەر سیستمەکان بۆ هێنانەدی دیموکراسی.

زەمینەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتیەکان بەتایبەتی لەم بیست یان سی ساڵەی دواییدا بۆ رۆشن کردنەوەی ڕەوتی مێژوویی گەیشتن بە دیموکراسی بەهرەو شارەزاییەکان لەو دیگا تیۆرییانە وەرگیراون کە باسمانکرد. بێگومان ڕەوتی مێژوویی تێپەڕبوون بەرەو دیموکراسی ڕەوتێکی پڕ هەورازو نشێو و ناهەموارو ئاڵۆزە کە لەماوەی چەند سەدەو لەنێوان قۆناغە جیاوازەکاندا بەشێنەیی پێشکەوتووە. یەکەمین شەپۆلی گەیشتن بەدیموکراسی لە ئەورووپای رۆژئاوا و ئەمریکای باکوور لەسەدەی نۆزدەدا

ڕوویداوە. پاشان لەنیوەی دووەمی سەدەی بیست بەدواوە ئەم شەپۆلانە بە هەوراز و نشێوی زۆردا ڕۆشتوون کەهەندێك ولاّتانی ئەورووپای باشوور و ڕۆژهەلاّت، ئەمریکای لاتین، ئاسیای باشووری ڕۆژهەلات و هەندێك لە ولاّتانی ئەفریقای گرتەوە. بێگومان دیموکراسیش وەکو دیکتاتۆریی شێوازو جۆراوجۆری هەیە و لەم زەمینەیەشدا ڕژێمە سیاسیەکانی فرەو ئالۆز کە دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە هێلّکاری بۆ بکەین:

**شێوازی ڕژێمە سیاسیەکان بۆ تێپەڕبوون بەرەو دیموکراسی**




هەوالنامەی کتێب

## ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمریکای باکوور

**تێپەڕبوون** بەرەو دیموکراسی لە ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمریکای باکووردا زووتر لە هەموو ناوچەکانی دیکەی جیهان دەستی پێکرد. لە ئەمریکا چەند هۆکاری یارمەتیدەری درێژخایەن، نیوەخایەن و کورت خایەن کاریگەربوون لە هێنانەدی و بەهێزکردنی دیموکراسی دامـەزراو لەسەربنەمای نوێنەرایەتی دابەشکردنی دادپەروەرانەی زەوی، پێشینەی فیۆدالیزم و ئەرستۆکراتی خاوەن زەوی هاورێ و

هاوکات لەگەڵ نەریتی لیبرالیزمی ئینگلیزی بەشێك بوون لەهۆکارە درێژ خایەنەکان. لەبەرامبەر ئەمانەدا نەریت و پێشینەی کۆیلەدار بەشێك بوون لەبەهێزترین ڕێگرەکان لەبەردەم گەشەی دیموکراسی. سەرەڕای ئەمەش بەڵام جەنگی دژی کۆیلەداری لەسالأنی ١٨٦١–١٨٦٥ تارادەیەکی زۆر ئەم کۆسپەی لاواز کردو زەمینەی ڕەخساند بۆ ئەوەی ڕەش پێستەکان مافی هاووڵاتی وەربگرن کە نزیکەی ٢٠٪ی دانیشتووانیان پێکهێناوە. لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمیش بەفراوانبوون و بەهێزبوونی مافی دەنگدان و بەهۆی کاریگەری سیاسەتەکانی ڕۆزفێلت بۆ پشتیوانی و پاراستنی کۆمەڵایەتی چینەکانی خوارەوە، دیموکراسی ئەمریکایی پڕ مایەبوو. سەرەڕای ئەمانەش بەڵام دیموکراسی ئەمریکا لەگەڵ چەند ڕێگر و تەنگانەدا ڕووبەڕوو بوو، کە لەناویاندا، دەتوانین ئاماژە بەمانەی خوارەوە بکەین:

١ – بەردەوامبوونی نەریت و پێشینەی نەژادپەرستی، بەڵام لەشێوازی نەرمتردا.

٢ – جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان (تەنفیزی، یاسادانان، دادپەروەری) بەشێوەی توندڕەوانە کە ڕێگرن لەهاوئاهەنگی لەکاروباری حکومەتدا.

٣ –نەخش و کاریگەری زۆری چینی سەرمایەدار و گرووپە خاوەن بەرژەوەندی و دەسەڵاتەکان.

٤ – کەمبوونەوەی بەشداری لەدەنگدانی گشتی لەژیانی سیاسیدا.

٥ –کەمبوونەوەی کاریگەریی پارتە سیاسیەکان لەڕەوتی یاسادانان دا.

٦ –سەرهەڵدانی ڕەوش و ڕێکخراوە کەسایەتیەکان سەبارەت بە پرسی هەڵبژاردن.

لەئینگلستان پەیدابوونی بزووتنەوەی ریفۆرمی ئایینی و بلاوبوونەوەی ئەخلاقی پرۆتستانتی، بزووتنەوەی دیوار کێشان لاوازیی جووتیاران، شۆڕشی پارێزگارانی (پیوریتان) ساڵی ١٦٤٩ و شۆڕشی پیشەسازی لەدەیەی ١٧٧٠ ئەو هۆکارو زەمینە بونیادییە گرنگانە بوون کە لەڕەوتی گەیشتن بە دیموکراسی کاریگەر بوون. هەڵبەت دیموکراسی ئینگلیزی هەتا پێش سەدەی نۆزدە تایبەتمەندی ئەرستۆکراتی، بۆرژوایی

و دژه کرێکاری هەبوو. بەڵام دوای پەیدابوونی بزووتنەوەی سەندیکایی کرێکاریی و چالاکی سیاسیو ڕشتەیی ئەوان، ڕژێمی لیبراڵ ناچاربوون دیدگاو بەرنامەی ریفۆرمیستی پەسەندبکات و بەتایبەتی چاکسازیی لەیاسای ڕیفۆمی ساڵانی ١٨٦٧، ١٨٣٢ و ١٨٨٤ کە مەیدانی والاکرد بۆ بەشداری سیاسی چینەکانی ناوەڕاست و کرێکاران . لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم و پەسەندکردنی مافی دەنگدانی گشتی بۆ هەموو پیاوان لەساڵی ١٩١٩و پاشان دەنگدانی گشتی بۆ ژنانیش لەساڵی ١٩٢٩، دیموکراسی ئینگلیزی بەهێزتربوو. سەرهەڵدانی دەوڵەتی خۆشگوزەران و دژایەتی کردنی سیاسەتی ئیمپریالیستی لەدوای جەنگی جیهانی دووەم دیموکراسی لەو وڵاتەدا زیاتر بەهێز و پایەدارکرد. بەڵام سەرەڕای ئەم کاروانە مەزنەی دیموکراسی هێشتا لەو وڵاتەدا مانەوەو بەهێزبوونی هەندێك لەدامەزراوە نادیموکراتەکان وەکو دەزگای شاهانە و ئەنجوومەنی لۆردان وەکو ڕێگری بەهێزو تەواو دادەنرێت بەرامبەر دیموکراسی ئینگلیزی.

جەنگی یەکەم لە بەهێزبوونی دیموکراسی وڵاتانی دیکەشدا کاریگەر بووە. لەم زەمینەیەدا دەتوانین ئاماژەبکەین بە پاشەکشەی ئیمپراتۆریەتی سەڵتەنەت خوازەکانی وەکو عوسمانی، ئەڵمانی و نەمسایی، پەیدابوونی ڕژێمی دیموکراتە ناپایەدارەکان لە پۆڵۆنیا، ئەڵمان، نەمسا، فنلاند، وڵاتانی دەریای باڵتیك و یوگسلافی. یەکێکی دیکە لە پرسە گرنگەکانی ئەم سەردەمە بەخشینی مافی دەنگدانە بەژنان وکرێکاران و بڕیاردانی مافی دیاریکردنی چارەنووسە بۆ نەتەوەکان. بەڵام ئەم کاروانە دیموکراسیە لەوڵاتانی ناوبراودا بەردەوام نابێت و لەدەیەی ١٩٣٠ دا سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی بزووتنەوەی فاشیزم، نازیزم، میلیتاریزم و ناسیۆنالیزم دیموکراسیە تازەکانی ئەڵمان، ئیتاڵیا، ئیسپانیا، پۆڵۆنیا، یۆنان و نەمسا یەك لەدوای یەك لەناو دەبات.

لەداوی دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ڕەهەندو کاریگەرییەکانی قەیرانی ئابووری سەرمایەداری دیموکراسیە تازەکان نەیاندەتوانی درێژە بە ژیانیان بدەن، ئەگەرچی هەندێکی دیکە لە دیموکراسیە بەهێزو جێگرەکان توانیان بەسەلامەتی لەو قەیرانە رزگاریان بێت ئەویش بەهۆی گرتنەبەری سیاسەتی خۆشگوزەرانی و ریفۆمکردنی ژیانی کرێکاران و هەژاران. لە وڵاتانی چەند نەتەوەیی وەکو یوگوسلافیا و چیکوسلۆفاکیا،

کەلێن و کێشەکانی نەتەوەیی ڕێگری سەرەکی بوون لەبەردەم رەهەندو شەپۆلی سێ یەم یان دوایین شەپۆلی دیموکراسی لەجیهاندا لەدەیەی ١٩٧٠ و سەرهەڵدانی سیستمە دیموکراتەکانی ئیسپانیا، پۆرتوگال و یۆنان دەست پێدەکات و پاشان لەساڵانی ١٩٨٠ و ١٩٩٠ ئەم رەوتە بەهێز و خێراتر دەبێت و زۆرێك لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین و ئەورووپای رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا و ئەفریقا دەگرێتەوە.

## ئەمریکای لاتین

**لە** ئەمریکای لاتین دیموکراسی پێشینەی مێژوویی لاوازی هەیە. زۆربەی وڵاتانی ئەمریکای لاتین لەساڵی ١٩٢٠ بەدواوە لە ئیسپانیاو پورتوگال سەربەخۆییان وەرگرت و کەوتنە ناو ململانێ و جەنگە ناوخۆییەکان کەئەمەش بووە هۆکاری زەمینەی سەرهەڵدانی دەسەڵاتی سوپاکان وەکو هێزی سیاسی بڕیاردەر. لەبەشێك لەم وڵاتانە (ئەرجەنتین، شیللی، کۆستاریکا، ئۆرۆگوای) لەسەرەتای سەربەخۆییاندا جۆرێك لە دیموکراسی سنووردارییان هەبوو کە تێکەڵاوبوون لەگەڵ دەسەڵاتی ئۆلیگارشی. لەسەردەمی ١٨٧٥–١٩٣٠ کە دەورانی گەشەی ئابووریی وابەستە بوو بە هەناردەکردن و پەیدابوونی چەند رژێمی ناسەربازیی و تارادەیەك دیموکراسی لاواز کەبەشێك بوون لە چینی خاوەن زەوییەکان، دەرکەوتن. لەم سەردەمەدا، بێ توانایی چینەکانی ناوەڕاست، وابەستەبوونی ئابووری بە هێزە جیهانی یەکان، و نوێسازی ناتەواو و کەموکوڕ ڕێگر بوون لە سەقامگیریی دیموکراسی. لەساڵانی ١٩٣٠–١٩٤٥ دارمانی بازاڕەکانی هەناردەکردن، کەمبوونەوەی دەرامەتی دەرەکی، زیادبوونی بێکاری و ناجێگیربوونی ئابووری بەهۆی قەیرانی مەزنی جیهانی لەو سەردەمەدا، زەمینەکانی ئەو رژێمانە و دەستێوەردانی سوپاکان لە سیاسەت و پەیدابوونی دیکتاتۆرە سەربازییەکانی فەراهەم کرد (هەڵبەت جگە لە فەنزۆیلا و کۆستاریکا).

دەورانی ١٩٤٥–١٩٦٠ سەردەمی پەیدابوونی نیشانەکانی گەشەی ئابووری نوێ و گەشانەوەی ئابووریی هەناردەکردنو بەشداری زیاتری دەوڵەتە لە ئابووریدا، کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئابووریی دەوڵەتی، و ڕەتکردنەوەی زیاتری بیروباوەڕی

کتێبخانەی هەولێر

لیبرالیزم و دروستکردنی سەندیکا و یەکێتی یە کرێکاریەکان لەلایەن حکومەتەکان و سەرهەڵدانی (پۆپۆلیزم)ی ناسراوی ئەمریکای لاتین بوو.

لەسەرەتای دەیەی ١٩٦٠ و لەکاردانەوە بەرامبەر ناکامیەکانی (پۆپۆلیزم)و بەپشتیوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەندێك هەوڵو كۆشش بۆ گەیشتن بە دیموکراسی دەستیان پێکرد کە نەیاری یان کاردانەوەی سوپاو هێزە راسترەوەکانی پەیداکرد. لەئەنجامدا، سەردەمی ١٩٦٠–١٩٧٠ سەردەمی درێژخایەنی سوپاو دیکتاتۆریە سەربازەکان بوو کە وەڵامدانەوە بوون بەرامبەر رووداني شۆڕشە کۆمەڵایەتیەکان و بڵاوبوونەوەی ئەزموونی شۆڕشی کوبا بۆ تەواوی ناوچەکە و سەرهەڵدان و دروست بوونی بزووتنەوە پارتیزانەکان.

بەڵام ساڵانی ١٩٨٠–١٩٩٥ ڕەوتە سیاسیەکانی ئەمریکای لاتین بەرەو ئاڵوگۆڕی بێ وێنە و سەرسام دەڕۆشتن کە بەهۆی ئەم ئاڵوگۆڕانەوە زۆرێك لە وڵاتانی ناوچەکە، بەجیا لە ئاستی گەشەی ئابووری، بەرەو ئاستانەی گەیشتن بەدیموکراسی دەچوون. ئەم ئاڵوگۆڕانە لەو بارەوە سەرسام هێنەربوون کە تیۆرمەندانی ئەمریکای لاتین وەکو هۆکاری بونیادی و نەگۆڕیان دەزانی لەبەردەم گەشەی سیاسی و پەدابوونی دیموکراسی لەو ناوچەیەدا بۆنموونە ئەوان باسی نەخشی فەرهەنگی سیاسی نابەشداری، میراتی داگیرکردن، مەزهەبی کاسۆلیك، رابردووی فەرهەنگی و سیاسی ئیسپانی و پورتوگالی، وابەستەیی ئابووری بەسیستمی جیهانیو... هتد یان دەکرد. ئەمەش بەبێ ئەوەی کە ئاڵوگۆڕی بونیادی لەم پێکهاتە ناو براوانەدا روویدەن، بەڵام زۆرێك لە وڵاتانی ناوچەکە چوونە ناو ڕەوتی گۆڕان بەرەو دیموکراسی. بۆ ئەم مەبەستە دەبێت ئەوە بزانین کە گرنگترین پرسیار لە ڕوانگەی تیۆریدا ئەوە بوو کە کام هێز و هۆکاری یارمەتیدەر لەدەیەی ١٩٨٠ پەیدابوون کە پێشتر لەکاردا نەبوون. ئایا نوێ سازی ئابووری و کۆمەڵایەتی زیاتر ڕوویاندابوو؟ ئایا گەیشتنی ئیسپانیا و پورتوگال بە دیموکراسی لە ساڵانی ١٩٧٠ کاریگەرییان هەبوو لەسەر چارەنووسی سیاسی وڵاتانی داگیرکراوی جارانیان؟ ئایا هەلومەرج و ڕەوشی وابەستەیی ئابووری بەسیستمی جیهانی لاواز بوو؟ ئایا فشارە نێودەڵەتیەکان لەم نێوانەدا کاریگەر بوون لەسەر دەسەڵاتەکان ئایا نوخبە سیاسیەکانی نەیاری نوێ پەیدابوون؟ ئایا (گوفتار)



هەولێرنامەی ڤێژ

سیاسی نوێ جێگای رادیکالیزمی پێشووی گرتەوە؟ بێگومان هەموو ئەم هۆکارانە کاریگەر بوون بەڵام وەڵامی باشتر لەوەدا دەرئەکەوێ کە تایبەتمەندی و شێوازە جۆراوجۆرەکانی گەیشتن بە دیموکراسی لێکۆڵینەوە بکەین.

تێپەڕبوون بەرەو دیموکراسی لە ئەمریکای لاتین لەسێ ڕەوتا بەئاکام گەیشتن:

١ - جێگیرکردن و بەهێزکردنی دیموکراسیەکانی پێشوو لە ڤەنزویلا، کۆستاریکا و کۆلۆمبیا.

٢ - گەڕانەوە بۆ دیموکراسی پێشوو لە ئەرجەنتین، بەرازیل، پۆلیڤیا، شیللی، ئیکوادۆر، پیرۆ و ئۆرۆگوای کە لەوان رژێمە دیموکراتەکانی پێشوو لەلایەن دیکتاتۆرە سەربازی و حیزبەکان لەناو برابوون.

٣ - ئەزموونی یەکەمین تێپەڕبوون لە دیکتاتۆری بۆ دیموکراسی لە وڵاتی ئەلسلڤادۆر، نیکاراگۆ، پاراگوای و هیندۆراس. ئەم فرەیی و جۆراوجۆر بوونەو تێپەڕبوونی ئەمریکای لاتین و بەتایبەتی پەیدابوونی دیموکراسی لە قۆناغەکانی پێشووی مێژووی سیاسی ناوچەکە لەخۆیدا ناسازگاری ناو تیۆرەکانی نوێ سازی و پێکهاتەیی ئاشکرا دەکات. لەبەرامبەردا دەبێت ئەوە بزانین کە هۆکاری سیاسی بەتایبەتی ئاڵوگۆڕی شێوەی رەفتاری نوخبە دەسەڵاتدارەکان، پەیدابوونی گروپ و هێز و وتارە سیاسیە تازەکان نەخشی سەرەکیان لەم پرۆسەی تێپەڕبوونەدا بینیوە. لەم زەمینەیەدا چوار شێوازی سەرەکی تێپەڕبوون بەرەو خەڵك سالاریی لە ئەمریکای لاتین ڕوویاندا:

١ - بەخشینی مافو بەهرەکان بە نەیاران لەلایەن گروپو هێزە دەسەڵاتدارەکانەوە، یان ئەنجامدانی ریفۆرمەکان لە باڵای حکومەتدا، وەکو مەکسیك، بەرازیل، گواتیمالا و هیندۆراس.

٢ - دانوستان و سازشی دەسەڵاتداران و نەیاران وەکو شیللی، پیرۆ، ئەلسلڤادۆر و ئۆرگوای ڕوویاندا.

٣ - وازهێنانی گرووپە دەسەڵاتدارەکان لە حکومەت، ئیکوادۆر و پۆلیڤیا.

٤ - دەستێوەردانی دەرەکی، پەناما و هاییتی .

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، سەرەڕای فرەیی و جیاوازی شێوازەکانی تێپەڕبوون

بەرەو دیموکراسی لە ئەمریکای لاتین، بەڵام تایبەتمەندی هاوبەشیش لەناو ئەم چوار شێوازەدا بەرچاو دەکەون:

١ - رووداني چەندین دانوستان و سازش لەنێوان رژێمەکان و نەیاران.

٢ - ئەندازەیەکی زۆر لە هاوپەیمانی نێوان (کۆترەکان) لەناو رژێم و نەیاران، لەدژی (بازەکان) نێوان هەردوولا.

٣ - رێکەوتن لەسەر نادیدەگرتن و فەرامۆشکردنی تاوان و خراپەکارییەکانی رژێمە سەرەرۆکانی پێشین.

٤ - رێکەوتن لەسەر نەبوونی نەیاری بەرامبەر بەئیمتیازە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی گرووپ و هێزە کۆنەکان.

٥ - زەمینە و ئەندازەی کەم و لاوازی فشار و بەسیجی جەماوەری.

٦ - هەندێك فشاری دەرەکی و نێونەتەوەیی.

## ئەوروپای رۆژهەڵات

**شێوەی** رژێمە سیاسی و شێوازەکانی گەیشتن بە دیموکراسی لە ئەورووپای رۆژهــەڵات و یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو جیاوازی بەرچاوی هەبوو لەگەڵ جۆری رژێمەکان و نموونەکانی تێپەرین بەرەو دیموکراسی لە ئەمریکای لاتین. لەلایەکەوە رژێمە تۆتالیتارەکانی رۆژهەڵاتی ئەورووپا دووچاری قەیران و تەنگانەی سەختربوون بە بەراورد لەگەڵ رژێمە هەژموونخوازو دیکتاتۆرییە سەربازییەکانی ئەمریکای لاتین. رژێمە تۆتالیتارە کۆمۆنیستەکان وەکو سیستمەکانی ئایدیۆلۆژی هەمیشە لەدەورانی جێگیریی و سەقامگیریدا گرفتاری چەندین قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون:

١ - قەیرانی رەوایی باڵاو فراوان بەهۆی لێك دوورکەوتنەوەی هەلومەرجی ژیانی سیاسی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئامانجە رەسمیەکانی ئایدیۆلۆژیادا.

٢ - قەیران لە بەشداریی سیاسیدا کە ئامانجەکەی دەبێتە سرینەوەی هەموو ئایدیۆلۆژی و هێزە سیاسیەکانی دیکە لەمەیدانی دەسەڵاتی دەوڵەتدا.

٣ - قەیرانی کارایی کە لە ناکۆکی و ململانێی نێوان بەرێوەبردنی ئابووریی مۆدێرن لەسەر بناغەی بەرنامەرێژی ناوەندی پەیدابوون.



هەواڵنامەی کێژ

٤ - قەیرانی هاوپشتی کە ئاکامی ململانێی ناچاریی ناو گروپە دەسەڵاتدارەکان و پەیدابوونی کەلێن و کەلەبەری بەهێزو بەردەوام بوو لەنێوان دوو لایەنی کۆنەپارێزو ریفۆرمیستی ناوخۆی ئەحزابی کۆمۆنیستی دەسەڵاتدار.

٥ - قەیرانی ناسنامە کە لەئەنجامی سەرکوتی نەتەوەکان و ناسنامە نەتەوەییەکان لەلایەن ئەنترناسیۆنالیزمی کۆمۆنیستی بەدەرکەوتن.

هەمان ئەو قەیرانە بونیادییانە لەماوەی دەیەی ١٩٨٠ بەهۆی دەرکەوتنی هۆکاری تازەی ئاستەنگ بەرهەم هێنەرەوە کاراتر و توندتر بوون. لەناو ئەو هۆکارە تازانەدا دەبێت ئاماژە بەم پرسانە بکرێت:

١ - ڕوودان و سەرهەڵدانی سێهەمین سەردەمی قەیران لەئابووریی جیهانی سەرمایەداریدا کە هەر شێوازێك لەبەڕێوەبردنی ئابووری بەشێوەی ناوەندی کۆنترۆڵ کراو یان ئابووری دەوڵەتی خۆشگوزەرانی ڕووبەڕووی دژواریی بنەڕەتی دەکاتەوە. لەدوای جیهانی بوون یان نێونەتەوەیی بوونی سەرمایە چوارچێوەکانی ئابووری نیشتمانی توانای بەردەوام بوونی خۆی لەدەست ئەدات.

٢ - وابەستەی بەهێزی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات بەدارایی نێودەوڵەتی و قەرزاربوونی زۆرێك لەوان.

٣ - پیادەکردنی سیاسەتە نیو لیبرالیەکان بۆ پەیداکردنی ڕێگای دەربازبوون لە قەیرانەکان بەتایبەتی لە پۆڵاند، بولگاریا و ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات.

٤ - توندبوونەوەی ناکۆکی سەربازی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بەپشتبەستنی ئەمریکا بە بەرنامەی بەرگریی ستراتیژیی یان پرۆژەی (جەنگی ئەستێرەکان) و لەئاکامیشدا زۆربوونی بودجەی سەربازیی وڵاتانی کۆمۆنیستی.

٥ - پەیدابوونی نەوەیەکی نوێ لەرابەرانی تەکنۆکرات لەناوخۆی پارتە کۆمۆنیستەکان.

تێپەربوون بەرەو دیموکراسی لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات بەبەراورد لەگەڵ شوێنەکانی دیکەی جیهان خاوەنی چەند تایبەتمەندی خۆیان بوون:

١ - تێپەڕینی دوو لایەنە یان هاوکات لە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بۆ دیموکراسیی نیوە لیبرال و کۆمۆنیزمی دەوڵەتی یان ئابووریی بەرنامە ڕێژ و ناوەندی بەرەو

سەرمایەداری.

٢ - نەخشی دیاریکەری تێپەڕبوون لە ناوەندی ئۆردوگای ڕۆژهـەڵات بەسەر تێپەڕینی وڵاتانی وابەستە بەو ناوەندەی کە یەکێتی سۆڤیەت بوو، یان بەشێوەیەکی ڕۆشنتر کاریگەری گروپە سیاسیە حاکمەکانی (مۆسکۆ) بۆ گـۆڕان لەرژێمە وابەستەکاندا.

٣ - ڕەهەندی ناسیۆنالیستی و نیشتمانی بۆ تێپەڕبوونی ئەوروپای ڕۆژهەڵات، تا ئەو جێگایەی کە هەندێك لە نووسەران باس لە تێپەڕبوونی سێ لایەنە دەکەن (سیاسی، ئابووری و ناسنامەیی یان تێپەڕبوون لە هەلومەرجی ئیمپراتۆری کۆمۆنیستی بەرەو ناسنامەو دەوڵەتی نەتەوەیی).

٤ - فرەیی و جۆراوجۆر بوونی بەرچاوی ناوچەکانی ئەم ئۆردوگایە لەبارەی هەلومەرج، ڕەهەندو ئاکامەکانی تێپەڕبوون بە لەبەرچاوگرتنی ئەو جیاوازییانەی کە وڵاتانی ناوچەکانی دەریای باڵتیك، ناوچەی باڵکان، قەفقاس و ئاسیای ناوەندی لەخۆیان نیشانیان دابوو.

بێگومان دەبێت لە گفتوگۆو باسی ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا دەبێت لەنێوان هەردوو چەمکی ڕزگار بوون لەتۆتالیتاریزم و گەیشتن بە دیموکراسی جیاوازی ببینین.

قورسایی دەسەڵاتی تۆتالیتار لەهەموو رژێمەکاندا بێگومان یەکسان نەبوو. سێ نموونە و شێوازی تۆتالیتاریزم لە ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی پێش گەیشتن بە دیموکراسی شایانی باسکردنن:

١ - تۆتالیتاریزمی بەهێزو فراوان بەو شێوەیەی کە لە ڕۆمانیا، چیکوسۆفاکیا، ئەلبانیاو ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتدا هەبوون.

٢ - تۆتالیتاریزمی سنووردار لە ڕوسیا، پۆلاند و بولگارستان.

٣ - تۆتالیتاریزمی لاواز هەروەکو لە یوگوسلافیا و هەنگاریادا دەبینران.

بێگومان جۆرو ئەندازەی تۆتالیتاریزم لەشێوازی تێپەڕبوون بەرەو دیموکراسی لە هەر وڵاتێك کاریگەر بوو، لەوەش زیاتر کۆمەڵی مەدەنیش لە هەموو رژێمەکاندا بەیەك ئەندازە بێ توانا نەبوون. لە دەورانی پێش تێپەڕبوون وڵاتانی وەکو یوگوسلافیا و

پۆڵاند تارادەیەك دامەزراوە مەدەنیەكانیان یان هەبوو، لەكاتێكدا لە روسیا، رۆمانیا، ئەڵمانیا و بولگاریا ئەو دامەزراوانە زۆر لاوازبوون. بێگومان كۆمەڵێك هۆكاری ئاڵۆز لەسەر رەوت و ئەندازەی تێپەڕبوونی ئەو وڵاتانە بەرەو دیموكراسی كاریگەرییان هەبوو. وڵاتانی دەریای باڵتیك لەم رەوەنـدەدا تێپەڕبوونی سەركەوتووتریان بۆ دیموكراسی هەبوو. لەكاتێكدا كە ئەندازەكان تێپەڕبوون و رادەی ئاڵوگۆڕی نوخبە سیاسیەكان لە وڵاتانی قەفقاز و ئاسیای ناوەندا لەوانی دیكە كەمتر بوون.

## وڵاتانی ئەفریقا

**هەلومەرج** و شێوان و رەوتەكانی گەیشتن بە دیموكراسی لە ئەفریقاش خاوەنی تایبەتمەندییەكانی خۆیان بـوون. لەسەردەمی سەرەتای رزگاربوون لە ئیمپریالیزمی ئینگلیزو فەرەنسا لەدەیەی ١٩٦٠ هەندێك رژێمی دیموكراسی سەرەتایی وەكو بەشێك لەمیراتی ئیمپریالیزم پەیدابوون، بەڵام لەهەردوو دەیەی ١٩٦٠ و ١٩٨٠ رژێمی هەژموونخوازو دیكتاتۆرە سەربازییەكان زۆر بەخێرایی جێگای ئەو رژێمە دیموكراتانەیان گرتەوە جگە لە هەندێك ئەزموونی كەم نەبێت (گامبیا، بۆتسوانا، مۆریس) ئەفریقا بووە بناغەی سەرەكی بۆ سەرەرۆیی نەژادی و خێڵایەتی یان دیكتاتۆریی سەربازیی. تەنها لەدەیەی ١٩٩٠ بوو كە ئاماژەكانی تێپەڕبوون بەرەو دیموكراسی لەو سەر زەمینانەدا پەیدابوون. رژێمە سیاسیەكانی ئەفریقا لەم پرۆسەیەدا دەكرێت بەسێ دەستەوە:

١ - ئەو وڵاتانەی كە بەشێوەی رێژەیی سەركەوتوو گەواهی گەیشتن بەدیموكراسی سیاسی بوون كە ئەوانیش بۆتسونا، زامبیا، نەیجەر، بنین، كۆماری ئەفریقای ناوەند، گانا، لسوتو، ماداگاسكار،مالی ، مالاوی، نامیبیا، نەیجیریا و سەنگال بوون.

٢ - ئەو وڵاتانەی كە هێشتا خاوەنی رژێمە نادیموكراتەكانن، وەكو كامیرۆن، كۆنگۆ، سوازیلاند، گامبیا، سودان و سیرالیۆن.

٣ - ئەو وڵاتانەی كە رژێمی نیوە دیموكراتیكیان هەیە، بۆروندی، ئەسیوبی،

لیبریا، مۆزامبیك، نەیجیریا، تانزانیا، ئۆگەندا و کینیا،

بێگومان لەئەفریقا کۆسپو ڕێگری گەورە لەسەر ڕێگای تێپەڕبوون بەرەو دیموکراسی هەبوون کە هەندێك لەوان دەتوانرێت بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە:

١ - لاوازیی ناسنامەی نیشتمانی بەهۆی ئەوەی زۆربەی سنووره سیاسیەکان دەستکردن.

٢ - درەنگ کەوتنی گەشەی ئابووری بەهۆی ئەوەی کە زۆربەی سەرچاوە سروشتی یەکان یان دابەشکردنی زۆر نایەکسانیان تێدابوو، یان بەهۆکاری وابەستەبوون بە بازاڕی جیهانی.

٣ - خێلایەتی و ناکۆکیە نەژادی و خێلایەتیەکان بۆ دەست هێنانی دەسەڵاتی دەوڵەتی.

٤ - دەستێوەردانی بەهێز و فراوانی دەوڵەت لە ئابووریدا لە هەردوو دەیەی ٦٠ و ٧٠ بەناوی سۆسیالیزم و گەشەسەندنی ئابووری.

٥ - نەبوونی فشاری دەرەکی یان جیهانی لەسەردەمی جەنگی سارد بۆ مەبەستی هێنانەدی دیموکراسی.

لەبەرامبەر ئەمانەدا هەلومەرجی جیهانی لەدەیەی ١٩٩٠ هەندێك هۆکاری یارمەتیدەری بۆ جوڵانەوە بەرەو دیموکراسی لەئەفریقا دەرکەوتن:

١ - کەمبوونەوەی هۆکارەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ پشتیوانی ڕژێمە هەژموونخوازەکان کە بەرامبەر کۆمۆنیزم دەجەنگان، بەتایبەتی لە دوای کۆتایی جەنگی سارد.

٢ - دانانی هەندێك مەرجی سیاسی بۆ بەخشینی کۆمەك و سەرمایەگوزاریی لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان سەبارەت بە پەیداکردنی ژینگەی سیاسی کراوە و چاودێری مافەکانی مرۆڤ.

٣ - چالاك بوونی هێزە نەیارو ڕێکخراو و دامەزراوە مەدەنیەکان لەسایەی ئاڵوگۆڕە ناو براوەکان.

٤ - پێویست بوونی پیادە کردنی سیاسەتە ئابووریە نیولیبرالیەکان لە هەلومەرجی جیهانی بوونی سەرمایەداریی.

هەواڵنامەی کتێب

بەڵام لەهەموو زەمینەکاندا و بەتایبەتی لە ڕەوتـی گەیشتنی ئەفریقای باشوور بەدیموکراسی دەبێت دڵنیایی لە نەخش و کاریگەری خەباتی کۆمەڵایەتی و سیاسی هێزە شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازەکان بکەین. لە ئەفریقای باشوور لەسەردەمی دەسەڵاتی ئاپارتاید (چەوسانەوەی نەژادی) بەردەوام هەلومەرجی شۆڕشگێڕانە بوونی هەبووە کە بەهۆی سەرهەڵدانی هۆکاری نوێ لە ئاستی جیهانیدا بەهێزکراون و لەکۆتاییدا چینی دەسەڵاتداری سپی پێست ناچارکران بەسازش. لەبەر بوونی ئەم هەلومەرجە دەبێت نەخشی بزووتنەوەی بەرگریی و پاشان کاریگەریی گۆڕانکارییە جیهانیەکان و لە ئەنجامدا دەوری گرووپە دەسەڵاتدارەکان وەکو کارگوزارانی تێپەڕبوون بەرەو دیموکراسی لێکۆڵینەوە بکەین.

ڕژێمی ئاپارتاید کە لەساڵی ١٩٤٨ هەتا ١٩٩٤ لەلایەن سپی پێستانی (ئەفریکانەر) بەسەر زۆرینەی دانیشتوانی ڕەش پێستا سەپێنرابوو کە تا ئەندازەیەك بەشێك بوو لە میراتی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی کە یەکەمجار یاساکانی هاتن و چوونی بۆ ڕەش پێستەکان دانا. خەڵکی ئەم وڵاتە لەبارەی جوگرافیاو مافەکانەوە بۆ چوار نەژاد دابەشکرابوون: سپی پێستەکان، ڕەش پێستەکان، ڕەنگین پێست و ئاسیاییەکان. هاوسەرگیری نێوان نەژادەکان بەیاسا قەدەغەکرابوو و نەژادە جیاوازەکان خاوەنی خوێندگا، نەخۆشخانە، پارك ، سینەما، هۆتێل، ریستۆرانت، کڵێسا، تەوالێت و حەمام و تەنانەت هۆکاری جیاوازی هاتوچۆش بوون. لەساڵی ١٩٥٤ بەدواوە هەموو هاتوچۆیەکی ڕەش پێستەکان بۆ شارەکان قەدەغەکرا. لەساڵی ١٩٥٨ بڕیار بوو ڕەش پێستەکان ببن بە خاوەنی (وڵاتی) تایبەتی خۆیان (بانتوستان) و ببنە هاووڵاتی ئەو (وڵاتانە). لەدەیەی ١٩٥٠ نزیکەی ٢٠٪ دانیشتوانی ئەفریقای باشوور سپی پێست بوون، بەڵام ٨٧٪ زەوی ئەو وڵاتە هی ئەوان بوو. لەبەرامبەردا ڕەش پێستەکان ٨٠٪ی دانیشتوان بوون کەچی ١٣٪ ئەو سەرزەمینە هی ئەوان بوو و ئەم بەشەش لە وڵات دەبوایە دابەشکرێت بۆ دە (وڵاتی ڕەش پێست نشین). سیاسەتی ڕەسمی دەوڵەت دەرکردنی ڕەش پێستەکان بوو لەناوچەی سپی پێستەکان و نیشتەجێ کردنیان لەو (وڵاتانە). لەهەمان سەردەمدا نزیکەی سێ ملیۆن و نیو لە ڕەشەکان

بەزۆر لەناوچەکانیان گوازرانەوە بۆ سوتو (شارەکانی باشووری رۆژئاوا) و زۆربەی جارەکانیش ئەم ڕاگواستنە هاوکات بوو لەگەڵ توندوتیژی و کۆمەڵکوژی و وێرانی ماڵەکانیان. بزووتنەوەی بەرگری ڕەشەکان لەکاردانەوە بەرامبەر رژێمی ئاپارتاید لەساڵی ١٩٤٩ لەچوارچێوەی (کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقا) پەیدابوو. ئەم رێکخراوە لە ساڵی ١٩٦٠ خۆپیشاندانی فراوانی لەدژی رژێمی ئاپارتاید و هەنگاوەکانی کەمینەی ئەفریکانەر بەڕێ خست. لەدوای ئەوەش کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقا بەرەو خەباتی چەکداریی هەنگاوی نا. لەساڵی ١٩٦٢ لەدوای مانگرتنی گشتی زۆربەی رابەرانی کۆنگرە دەستگیرکران. لەساڵی ١٩٦٤ نیلسۆن ماندێلا رابەری کۆنگرە بەزیندانی هەمیشەیی حوکم درا. هەڵبەت بزووتنەوەی بەرگریی هەر بەردەوام بوو، لە دەیەی ١٩٧٠ بەهۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی خوێندکارانی زانکۆ بەڕابەری (ئاستیو بیکو) ئەم بزاڤە ڕەهەندی تازەی بەخۆوەگرت. رژێم جارێکی دیکە دەستیکردەوە بەسەرکوت و کوشتنی نەیاران. هەندێك لە سازمان و پارتە سپی پێستەکان کە پشتیوانی نزیکەی ٢٠٪ کۆمەڵی سپی پێستیان هەبوو، چالاکانە لەدژی رژێمی ئاپارتاید دەستیان کرد بەخەبات.

فشارەکانی دەرەوە لەدژی رژێمی ئاپارتاید لەدەیەی ١٩٦٠ دەستیان پێکرد. لەساڵی ١٩٦٠ ماکمیلان سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لە وتارە ناودارەکەیدا ڕەخنەی لە ئاپارتاید گرت کە بووە هۆی جودایی و ناکۆکی نێوان ئەفریقای باشوور و ئینگلستان کە بووە هۆی پێکهێنانی کۆماری ئەفریقای باشوور. لەسەرەتاکانی دەیەی ١٩٦٠ کۆمەڵەی گشتی و ئەنجوومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان بڕیارنامەیەکی دژی رژێمی ئەفریقای باشوور دەرکرد.

بەم حاڵەشەوە سیاسەتی ئەفریقاو بەریتانیا لەدەیەی ١٩٨٠ لەپەیوەندی لەگەڵ ئەفریقای باشوور ناڕۆشن بوو و ئەو دوو وڵاتە کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقایان بەرێکخراوێکی تیرۆریستی لەقەڵەم دا. بەڵام لە دوای کاریگەری گۆڕانکارییەکان و فشارەکانی ناخۆ و نێودەوڵەتیدا سەرئەنجام رۆژئاوا لەگەڵ کۆنگرەی ئەفریقا گفتوگۆی دەست پێکردو ئەمەش بووە هۆی سزاو گەمارۆ ئابوورییەکان لەدژی رژێمی

ئاپارتاید. پیرۆزی و سەرکەوتنی پارتە چەپەکان لە ئەنگۆلاو مۆزامبیك هەلی باشی ڕەخساند بۆ چالاکی سەربازی لەلایەن کۆنگرەی نیشتمانی لەو دیوی سنوورەکانەوە. لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٨٥–١٩٩٠ ڕژێم جارێکی دیکە دەستیکردەوە بە سەرکوتی نەیاران و لایەنگرانی کۆنگرە و لەهەمان کاتیشدا بەهۆی فشارەکانی ڕۆژئاوا ناچاکرا هەندێك ریفۆرمی سنووردار دەست پێبکات. بەڵام ریفۆرمی بنەرەتی تر لە سەردەمی حکومەتی دوکلارك لەماوەی نێوان ١٩٩٠– ١٩٩٤ سەریهەڵدا و کە بەسەرەتای تێپەڕبوونی ئەفریقای باشوور بەرەو دیموکراسی دەزانرێت. لەماوەی ئەم ساڵانەدا یاساکانی ئاپارتاید بەشێنەیی بەتاڵ کرانەوە و کارو چالاکی پارتە سیاسیە نەیارەکانیش ئازادکرا. لەساڵی ١٩٩٢ ریفراندومێك بۆ دەست پێکردنی دانوستان لە نێوان حکومەت و کۆنگرەی نیشتمانی بۆ نووسینەوەی پڕۆژەی دەستووری نوێ سازکرا و سەرئەنجام لەدوای دووساڵ جەنگی ناوخۆ و توندوتیژی نەژادی، حکومەتێکی تێکەڵ لەنەژادە جیاوازەکان لە ئاپریلی ١٩٩٢ هاتە سەرکار. سەرئەنجام دانوستان و سازشی نێوان ڕژێم و نەیارانی لە ژێر کاریگەری فشارە تازەکانی ناوخۆ و نێودەڵەتی ڕەوتی سەرەتایی تێپەڕبوون بەرەو دیموکراسی چەند نەژادیی لە ئەفریقای باشووردا هێنایەدی.

## دیموکراسی لە هیندستان

**گفتوگۆ** لە زەمینەکانی پەیدابوونی دیموکراسی لە هیندستان نەکەوتۆتە بواری باس و گرنگیدانی تیۆرمەندان، چونکە هیندستان لەدوای سەرەبەخۆ بوونی لە بەریتانیا خاوەنی ڕژێمی دیموکراتی بووە. بەهەر حاڵ نموونەی هیندستان بۆ دیموکراسی لە زەمینەی کۆمەڵناسی دیموکراسیدا یەکێکە لە باسە گرنگەکان. لەم ڕوانگەیەوە پەیدابوون و شێوەسازبوونی دیموکراسی هیندستان لەئاکامی ئەم هۆکارانەوەیە:

١ - گەشەی بۆرژوازی نیشتمانی هیندستان لەسەردەمی ئیمپریالیزم و پشتیوانی ئەم چینە لە بزووتنەوەی سەربەخۆیی و پارتی کۆنگرە،



کتێبی هەواڵنامەی

لەبەرامبەریشدا دامەزراوەی ئیمپریالیستی ئینگلیز و چینی خاوەن زەوی، و هەروەها پشتیوانی جووتیارانیش لەسەربەخۆیی، دەبێتە ناسیۆنالیزم و دیموکراسی لەدژی خاوەندارێتی زەوی و دەرەبەگەکان.

٢ - ئاینی هیندۆس وەکو ئاینی پلورالیزم و فرەیی هەزاران خودایی و نەبوونی دەسەڵات و پایە ئایینیەکان، سەرئەنجام لێبوردەیی ئایینی هیندۆس.

٣ - فرەیی و جیاوازی کۆمەڵایەتی، ناوچەیی، فەرهەنگی، زمانی و ئایینی بەناونیشانی بەستێنی کەلێنی کۆمەڵایەتی کەڵەکە نەبوو کە بە یەکێك لە هەلومەرجی بونیادی پەیدابوونی دیموکراسی دەناسرێت.

٤ - میراتی ئیمپریالیزم لە چوارچێوەی سەرهەڵدانی چینی ناوەڕاستی پیشەیی کە پێویستیەکی گرنگە بۆ بەڕێوەبردنی دامودەزگا بیرۆکراسی و دادوەرییە تازەکانی دیموکراسی.

٥ - بەرنامەکانی گەشەی ئابووری کە دەبن بەهۆی گەشەی شارنشینی و پەرەپێدانی بازرگانی.

٦ -ئایدیۆلۆژیای تایبەتی مەهاتما گاندی، رابەری بزووتنەوەی سەربەخۆیی و سوور بوونی ئەو لەسەر خەباتی نافەرمانی مەدەنی، ناتوندوتیژی و پاراستنی ژنان و چینە ستەمدیدەکان.

## رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

**لە** ئەدەبیاتی تێپەڕبوون بەرەو دیموکراسی، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە یەکێك لە هەڵاوردە سەرەکیەکان لە رێسای گشتی گەیشتنی وڵاتان بە دیموکراسی ئەژمار دەکات. لەم روانگەیەدا هەرچەند دیموکراسی لە وڵاتانی موسڵمان نشینی دیکە هەیە هەر لە ئەلبانیا هەتا بەنگلادیش، ئەندۆنیسا، مالیزیا، نەیجەر، سەنگال و تورکیا، بەڵام لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەتائێستا لەبەرامبەر شەپۆلە بەهێزەکانی دیموکراسی بەرگریی دەکەن. رژێمە سیاسیەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەم روانگەیدا

دەکرێت بەسێ بەشەوە:

١ - رژێمە هەژموونخوازە عەلمانیەکان وەکو میسر و سوریا.

٢ - رژێمە ئایینی یەکان وەکو ئێران و عەرەبستانی سعودی.

٣ - دیموکراسی نیوە بەنیوە وەکو لوبنان و تورکیا.

وێـڕای هەموو ئەمانەش بەڵام بزووتنەوەی بونیادگەرایی ئیسلامی وەکو دوژمنی دیموکراسی رۆژئـاوا بەیەکێك لە هێزە سەرەکیەکانی ئەم ناوچەیە دەزانرێت کە بەرامبەر رژێمە هەژموونخوازەکانی عەلمانی و دیموکراسیە رووکەشەکان وەستاوە.

لەباری تیۆرییەوە کۆسپی گەورە لە رێگای دیموکراسی لەم ناوچەیە بریتین لە:

١ - نەریتی دیکتاتۆریی (استبداد) ی رۆژهەڵاتی و کۆنترۆڵی دەوڵەتەکان بەسەر سەرچاوەکانی ژیان.

٢ - شیکردنەوەی نەریتی بونیادگەرایی بۆ ئیسلام و شەریعەی ئیسلامی.

٣ - بەردەوامبوونی بونیادی خێڵایەتی و کەلێنە نەژادییەکان.

٤ - پەراگەندەیی جوگرافی وەکو هۆکاری رێگر لەپەیدابوونی هاوپشتی چینایەتی و کۆمەڵایەتی.

٥ - پێشینە و میراتی ئیمپریالیزم و وابەستەیی سیاسی.

٦ - ئابووریی نەوتی و دەوڵەتی (رانتی). (الدوله الریعیه)

٧ - لاوازی دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بەهۆی دەسەڵات و کۆنترۆڵی مێژوویی دامودەزگا ئایینی و سەربازییەکان.

٨ - فەرهەنگی سیاسی پاشکۆیەتی و سەرسپاردن.

بێگومان کۆسپە کۆن و بونیادییەکان لەسەر رێگای بوون و گەشەی دیموکراسی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست تائێستا بەردەوامن (ئەوانەی باسمکرد)، بەڵام لەلایەکی دیکە هەندێك هۆکاری یارمەتیدەر بۆ گەشەی خەڵك سالاریی لەم بیست ساڵەی دواییدا لە رەوشی پەیدابوون و شێوەسازییدان، لەناویاندا:

١ - کۆتایی جەنگی سارد و لە ناوچوونی یەکێتی سۆڤیەت وەکو پشتیوانی بەهێزی هەژموونخوازی و دەوڵەت گەرایی لەناوچەکە.

٢ - کۆتایی جەنگی سارد و لاوازبوونی بەهانەکانی ئەمریکا و رۆژئاوا بۆ پشتیوانی



هەوانامەی ژین

له رژێمه دەسەڵات خوازەکان بۆ خەبات و جەنگی جاران لەدژی کۆمۆنیزم.

٣ - دانانی مەرجە سیاسیەکان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن ڕێکخراوەکانی نێودەڵەتی و وڵاتانی رۆژئاوا بۆ بەخشینی کۆمەك و سەرمایەگوزاریی، هاوکات لەگەڵ هەندێك فشاری سیاسی.

٤ - ئاڵوگۆری سیستمی ئابووریی جیهانی، جیهانی بوونی سەرمایە و پیادەکردنی سیاسەتە نیولیبرالیەکان لەلایەن زۆربەی وڵاتانی ئەم ناوچەیە.

٥ - سەرهەڵدانی ڕوانگە و شیکردنەوەی لیبرالی یان مۆدێرن بۆ ئیسلام و شەریعەتی ئیسلامی لەناو روناکبیران و چینەکانی ناوەراستی نوێ.

لەسایەی پەیدابوونی هۆکارە ناوبراوەکان، ئاماژەکانی تێپەڕبوونی سنووردار و رێژەیی بەرچاو دەکەون، لەم زەمینەیەدا دەتوانین ئاماژە بەم ئاڵوگۆرانە بکەین:

١ - دروست بوون و بەرێکەوتنی پارلەمان لەهەندێك وڵاتانی عەرەبی: کوێت، بەحرەین، عومان و قەتەر. پیادەکردنی چاودێری و کۆنترۆڵی سنووردار لەلایەن پارلەمانەوە بەسەر کابینەکانی حکومەتدا، لەکوەیت پەرلەمان پەنجا ئەندامی هەیە و بەهرەمەند لە دەسەڵاتێکی بەرچاو بۆ چاودێری و بەرپرسیارکردنی وەزیرەکان، لە بەحرەین ئەنجوومەنی نوێنەران دەتوانن وەزیرەکان لاببەن.

٢ - سەلماندنی مافی دەنگدان بۆ ژنان و تەرخانکردنی ژمارەیەك لە کورسیەکانی پارلەمان بۆ ئەوان.

٣ - پەیدابوون و ئازادی کاروچالاکی پارتە سیاسیەکان یان فراکسیۆنە حزبی و سیاسیەکانی ناو پارلەمان (کوەیت و بەحرەین) یان لەدەرەوەی پارلەمان (ئوردن).

٤ - بەرپاکردنی یەکەمین هەڵبژاردنی راستەخۆی سەرۆکایەتی کۆمار بەشێوەی ئازاد و بەبوونی نەیاران (میسر ٢٠٠٥) لەجیاتی ریفراندۆمی نیشتمانی کە تەنها یەك کەس وەکو کاندیدی سەرۆکایەتی کۆمار ناسرابوو

٥ -ئەنجامدانی یەکەمین هەڵبژاردنی شوراکانی شارەکان لە عەرەبستانی سعودی ساڵی ٢٠٠٥ لە ڕوانگەی تیۆرییدا هەندێك لە شارەزایان ئیسلام و دیموکراسی بەدژی یەك دەزانن و دەڵێن شایانی پێکەوە بوون نین، بەڵام هەندێکی دیکە کۆکردنەوەی ئەو دوانە بەشایستە دەزانن. گرووپی یەکەم سیستمی سیاسی تایبەت بە ئیسلام بە

تیۆکراتی یان حکومەتی ئایینی سەیر دەکەن کە هیچ نزیکایەتی لەگەڵ سیکولاریزم نییە بەناو نیشانی بونیادی تێوری دیموکراسی و لەوەش زیاتر ئەو بەڵگانە باس دەکەن کە ئیسلام سنووردارییی سەرەکی دەخاتە سەر رێگای دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ، بەتاییەتی مافی ژنان، کەمایەتیەکان نەیاران و ئەوانەی وەکو ئیسلام بیرناکەنەوە. لەم دیگایەدا شەریعەتی خودایی وەکو یاسای باڵاتر بەسەر یاساکانی تردا (یان وەکو سەرچاوەی سەرەکی بۆ یاساکانی تر) لەخۆیدا رێگر و کۆسپە لە یاسادانانی واقیعی لەلایەن دامەزراوە هەڵبژێردراوەکانەوە. ئەمانەش سەرەرای ئەوەی لە شەریعەتی ئیسلامی دا هەل و ئەگەری جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان (تەنفیزی، پارلەمان، دادپەروەری) وەك بنەمای حقوقی دیموکراسی بوونی نییە. گرووپی یەکەم برواشیان وایە کە کۆیلایەتی و بەندایەتی لە ئیسلامدا پەسەندکراون.

لەبەرامبەر ئەماندا، گرووپی دووەم ئەو بەڵگانە باس دەکەن کە هەندێك چەمکی بونیادی لە قورئاندا وەکو شورا، ئیجماع، حوریەت و حقوقی شەرعی ئاماژەن بۆ پەسەندکردنی جۆرێك لە خەڵك سالارییی یان لانیکەم پەسەندنەکردنی سەرەرۆیی و زۆرداریی. هەروەها بەبروای ئەوان قورئان بە راشکاوی نەیاری سەڵتەنەت و زۆرداریە و مەدینە وەکو یەکەمین دەوڵەتی ئیسلامی دامەزراو لەسەر جۆرێك پەیمانی کۆمەلایەتی لە نێوان خێڵە جیاوازەکاندا سەیردەکەن. لەم روانگەیەدا لە ئیسلامەتی سەرەتاییدا (مسلم) وەکو هاووڵاتی دەوڵەتی مەدینە بەکار هێنراوە و لەگەڵ (مؤمن) هاومانا نەبووە.

هەروەها بروای ئەم گرووپە ئەوەیە کە مێژووی ئیسلام وەکو خەلافەتی ئیسلامی لە راستیدا بەردەوامی نەریتەکانی دەوڵەتی مەدینە نەبووە، بەڵکو دووبارە سازدانەوەی بیروراکانی سەڵتەنەتی ئێرانی بووە.

سەرچاوە: حسێن بشیریە، گزار بەمردم سالاری، نشرنگاه معاصر، چاپ اول ١٣٨٩، ل ل ١٣–٣٧

هەواڵنامەی دیبیر



# پارتی سیاسی و دەوڵەتی نەتەوەیی

د. ڕێبوار کەریم مەحمود
مامۆستای زانستە سیاسییەکان/زانکۆی سلێمانی

هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی پارتە سیاسیەکانەوە وەك دامەزراوەیەك رۆڵێکی سەرەکییان هەبووە لەبەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە، ئامرازێکیش بوون بۆ بەدیهێنانی خەونە نەتەوەیی و ئایدیۆلۆژییەکان. ئەم حاڵەتە تەنها لەشوێنێکی دیاریکراودا نابینرێت، بەڵکو لەهەردوو بەشە پێشکەوتوو و دواکەوتووەکەی دنیادا هەیە. سەردەمانێکی زۆر پارتە سیاسییەکان لەئەورووپای رۆژئاواو ئەمریکادا رۆڵی بەدیهێنەری ئامانجە نەتەوەییەکان بوون، ئەمەش تا ئێستا بەردەوامە. دواتریش ئەم نموونەیە گواسترایەوە بۆ وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات و لەوێشەوە بۆ بەشێك لەسیستمەکانی جیهانی سێیەم. بەمەش ئەرك و کرۆکی کاری حزبی گۆڕانکارییەکی بەرچاوی لەم کۆمەڵگەیانەدا بەسەرهات. بەڵام لەپاڵ هەموو ئەو گۆڕانکارییانەدا مەسەلەی رۆڵی پارت لەدروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییدا بەردەوام بوو.

## چەمکی پارتی سیاسی:

**بیرمەندان** چەندین بۆچوونی جیاوازیان هەیە سەبارەت بەپێناسەکردنی چەمکی پارتی سیاسی، هەموو ئەم هەوڵانەش لەتوێژینەوە ئەکادیمی و زانستیەکاندا ئاماژەی پێکراوە، بەڵام ئەوەی کەگرنگە ئەوەیە کەزۆربەی لێکۆڵەران بۆچوونەکانیان لەیەکەوە نزیکن. بەبروای دکتۆر (سادق ئەلئەسوەد) خودی چەمکی پارت بەتەواوی روون نەبوو، لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا چەمکی پارت تەنها رێبازە ئایدیۆلۆژیەکانی دەگرتەوە نەك ئەو کەسانەی ئەو رێبازانەیان دەگرتەبەر. مارکس و لینینیش بوونە خاوەنی ئەو رێکخراوە سیاسیەی گوزارشتی لەبەرژەوەندیەکانی چینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو دەکرد، دواتر لەماوەی نێوان (١٩٢٠–١٩٤٠)دا چەمکەکانی (ئۆرسترۆ کرۆسکی)و (رۆبێرتۆ میشال)و دوای ئەوانیش (مۆریس دۆڤرجێ) باو بوون. کەئەمانە زیاتر بەلای ئەوەدا دەرۆشتن کەلەرووی بونیادەوەو بەتایبەتیش

لەڕووی ڕێکخستنەکانیەوە لەپارت بکۆڵنەوە. بەڵام پاش جەنگی جیهانی دووەم ڕێبازی وەزیفەگەرایی پارت سەری هەڵدا، بەتایبەتیش لەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا. (لینین)یش کەدانەری بنچینەکانی پارتی سیاسییە لەروانگەی ئایدیۆلۆژیای چەپەوە لەوتارێکیدا کە لەمانگی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩١٢) لە رۆژنامەی (نفسکایا زفزدا)ی سۆڤێتی جاران بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەفۆرمی پارتی سیاسی راستەقینە دەکات، بەوەی کە"بریتیەلە چوارچێوەیەکی ڕێکخراوی کرێکاران کە بەرێکخستنێکی پتەو بەیەکەوە بەستراونەتەوە لەپێناو بەدیهێنانی سۆشیالیزمدا).

(حسێن جەمیل) کە یەکێکە لەدامەزرێنەرانی پارتی نیشتمانی دیموکراتی لەعێراق لەساڵی (١٩٤٦) دەڵێت: "چەمکی پارت بە مانا کۆمۆنیستیەکەی بریتیەلە پێشەنگی ئەو چینە چەوساوانەی هەوڵ دەدەن هەموو جۆرو شێوەکانی چەوسانەوە بنبڕ بکەن". هەروەها دەڵێت: "بەڵام پارتی سیاسی بەمانا رۆژئاوایەکەی جۆرێکە لەچەندین جۆری ئەو گرووپ و دەستەگەرانەی لەسایەی سیستمە سیاسییە جیاجیاکاندا هەوڵ دەدەن دەزگای حکومەت و سیاسەتەکانی بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە".

لەنێوان هەموو ئەم پێناسانەدا دەکرێت چەند خاڵێکی هاوبەش بدۆزینەوە کەبریتین لە:

١. پێویستی بوونی تێڕوانینێکی سیاسی یەکگرتوو، واتە بوونی ئایدیۆلۆژیای هاوبەش کە لەبەرنامەی پارتە سیاسییەکەدا رەنگ بداتەوە کاتێك ئەو بەرنامەیە پێشکەشی هاووڵاتیان دەکرێت لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا.

٢. بوونی ڕێکخستنێك کەگشتگیریی و بەردەوامییەکی پێوەدیاربێت و شۆڕببێتەوە بۆ هەموو ئاستەکانی ناوخۆیی و ناوچەیی و نەتەوەییەکان.

٣. گرنگیدانی پارتی سیاسی بەپشتگیری گەل و راکێشانی پاڵپشت و دۆستان بەتایبەتی لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و دەنگدان و خۆپیشاندانە گشتییەکان.

٤. هەوڵدانی بەردەوام بۆ گەیشتن بەدەسەڵات یان بەشداریکردن

تیایدا لەرێی دروستکردنی هاوپەیمانێتیەکان وەك هەوڵێك بۆ دروستکردنی کاریگەریی لەسەر بریارەکان و ئەولەویاتەکانی دەسەلاتی فەرمانرەوا لەوکاتەی پارتی سیاسی دەبێتە ئۆپۆزسیۆن.

## ئەرکی پارتی سیاسی:

**بەوپێیەی** بەشێك لە کۆمەڵگەکانی جیهان لە ئێستادا هەوڵدەدەن هەنگاو بەرەو سیستمێکی فرەحزبی بنێن و دەیانەوێت ببنە سیستمێکی پێشکەوتوو بەجۆرێك هاوشێوەی ئەزموونە پێشکەوتووەکان حزب بتوانێ ئامرازی سەرەکی بەدیهێنانی خەونە نەتەوەییەکان بێت. لێرەشەوە پارتی سیاسی کۆمەلێك ئەرکی سەرەکی لەئەستۆدایە، لەگرنگترینیان:

### ١. بەرێوەبردنی ململانێی سیاسی لەکۆمەڵگەدا:

پارتی سیاسی جۆرێکە لە رێکخستنەکانی کۆمەڵگە و ئارەزووی بەئەندامبوون تیایاندا یەکێکە لەغەریزە سەرەکییەکانی مرۆڤ. هەریەك لەمرۆڤەکانیش لایەنداری خۆیان بۆ لایەنێك یەکلایی کردۆتەوە. بەمەش فرەلایەنییەك دروستبووە کە لەنێوانیاندا کێبرکێیەك سەریهەڵداوەو چەندین شێوازی وەرگرتووە، وەك ململانێی توندوتیژانەو ململانێی ئاشتیانە. باشترین شێوازی ململانێش بریتیەلە ململانێیەکی ئاشتیانە. پارتی سیاسی سەرەکیترین دەزگاو دامەزراوەکانی کۆمەڵگەیە بۆ دوورخستنەوەی کۆمەڵ لەململانێیەکی توندوتیژانە، ئەم ئەرکەش پێویستی بەچەند تایبەتمەندییەك هەیە کەپێویستە لەهەر پارتێکی سیاسییدا گرنگییەکی تایبەتی پێ بدرێت بۆ ئیدارەکردنی ململانێیەکی سیاسی.

لە گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانەش:

١. چۆنێتی سەرکردایەتی پارتەکان، واتە ئاراستەو لێهاتنەکانی سەرکردە.

٢. رادەی فراوانی بنکەی جەماوەری پارتی سیاسی و بلاوبوونەوەی

لەسەرتاسەری وڵاتدا.

٣. سروشتی پەیوەندی ئەو پارتانە بەپێکهاتەو دامەزراوە حکومیەکانەوە.

## ٢.دابینکردنی ئازادییە گشتییەکان:

فرەحزبی لەبناغەدا لەسەربوونی فرەبۆچوونی بنیاتدەنرێت. کاتێك کەسێك دەبێتە ئەندام یان لایەنگری پارتێك لەسەر بناغەی لایەنگریان بۆ بۆچوونەکانی ئەو پارتە دەبنە ئەندام و دواتر دەیانەوێت پارێزگاری لەو بۆچوونانەیان بکەن. شێوازو حاڵەتی پارێزگاریکردن لەو بۆچونانەش تەنها لەسیستمی فرەحزبیدا فەراهەم دێت. پێویستە لەسەر پارتی سیاسیش یاریدەدەرو دابینکەری ئەو ئازادییە گشتییانە بێت و دواتریش هاوشانی پارتەکانیتر لەسیستمێکی فرەحزبیدا ئەو ئازادییە گشتییانە بپارێزن.

## ٣. فراوانکردنی بنکەی بەشداری سیاسی و وەرگرتنی رای گشتی:

یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی پارتی سیاسی لەسیستمی فرەحزبیدا بریتیەلە هاندانی هاووڵاتییان لەسەر بەشداری سیاسی و کارکردن لەپێناو پێشخستنی سیاسییانەی کۆمەڵ. ئەمەش لەزۆر حاڵەتدا بەئەندامێتی یان لایەنگریکردن بۆ پارتێکی سیاسی دێتەدی.
بۆ زانینی رێژەی بەشداری سیاسی لەهەر کۆمەڵگەیەکدا پێویستە چەند هۆکارێك لەبەرچاو بگرین. لە گرنگترینیان:

١. ئەو بەهایانەی کە دەستەبژێری دەسەڵاتدار پشتگیری دەکەن و رادەی رێگرتن یان هاندانی ئەو بەهایانە بۆ بەشداری سیاسی.
٢. کۆدەنگی کۆمەڵگە لەسەر گرنگی بەشداری سیاسی و رۆڵی فرەبۆچوونی.

٣.    بەهێزی و نەرمی سیستمی حزبی لە دابینکردنی بەشداری سیاسی بۆ نەوە نوێیەکان.

١.    نوێگەری و گەشەپێدانی سیاسی:

پارتی سیاسی رۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە گۆڕینی بارودۆخێکی دواکەوتووی کۆمەڵگە کە لەسەر بوونی دامەزراوەکان بنیات دەنرێت و هەریەك لەم دامەزراوانە ئەرك و رۆڵی خۆی پێدەدرێت.

نوێگەری واتە پرۆسەی پەرەپێدان، کە لەگەڵیدا دامەزراوەکانی کۆمەڵگە توانای خۆگونجانیان هەیە لەگەڵ ئەو بارودۆخە نوێیەی کە بەرهەمی زیادبوونی مەعریفەی مرۆڤایەتییە بەشێوەیەکی بەردەوام، ئەمەش وا لە مرۆڤ دەکات کۆنترۆڵی ئەو ژینگەیە بکات کە تیایدا دەژی. گەشەپێدانی سیاسیش واتە باش بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و گۆڕینی کۆمەڵگە بەئاراستەی فراوانبوونی توانای بەشداری لە دروستکردنی بڕیارە گشتییەکان و زیادبوونی رۆڵی رای گشتی.

٢. پەرەپێدانی سیاسی:

پارتە سیاسییەکان لە گرنگترین هۆکار و ئامرازەکانی پەرەپێدانی سیاسین، بەتایبەت لە سەرەتاکانی پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسی کۆمەڵگە. پەرەپێدانی سیاسی پرۆسەیەکی کورتخایەنە، بەڵام گەشەپێدانی سیاسی پرۆسەیەکی درێژخایەنە. پارتی سیاسی لە پرۆسەی پەرەپێدانی سیاسیدا ئامادەسازی دەکات لە بارودۆخێکی دیاریکراو بۆ ئەوەی لەداهاتوودا پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسی تیادا ئەنجام بدرێت.

٣.    گرەنتی دابینکردنی چاودێری گەل:

سیستمی فرەحزبی گرەنتی چاودێری ئۆپۆزسیۆن دەکات بۆ کاروبارەکانی حکومەت ئەمەش واتە گەل چاودێری کاروبارەکانی دەوڵەت دەکات. کاتێك پارتێکی ئۆپۆزسیۆن چاودێری بەڕێوەچوونی کارەکانی دامەزراوە حکومیەکان دەکات ئەوا دەتوانێت خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ئەو حکومەتە دیاریبکات، دواتر ئەو خاڵە لاوازانە بکاتە پرۆژەی پارتەکەی و لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا خاڵە لاوازەکانی حکومەت دەربخات، بەمەش گەل لە خاڵە بەهێز و لاوازەکانی حکومەت و چۆنێتی بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی ئاگادار دەبێت.

٤. گرەنتی ئالۆگۆرکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات:

فرەحزبی شێوازی ئاشتیانەی گۆڕینی دەسەڵات دیاریدەکات لەڕێی هەڵبژاردنە گشتییەکانەوە، ئەمەش ئاڵوگۆڕکردنێکی شەرعییانەی دەسەڵاتە بەشێوازێکی دیموکراسیانە. ئەم شێوازە پێویستی بە ئامادەسازییەکی گشتی هەیە لەپێناو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا. بەشێوەیەك پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات بە حاڵەتێکی ئاشتی و یاسایی قبوڵ بکرێت.

٥. دابینکردنی شەرعیەتی سیاسی:

شەرعیەت واتە پێکهاتەی دەستووری قبوڵکراو لە کۆمەڵگەدا و ئەو سەرچاوەیەیە کە حکومەت دەسەڵاتی خۆی لێوە وەردەگرێت. هەندێك لە بیرمەندان ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان لە چارەسەری گرفتی شەرعیەتی سیستمە سیاسییەکان لە سێ ڕەهەندا کۆدەکەنەوە:

١. چالاکی پارتەکان لە گەورەکردنی شەرعیەتی سیستمی سیاسی لەڕێی کۆکردنەوەی رای جەماوەر.

٢. چالاکی پارتەکان لە دابینکردنی پەیوەندییەکی فراوان لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا.

٣. ئەو چارەسەرانەی کە پارتە سیاسییەکان پێشنیاری دەکەن لەپێناو چەند ئامانجێکی دیاریکراوی دەسەڵات.

هەواڵنامەی کتێب

## پارتی سیاسی و ئەرکی کارکردن بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی:

**ئەرکی** پرۆسەی بنیاتنانی دامەزراوە نوێیەکانی دەوڵەت دەکەوێتە ئەستۆی دەستەبژێرە کلتووری و سیاسییەکەی. هەربۆیە هەتا ئەو دەستەبژێرە هۆشیار بێت سەبارەت بەماهیەتی کاری سیاسی و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە، ئەوا ئاستی ئەو سیستمەی لەوڵاتەکەدا دروست دەبێت نزیك دەبێت لەسیستمی وڵاتانی پێشکەوتوو. سیستمی سیاسی دەوڵەتیش ڕەنگدانەوەی هزرو تێگەیشتنەکانی پارتە سیاسییە چالاکەکانی نێو کۆمەڵگەیە. خۆ ئەگەر پارتە سیاسییەکانی کۆمەڵێك پێکهاتەی

نادامەزراوەیی بوون و روویان لەبەکارهێنانی توندوتیژی و سەرکوتکاری بوو، ئەوا شێوازی ئەو سیستمە سیاسییەی دروست دەبێ هاوشێوەی سیاسەتەکانی پارتە سیاسییەکان دەبێت. لەبەرامبەریشدا ئەگەر پارتە سیاسییەکان دامەزراوەیی بوون و پشتیان بەدیالۆگ و سندووقەکانی دەنگدان بەست، ئەوا رووە شارستانێتیەکەی ئەو پارتە سیاسییە کاریگەری بەرچاوی دەبێت لەسەر دروستبوونی سیستمێکی دیموکراسی پاڵپشت بەدەنگی خەڵك دروست دەبێت.

بەوپێیەی پارتی سیاسی پێکهێنەری سەرەکی هەر کۆمەڵگەیەکە، ئەوا ئەرکی سەرەکی هەر پڕۆسەیەکی گۆڕانکاری لەو کۆمەڵگەیەدا دەکەوێتە ئەستۆی ئەو پێکهێنەرە. لەبەرئەوەی پڕۆسەی بنیاتنانی دەوڵەتیش یەکێکە لەگرنگترین ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر نەتەوەکاندا دێت، ئەوا پێویستە پارتی سیاسی دیارترین رۆڵ بگێڕێت لەو پڕۆسەی گۆڕانکارییە.بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ پارتی سیاسی چەند هەنگاوێك بنێت، لەگرنگترینیان:

**یەکەم:** پێویستە لەنێو کۆمەڵگەدا کاربکرێت لەپێناو بنیاتنانی دەستوورو رێساو یاساکان کە لەرێیەوە چوارچێوەی گشتی بەرێوەبردنی دەسەلآت لەکۆمەڵگەدا دیاری بکرێت. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ هەر لەسەرەتاوە پارتی سیاسی کارتێکەرێکی سەرەکی بنیاتنانی رووخسارێکی نموونەیی سیستمی دەوڵەت بێت، بەدڵنیاییشەوە ئەگەر ئەو سیستمە دیموکراسی بێ ئەوا گریمانەکانی بنیاتنانی ئەو رووخسارە نموونەییە زیاددەکات. لەم بوارەدا بیرمەند (أندريه مالرو) پێیوایە دروستکردنی هەر دەوڵەتێکی نوێ، نەتەوەیی بێت یان نا، لەپێشوەختدا پێویستی بەدەستوورێکی پتەو دەبێت کە تیایدا دەسەلآتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری لەیەك جیاکرابێتەوە. ئەمە لەگەڵ دیاریکردنی رۆڵی سەرجەم دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکانی تری نێو کۆمەڵگە، لەرێی دیاریکردنی ئەو رۆڵەی کە دەیبینن.

**دووەم:** کارکردن بۆ تێگەیشتن لەچەمکی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی دەوڵەت، کە مەبەست لێی ئەنجامدانی گۆڕانکاری ریشەییە لەبونیادی کلتووری کۆمەڵگەو

سەرلەنوێ دارشتنەوەی سیستمی ئابووری و سیاسی بەپێی نموونەیەکی دیاریکراو. لێرەشدا پێویستە کۆمەڵێك هۆکار لەبەرچاوبگیرێن، لەوانە:

١. سیستمی ئەو دەوڵەتەی دروست دەکرێت، ئایا سیستمێکی ئاینییە یان عەلمانییە یان نەتەوەییە یان تێکەڵە ؟ بەمەرجێ لەهەموو حاڵەتەکاندا لەلایەن هاولاتیانەوە قبولکراوو پاڵپشت لێکراو بێت.

٢. بەرەوپێشبردنی دامەزراوەو پێکهاتە سیاسییەکان و جیاوازیکردن لەنێوان رۆڵ و ئەرکی سیاسییەکانی نێو کۆمەڵگە.

٣. پەرەپێدان و فراوانکردنی ئاستی بەشداری سیاسی لەکۆمەڵگەداو بەستنەوەی بەیەکسانی لەنێوان پێکهێنەرە سیاسییە جیاوازەکاندا.

بەدرێژایی مێژوو، دەوڵەتی کوردی بەشێکی سەرەکی پەیام و ئامانجی هێزو پارتە سیاسییە کوردییەکان بووە. ئەمەش لەژێر ناوونیشانی مافی چارەی خۆنووسین کەزیاتر رووی راگەیەنراوی ئەو تەوژمە بووە کەکاری بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی کردووە. لەم پێناوەشدا چەندین هەوڵ دراوە، لەگرنگترینیان ئەوەبوە کە کورد هەوڵیداوە پرسە سیاسییەکانی خۆی بکاتە بابەتی گفتوگۆو جێی تێرامانی دەوڵەتانی ناوچەکەو زلهێزانی جیهان. ئەمەش وایکرد کورد رۆڵێکی زیاترو بەرچاوتری هەبێت لەوەی لەرابردوودا بینیویەتی. بەوجۆرەی کەلەئێستادا هیچ هاوکێشەیەکی ئەم ناوچەیە بەبێ حسابکردن بۆ داهاتوو و پێگەی کورد دانارێژرێتەوە. لەم نێوەندەشدا ئەو گرفتانەی لەبەردەم ئەم بەرەوپێشچوونانەدایە کەم نین و ناتوانرێت بەئاسانی تێبپەرێنرێن. بەلام هەموو ئەو دۆخە تا ئێستاش هەستی کارکردن و هەوڵدانی بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی کەم نەکردۆتەوە. رەنگە هەندێجار هەنگاوەکانی خاو یان دواخراو بن، بەلام نەگەیشتۆتە ئاستێك کە بەتەواوی ئەو قەناعەتە لەبیری تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی بباتەوە.

لەئێستادا چەندین رێگری سەرەکی هەن لەبەردەم دروستبوونی دەوڵەتی کوردی،

هەولێرنامە گێڕ

کە دەکرێ لەڕێی کارکردنی پارتە سیاسییەکانی کوردستانەوە هەوڵ بۆ لابردنی ئەو ئاستەنگانە بدرێت، لەگرنگترین ئەو ئاستەنگانەش:

**یەکەم:** ئاراستەیەکی ئیقلیمی لەم ناوچەیەدا هەیە کە دژی هەر جۆرە هەوڵدانێکی کوردە بۆ وەرگرتنی سەربەخۆیی، تەنانەت ئەگەر ئەو سەربەخۆییە سنوورداریش بێت. لەم رووەشەوە بەهەموو شێوەیەك بەرەنگاری دەبنەوە. هەروەك لەئێستادا دەبینین ئەو دەوڵەتانەی کە لەناوچەکەدا کوردی تێدایە، وەك عیراق و تورکیاو سوریا، بەردەوام مەترسی فراوانبوونی هەرێمی کوردستانی عیراقیان هەیەو لەڕێی نفوزو دەسەڵاتی خۆیانەوە دەیانەوێت بەر بەهەر بەرەوپێشچوونێکی ئەم هەرێمە بگرن. تەنانەت رۆڵێکی ناراستەوخۆش دەگێڕن لە دژایەتیکردنی سیستمی فیدراڵی کەبەشێك لەدەسەڵات و صەلاحیەتی داوەتە کورد لەهەرێمی کوردستان عیراقدا. واتە ئەم تەوژمە ئیقلیمییە بەهەموو جۆرێك دژی دروستبوونی هەر دەوڵەتێکی کوردی کاردەکات لەهەر ناوچەیەکی کوردستاندا بێت.

لەئێستاشدا بەهۆی ئەو باهۆزی گۆڕانکارییەی ناوچەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی گرتۆتەوە پێدەچێ ئەم ڕێگرییە گۆڕانکاری بەسەردابێت و رەنگە ئەم ڕێگرە پێچەوانە بێتەوە، بەجۆرێك گۆڕانکارییەکانی ئەم ناوچەیە ببنە هۆکارێکی پاڵپشت بۆ مەسەلەی گۆڕانکاری لەپێگەی نەتەوەیی کورد لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست.

**دووەم:** لاوازی سیستمی ئابووری ئێستای هەرێمی کوردستان و هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان هۆکارێکی سەرەکی ڕێگرە لەبەردەم دروستکردنی کیانێکی سەربەخۆ لەچوارچێوەی دەوڵەتێکدا کەبتوانێت پاڵپشت بەسەرچاوە مرۆیی و مادییەکانی ببەستێت. تەنانەت لەبوونی نەوت وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی بەڕێوەبردنی سیستمی ئابووری بەلام ئەم ئامرازە ناتوانێت بارێکی ئابووری پتەو دروست بکات. چونکە دروستکردنی سیستمێکی ئابووری پتەو بەستراوەتەوە بەگونجاوی بارودۆخە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان بۆ بەرەوپێشبردنی بارودۆخی ئابووری.



هەواڵنامەی کتێب

لەئێستاشدا بارودۆخە ئیقلیمیەکان پاڵپشتی ئابوورییەکی بەهێز لەدروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی ناکەن. لەم نێوەندەشدا پێویستە لەسەر هەرێمی کوردستان بەپلەی یەکەم و کوردی پارچەکانی دیکەش کاربکەن لەسەر بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووری ناوچە کوردنشینەکان بەمەبەستی خۆئامادەکردن بۆ هەر ئەگەرێکی نوێ لەداهاتوودا. لێرەشدا ئەرکی پارتە سیاسییە کوردستانییەکانە کەلەچوارچێوەی بەرێوەبردنی کوردستاندا کار بۆ پتەوکردنی سیستمی ئابووری بکەن.

**سێیەم:** هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان تا ئەم ساتە بەشێوەیەکی روون پاڵپشتی دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ ناکەن، ئەمەش پەیوەندی بەبارودۆخە سیاسییەکانی جیهانەوە هەیە، بەتایبەت پاڵپشتی هێزە جیهانییە گەورەکان لەسیستمی حوکمرانی ئەو دەوڵەتانەی پارچەکانی کوردستانیان بەسەردا دابەش بووە. لەئێستاشدا بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە پێشبینیکراوانەی لەناوچەکەدا روودەدەن رەنگە ببێتەهۆی سەرهەڵدانی گۆڕانکاری لەهەڵوێستی هۆکارە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بەپرسی گەلی کورد لەرۆژهەڵاتی ناوەراستداو لەسەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەمیشەوە سەرەتای ئەم گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییە بەدیدەکرێت.

بۆ زاڵبوون بەسەر هەموو ئەم رێگرییانەدا واپێویستە هێزو پارتە سیاسییە کوردستانییەکان کاربکەن بۆ بەرەوپێشبردنی باری سیاسی و ئابووری کوردستان و بەهێزکردنی پێگەی و کارکردن بۆ سەرخستنی ئەو ئەزموونەی لەبەشێکی کوردستاندا هەیە. لەم رووەشەوە کاری پێکەوەیی و دوورکەوتنەوە لەهەر جۆرە ململانێیەکی ناوخۆیی کەپرۆسەی بەرەوپێشچوونی کوردستان پەکدەخات و لەقۆناغە پاشکەوتووەکانی رابردوودا دەیهێڵێتەوە.

هەولێرنامەی کتێب

## ئەو سەرچاوانەی بۆ ئەم بابەتە سوودیان لێوەرگیراوە:


١. د.ارسلان شرف الدين، مدخل لدراسة الاحزاب السياسية العربية، بيروت، دار الفارابي، ٢٠٠٦

٢. إيمان محمد محسن، وظائف الأحزاب السياسية في نظم التعددية المقيدة دراسة حالة التجمع في مصر، القاهرة، عن مؤسسة الأهالي، ١٩٩٥

٣. بلقيس أحمد منصور، الأحزاب السياسية و التحول الديمقراطي –دراسة تطبيقية على اليمن وبلاد أخرى–، مكتبة مدبولي ، الطبعة الاولى، القاهرة، ٢٠٠٤

٤. ڕێبوار کەریم مەحمود، پارتە سیاسییەکان و رای گشتی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩


هەولێرنامەی کتێب



# دیموکراسی و فتوا

ئومێد قەرەداغی

دیموكراسی لەبنەڕەتدا بەرهەمی سەردەمێكە تێیدا خەونی پاوانخوازی و بیری ڕەهاگەرێتی و پیرۆزگەرایی كۆتایی دێت و ئەم خەونە جێگەی خۆی دەبەخشێت بە ڕێژەگەرێتی و پلۆرالیزم لە ژیانی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئایینیدا، ئیدی لەم سەردەمەوە شتێك بە ناوی دیموكراسی دێتە ئاراوەو ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات و كۆمەڵگای فرە كەلتوور و ئازادییە تاكەكەسییەكان دەردەكەون، وە هەر ئەمانەش دەبنە سیمای هەركۆمەڵگایەكی پێشكەوتوو و ئازاد و خۆشگوزەران، بەڵام ئەوەی دەشێت وەك بەڵگەنەویستێك تەماشای بكەین ئەوەیە كە بەدرێژای تەمەنی دیموكراسی خەونی ڕەهاگەرێتی و تەقدیسكردن كۆتایی نەهاتووەو هەمیشە هەوڵیداوە لە فۆڕمی جیاواز و قۆناغی جیاوازدا خۆی بەسەر سەردەمە نوێیەكاندا بسەپێنێت و ئەو دەسەڵاتە بەهێزەی لە سەدەكانی ناوەڕاستدا هەیبووە بیگەڕێنێتەوە، بۆیە دیموكراسی و نەیارانی هەمیشە لە ململانێی بەردەوامدا بوون، خەونی نەفیكردنی دیموكراسی و ڕەهاگەرێتی لە فۆڕمی جیاوازدا خۆی حەشارداوەو ئەم ململانێیەی بەڕێوەبردووە ، باشترین دۆخی ئەم ململانێیە وڵاتانی جیهانی ئیسلامی و لەناویشیاندا هەرێمی كوردستانی عیراقە.

لە دوای ڕاپەرینەوە لە كوردستاندا هیچ شتێك هێندەی دیموكراسی بانگەشەی بۆ نەكراوە ، هیچ شتێكیش بەقەد دیموكراسی لە ژێر مەترسیدا نەبووە، هیچ شتێكیش بەقەد دیموكراسی لە فۆڕمی جیاوازدا بی مانا و بێ ناوڕۆك نەكراوە، یەكێك لە توندترین ئەو تەوژمانەی كە خەونی ئیفلیجكردنی دیموكراسی هەیە و لەكارایە مەسەلەی زیندووكردنەوەی هەژموونی مەزهەبی و بیری موتڵەقگەراییە ، دەسەڵاتی كوردی پاش نزیكەی دوو دەیە لە حوكمڕانی دەبایە هەرچی زیاترە پایەكانی دیموكراسی بەهێزكردبایە و ڕێگرێكی جدی بوایە لەبەرانبەر هەر تێز و تەفسیرێكی دژە دیموكراسی و دژە ئازادی ، بەڵام ئەمڕۆ لە هەندێك دەزگای گرنگەوە باس لە هەوڵی دامەزراندنی دەزگای فتوا و موفتی كوردستان دەكرێت تا لەسەر هەموو مەسەلە گرنگ و هەستیارەكانی ژیانی مرۆڤی كورد فتوا بدات، كارێكی لەم چەشنە نەك هەر پێچەوانەی پرەنسیپە سەرەتاییەكانی دیموكراسییە، بگرە گورزێكی گەورە

دەدات لەو نیمچە دیموکراسییەی لەم هەرێمەدا هەیە، دیموکراسی بەرێزەییکردنی دید و تەفسیرەکانەو بەمەش هەموو تەفسیرەکان لە فەزایەکی ئازاد کۆ دەکاتەوە، بەڵام فتوا بەرجەستەکردنی پیرۆزگرایی و موتڵەقییەتی تەفسیرە و بەمەش هەموو دید و تەفسیرەکانی تر نەفیدەکات، دیموکراسی گەڕانەوەیە بۆ عەقڵ و ڕێکخستنی عەقڵانیانەی ژیانە، بەڵام فتوا بەمەرجەعکردنی ئایین و ڕێکخستنی دنیایە لە ڕێگەی بڕیاری پیرۆزەوە، دیموکراسی ئەو سیستمەیە مرۆڤ دەخاتە حاڵەتی ئیختیارەوە، بەڵام فتوا ئەو سیستمەیە مرۆڤ دەخاتە حاڵەتی دوای ئیختیارەوە و توانای ئیختیار لە مرۆڤ دەسەنێت، ئەوەی لەدیموکراسیدا دەتوانێت لە ئاراستەکردنی تاکدا خودی ئازادی تاکەکەسەو ئەوەشی دەتوانێت لەسەر ئاڕاستەکردنی ژیانی کۆمەڵگا بڕیار بدات خودی ئیرادەی گشتی کۆمەڵگایە کە پەرلەمان نوێنەرایەتی دەکات، ئەوەی لە فتواشدا بۆی هەیە بڕیار لەسەر هەم ئازادییە تاکەکەسییەکان و هەم ژیانی گشتی کۆمەڵگا بکات بریتیە لە بڕیاری تاکلایەنەی موفتی، هەربۆیە بانگەشەکردن بۆ دامەزراندنی موفتی بۆ کوردستان کوشتنی سەرەتایترین بنەماکانی دیموکراسییە و قەبوڵکردنی دۆڕاندنێکی بەربڵاوی ئەو پارتانەی کوردستانە کە خۆیان بە عەلمانی ناساندووە، بەم کارە نەك هەر پاشەکشەیەکی فیکریی و هۆشیاریی گەورەی تەوژمی دیموکراسی و عەلمانییەت دێتەئاراوە، بەڵکو ئەم پاشەکشە فیکرییە پاشەکشەیەکی سیاسیش بەدوای خۆیدا دەهێنێت و لە ئایندەدا هاوکێشە سیاسییەکان و دەسەڵاتداریش دەگۆردرێت.

ئەگەر بمانەوێت کۆمەڵگای کوردی لەسەرەڕێی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانیدا هەنگاوهەڵگرێت ئەوا پێویستمان بەبەرگریکردنە لە هەموو بنەما و پرەنسیپەکانی دیموکراسی و مەدەنییەت و بە پێچەوانەشەوە وەستانەوەیە بەڕووی هەرچەشنە تەرحێکی پێچەوانە بە دیموکراسی و ئازادییەکانی مرۆڤ.

ئەزموونی دیموکراسی لە عیراقی پاش سەدامدا ڕەنگە هەڵە نەبین ئەگەر بڵێین بەیەکێك لە ئەزموونە پڕ گرفت و خراپەکان لەقەڵەم دەدرێت، ئەم گرفتەش لەوەدا نییە کەڕاستەوخۆ شەڕی تیرۆریزم بەرۆکی ئەم ئەزموونە دیموکراسییەی گرتووە، بەڵکو پتر لەو ناکۆکی و ناتەباییانەی نێو خودی ئەم وڵاتەو سیستمەکەیدایە کە مانایەکی ڕاستەقینەی بۆ دیموکراسی نەهێشتۆتەوە، یەکێك لە گرنگترین ئەو کارەکتەرە ناتەباو

دژانەی کە ئەزموونی دیموکراسی عیراقیان بێ مانا کردووە بالادەستی و کاریگەری فتواو مەرجەعی ئاینییە لەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی، ئەزموونی چوار ساڵی رابردوو لە عیراقدا ئەوەی سەلماندوە کە هیچ گۆڕانێکی راستەقینە لە ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتیدا روونادات ئەگەرفتوای لەسەر نەبێت، زیاتر لەوەش فتوا لەعیراقدا پێکهێنەری هۆشیاری و دنیابینی مرۆڤی عیراقییە بەرادەیەکی بەربلاو، فتوا مەرجەعە بۆ دین و دنیا، ئیدی لە کۆمەڵگایەکی لەم چەشنەدا جگە لە مانەوەی دیموکراسییەکی روکەش و بێناوەڕۆك شتێکی تر نامێنێتەوەو لەڕاستیشدا باشتروایە ئەم دۆخە ناوێکی جیاواز لە دیموکراسی هەبێت.

لە دوای پرۆسەی ئازادیی عیراقەوە لە زۆر روەوە هەم عیراق کەوتە ژێر کاریگەری ئەزموونی هەرێمی کوردستانەوە و هەم هەرێمی کوردستانیش کەوتە ژێر کاریگەری عیراق و ئەزموونە نوێیەکەی، یەکێك لەو لایەنانەی کە دەکرێت سەرنجی بدەین ئەوەیە کەئەزموونی دیموکراسی لە هەرێمدا کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو مۆدیلە خراپەی دیموکراسی عیراقەوە کەلەژێر زەبری فتوادا بەرێوە دەچێت، ئیدی لێرەوەیە هەندێك دەزگای گرنگی حکومەتی هەرێم و ناوەندی رەسمی و بڕیار باس لە دامەزراندنی موفتی و فتوا دەکەن لە کوردستاندا، ئەمە لە کاتێکدا پێوستمان بە ماندووبونێکی زۆر نییە تا لەوە تێبگەین کە ئەزموونی دیموکراسی لەعیراقدا چ ئەزمونێکی مەشلولە و چۆن لەژێر هەیمەنەی فتوادا خنکاوە، تەنانەت ئێمە دەتوانین سەرنجی ئەوە بدەین کە مۆدێلی بالادەستی پیاوی ئایینی لە ئەزموونی دیموکراسی عیراقدا لە چەند ساڵی رابردوودا چ کاریگەرییەکی گەورەی هەبوەو ئەو هەستەی لای پیاوی ئایینی ئێمە دروستکردووە کە پێویستە ئەمانیش وەك ئەوان کاراو بالادەست بن بەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتیدا، بۆیە لە کوردستاندا هێزی پیاوی ئایینی بەرەو فۆرمەلە بوون دەچێت و لەسەر زۆر بابەتیش بەدەنگ هاتوون و رای خۆیان سەپاندووە، بۆیە ئەمە لەڕاستیدا مەسەلەیەکی جدییە بۆ ئایندەی دیموکراسی لەکوردستاندا و مەترسییەکی گەورەیە، دەبێت هەموو لایەك ئەمە بە جدی وەربگرن خاوەن پرۆژە و بەرنامەی جددی بن و کەوتنە ژێر کاریگەی ئەزموونی عیراقییەو بەتەوای کۆتایی پێبهێنن، بە باوەڕی من ئەمە خاڵێکی گرنگە نەك تەنها بۆ سەلامەتی دیموکراسی ، بەلکو بۆ باشتر

مسۆگەرکردنی ئایندەی سیاسی کوردستان و خۆ جیاکردنەوە لە عیراقی عەرەبی .

باڵادەستی فتوا لە عیراقدا لە زۆر روەوە بە ئامانجی سیاسی بەکارهێنراوەو هەمیشە بەدەنگهاتنی فتوا لە عیراقدا بەدەنگهاتن بووە لە بەرژەوەندی تایفەیەکی دیاریکراو لە عیراقدا، کە بەدیهێنانی کۆمەڵێك ئامانجی سیاسی و ئابووری دیاریکراو بووە، ئەمەش وایکردوە ئەو سیاسییانەی کە لە پشتیانەوە فتوا هەیە بەهێزتر بێنە بەرچاو لەنێو هاوکێشە سیاسییەکاندا، پێدەچێت ئەم دۆخە لە عیراقدا کاریگەری گەورەی هەبووبێت لەسەر سیاسییەکانی ئێمە، کاتێك سیاسی ئێمە کە ئاوڕدەداتەوە مەرجەعێکی ئایینی لەپشت نییە، فتوایەك دەرناچێت پشتگیری بکات، خۆی بەلاواز دەبینێت، بۆیە خەونی دانانی موفتی لەکوردستاندا دوور نییە لێرەوە سەرچاوەی گرتبێت، تا سەرکردایەتی کورد و فتواو بڕیاری ئایینی وەك چەکێك بەکاربهێنێت بۆ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان یان بەرژەوەندییە سیاسیەکان بەرانبەر بە هێز و نەیارە سیاسییەکانی دیکە لە کوردستان و لە عیراقدا، ئەو چەکانەی ئەوانی مەزهەبی بەدەستیانەوەیە ئەمی عەلمانی و نەتەوەیش بەدەستییەوە بێت.

رەنگە ئەم تێگەیشتنە لە دڵسۆزییەوە بێت بۆ مەسەلە نەتەوەییەکان و بەدەستهێنانی دەسکەوت، یان خەونێکی هەیمەنەخوازی سیاسی لە پشتەوە بێت بەڵام هەرکامیان بێت هەڵەیەکی ستراتیژی گەورەیە، بەهێزی بزووتنەوەی کوردایەتی لەوەدا نییە فتوای لە پشتەوە بێت، بەڵکو لەوەدایە تا چەند دامەزراوە دیموکراسییەکانی بەهێزن و تا چەند دامەزراوە مەدەنییەکان بوونیان هەیە، تاچەند میدیای ئازاد رێگەی کارکردن و گەشەپێدانیان پێدەدرێت، تا چەند ئازادییە تاکەکەسییەکان بەرقەرارە و مرۆڤ دەتوانێت بە هەموو ئازادییەکەوە بژی، ئەوەی کە هەرێمی کوردستان بەهێز دەکات و دەسکەوتەکانی فراوان دەکات فتواو هێزی ئایینی نییە، بەڵکو سەقامگیر بوونی دیموکراسییەکی راستەقینەیە و فراوان بوونی پەراوێزی ئازادی و مومارەسە مەدەنییەکانە، هەرێمی کوردستان مێژوویەکی لە مەسەلەی دیموکراسی هەیە( بە هەموو کەموکوڕیەکانییەوە) دەکرێت پەرەی پێبدرێت و فراوان بکرێت، ئەمە جگە لەوەی کورد کێشەیەکی نەتەوایەتی و دیموکراتی هەیە و تێکەڵکردنەوەی بە مەسەلەی فتوا زیانێکی گەورە لە ناوەڕۆکی مەسەلەکە دەدات .

ئەو چەکەی هێزە ئایینی و ناسیونالیستە نیمچە فاشییەکانی عەرەبی عیراق پێیانە نەك هەر چەکێکە مۆدێلەکەی کۆتایی هاتووە بەڵکو تێکڕای ئەنجامە نێگەتیڤەکانی لای هەموو دنیا ئاشکرابوەو نەیتوانیوە ژیانێکی شایستە بە مرۆڤ پێکبهێنێت، بۆیە کەوتنە ژێرکاریگەری ئەو ئەزموونەوە ناتوانێت سودێك ببەخشێت .

ئەزموونی ژیانی سیاسی وڵاتە عەرەبییەکان ئەو ئەزموونەیە کەبەردەوام هێزی ئەوەی تێدایە ئەزموونی دیموکراتی هەرێمی کوردستان بخاتە ژێر کاریگەری خۆیانەوە، هەر ئەم هێزەی ئەوانیشە بەردەوام هەستێکی وای لای هەندێك سەرکردەی سیاسی ئێمە دروستکردوە بە ناوی سوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتە دراوسێ و عەرەبییەکانەوە کۆپییەکی دیکەی جیهانی عەرەبی بەرهەمبهێنن و بە ناوی سوود وەرگرتنەوە هەمان ئەزموون دووبارە بکەنەوە.

جیهانی عەرەبی رەنگە پتر لە هەرشتێك بەوە بناسرێتەوە کە هەژموونی ئایینی تێیدا کاریگەرەو بزاڤی ئایینی بەشێکی گەورەی گۆڕانکارییەکان و ئیرادەی سیاسی بوون، لێرەوەش پارتە ئایینییەکان بەردەوام وەك هەڕەشەیەکی جدی بۆسەر سیستمی دەسەڵات و پارتە عەلمانییەکان دەرکەوتوون، لە هەندێك شوێنی وەك فەلەستین و جەزائیر و سودان ئەم هەڕەشانە بوون بە شتی واقعی و جدی و ئەو سیستمە سیاسییەی کە بەگووتەی خۆیان نوێنەرایەتی نەتەوەو سیستمی عەلمانیەتیان دەکرد کۆتایی هاتوو سیستمێکی ئایینی جێگەی گرتەوە، ئیدی سیستمی حوکمڕانی پەنای بۆ مامەڵەکردنێکی میکاڤیلیانە برد لەگەڵ ئایندا ئەویش موفتی دانا، کە موفتی دوو رۆڵی سەرەکی دەگێڕیت : یەکەمیان : وەك چەکێکی ئایینی بەکاربهێنرێت بەرانبەر بەو مامەڵە سیاسییەی ئیسلامییەکان لەگەڵ ئاییندا دەیکەن و ئەگەری ئەوە هەیە لە سایەی ئاییندا دەسەڵات بگرنە دەست، لێرەدا موفتی مەرجەعێکی ئایینی سەر بەدەسەڵاتەو وەك چەکێکی ئایینی بۆ رێگە گرتن لە تەوژمی ئیسلامی و فەندەمینتالیستی بەکاردەهێنن ، دووەم: وەڵامدانەوە بە خواست و پرسیارە فیقهی و شەرعییەکانی جەماوەری موسڵمانی وڵاتە عەرەبییەکان، بەمەش دەسەڵاتی حوکمڕان دەیەوێ خۆی لەڕێگەی موفتییەوە ئەو فەراغە پڕ بکاتەوەو



هەواڵنامەی ئێبر

بوار نەدات رەوتە ئیسلامییەکان ئەو رۆڵە ببینن و وەڵامی ئایینی بە پرسیارەکانی خەڵك بدەنەوە، بەمەش دەسەڵات لە وڵاتە عەرەبییەکاندا لەرێگەی ئەم مامەڵە میکافیلییەوە لەگەڵ موفتیدا هەوڵیداوە پێگەی سیاسی و ئایینی خۆی بەهێز بکات و لە مەترسییەکان دووری بخاتەوە، دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانیش کەوتۆتە ژێر هەژموونی ئەم ئەزموونەی وڵاتە عەرەبییەکانەوەو لەژێر کاریگەری ئەو ئەزموونەی ئەواندا بیرۆکەی دانانی موفتی کوردستان رەواجی پەیداکردوەلەراستیدا کەوتنە ژێر ئەزموونی وڵاتە عەرەبییەکانەوە لە چەند لایەنێکی سەرەکییەوە جێگەی رەخنەیە و لە گەڵ واقعی هەرێمی کوردستان و ئەزموونی دیموکراسیدا ناتەبایە:

**یەکەم:** بەخشینی رۆڵی گرنگ بە فتوا و کاریگەر بوونی لەسەر کۆمەڵگای کوردی داخستنی پەنجەرەی هەموو ئەو ئومێدانەیە کە خەونی بە ئازادییەکی زیاتر و عەقلانییەت و بیرکردنەوەی ئـازادەوە دەبینن، سنووردارکردنی ئازادی قسە و بیرکردنەوەو تێگەیشتنە لە ئایین، بەڵکو سەپاندنی یەك مۆدێلی دیارکراوی بیرکردنەوەی ئایینیە و نەفیکردنی هەموو ئەو بیرکردنەوانەی دیکەیە کە لەگەڵ بیری باو باڵادەستدا تەبا نییە، ئەمەش دووبارەکردنەوەی هەمان ئەو تراژیدیا مێژوویيانەیە کە کۆی مێژووی جیهانی ئیسلامی ئیفلیج کردوە، کە جیاوازی و فرە دەنگی لە هزری ئایینیدا کوشتووەو بەناوی فتوای شەرعییەوە هزری تاکەکەسێك یان نوخبەیەکی ئایینی کۆدێتای بەسەر هزری کۆی کۆمەڵگا و رۆشنبیران و بیرمەنداندا کردووە، تاکەکەسێك لە جیاتی هەموو کۆمەڵگا بیردەکاتەوەو بە ناوی ئایینەوە فتوا دەدات و پێویستە قەبوڵ بکرێت .

**دووەم:** دەسەڵاتێك کە نیەتێکی دیموکراتی هەبێ و باوەڕی بە ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات هەبێ هەوڵنادا شەرعییەتی ئایینی ببەخشێتە دەسەڵاتەکەی و زەمینەی مانەوەی هەتاهەتایی لەرێگەی فتوای ئایینییەوە خۆشناکات و بە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات رازییەو بە دیارەدەیەکی دیموکراسی دەزانێت ، دەسەڵاتێك ئەگەر دیموکرات و خزمەتگوزاری هاوڵاتیان بێت و ژیانێکی ئازادانەو دادپەروەرانەو خۆشگوزەران بۆ هاوڵاتیان دابینبکات پێویستی بەوە نییە لەرێگەی فتواو بریاری پیرۆزەوە بەرگری لەمانەوەی خۆی بکات، بەڵکو دەسەڵاتی دیموکرات و خزمەتگوزاری

هەواڵنامەی کتێب

هاووڵاتیان دەسەڵاتێکە بێ هیچ گومانێگ دەنگ و پشتگیری هاوڵاتییەکانی خۆی مسۆگەر دەکات، بەڵام دەسەڵاتی وڵاتە عەرەبییەکان هەمیشە نەك باوەڕیان بە ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات و مومارەسەی دیموکراسی نەبووە بەڵکو بەردەوام دەسەڵاتیان وەك موڵکی خۆیان سەیرکردوە بۆیە نەك لە پاشا نشینەکانیاندا بەڵکو لە کۆماری و دیموکراتەکانیشیاندا کە سەرۆك دەمرێت کوڕ دەچێتە جێگەی، دەسەڵاتی عەرەبی نەك بەدیهێنەری ئازادی نەبووە بۆ تاکەکان بەڵکو گەورەترین پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە جیهانی عەرەبیدا روودەدات و ئاستی داهاتی تاك یەکجار نزمە بۆیە ئەم دەسەڵاتانە ناچارن پەنا بۆ هزرو فتوای ئایینی بەرن تا رەوایەتی ببەخشێتە بوون و مانەوەی و هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان نەتوانن ئەو بناغە فشۆڵە بڕوخێنن، بۆیە بەڕاستی پێویست نییە لەمەدا دەسەڵاتی کوردی ئەم ئەزموونە دووبارە بکاتەوە.

**سێیەم:** لە ڕووی هەیمەنەی هۆشیاری ئایینییەوە هەرێمی کوردستان زۆر جیاوازە لە وڵاتە عەرەبییەکان، لەوێ ئایین نەك بەشێکە لە ژیانی ئاییندار ی هاووڵاتیان بەگشتی بوونی هەیە بەڵکو هوشیاریی ئایینی پێکهێنەری شوناس و نەتەوەو مێژووە، بۆیە ئایین و موفتی ئایینی لە وڵاتانی عەرەبیدا هەم پێویستییەکی فەرامۆشنەکراوەو هەمیش دەتوانێت رۆڵێکی کاریگەر ببینێت، بەڵام ئەم دۆخە لە هەرێمی کوردستاندا نییە بەڵکو فاکتەری ئایینی هەم لەڕووی پێویستی خەڵك پێیی و هەم لە ڕووی کاریگەرییەوە لە ئاستێکی نزمدایە، بۆیە هەڵەیەکی لۆژیکی و بابەتییە هەمان دۆخی جیهانی عەرەبی لێرە دووبارە بکرێتەوە.

**چوارەم:** ڕێگای دروست بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیسلامی سیاسی ئەوە نییە دەسەڵات هەمان ئەو مامەڵە میکافیللییە لەگەڵ ئاییندا بکات کە ئیسلامی سیاسی دەیکات بەڵکو ئەوەیە ڕێگە بگیرێت لەو مامەڵەیەی ئیسلامی سیاسی و ڕێگە نەدات چەکی ئایینی بەکاربهێنێت، هەربەمەش زەمینەی دەسەڵات و کۆمەڵگایەکی مەدەنی خۆش دەبێت، بۆیە پێویست نییە هەرێمی کوردستان بە دانانی موفتی هەمان ئەو هەڵەیە دووبـارە بکاتەوە کە دەسەڵاتە عەرەبییەکان بەدرێژایی مێژووی خۆیان کردوویانە .

# دەوڵەت و سیاسەت

هەواڵنامەی کتێب

محەمەد حەکیمی

نەتەوەکان لە درێژایی مێژوودا لە گەڵ دەوڵەت و سیاسەت ناسیاوی تەواویان هەیەو هەموو شێوە دەوڵەتێکیان دیوە یان لە کتێبە مێژووییەکاندا خوێندویانەتەوە

مانای دەوڵەت، سیاسەت، زۆر لەوە پێچاوپێچترە کە مرۆڤ بتوانێت بە سانایی شرۆڤەیەکی زانستیانەی بۆ بکات، چونکە مەبەستی نووسەران، فەلاسفەو پسپۆران لەبە کارهێنانی ئەم وشانە کە بۆ گەیاندنی مەبەستی خۆیان دەریدەبڕن، لەگەڵ هەر ڕووداوێك دەگۆردرێت و هەر کام لەبیرمەندان بە شێوەی خۆی ئەم وشانە شرۆڤە دەکات.

## دەوڵەت چییە؟

لە سەرەتادا دەبێ بڵێم کە دەوڵەت جۆرێك کارە کە لە لایەن کەسانێکەوە بە هۆی دابەشکردنی کار لە نێو ئەندامانی خۆیدا بەڕێوە دەچێت، بەڵام زۆربەی پسپۆران لە شێوەی بەڕێوەبردنی حکومەت لە لایەن دەوڵەتەوە تووشی کێشەو ڕکابەری دەبن لەنێوان خۆیانداو هەرکام لەو کەسانە بە شێوەی جیاواز لەیەکدی مانای دەوڵەت، سیاسەت لێکدەدەنەوە.

دەوڵەت بەپێوەری زانستیانەی، دەبێ خاوەن ئەخلاق، ئاکار، پارێزگاری ماف شارۆمەندان، بەرابەریو ... هتد بێت، بەڵام ڕوانگەکان سەبارەت بە دەوڵەت، سیاسەت جیاوازن، هەر کام لە پسپۆران، فەلاسفەو سیاسەتوانان بە شێوەی لە ڕوانگەی خۆیەوە دەوڵەت، سیاسەت شرۆڤە دەکات.

کۆمەڵێك لە فەلاسفە سیاسەت بە زانستی دەوڵەت بە سەر وڵاتدا دەزانن، کۆمەڵێکیتر ئەو وەکو پیشەو کردەوەو حکومەتکردن بە سەر جەماوەری ئینسانیدا دەزانن، بەڵام لە هەر دوو شرۆڤەکەدا، شتێکی هاوبەش بوونی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە پرسی سیاسەت، دەوڵەتەکانە.

ئەگەر دەوڵەت خوازان بیانەوێت تەنیا بە نرخی نەبینینی کۆمەڵگاو تەنیا پشت ئەستوور بن بە دەوڵەت، ئەوا ئەو بیرۆکە زۆر زوو لە گۆڕ دەنرێت، بەڵام کۆمەڵێکی دیکە لەفەیلەسوفەکان کە بەرهەمەکانی فۆکۆ کاریگەری زۆری لەسەر داناون، بە پێچەوانەی دەوڵەت خوازەکانەوە، پشت ئەستوورن بەجەماوەر. هەرچەند سەرەتای ئەم وەرچەرخانە دەتوانین لەبەرهەمەکانی گرامشیو پشت ئەستووربوونی ناوبراو بە کۆمەڵگەی مەدەنی بدۆزینەوەو ڕاڤەی بکەین.

سەرنجی گرامشی بـەرەولای دەوڵەتی گشتی بوو، نەك بـەرەولای دەوڵەتە تۆتالیتارەکان، ئەو سەبارەت بە دەوڵـەت بەم شێوە بیر دەکاتەوە، دەوڵـەت بە کەرەسەگەلی توند، ئاکار، ئەخلاق و ڕاهێنان تێدەکوشێت تا دەسەڵاتی خۆی بە سەر کۆمەڵگەدا بسەپێنێت.

گرامشی دەیویست بزانێت کە دەوڵەت بۆ پەرەپێدانی پێگەی دەسەڵاتی خۆی چۆن خۆی لە ڕوانگەی کات، جێگەو پێگەوە پەرە بەدەسەڵاتی خۆی دەدات. بەو پێیە، ئەو دەستە لەرێکخراوە کۆمەڵایەتیەکانی کەشەخسی و نادەوڵەتین، بەبەشێك لەدەوڵەت دەزانێت و دەڵێت کەئەوانە بەشێکی جیانەکراوەن لەدەوڵەت، گرامشی لەسەر ئەو باوەڕەیە کەدەوڵەت لەکۆمەڵێك ڕێکخراو و بەش دروست دەبێت کەلەسەر کۆمەڵێك ناوەندی دەسەڵات لەکۆمەڵگەی مەدەنی لەدەسەڵاتدا دەمێنێتەوە.

بەو حاڵە، گرامشی جەخت لەسەر کۆمەڵێك ناوەرۆکی تایبەتی سیاسی دەکاتەوە. لەڕوانگەی گرامشیەوە، دەوڵەت بەمانای کۆمەڵگای سیاسی جەخت لەسەر کۆمەڵێك ناوەرۆکی تایبەت دەکاتەوە. گرامشی لەسەر ئەو بڕوایە کەدەوڵەت بەمانای کۆمەڵگای سیاسی، دەتوانین وەکو دەسەڵاتی زۆرەملی کەتێکلاوێکە لەتووڕەیی، توندوتیژی و زۆر بزانین. دەتوانین کۆمەڵگەی مەدەنی وەکو بەرگریکەر لەدەوڵەتی نوێ یا حەوزەی پاراستنی دەوڵەت بناسین.

بەڵام ڕوانگەی فەلاسفەی دیکە لەگەڵ گرامشی و فۆکۆ جیاوازەو هەر کام لەفەلاسفە لەڕوانگەی خۆیەوە دەوڵەت و سیاسەت شرۆڤە دەکەن، لێرەدا کۆمەڵێك لەڕوانگەکانی فەلاسفە بۆ نموونە دێنمەوە.

فەلسەفەی سیاسی کانت لقێکە لەفەلسەفەی زانستی ، ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە، فەلسەفەی زانستی وەکو" یاساکانی ئاکاری یەکسان لەگەڵ هەڵبژاردنی ئازاد" شرۆڤە دەکات، بەپێچەوانەی" یاساکانی ئاکاری یەکسانی لەگەڵ ناسین" کەتەنیا تایبەتە بەفەلسەفەی تئۆریك. فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کانت بەگشتی پشتیوانی دەکات لەرۆشنگەری و بەتایبەت ئازادی. بەرهەمەکانی کانت هەڵقوڵاوی سوونەتی سروشتی و قەرارداده کۆمەڵایەتیەکانە. کانت هاوبیرورایە لەگەڵ هابز سەبارەت بەوەی کە پێویست نیە سیاسەتمەدار بەمانای ماف هەڵکەندن یان جیابوونەوە تێك هەڵبچێت، بەڵکوو تەنیا گرنگی دەدات بەشێوەی حکومەتی زانستی.

مانای دەوڵەت، سیاسەت، کارکردەکان، ماناو واتەی زۆر بەربڵاوو جیاوازی هەیە. بەبڕوای زۆربەی پسپۆرانی زانستی سیاسی، دەوڵەتی مانایی گشتی و ژینگە بەسەر دەسەڵاتدایە. هیگل بەسێ پێوەر دەوڵەتی سیاسی شرۆڤە دەکات، یەکەم دەوڵەتی دەرەکی، دووهەم دەوڵەتی سیاسی و دەوڵەتی ئەخلاقی، هیگل دوایین، ئەخلاقی، بەباشترین شێوەی حکومەت دەزانێت، چونکە لەم وێنە لەدەوڵەت بەگەیشتنی ڕۆح لەمێژوو نزیکتر دەبینێت. دەوڵەتی مودێرن بەپێچەوانەی نموونەگەلی مێژوویی خۆی، وەها بەهێز، بەربڵاو وگەورەیە کەچارەنووس و ناوەڕۆکی ئەو بەرووخساری یەکێك لەپرسگەلێکی تەوەرەیی و ڕکابەری لەباس و گفتگۆی سیاسی و ڕکابەرییە ئیدئۆلۆژیکەکانی دەرهاتووە.

هیگل بەئاشکارا مانای گشتی دەوڵەتی ئەخلاق، لەمانای دەوڵەتی سیاسی و دەوڵەتی دەرەکی جیا دەکاتەوە، هەرچەند ئەم دوانە بۆ خۆیان لە ئەندیشەی دەوڵەت بەئەژمار دێن. دەوڵەت سەرەکیترین مانا یا پرسە لەخوێندنەوەی سیاسەت و زانستی سیاسیەو بەو پێیە، هەمیشە ئەم پرسە دەبێتە هۆی ڕکابەریی نێوان توێژەران، فەلاسفەو پسپۆرانی بواری دەوڵەت، سیاسەت.

لەروانگەی کانتەوە فەلسەفەی زانستی یاسەگەلێکی بۆ حکومەتکردن بەسەر مرۆڤدا نیشاندەدات کە لەگەڵ کردەوەی شورایی هاورێ بێت. ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە کەماف تەنیا پەیوەندی هەیە لەگەڵ کردەوەگەلێك کەکاریگەریان هەیە لەسەر ئینسانەکان، بەو واتە ئەرکی شەخسی جیان و جیاوازیان هەیە لەو پرسانە. ماف هیچ

پەیوەندییەکی بەخەون و ئاواتەکانی کەس یان تاکەکان نیە، بەڵکو پەیوەندی هەیە بەهەڵبژاردنەکانەوە. ماف بەناوەڕۆکی زانستی هیچ گرنگێك نادات، بەڵکوو پەیوەندی هەیە بەفۆڕمی زانستەوە.

کانت لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ماف و زانایی لەگەڵ ئازادی، گرێدراوی یەکن بەڵام بە شێوەگەلی جیاواز، مافی پەیوەندی هەیە لەگەڵ ئازادیە دەرەکیەکان و زانایی بەئازادیە دەروونیەکانی مرۆڤ. ماف پەیوەندی هەیە بەپاڵنەری ڕاست و دروست، پاڵنەر خۆدی بنەما و بنچینەیە.

لێرەدا مارکس بەشێوەی جیاواز لەهەموو فەلاسفەو پسپۆران و توێژەران شرۆڤەی دەوڵەت، سیاسەت دەکات. مارکس دەوڵەت بەگشتی، سەربەخۆ لەدەورەکان و وڵاتەکان شرۆڤە دەکات، بەڵام بەتایبەتی بەدەوڵەتی مودێرن، بەو واتە بەدەوڵەتێك کە لەدەورەی ئەو لەوڵاتانی ئوروپای ڕۆژئاواو لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هاتنە سەر کارو دروست بوون، خستووەتە ژێر زەرەبینی وردی خۆیەوە.

مارکس بۆ نیشاندانی ناسینی ئەم دەوڵەتەو ڕەخنە لەو شێوە بەڕێوەبردنە، دەوڵەت شی دەکاتەوەو لەم ڕێگەوە دەچێتە ناوئاخنی دەوڵەتی مودێرن، ئەم خاڵە پرسی بنەڕەتی و فکری سیاسی ئەو پێك دێنێت و ئەویش بەجوانی لەیەکەمین نووسینەکانی و لەبەرهەمەکانی دیکەی مارکس بەجوانی دەبیندرێت، ئەو بەوێنەگەلی جیاواز بەڵام بەوێنەی هەمیشەیی دەبیندرێت. بەو شێوە توێژینەوەی شێوەگەلی جیاواز کە مارکس دامەزراندنی دەوڵەتی مودێرن دەکێشێت و لێکدانەوەی ئەو شێوەگەلەو نیشاندانی ئاکامەکانی کە سەبارەت بەسروشتی ئەم دەوڵەتە بەدەست دێت، سەرنج ڕاکێش دەبێت.

بەواتایەکی دیکە کانت دەڵێت: ماف بەگشتی پەیوەندی بەدۆخی ئازادی هەیەو زانایی بەپێچەوانەوە. هەروەها دەڵێت ماف ژێر مەجمووعەی پاڵنەرە دروستەکانی ئەخلاقە کە بەپێوەرێك لەحکومەتەکاندا دەبێتە زۆرەملی. ناوبراو دەڵێت: تەنیا مافێکی دەروونی لەواقعدا بوونی هەیە: ئازادی. ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەوڵەت ناتوانێت هیچ مانایەکی تایبەتی هەبێت بۆ خۆشی، ئارامی و ئاسایشی بەسەر شارۆمەندەکانیدا بسەپێنێت و نابێت وەکوو منداڵان لەگەڵ هاووڵاتیەکانی هەڵسووکەوت بکات.بەو پێیە،

یاساکان نابێت بەپێوەری خۆشی، شادی، خێرو شەڕ دابنرێت، چونکە ئەم مانایانە بۆ قەرارگرتن لە بنەڕەتی یاسا زۆر نادیارو ئاڵۆزو لێڵە. بەم شێوە یاساکان دەبێت تەنیا لە سەر مانای جیهان شمولی ئازادی بنەڕەتی دابنرێت و لەسەری ڕابوەسترێت.

مارکس دەرکەوتنی دەوڵەتی مودێرن لە چوار بەشدا لێکدەداتەوە کە بریتین لە:

دوو نووسینی سەرەکی مارکس دەگەڕێتەوە بۆ نووسینەکانی دەورەی لاوی. ئەم دوو بەرهەمە لە یەك مێژوودا نووسراون و لە فەلسەفەی سیاسی وەکو، ڕەخنەی فەلسەفەی سیاسی هیگڵ، ١٨٤٣ و پرسی یەهوود لە ساڵی ١٨٤٣ چاپ و بڵاو کراونەتەوە. دوو نووسینی تری مارکس کە بەشێوەی بنەڕەتی لێکۆڵینەوە مێژووییەکانە، وەکو هەژدەهۆمی برۆمر، لوئی بۆناپارت لە ساڵی ١٨٥٢و شەڕی ناوخۆیی لە فەرانسە لە ساڵی ١٨٧٢.

بە بڕوای کانت هەموو مرۆڤەکان مافی ئازاد بوونیان هەیە بە بێ ئەوەی بە هەڵبژاردنی کەسانی دیکە بە کردەوە یا ناچار بە کردەوەگەلێك بن. ئەو لە بیرۆکەو لە لایەکی دیکەشەوە لە کردەوە ئازادی بە سەرەکیترین بنەڕەت دادەنێت. کانت سێ پرسی سەرەکی دەخاتە بەردەم خوێنەر کە بریتین لە:

١–ئازادی هەر ئەندامێکی دەوڵەت وەکو مرۆڤێك

٢–بەرانبەری تاك وەکو شارۆمەندێك

٣–سەربەخۆیی تاك لەهەموو ئەندامانی وڵات وەکوو شارۆمەند

بە بڕوای کانت بەرابەری لەپەیوەندی دەگەڵ چییەتی و بنچینەیی نیە، بەڵکو ڕواڵەتیە. هەر ئەندامێکی دەوڵەت لە گەڵ ئەندامێکی دیکەی دەوڵەت بەرابەرەو مافی زۆرەملی هەیە کە داوای جێبەجێکردنی یاسا لەدەسەلاتی دەوڵەت بکات. هەرچەند ئەم بەرابەریە ڕێبەری دەوڵەت لەخۆ ناگرێت ! بەرابەری ڕواڵەتی، نابەرابەری لەداهاتی ئابووری، هێزی لەش، هێزی مێشك، ماڵ و دارایەکان و... هتد لە خۆ ناگرێت.

بەو پێیە، لەروانگەی مارکسەوە، دەوڵـەت ڕەگـی لە چینایەتییدا هەیە، بەشێوەیەك کە کاتێ چین و توێژەکان نەبێت، دەوڵەتیش بوونی نابێت. دەوڵەت بەهاتنە سەرکاری چینی سەرمایەدارو لە لایەن ئەوانەوە لە دوای کومۆنی سەرەتایی هاتە نێو جیهانەوەو لـەدوای ئەو ڕوداوە، هەر چینێکی پێشکەوتوو لە دوای

تێکشکانی چینی پێشووتری خۆی، سەرەتا بۆ دروستکردنی پەیوەندی بەرهەم و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکانی خۆییولەدرێژەداو بۆ پاراستن، ڕاگرتن و درێژەدان بە دەسەڵاتی خۆیی بەسەر چینەکانی تردا، ئەو دەوڵەتەی کە خۆی بە باشی دەزانێت، دادەمەزرێنێت. لەم ڕەووە، دەوڵەت ڕوخساری تایبەتی دەسەڵاتێکە لە چینێکی تایبەت. ئەم خاڵە نیشاندەری جۆرێك لە پەیوەندی دەوڵەت و چینی حاکم لە گەڵ چینەکانی تری کۆمەڵگەیە، کە ئەو چەوساندنەوەیان دەسەڵاتداریە تووتالیتارە سەرکوتگەرەیە کە چینەکانی کۆمەڵگە دەچەوسێنێتەوەو بەهەموو شێوەیەك ئەو چینانە سەرکوت دەکات.

کانت هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە هەموو تاکێك لە بوونی هەلەکان بەرابەرن و دەبێ هەموو کارەکان و دەستەکان، بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزو بنەماڵە و ... هتد بەڕەوڕووی هەموو کەسێك کراوە بێت. بەڵام هەروا کە دەبینین ئیدیعای حکومەتە لیبراڵەکان لە بوونی هەلەکانی بەرانبەر، هەلی بەرابەری لە نێوان کەسانی جیاوازی کۆمەڵگادا بوونی نییە. لە کۆمەڵگە سەرمایەداریەکان و لیبراڵەکان کە کۆمەڵێکی تایبەت خاوەن بەرهەم و دارایی هەموو کۆمەڵگەن، کەسانی دیکە چۆن دەتوانن هەمان ئەو هەلەی کە بورژوازی بە هۆی دەوڵەمەندیەوە هەیەتی، ببیێت! کانت لەپرسی قەراردادی کۆمەڵایەتی خۆیدا بیرۆکەی قەراردای دەستپێکەر دێنێتە بەر باس و توێژینەوە. لەم قەراردادەدا کانت پێداگری دەکات سەبارەت بە بیرۆکەی هزر، نە ڕووداوە مێژوویەکان. هەر ماف و هەر ئەرکێك بە پێی قەرارداديەکی سەرەتاییە، نە سەرچاوە مێژوویەکان. هەر لەو حاڵەشدا، هیچ کردەوەیەکی ئەزموونیش ناتوانێت ببێت بە بنەڕەتی ماف و ئەرك.

بیرۆکەی قەراردادی سەرەتایی، دەسەڵات تەنیا لەچوارچێوەی یاسادا قەتیس دەکات. هیچ یاسایەك نابێت بڵاو جێبەجێ بکرێت، مەگەر ئەوەی هەموو هاووڵاتیان لەگەڵ ئەو یاسایە بن ، ئەم یاسایەنەش دەبێت ڕێککەوتنی دەنگی خەڵك بێت بە پێوەری هرزرو ئاوەز، نە ئەزموون یان خەون و خەیاڵی تاك بە تاکی شارۆمەندان. کانتیش وەکو هابز لە سەر ئەو بروایە کە دەوڵەت دەبێ بە بێ لەبەرچاو گرتنی ڕەگە مێژوویەکانی ، قەراردادی کۆمەڵایەتی بەرجەستە بکاتەوە . لەم ڕوانگەوە قەراردادی



هەواڵنامەی کتێب

کۆمەڵایەتی مجوزی عەقڵانی دەسەڵاتە لە نێو دەوڵەتدا ، نە کردەوەیەکی واقع و راست لە نێوان هاووڵاتیان یان هاووڵاتیان و حکومەت. ئەم قەرارادادە بە پێوەری هەر پێکگەیشتن و رێککەوتنێك واقع نیە، بەڵکوو ئەم قەرارادادە بە پێوەری ئاوەزو هزر نیە، دەتوانین بە دڵنیاییەوە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم قەرارادادە هەموو مرۆڤەکان لەخۆ ناگرێت. هابز رێککەوتنی شارۆمەندان بە پێوەری قازانجی تاك دەزانێت، بەڵام بە بڕوای کانت بە پێوەری خۆیی مانای راستیە. لەم بەستێنەدا کانت زۆرترلەژێر کاریگەری بیرۆکەی ویستی گشتی رۆسۆدایە.

ئەو شێوەحکومەتەی کە ئەو بە باشی دەزانێت، جمهوری دیمۆکراتیکە کە بە دەنگی هەموو جەماوەر بەڕێوە دەچێت. ئەو لە سەر ئەو باوەڕەیە کە تاك بە دەنگدان، بە ئەوپەڕی سەربەخۆیی تاکەکەسی دەگات و زانیاری و خاوەن ماڵ و داراییەکانیش لە لایەن دەسەڵاتەوە پشتیوانی لێبکرێت. بەڵام کانت مافی دەنگدان بە مافی ژنان نازانێت. هەروەها لە سەر ئەو باوەڕەیە کە یاساکانی جمهوری دەبێ تا ئەو جێگەی کە مومکینە خۆی لەشەڕ دوور بگرێت، چونکە دەنگی خەڵك سەرەکیترین پێگەی پێویستی یاساکانە.

دەوڵــەت، سیاسەت، لەروانگەی پۆپرەوە حکومەتی خەڵك نیە، بەڵکوو کەرەسەیەکە کە لەگەڵ ئـەودا دەتوانرێت بەر بەدیکتاتۆری بگیردرێت. پوپر پشتیوانی دەکات لە دەستکەوتەکانی دیموکراسی لیبراڵ و بە هەموو ڕەخنەکانی لە لاوازیەکانی، وەها نیزامێك بە باشترین شێوەی حوکمرانی لە جیهاندا دەزانێت کە تا ئێستا لەمێژووی ئینسانیەتدا دۆزراوەتەوە. بە بڕوای پوپر، هەموو ئەو نیزامانەی کە لە درێژەی مێژوودا وەعدەو وەعیدی بەهەشتیان بە شارۆمەناندەکانیان داوە، بەرەو دۆزەخ چوون. بەڵام دیموکراسی لیبراڵ تەنیا نیزامێکە کە تەنیا بە تێکۆشان و هەوڵی خودی جەماوەر دەتوانێت لە سەر کاری خۆی بمێنێت. بە بڕوای پوپر ئەگەر بریار بێت زیاتر لە ئازادی، دیموکراسی ئابووری، عەدالەتی کۆمەڵایەتیش بخۆڵقێت، هەر ئەو ئازادیە رووالەتیە، تەنیا وەسیقەی جێبەجێ بوونی ئەو دەوڵەتە دەبێت.

به بڕوای کانت خەڵك نابێت به هۆی ئەوەی که دژایەتی دەوڵەت دەکەن شۆڕش بکەن، بەڵام دەتوانن به هۆی ڕێکاره مەدەنیەکان، وەکوو خۆپیشاندانی ئاشتیانەو... هتد به ئامانجەکانیان بگەن. ئەو دژی بیرۆکەی شۆڕشەو وەها بیر دەکاتەوە که ئەگەر شۆڕشێك سەرکەوتوو بێت، تا هاتنه سەر کاری ڕژێمی داهاتوو خەڵك پابەندن که پەیڕەوەی لەو شۆڕشه بکەن! به بڕوای کانت شۆڕش بیرۆکەیەکی هەڵەیە، بەڵام هێشتا یارمەتی پرۆسەی بەرەوپێش چوون دەکات. له ئاکامدا تەنیا ڕێگەی گۆڕانی دەسەڵاتەکان، به هەڵبژاردن دەزانێت و دەڵێت هەڵبژاردن باشترین ڕێگایه بۆ گۆڕانی حکومەتەکان.

کانت یەکێکه له تئورسینەکانی لیبراڵیسم، بیرۆکەیێك که جەخت له سەر دیمۆکراسی و یاسا دەکات، بەڵام هیچ گۆشه نیگایەکی بۆ پرسی ئابووری نیەو ئەم پرسه که هەموو خەڵك مافیان هەیه که به سەر کاری خۆیاندا خاوەندارەتی بکەن و هێزی کاری خۆیان به دەسەڵاتداران و کارفەرماکان نەفرۆشن، زۆر ئیدئولۆژێك و... له بەرچاو ناگرێت.

لێرەدا ئاماژه به ڕوانگەی فەیلەسوفێکی بێناو دەکەم که دەڵێت: لیبراڵیسم، بێ لایەنی گشتیه سەبارەت به تارماییەکی بەربڵاوه له پرسه ئەخلاقی و ئاینیەکان. لیبراڵیسم و دەوڵەتی لیبراڵیسم دوو تەوەرەی گرێدراون پێکەوه که سیاسەتیان له ئامێز گرتووه .

# سیاسەت

- پڕۆژەی دابەشکردنی عیراق لەنێوان تیۆر و پراکتیکدا.
- بەهاری عەرەبی وهەندێ سەرنجی ئیتمولۆژی.
- ڕووخانی لۆکاڵ لە سەردەمی گۆلوباڵدا.

کەوانامەی کتێب



# پڕۆژەی دابەشکردنی عیراق
## لە نێوان تیۆر و پراکتیکدا

سالار شێخ تۆفیق

لەئێستادا ناوچەی عەرەبی بە باهۆزێکی گۆرانکاری سیاسیدا گوزەر دەکات کە بە گوێرەی بۆچوونی شرۆڤەکارانی سیاسی، وڵاتانی خۆرئاوا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ماوەیەکی دوورودرێژە پلانیان بۆ ئەو گۆرانکاریانە دارشتووە ، لە دوای رزگاربوونی وڵاتە عەرەبیەکان لەژێر دەستی وڵاتە خۆرئاواییەکان لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم، چەندین رژێمی تۆتالیتاری و سەوری و پادشایی و دیکتاتۆری حوکمی ئەو وڵاتە عەرەبیانەی گرتە دەست. ئەم رژێمە عەرەبیانە لە جیاتی قەرەبووکردنەوەی گەلانیان بەو ستەمانەی لەسەردەمی داگیرکاری ئەوروپیدا چەشتبوویان، جەوروستەمیان لەسەر گەلەکانیان زیاتر کردو بەهەموو شێوازێك بە پاساوی پاراستنی ئەمنی نەتەوەیی عەرەبی و پاراستنی عروبەیی گەلەکانی خۆیان دەچەوسانەوە. هەر کاتێك دەنگێك بۆ بەرقەرار کردنی ئازادی و دیموکراسی بەرزبوایەوە، دەستبەجێ دەزگائەمنیەکان سەرکوتیان دەکردن و رەوانەی کونجی زیندانەکانیان دەکردن. ئەم سەرکوتکردنانەش لەو وڵاتانە زۆر بەزەقتر پیادە دەکرا کە کەمینەی نەژادی و ئاینی جیاوازیان تێدا دەژیا. بۆ نموونە هەر لە دوای دروستبوونی دەوڵەتی عیراقیەوە و دوای ئەوەی بەشێکی کوردستانی گەورە بە بێ ویست و خواستی گەلی کورد بەو دەوڵەتە نوێیەوە لکێنرا، هەر لەو سەردەمەوە تا ئێستاو دوای رووخانی رژێمی بەعسیش کورد بە هەموو جۆرێك دەچەوسێنرایەوە و لە مافەکانی بێ بەش دەکرا و هەروەها دووچاری راگواستنی زۆرە ملێ بۆتەوە کە تا ئێستاش و لە سەردەمی عیراقی فیدراڵ و پەرلەمانیی و فرەیی و دیموکراسیدا هەر ئەو سیاسەتە دژ بە کوردە درێژەی پێ دەدرێت. وەك مێژوونووسان دەڵێن چەندین ناوچەی کوردنشین هەن کە لە ئێستادا هیچ ئاسەوارێکی کوردبوونی پێوە دیارنەماوە و بە تەواوی تەعریب کراوە، ئەو مێژوونووسانە دەڵێن چەندین ناوچە لە دەوروبەری بەغدا هەبوون کە چەند خێڵێکی بە رەچەڵەك کوردی تێدا نیشتەجێ بوون وەك بەشێك لە خێڵی زەوبەعیەکان کە رەچەڵەکیان دەگەرێتەوە بۆ سەر نەتەوەی کورد. هەروەها شاری موسڵیش لە سەردەمی پێشوودا بەشێك بووە لە

خاکی کوردستان و بە پلانی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق سیاسەتی تەعریبی تێدا پیادە کرداوە و لەبەرامبەریشدا دانیشتووانە رەسەنەکەی کە نەتەوەی کورد بوون بە زۆرەملێیانە راگواستراون بۆ ناوچەکانی باکوور و باشووری عیراق تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی وا لە هاوکێشەی دانیشتوانی شارەکە بکەن زۆرینەی بەلای عەرەبی تەعریبدا بشکێتەوە و رۆژ لە دوای رۆژیش ژمارەی کورد لە شارەکەدا کەم بکرێتەوە. چەندین ولاّتی عەرەبی دیکەش هەن کە بە هەمان شێوەی عیراق بەدەر لە گەلە عەرەبیەکانیان ، ئەو گەلانەیان زۆر بە درندانەتر سەرکوت کردووە کە بە بێ ویست و ئیرادەیان بەو دەولّەتەوە لکێنران یان هاوبەشییەکی مێژوویان لەو ولاّتەدا هەبووە..بۆ نموونە ناوچەکانی بیابانی خۆرئاوا کە خۆیان بە عەرەب دانانێن و نەتەوەیەکی ئەفریکین بە درێژایی مێژوو لەلایەن رژێمی پادشایی مەغریبەوە سەرکوت دەکرێن و مافە نەتەوەیی و کلتووری و سیاسیەکانیان زەوت دەکرێت. بەرەی پۆلیساریۆ کە وەك بزووتنەوەیەکی شۆرشگێر نوێنەرایەتی ئەو گەلە ستەملێکراوە دەکات ماوەی زیاتر لە پەنجا ساڵە خەباتی سیاسی و پارتیزانی لە دژی رژێمی پادشایی مەغریبی بەرپاکردووە بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلەکەیان. یەکێك لەو ولاّتە عەرەبیانەی دیکە کە کەمینەکانی خۆی بەشێوەیەکی درندانە دەچەوسانەوە ولاّتی سودانە. رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی سودان بە ئاگر و ئاسن وەلاّمی داخوازیە رەواکانی گەلی باشووری سودانیان دەدایەوە کە گەلێکی ناعەرەبی بوون و دەیانویست لە چوارچێوەی ولاّتی سودان مافە سیاسی و کلتووری و کۆمەلاّیەتیەکانیان پێ ببەخشرێت و بە ئازادی و وەك هاوولاّتیەکی پلەیەك لەو ولاّتەدا بژین، ئەوەبوو بۆدواجار و بە هاوکاری نەتەوە یەکگرتووەکان و ولاّتانی خۆرئاوا و بەتایبەتیش هاوکاری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە راپرسیەکی ئازادا بریاریان لە چارەنووسی خۆیاندا و لە ولاّتی سودان جیابوونەوەو دەولّەتی سەربەخۆی خۆیان راگەیاند. . ئەمازیقیەکانیش لە ولاّتی جەزائیر هەمان ئازاری کەمینەکانی ولاّتە عەرەبیەکانی دیکەیان هەیە و بە درندانەترین شێوە دەچەوسێنرێنەوە. قیبتیەکانی ولاّتی میسریش بە درێژایی مێژووی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی ئەو ولاّتە هیچ مافێکی سەرەتایی سیاسی و کۆمەلاّیەتیان نەبووە و ئێستاش لە دوای سەرکەوتنی



هەوارتەمەی گێر

شۆڕشە جەماوەریەکەی ئەو وڵاتە و کۆتایی هاتنی حوکمی حوسنی موبارەك هەر هەمان سیناریۆ دووبارە دەبێتەوە و لە جیاتی حکومەتە سەنتەرالیزیمیەکانی پێشوو، گروپ و تاقمی ئیسلامی و کەسانی نادیار هەڵدەکوتنەسەر کەنیسە و گەڕەکە قیبتیەکان و ئازاریان دەدەن. سەبارەت بە شیعەکانی سعودیەش تا ئێستاش زیاتر لە دوو ملیۆن هاووڵاتی شیعە لە میرنشیی سعودیە لە هەموو مافێکی سیاسی و ئاینی و کلتووری و کۆمەڵایەتی بێ بەشن و ناتوانن وەك هاووڵاتیەکی عەرەبی سوننە مەزهەب مامەڵە بکەن. ئەم تەنگەژە و نا ئارامیە سیاسیەی لەلایەن ڕژێمە عەرەبیەکانەوە بە درێژایی مێژوویەکی دژ بە گەلەکانیان پیادەیان دەکرد بۆ دواجار تەقیەوە و ئەو دۆخەی دروستکرد کە ئێستا بەسەر زۆربەی ئەو ڕژێمە عەرەبیانەدا هاتووە وەك ئەوەی لە عیراق و میسر و تونس روویدا و ئێستاش لە لیبیا و یەمەن و سوریا روو دەدات و چاوەڕوانیش دەکرێت لە داهاتوویەکی نزیکدا وڵاتانی مەغریب و جەزائیریش بگرێتەوە و بێ بەش نەبن لە ڕوودانی ئەو گۆڕانکاریانە کە بەسەر سیستمی سیاسی ناوچەی عەرەبیدا هاتووە.

چاودێرانی سیاسی هۆکاری ئەو جموجوڵە سیاسیە جەماوەریانەی لە وڵاتانی جیهانی عەرەبیدا ڕوودەدەن دەگێڕنەوە بۆ نزیك بوونەوەی ئەو پلانەی ژمارەیەك لە سیاسەتمەداران لە ناو کۆنگرێس لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دایانڕشتووە بۆ نەخشە کێشانەوەی نەخشەیەکی جیۆپۆلەتیکی نوێ لە جیهانی عەرەبی و ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەر وەك باسی لێوە دەکەن ئەو نەخشەیە لە وڵاتی سودان پیادە کرا و سودان بەشێوەیەکی رەسمی و دانپێدانراو بۆ دوو دەوڵەتی سەربەخۆ دابەشکرا. ئەوەش کە لە ئێستادا شرۆڤەکارانی سیاسی باسی لێوەدەکەن نزیك بوونەوەی هەوڵەکانی ئەمریکایە بۆ دابەشکردنی عێراق بەسەر سێ دەوڵەتدا.

پەیمانگای (برۆکینگز) بۆ لێکۆڵینەوە سیاسی و ستراتیژیەکان لە واشنتۆن لە بارەی پڕۆژەکەی ( بایدن_ طلیب) بۆ دابەشکردنی عیراق بۆ سێ هەرێمی سەربەخۆ لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجامداوە و تێیدا دەڵێت:

پڕۆژەی دابەشکردنی عیراق کە بەشێوەی بڕیارێکی ناسەپێنراو دەرکرا هاوشێوەی ئەو بڕیارە ناسەپێنراوەیە کە لەلایەن کۆنگرێسی ئەمریکاوە بۆ پڕۆسەی ڕزگارکردنی

عیراق دەرکرا. ئەو بڕیارە کاتێك دەرکرا بەسەر حکومەتی ئەمریکا نەسەپێنرا بوو تا جێبەجێ بکرێت، بەڵام ئەوەبوو لە ساڵی (٢٠٠٣) بۆ هێرشکردنە سەر عیراق ئەو یاسایەیان بەکارهێناو رژێمی سەدامیان روخاند. بەگوێرەی بۆچوونی سەنتەرەکە، کۆنگرێسی ئەمریکا هەروا لە خـۆڕا بڕیاری لەسەر پـرۆژەی دابەشکردنی عیراق دەرنەکردووە، بەڵکو پێ دەچێت هەموو ئەگەرێکی بۆ ئەو پێشهاتە دانابێت کە لە حاڵەتی دابەش بوونی عیراق لەسەر زەمینەی واقیع، بەگوێرەی ئەو پرۆژە یاسایە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکات.

هاوکات بۆ بەدواداچوون لە سەر پرۆژە یاسای دابەشکردنی عیراق، سەنتەری (سابان) بۆ لێکۆڵینەوەی سیاسەت و ستراتیژی لە واشنتۆن لە ساڵی (٢٠٠٨) لێکۆڵینەوەیەکی لە ژێر ناونیشانی( بارودۆخی لەبار بۆ دابەشکردنی عیراق) دەرکردووە بۆ جێبیەجێ کردنی پرۆژەکەی بایدن–گلیب کە تایبەتە بە دابەشکردنی عیراق بۆ سێ هەرێمی سەربەخۆ.

## پرۆژەی بایدن-طلیب بۆ دابەش کردنی عیراق:

**(جۆزیف بایدن)**ی جێگری ئێستای سەرۆکی ئەمریکا کاتێك سیناتۆری نوێنەری پارتی دیموکراتەکان بوو بۆ ویلایەتی (دیلاوێر) و لیزلی طلیب کە لە سەرەتاکانی مانگی ئایاری ساڵی رابـوردوودا بووە سەرۆکی فەخری ئەنجومەنی پەیوەندییە دەرەکیەکان، پرۆژەیەکیان پێشکەش بە کۆنگرێسی ئەمریکا کردو تیایدا داوایان کرد عیراق بۆ سێ هەرێمی سەربەخۆی کوردی و سوننی و شیعی دابەش بکرێت و هەریەکەیان خاوەنی دەسەلاتێکی بەرێوەبردنی سەربەخۆ بن لە هەرێمەکانیاندا. لەو سەردەمەدا دوای ئەوەی پرۆژەکە کەوتە بەر گوێی رای گشتی، هەمووان پێیان وابوو ئەمریکا ئەو پرۆژەیە رەتدەکاتەوە، ئەوەبوو (تۆنی سنۆ)ی وتەبێژی کۆشکی سپی بە دەستەواژەیەکی کورت گوزارشتی لە بۆچوونی کۆشکی سپی ئەمریکا کردو وتی( نامانەوێت یۆگۆسلاڤیایەکی نوێ دروست ببێتەوە). بەلأم کۆنگرێسی ئەمریکا دوای رەتکردنەوەی کۆشکی سپی لەسەر زاری وتەبێژە رەسمیەکەیەوە،بە تەواوی

پڕۆژەکەی پشتگوێ نەخست. بەڵکو لیژنەیەکی تایبەتیان بە ناوی ( گروپی لێکۆڵینەوە لە عیراق) بە سەرۆکایەتی (جیمس بیکەر)ی وەزیری پێشووتری دەرەوەی ئەمریکا پێکهێناو رەوانەی عیراق کرا بۆ ئەوەی لە ئەگەرەکانی جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە لە عیراقدا بکۆڵێتەوە. ئەوەبوو لە دوای مانەوەی چەند رۆژێك لە عیراق و لێکۆڵینەوە لە بارودۆخەکە، لە توێی راپۆرتەکەیان سەرلەبەری پڕۆژەکەی بایدن- طلیب یان بە تەواوی رەتکردەوە و جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژەیەیان بە هێڵی سوور دانا. جیمس بیکەر و گروپە لێکۆڵەرەوەکەی پێیان وابوو دابەش کردنی عیراق بۆ سێ هەرێمی سەربەخۆ دەبێتە مایەی دروستبوونی پشێوی و نائارامیەکی گەورە لە ناوچەکەدا و هەروەها دەرفەتێکی ئاڵتونیش دەبەخشێتە ئێران بۆ ئەوەی بە تەواوی هەژموون و دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەرێمی نوێی شیعەکاندا زاڵ بکات. لەلایەکی دیکەشەوە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی لە باکوور دەبێتە مایەی نیگەرانی تورکیا و بارودۆخی ناوچەکە ئاڵۆزتر دەکات.

هەرچەندە ئەم پڕۆژەیە لەلایەن جیمس بیکەر و گروپە لێکۆڵەرەوەکەیەوە رەت کرایەوە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی کۆنگرێسی سەر بە هەردوو پارتی دیموکراتەکان و کۆماریەکان لەگەڵ جێبەجێکردنی پڕۆژەکەدا بوون و بە گونجاوترین چارەسەریان دادەنا بۆ کۆتایی هێنان بە کێشە ناوخۆییەکانی عیراق. لە دیارترین ئەو سیناتۆرانەی کە زۆر بە گەرمی پشتیوانی لە پڕۆژەکەی (بایدن- طلیب) دەکرد سیناتۆری کۆماری( کیلی بایلی هۆتچەیسون) بوو کە پێی وابوو تاکە رێگاچارە بۆ دەربازبوون لە زۆنگاوی عیراق پرۆژەی دابەشکردنیەتی بۆ سێ هەرێمی سەربەخۆ. چاودێرانی سیاسی ئەمریکی پێیان وایە ئەو پڕۆژەیە دەبێت لە کاتی خۆیدا هەر جێبەجێ بکرێت، چونکە پرۆسەی سیاسی عیراق ئەوەی دەرخست کە لە پاش هەشت ساڵ بەسەر رووخانی رژێمی سەدام حسێن ، تا ئێستا لایەنە سیاسیەکان نەیانتوانیوە وەك عیراقیەك بچنە نێو پرۆسەی سیاسیەوە و بەشداری لە حوکمی وڵاتدا بکەن. هێزە سیاسیە عەرەبە شیعەکان سوورن لەسەر بەرێوەبەردنی دەسەڵاتێك کە نوێنەرایەتی لە شیعە بکات پێش ئەوەی نوێنەرایەتی عیراقیەکان بکات چونکە خۆیان بەزۆرینە دەزانن و لە دوای هەموو هەڵبژاردنێك زۆربەی پۆستە سیادیەکان بۆ

خۆیان دەبەن، هێزە سیاسیە عەرەبە سوننەکانیش خۆیان تەنها بە نوێنەری عەرەبە سوننەکان دادەنێن ،داکۆکی لە ماف و شایستەییەکانی توێژی عەرەبی سوننە دەکەن و تەنانەت هیچ گرنگییەك بە مافی کوردەکانیش نادەن کە زۆرینەیان سەر بە ئاینزای سوننە مەزهەبن. کوردەکانیش لە رێی دوو حیزبی سەرەکیەوە نوێنەرایەتی دەکرێن کە ئەوانیش یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانە لەگەڵ بوونی چەند حیزبێکی بچووکی دیکە کە لەسەر ئاستی عیراق قورساییەکی سیاسی ئەوتۆیان نییە. حیزبە کوردییەکانیش هێندەی خەمی نەتەوەی کورد و قەوارە سیاسیەکەیان دەخۆن، هێندە خەم لە کێشەکانی بەغدا و ناکۆکیەکانی نێوان شیعە و سوننە ناخۆن. هەر چەندە بەردەوام رۆڵی سەرەکییان بینیوە لە هێورکردنەوەی ناکۆکیە سیاسیەکانی نێوان عەرەبە شیعە و سوننەکان و بوونەتە سەمامێکی ئەمان بۆ روونەدانی شەڕی تایەفی شیعە و سوننە، بەلاّم ئەم کارەیان لەسەر حسابی خەونە دێرینەکەیان نابێت بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە هەرێمی کوردستان. ئەگەر هەلومەرجی هەرێمایەتی و نێو دەوڵەتی بۆیان لەباربوایە، بێگومان چاوەڕوانی هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ولاّتانی خۆرئاوا نەدەبوون و هەر زۆر زوو دەوڵەتی سەربەخۆی تایبەت بە خۆیان رادەگەیاند.

(رایان کروکەر)ی باڵیۆزی پێشووتری ئەمریکا لە عیراق لە وتەیەکی سەبارەت بە پرۆسەی سیاسی عیراق و ناکۆکی نێوان کورد و عەرەب دەڵێت: بەرمیلی باروتی نێوان کورد و عەرەب لە تەقینەوەدایە، گەورەترین هۆکاریش بۆ تەقینەوەی ئەو بەرمیلە باروتە شاری کەرکوکە کە کوردەکان دەیانەوێت بەهەرشێوەیەك بێت بیگێڕنەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

چەند سیاسەتمەدارێکی ئەمریکی پێیان وایە لە ساڵی رابوردووەوە پرۆژەکەی بایدن – طلیب جارێکی دیکە کەوتۆتەوە بەر باسکردن و تاووتوێکردنەوە. ئەو سیاسەتمەدارانە پێیان وایە دوای ئەوە پرۆژەی دابەش کردنی سودان بۆ دوو دەوڵەت سەرکەوتنی بەدی هێنا و و لە هەرێمی باشوور و لەچوارچێوەی پرۆسەیەکی راپرسی ئازاد و بە پشتیوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ولاّتانی خۆرئاوا و نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیار لە جیابوونەوەی هەرێمی باشوور لە سودان دراو دواهەمین دەوڵەت بە ناوی

دەوڵەتی باشووری سودان پێکهێنرا، ئەمریکا بەشێوەیەکی نهێنی دەیەوێت ئەزموونەکەی سودان بۆ عیراق بگوێزێتەوە و پرۆژەی دابەشکردنی عیراق سەرلەنوێ زیندوو بکاتەوە. ئەو چاودێرە ئەمریکیانەی لەنزیکەوە چاودێری بارودۆخی عیراق دەکەن دەڵێن: گروپی نێودەوڵەتی تایبەت بە قەیرانەکان لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٠ چەندین ئامۆژگاریان پێشکەش بە هێزەسیاسیەکانی کوردستان کردووە بۆ ئەوەی هەرچی زووە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لەیەك دەزگای رەسمیدا یەکبخەن و ئەنجوومەنێکی ئاسایشی کوردی هاوشێوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکی پێکبهێنن. ئەو سیاسەتمەدارە ئەمریکیانە پێیان وایە ئەم ئامۆژگاریانەی گروپی نێودەوڵەتی تایبەت بە قەیرانەکان رێگە خۆشکردنە بۆ دابەش کردنی عیراق بۆ سێ هەرێمی سەربەخۆ.

سەنتەری (سابان) دەربارەی لەبارترین بارودۆخ بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکەی بایدن–طلیب لێکۆڵینەوەیەکی دەرکردووە بە ناونیشانی ( لەبارترین بارودۆخ بۆ دابەشکردنی عیراق). سەنتەرەکە لەو لێکۆڵینەوەیەدا وەڵامی ژمارەیەك پرسیاری پەیوەست بە ئەگەرەکانی پرۆژەی دابەشکردنی عیراق دەخاتە روو بە گوێرەی سێ پێکهاتەی جیاوازی شیعە و سوننە و کورد و مەدای سەرکەوتنی ئەو پرۆژەیە لەو بارودۆخە سیاسیەی عیراق پێیدا تێپەردەبێت. لێکۆڵینەوەکە هەروەها چەندین ئامۆژگاری پێشکەش کردووە بۆ ئەوەی بتوانرێت زاڵ ببێت بەسەر ئەو لەمپەر و کۆسپانەی رووبەرووی هەرسێ لایەنی کورد و شیعە و سوننە دەبێتەوە لەبەردەم جێبەجێکردنی پرۆژەی دابەشکردنەکەدا. ئەم لێکۆڵینەوەیەی سەنتەری ناوبراو لەلایەن دوو توێژەرەوەی سیاسیەوە ئەنجامدراوە کە یەکێکیان ( جۆزێف ئێدوار) ی توێژەرەوەی سیاسیە کە پێشتر لەگەڵ هێزی ئاشتی پارێزی نێودەوڵەتی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان لە ناوچەی (باڵکان) لە یۆگۆسلاڤیای پێشوو کاری کردووە و ئەوی دیکەیان (مایکڵ هان لۆن)ی توێژەرەوەی سیاسیە کە ئەویش بەهەمان شێوە لەگەڵ هێزی ئاشتی پارێزی نێودەوڵەتی و لە چەندین ناوچەی جیاجیای جیهان کاری کردووە. چاودێرانی ئەمریکی بۆ کاروباری خۆرهەڵای ناوەراست دەڵێن ئەو لێکۆڵینەوەی ئەو دوو توێژەرە سیاسیە ناودارە ئەمریکیە ئامادەیان کردووە

هەنگاوێکە بۆ دیاریکردنی کۆسپەکانی بەردەم جێبەجێکردنی پڕۆژەکە و ڕێگە بۆ خۆشکردنە بۆ پراکتیزە کردنی. بەڵام گرووپی لێکۆڵینەوە لە عیراق کە جەیمس بیکەری وەزیری دەرەوەی پێشووتری ئەمریکا سەرۆکایەتی دەکرد لەگەڵ (لی هاملتون)ی سیناتۆری پێشووی کۆنگرێسی ئەمریکی زۆر بەتوندی لەبەرامبەر ئەو پڕۆژەیە وەستانەوە. جەیمس بیکەرو گروپەکەی هۆکاری ڕەتکردنەوەی پڕۆژەی دابەشکردنی عیراق بۆ چەند کۆسپێك دەگێڕنەوە لە دیارترینیان:

## *فاکتەری دیمۆگرافی:

بەرزبوونەوەی ڕێژەی ژن و ژنخوازی لەنێوان تایەفە و پێکهاتە جیاوازەکانی عیراق لای خۆیەوە کۆسپ دروست دەکات لەبەردەم مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پڕۆژەیە لە ڕووی جیاکردنەوەی جوگرافیەوە. کە ئەمەش وادەکات لەکاتی بڕیاردان لە دابەشکردنی عیراق ببێتە مایەی دروستبوونی شەڕ لە هەموو کوچە و کۆڵانێك و تەواوی گەلی عیراقی بگرێتەوە و شەڕی مەزهەبی و تایەفی قووڵتر دەکاتەوە.

## * فاکتەری ستراتیژییە:

ڕەنگە چەندین لایەنی ناوخۆیی و دەرەکی و هەرێمی وەك هەریەك لە وڵاتانی دراوسێی وەك تورکیا و ئێران وسوریا دژ بە دابەشکردنی عیراق بۆ سێ دەوڵەت بووەستنەوە. ئەو سیاسەتمەدار و لێکۆڵەرەوە سیاسیانەی لەگەڵ بۆچوونەکانی جەیمس بیکەر و گرووپەکەیدایە و لە ڕووی تیۆری و پرەنسیپەوە دژ بە دابەشکردنی عیراقن پێیان وایە دابەشکردنی عیراق نابێتە چارەسەرێکی گونجاو بۆ کۆتایی هێنان بە ململانێ تایەفی و نەژادیەکان ،بەڵام بەجۆرێکیش لە جۆرەکان نەرمی دەنوێنن.، دواجار هەموو بیروبۆچوونێکیان دەچێتەوە سەر ئەو ئاراستەیەی کە ئەو ناکۆکیە سیاسیەی ئێستا لە گۆڕەپانی سیاسی عیراقدا بەدی دەکرێت و بە دیاریکراویش لە نێوان شیعە و سوننەکان لە لایەك و لە نێوان بەغدا و هەولێر لەلایەکی دیکەوە، وا

دەکات بچنە سەر ئەو بیروڕایەی دابەشکردنەکە ببێتە باشترین چارەسەر بۆ کۆتایی هێنان بەو ناکۆکیانە. توێژەرەوە ئەمریکیەکان دەڵێن ئەزموونی سیاسی هەشت ساڵی عیراق ئەو راستیەی سەلماندووە کە هێزە عیراقیەکان بە شیعە و سوننە و کوردەوە لە ناخەوە نایانەوێت لەژێر چەتری یەك عیراقدا و پێکەوە بە تێکەڵی لەگەڵ یەکدا بژین. هەڵبژاردنەکانی ئەم ساڵانەی دوایی ئەو راستیانەی دەرخست کە دەنگدەرانی هەرسێ پێکهاتە سەرەکیەکە دەنگیان بۆ نوێنەرانی پێکهاتەکانی خۆیانداوە و هەر پێکهاتەیەکیان دەیانەوێت بە ئازادی لەوناوچەیەدا بژین کە ئەگەر هەمووی نەبێت، زۆرینەی لە پێکهاتەی خۆی بێت. ئەو بۆچوونەش لەسەر زەمینەی واقیع بەرجەستەبوو کاتێك شیعەکانی نیشتەجێی ناوچە سوننیەکان بەرەو ناوچە شیعیەکان کۆچیان دەکرد و سوننە نیشتەجێکانی ناوچە شیعیەکانیش بەرەو ناوچە سوننیەکان دەچوون. شارەزیان دەڵێن ئەم کۆچکردنی پێچەوانەیە خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لەدابەش بوونی عیراق لەسەر ئاستی جوگرافی و کۆمەڵایەتی، ئەوەی کە دەمێنێتەوە تەنها دانپێدانیەتی لەسەر ئاستی سیاسی.

سەنتەرە ئەمریکیەکە دەربارەی خواستی راستەقینەی سێ پێکهاتە سەرەکیەکە لەبەرامبەر دابەش بوونی عیراق ئەوە دەخاتە روو کە کوردەکان زۆر بە روونی حەز بە دابەشبوونی عیراق دەکەن، چونکە ئەو پرۆژەیە دەبێتە مایەی هێنانەدی خەونە لەمێژینەکەیان کە ئەویش دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆیە لە باکووری عیراق، بەڵام تا ئێستا زۆر بە ئاشکرا ئەو حەزەی خۆیان نەخستۆتەروو، چونکە هەلومەرجە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتیەکان لە قۆناغی ئێستادا یارمەتیدەری ئەو حەزەیان نابن. بەڵام سەرکەوتنی پرۆسەی راپرسی باشووری سودان و جیابوونەوەی هەرێمی باشوور و راگەیاندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ هەرێمەکەیان ئەو حەزەی جارێکی تر لە ناخی کوردەکاندا وروژاندەوە و لەچەند بۆنەیەکی حیزبی و حکومی و بەرپرسانی حیزبی و حکومەتی هەرێم راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە هەرێمەکە بە شێوەیەکی ئاشکرا و لە دەزگاکانی راگەیاندنی لۆکاڵی و نێودەوڵەتیەوە باسکرایەوە. ئەوە خرایە روو گەر ناکۆکیەکانی بەغدا هەروا درێژە بکێشێت و مافەکانی گەلی کوردیش پێشێل بکرێت ئەوا بەدووری نازانن جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان

لە عیراق رابگەیەنن. سەنتەرەکە دەربارەی بۆچوونی پێکهاتەی سوننە دەڵێت: سوننەکان بە پێچەوانەی کوردەکانن و بە توندی لە دژی دابەشکردنی عیراق دەوەستنەوە. چونکە سوننەکان پێیان وایە گەر عیراق لەسەر ئاستی پێکهاتەی سوننە و شیعە و کورد جیابکرێتەوە، ئەوا ئەو کارە دەبێتە مایەی کۆنترۆڵکردنی زۆربەی زۆری ئەو سەرچاوە نەوتیانەی کە دەکەونە ناوچەکانی باشوورەوە لەلایەن شیعەکانەوە ، چونکە گەر گریمانەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بکرێت، ئەوا ئەو بیرە نەوتانە دەکەونە سنووری هەرێمی تایبەت بە شیعەکان، بەمەش پێکهاتەی سوننەی عیراق لە خێر و بێری ئەو سامانە نەوتیە بێ بەش دەبن. پێشیان وایە کوردەکان لەساڵی (١٩٩١)ەوە ئەو مەسەلەیەیان یەکلایی کردۆتەوە و ناوچەکانی خۆیان خستۆتە ژێر رکێفی خۆیانەوە، پێشیان وایە دەتوانن نەك تەنها پێکهاتەی سوننە بێ بەش بکەن ، بەڵکو گەر بیانەوێت حکومەتی عیراقیش بێ بەش بکەن لە سامانی سروشتی هەرێمەکەیان.

سەبارەت بە بۆچوونی شیعەکان دەربارەی پرۆژەی دابەشکردنی عیراق، سەنتەرە ئەمریکیەکە پێی وایە شیعەکان لەناوخۆیان یەك هەڵوێست نین سەبارەت بەو پرسە. کاتێك ئایەتوڵا (عبدالعزیز ئەلحەکیم)ی سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی دەربـارەی دابەشکردنی عیراق بۆ سێ هەرێمی سەربەخۆ دووا ، چەندین لایەنی شیعی لەدژی بۆچوونەکەی وەستانەوە. بەتایبەتیش رەوتی سەدر کە زۆر بە روونی دژایەتی خۆی بۆ دابەشکردنی عیراق راگەیاند. موقتەدا سەدری سەرۆکی رەوتەکە لەچەندین بۆنەدا دژایەتی خۆی بۆ دروستکردنی هەرێمێکی تایبەت بە شیعە لە باشوور دووپات کردۆتەوە.. هەر بۆیە لێکۆڵینەی سەنتەرە ئەمریکیە پێی وایە ئەگەر بەشێوەیەکی باش پلان بۆ پرۆسەی دابەشکردنی عیراق دانەرێژرێت، ئەوا رەنگە لە پرۆسەی دابەشکردنی پێشوەختدا ناکۆکی و ململانێیەکی توند لەناوچەکەدا دروست ببێت. هەروەها پێیان وایە ئەم دژایەتی کردنەی رەوتی سەدر و چەند هێزێکی شیعەی تر بۆ دابەشکردنی عیراق، ئەو مەترسیە لای سوننەکان دروست دەکات کە شیعەکان دەیانەوێت کۆنترۆڵی حوکمی عیراق بکەنەوە و تۆڵەی ئەو چەندین ساڵە دووروودرێژانە بکەنەوە کە هەر لەسەرەتای دروستکردنی دەوڵەتی عیراقی نوێوە

بێ بەشکرابوون لە بەڕێوەبەردنی دەسەڵات و سوننەکان تەنها بۆ خۆیانیان پاوان کردبوو. بۆیە لە سۆنگەی ئەم بۆچوونەوە گومان لەوە دەکرێت کە سوننەکان ئەو جۆرە یەکپارچەییەی عیراقیان لە ژێر کۆنترۆڵ و باڵادەستی شیعەدا قبوڵ بێت، ئەو کات رەنگە سوننەکانیش بیر لە دامەزراندنی هەرێمێکی سەربەخۆی تایبەت بە خۆیان بکەنەوە و بەمەش دیسان بیرۆکەی دابەش بوونەکە هەر دێتەوە کایە و لەسەر زەمینەی واقیع پراکتیزە دەکرێتەوە.

توێژەرەوە ئەمریکیەکان دەڵێن شەڕی تایەفی و ناکۆکی نێوان شیعە و سوننە و بەغدا و هەولێر بۆتە مایەی خوڵقاندنی واقیعی دیموگرافیەکی نوێ، ئەو راستیەش بەگوێرەی ئامارێك پشتڕاست کراوەتەوە کە لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای تایبەت بە کاروباری ئاوارەکانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان(UNHCR )بڵاوکراوەتەوە کە تێیدا هاتووە تا ساڵی (٢٠٠٧) ژمارەی ئەو ئاوارە عیراقیانەی روویان لە وڵاتانی دراوسێ کردووە گەیشتۆتە یەك ملیۆن ئاوارە. لەکاتێکدا ژمارەی ئەو هاووڵاتیە عیراقیانەی لە ناوخۆدا ئاوارە بوون گەیشتۆتە (١) ملیۆن و حەوت سەد هەزار ئاوارە. هەروەها راپۆرتەکەی نەتەوەیەکگرتووەکان ئاماژەش بەوە دەکات کە هەموو مانگێك زیاتر لە (٥٠٠) هەزار هاووڵاتی عیراقی ناچار دەکرێت شارەکانی خۆیان جێ بهێڵن. راپۆرتەکە دەڵێت ئەو هاووڵاتیانە شارەکانی خۆیان جێ دەهێڵن و روو لەو ناوچانە دەکەن کە زۆرینەی لە پێکهاتەی خۆیانن. سوننەکان لەباشوورەوە کۆچ دەکەن بۆ ناوچەکانی ناوەڕاستی سوونە مەزهەب و شیعەکانیش لە ناوچەکانی ناوەڕاستەوە بەرەو باشووری شیعە کۆچ دەکـەن. پسپۆرە نێودەوڵتیەکانی بواری ململانێی سیاسی و جوگرافیای نێودەوڵەتی پێیان وایە ئەم کۆچی پێچەوانەیەی ناوخۆی عیراق هاوشێوەی ئەو کۆچە پێچەوانەیە کە لە وڵاتی هیندستان و لەدوای ئازاد بوونی وڵاتەکەیان لەژێر دەسەڵاتی بەریتانی لە نێوان هیندۆس و ئیسلامەکانی ئەو وڵاتە روویدا و دواجار بووە مایەی دابەشکردنی ئەو وڵاتە، کە یەکێکیان وەك هیندستان مایەوە و بووە وڵاتی هیندەکان و ئەوی دیکەیان ناوی پاکستانیان لێنا و بووە وڵاتی ئیسلامەکان. بۆیە ئەوەی ئێستا لە عیراق لە نێوان شیعە و سوننە و کورد روودەدات، ئاماژەیەکە بۆ زەمینە خۆشکردنێکی خێرسکیانە بۆ پراکتیزە کردنی پرۆژەکەی بایدن–طلیب لە داهاتوودا بۆ دابەشکردنی عیراق بەسەر سێ هەرێمی سەربەخۆدا.

## هەوڵەکان بۆ دیاریکردنی سنووری نێوان هەر سێ هەرێمەکە:

**سەنتەرە** ئەمریکیەکە لە درێژەی لێکۆڵینەوەکەیدا ئاماژە بەوەدەکات کە بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەی دابەش کردنی عیراق چەندین پرسیار هەیە دەبێت وەڵام بدرێنەوە، یەکەمینی ئەو پرسیارانەش چۆنێتی کێشانی نەخشەی سنووریە لەنێوان هەر سێ هەرێمەکەدا؟ ئالێرەدا لێکۆڵینەوەی سەنتەرە ئەمریکیەکە وای دەبینێت کە ئەو پرۆسەی هاوسەرگیریانەی نێوان ئەندامانی پێکهاتە جیاجیاکانی عیراق کە لە بارودۆخی ئێستای کۆمەڵگەی عیراقیدا بەخۆیەوە دەیبینێت سیستمی نوێ ناچار دەکات رێز لەو کەمینانە بگیردرێت و بەمەش وا دەکات کێشانی نەخشەی سنووری لەسەر بنەمای جوگراف بکرێت!!. ئەمەش لەرێی بەکارهێنانی دیاردە سروشتیەکانەوە دەبێت وەك رووبارەکان و شاخەکان..لێکۆڵەرەوەکان پێیان وایە پارێزگاکانی باشوور هیچ کێشەیەکی سنوورییان نابێت ، چونکە زۆرینەی دانیشتوانی ئەو پارێزگایانە لە شیعە مەزهەبن. بەڵام کێشە راستەقینەکە لە پارێزگاو شارە سەرەکیەکانی وەك (بەغدا و موسڵ و کەرکوك)دایە. لێکۆڵینەوەکە رەخنە لە پرۆژەکەی بایدن–طليب دەگرێت و دەڵێت لە پرۆژەکەدا بەغدایان وەك شارێکی سەربەخۆی نێودەوڵەتی لێکردووە کە ئەم تێزەش وا دەکات ناسەقامگیری رووبدات و بە تایبەتیش لە کاتێکدا کە رێژەی دوو لەسەر سێی ئاوارەبوونەکان لە شاری بەغدا روویانداوە. بەو پێیە پێویستە بەغدای پایتەختی عیراق ببێتە بەشێك لە پرۆژەی دابەشکردنەکە هەرچەندە لە دەستووری ئێستای عیراقدا ئەوە چەسپاوە گەر هەر دابەش بوونێك لە عیراق رووبدات بۆ سێ هەرێم یان زیاتر، ئەوا بەغدا بە شارێکی سەربەخۆ دەمێنێتەوە. بۆیە دەستپێکردن بە پرۆژەی دابەشکردنەکە پێویستی بەچەندین ئامادەکاری پێشوەخت دەبێت وەك ئەنجامدانی چەندین پرۆسەی پێداچوونەوە و گۆڕأنکاری کردن لە چەندین ماددەی دەستووری بۆ ئەوەی پرۆسەی دابەشکردنەکە ئاسان بکرێت. لیکۆڵینەوەکە هەروەها ئاماژە بەوە دەدات کە دەبێت بەو پەڕی هەستیاری



هەواڵنامەی کتێب

و وورياييیەوە نەخشەی سنووری نێوان هەرێمەكان بكێشرێت، هەروەها پێشی وایە دەبێت ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بە هیچ جۆرێك دەستوەرنەداتە پرۆسەی نەخشەكێشانی سنوورەكانەوە بۆ ئەوەی خۆی بە دوور بگرێت لە تاوانبار كردنی بە لایەنگری كردنی لایەك لەسەر حسابی لایەنی بەرامبەری...بە گوێرەی بۆچوونی توێژەرەوەكانیش رێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان و كۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی دوو لایەنی پاڵێوراون بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە!!!...ئەمەش تەواو پێچەوانەی پرۆسەی دابەشكردنی ناوچەی (باڵكان) بوو كە پرۆسەكە بە سەرۆكایەتی (ریتچارد هۆڵ بروك)ی باڵیۆزی پێشووتری ئەمریكا بەرێوەدەچوو. بەهۆی نەبوونی متمانەی زۆرێك لەلایەنە عیراقیەكان و بە تايبەتیش عەرەبە شیعە و سوننەكان بە ئەمریكا، بارودۆخی ئێستای ئیدارەی ئۆباما لە عێراق لەو ئاستەدا نییە تا بتوانێت ئەو پرۆژەیە جێبەجێ بكات. لەم روانگەیەوە لێكۆڵینەوەكە ئاماژە بەوە دەكات كە چەندین پرەنسیپ هەیە پێویستە لە كاتی كێشانای نەخشەی سنووری نێوان هەرێمەكان بەهەند وەربگیرێت و حسابی بۆ بكرێت كە یەكەمینیان ئەوەیە ئەو سنوورە كێشراوە نوێیانە كاریگەری نەكەنە سەر پرۆژەی دابەشكردنی داهاتە نەوتیەكان، بەڵكو دەبێت بە جۆرێك بێت كە هەموو عیراقیەكان لەو رووەوە یەكسان بن. دووەمینیشیان ئەوەیە نابێت هیچ كەسێك كە لە پێكهاتە و ئاینزایەكی جیاواز لە زۆرینەی پێكهاتەی هەرێمێك بێت بە ناچاری رابگوێزرێت بۆ هەرێمێكی دیكە، بەڵكو ئەو پەڕی ئازادی دەبەخشرێتە هەموو هاووڵاتیەك بۆ بڕیاردان لە هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێ بوونی. سێیەمینیشیان ئەوەیە دەبێت چەندین یاسا و رێسای توند دابڕێژرێت بۆ رێزگرتن لە كەمایەتیەكان لە هەموو هەرێمێكدا و پاراستنیان بۆ ئەوەی بەدووربن لەهەر كارێكی توندوتیژی تایەفی..

لێكۆڵینەوە ئەمریكیەكە ئاماژە بەوەدەكات كە گەورەترین كێشەی بەردەم پرۆسەی دابەشكردن خۆی لە دابەشكردنی داهاتەكانی نەوتدا دەبینێتەوە. بەگوێرەی ئەو لێكۆڵینەوەیە زۆربەی زۆری رووداوەكانی شەڕی ناوخۆ لە دوای راپرسیەكە لەسەر دەستوور بەرپار بوو كە لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠٠٥ دا بەرێوەچوو، ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ هۆكاری ئەوەی پرۆسەی دابەش كردنی داهاتەكانی سامانی نەوتی

هەر بە پەنهانی هێشتبووەوە کە تا ئێستاش بەشێوەیەکی روون وەڵامی ئەو پەنهانیانە نەدراوەتەوە. هەروەها لێکۆڵینەوەکە ئاماژە بەوەدەدات کە سەرکردایەتی کوردی زۆر بەباشی توانیویانە بەشی خۆیان لە داهاتی نەوتی عیراقی بۆ هەرێمەکەیان بپچڕن، شیعەکانیش کۆنترۆڵی پارێزگاکانی باشوور دەکەن کە بەشی زۆری بیرە نەوتەکانی لە خۆگرتووە..بۆیە توێژەوەکانی سیاسەت و ستراتیژی ئەمریکی لەو بڕوایەدان تا سەرکەوتن لە پرۆسەی دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت لەسەرتاسەری عیراق بەدی نەیەت ئەوا هەر پرۆسەیەکی دابەشکردنی عیراق بۆ سێ هەرێم سەرکەوتوو نابێت. چونکە دابەشکردنی ئەو سامانە بە یەکسانی بەسەر سەرجەم عیراقیەکان دەبێتە مایەی دروستبوونی سەقامگیری ئەمنی و سیاسی ، باشترین شێوەش بۆ دابەشکردنی ئەو سامانە بە دادپەروەرانە دەبێت بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوانی هەر هەرێمێك ئەنجام بدرێت. بەڵام ئەو کۆسپ و تەگەرەیەی لەبەردەم ئەم تێزەدا دەوەستێتەوە ئەوەیە کە تائێستا سەرژمێرییەکی ورد و دروست لەبەردەستدا نییە.

## دروستکردنی ناسنامەی نوێ لە دوای دابەشکردن:

**لێکۆڵینەوە** ئەمریکیە تایبەتەکە بە پرۆسەی دابەشکردنی عیراق پێشنیازی ئەوە دەکات لە دوای جێبەجێکردنی پرۆژەکە دەبێت سیستمێکی نوێ بۆ دەرکردنی ناسنامەی تایبەت بە هەر هەرێمێك دەربکرێت بۆ ئەوەی لەرێگەی خاڵە پشکنینەکانی سەر سنووری نێوان هەرێمەکانەوە بتوانرێت لە هەموو کەسێك بکۆڵرێتەوە کە هاتووچۆی هەرێمەکان دەکات بەو مەبەستەی کۆنترۆڵی تیرۆریستان و ئەو کەسە توندرەوانە بکرێت کە دەیانەوێت ئاسایش و ئارامی هاووڵاتیان و هەرێمەکان تێکدەدەن. لێکۆڵینەوەکە لەو بڕوایەدایە جێبەجێکردنی ئەم سیستمە نوێیە بەشێوەیەکی مەزەندەکراو پێویستی بە نزیکەی (یەك ملیار) دۆلار دەبێت. ئالێرەشەوە ئەو پرسیارە گرنگە خۆی دەردەخات کە ئایا بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی دابەشکردنی عیراق بۆ سێ هەرێمی جیاواز، قەبارەی ئەو هێزە خواستراوە دەبێت چەند بێت بەتایبەتیش لە بارودۆخێکی هەستیاری وەك ئێستادا. لێکۆڵەرەوە

ئەمریکیەکانی بواری سیاسەت و ستراتیژی لەو بڕوایەدان پێویستیان بە نزیکەی (٣٠٠) هەزار سەرباز دەبێت بۆ کۆنترۆڵکردنی باری ئاسایش و ئەمنی نێوان هەرسێ هەرێمەکە.

## هێما سەرەتاییەکان لە نیازی دابەشکردنی عیراق:

پسپۆڕانی بواری سیاسەت و ستراتیژیەتی ئەمریکی دەڵێن چەندین بەڵگەی حاشاهەڵنەگر و هەستپێکراو هەن کە زۆر بە روونی هێما بۆ دابەشبوونی عیراق دەکەن بۆ سێ هەرێمی سەربەخۆ. ئەو پسپۆڕانە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن جیاکردنەوەی هێڵەکانی پانی (٣٦)ی تایبەت بە ناوچەی پاراستنی کوردەکان لە باکوور و هێڵی ٣٢ ی تایبەت بە ناوچەی دژە فڕین لە باشوور بۆ پاراستنی دانیشتوانی باشوور کە زۆرینەیان شیعە مەزهەبن دیارترین بەڵگە بوون بۆ نیەتەکانی ئەمریکا لە دابەشکردنی عیراق بۆ سێ هەرێمی جیاواز. هەرلە دوای ساڵی ١٩٩١ و دوای پرۆسەی رزگارکردنی کوەیت، ئەمریکیەکان زاراوەی سێ پێکهاتە سەرەکیەکەی عیراقیان کردە وشەی سەرەتای هەموو دەستەواژەیەکیان و جیهانیان لە گەڵ ئەو بارودۆخە راهێنا. تەنانەت وایان لەو حکومەتە عەرەبیانەش کرد کە بیرۆکەیەکی توندی عروبەیان هەبوو ناوی ئەو سێ پێکهاتەیە ببەن و بیکەنە شتێکی ئاسایی کە پێشتر باس کردنی بریتی بوو لە لەکەدار کردنی یەکریزی نەتەوەی عەرەب و کالکردنەوەی بیری شۆڤێنیزمی عەرەبی.
پسپۆڕان دەڵێن لە دوای جیاکردنەوەی ئەو دووهێڵە لە باکوور و باشوور، جیۆپۆلیتیکێکی نوێیان لە عیراقدا کردە واقیع و بە ئاشکرا دابەشیان کرد بۆ سێ هەرێمی تایبەت بە کورد و عەرەبی سوننە و شیعە.

ئەو خوێندنەوە سیاسیانەیەی لێکۆڵینەوەکەی پەیمانگای ناوبراو پشتی پێ بەستووە ئەوەیە کە بیرۆکەی پرۆژەی گەورەی خۆرهەڵاتی ناوەراستی نوێ لە ناوچەکە پەیرەو دەکرێت و پێ دەچێت ئەو پرۆژەیەش لە عیراقەوە دەست بەجێبەجێکردنی بکرێت. باس کردن و ناوبردنی سێ پێکهاتەی سەرەکی جیاواز لە عیراق بە بەردەوامی لە زمانی بەرپرسانی ئەمریکا و ولاتانی خۆرئاوا و دەزگاکانی راگەیاندنی خۆرئاوا و باس کردنی دروستبوونی شەری ناوخۆ لە نێوان عەرەبە شیعەکان و سوننەکان و قووڵبوونەوەی کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر و خستنەرووی مەترسی و ئەگەری بەرپابوونی شەر لە نێوان عەرەب و کورد هەموو ئەمانە خوڵقاندنی جۆرێك

لە کەش وهەوان بۆ بە واقیع کردنی ئەگەرەکانی دابەش بوونی عیراق بۆ ئەو سێ هەرێمە.

**پسپۆرانی نێودەوڵەتی وشارەزایانی بواری عیراق دەڵێن چەندین فاکتەر هەن لەسەر زەمینەی واقیع بوونەتە رێگەخۆشکەر بۆ بەدیهاتنی پرۆژەی دابەشکردنی عیراق . لە گرنترین ئەو فاکتەرانەش:**

١ –بەرنامە سیاسی و سەربازی و ئابوریەکانی ئەمریکا لە عیراق کە بەشێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ سێ هەرێمدا بەرێوەی دەبات.

٢ – بوونی ئەجێندا هەرێمایەتی و عەرەبیەکان لەسەر خاکی عیراق کە هەریەکەیان بەرژەوەندی خۆیانیان بە یەکێك لەو سێ پێکهاتەوە گرێداوەتەوە.

٣ – پەرەسەندنی ناسنامەی کوردبوون و شیعە بوون و سوننە بوون لە عیراقدا و کاڵبوونەوەی ناسنامەی عیراقیبوون.

٤ –نەبوونی بەرنامەیەکی هەمەلایەنەی عیراقی کە بەشێوەیەکی یەکسان و دادپەروەریانە هەرسێ پێکهاتە سەرەکیەکە لە ژێر یەك چەتردا کۆبکاتەوە.

٥ –دابەشبوونی یەکە و هێزەکانی سوپای عیراقی بەسەر سێ پێکهاتەدا واتە لەهەر هەرێمێك سوپاکەی لە پێکهاتەی خۆی پێکدێت، ئەمەش دابەشبوونێکی واقیعیە لەسەر ئاستی سەربازی .

چاودێرانی سیاسی ئەمریکی دەڵێن لە دوای پرۆسەی ئازادکردنەوە لە ساڵی (٢٠٠٣)، عیراق لەسەر زەمینەی واقیع لە رووی سنووری جوگرافی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت تا ئاستێکیش لە رووی سەربازیەوە دابەش بووە بەسەر سێ هەرێمی جیاوازدا، بەڵام تەنها لەرووی سیاسیەوە دان بەو دابەش بوونەدا نەنراوە. هێزە سیاسیەکان و سیاسەتمەدارە عیراقیەکان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ وە نەیانتوانیوە وەك عیراقیەك لە گۆرەپانی سیاسی عیراقدا کاربکەن. ئەوەی زۆرتر رۆڵ لە هەنگاوناندا دەگێرێت بۆ دابەشکردنی عیراق ئەمریکا و خۆرئاوا نییە، بەڵکو خودی عیراقیەکان خۆیانن کە ناتوانن کێشەکانیان بە هزرێکی عیراقیانە چارەسەر بکەن. بەڵکو هەر پێکهاتەیەك لەو پێکهاتانە و بەتایبەتیش سوننە وشیعەکان خۆیان بە خاوەنی عیراق دەزانن و دەیانەوێت لایەنی بەرامبەر لاواز بکەن. ئەمەش ئەو بێ متمانەییەی لە نێوانیان دروستکردووە کە تا دێت قووڵتر دەبێتەوە تا دەگاتە ئەو ئاستەی هیچ ئاسۆیەك بۆ پێکەوەژیان نامێنێتەوە و تاکە چارەسەر تەنها جێبەجێکردنی پرۆژەکەی (بایدن –طليب)ە بۆ دابەشکردنی عیراق بەسەر سێ هەرێمی سەربەخۆ ..هەرێمێکی تایبەت بە کورد و هەرێمی دیکەش بۆ عەرەبە سوننەکان و هەرێمی باشوورییش بۆ شیعەکان....



# بەهاری عەرەبی
# و
## هەندێ سەرنجی ئیتمونۆژی

هەواڵنامەی

دانا ئەحمەد مستەفا*

لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا، شەپۆلی راپەڕینێکی جەماوەری زۆربەی وڵاتانی عەرەبی هەژاند. ئەگەرچی راپەڕینەکە کتوپڕ و بێبەرنامە بوو، بەڵام لەماوەی چەند رۆژێکدا زۆربەی جەماوەی ئەم وڵاتە عەرەبییانە، بەهەموو چین و توێژ و بیروباوەڕی جیاوازەوە رژانە سەر شەقام و گۆڕەپانەکانی شار و هاواری رووخانی رژێمیان لێ بەرز بوەوە.

حوکمڕانەکانی ئەو وڵاتە بەهەموو دامودەزگاکانیانەوە، تەماشاکەرێکی شپرزە بوون، چونکە نەخاوەنی ئیرادە و ویژدانێکی ساغ و بێ خەوش بوون و نە بنکەیەکی فراوانی خەڵکیشیان لەگەڵدا بوو، تاکو لەڕێیەوە پردێکی پەیوەندی و گفتوگۆ لەنێوان خۆیان وخەڵکدا دروست بکەن. سەرەتا راپەڕینەکە لە تونسەوە دەستی پێکرد، دواتر میسر و لیبیا و... پاشان سوریا ویەمەن. راستە راپەڕینەکە کتوپڕ بوو، بەڵام بەرئەنجامی کەڵەکە بوونی کۆمەڵێك هۆکاری ناوەکی بوون کەلە پێشیانەوە: دەسەڵاتی رەها و ستەمکارانە بوو، تەنگەبەرکردنی مەوداکانی دیموکراسییەت و ئازادی سیاسی و گەندەڵییەکی بێ سنوور کە لەسەر بنەمای پەیوەندی نادروست لەگەڵ لایەن و وڵاتانی تر و بەرژەوەندی تاکە کەسی و دوور لە هەر بنەمایەکی نیشتمانی و نەتەوەیی بنیاتنرابوو.

تەنانەت هەندێکیان لە وڵاتە هەرە دەوڵەمەندەکانی دنیا (وەك لیبیا) کەچی بەدرێژایی حکومڕانی زۆربەی ئەو سەرکردانە نەیانتوانی گەشەیەکی دیار بەلایەنی ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی وڵاتەکەیان بدەن، و دادوەرییەکی کۆمەڵایەتیش دروست بکەن.

راستییەکەی ئەوەیە، بەدرێژایی مێژووی عەرەب دەسەڵات کێشەی یەکەمیان بووە، ململانێکردنیان لەپێناوی دەسەڵاتدا هۆکاری یەکەمی ئاژاوە و شەڕە

ناوخۆییەکانیان بووە. تەنانەت هۆکاری سەرەکی جیابوونەوەکان و هاتنەکایەی ئاینزا جۆراوجۆرەکانیش بووە. دەسەڵات لەلایەن خەڵکەوە دانەنراوە تا گوزارشت بێت لە ئیرادەی گەل، بەڵکو لەسەرەوە سەپێنراوە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە توندوتیژی و کوشتن وبڕین بەشێوەیەکی نیمچە ئۆرگانی تەشەنە بکات لە نێویاندا. بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی ئێمە خەتی راستوچەپ بێنین بەسەر دەستکەوتەکانی عەرەبدا وەك بوونی خەلیفە و دەستکەوتی رۆشنبیری و شارستانیە گرنگەکان. بەڵام لەهەمان کاتدا هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو ململانێیەش ناتوانرێت فەرامۆش بکرێت کە لە مێژووی عەرەبدا هەبوون. هەر لە سەرەتای شەڕە ناوخۆییەکانی ئیسلامەوە، بۆ سەردەمی خەلیفە راشیدییەکان، تا دەگاتە هەردوو سەردەمی ئومەوی و عەباسی، وپاشتریش ئەندەلوس.

لەسەروبەندی رووخاندنی خەلافەتی عوسمانییەوە، حوکمی عەرەبی لەژێر چەندین شێواز و ناودا لەسەر شێوەی خەلافەت بنیاتنرا: (الملکی-پادشایەتی، الجمهوری-کۆماری، الدیموقراطي-دیموکراسی)، هەروەکو کۆمەڵێك رێکەوتننامە سازدرا لەناو خودی ئیسلام و لەگەڵ دوژمنانی ئیسلامدا بۆ لەدەست نەدانی دەسەڵات.

لەناو ئەو مێژووەدا فەلەستین نموونەیەکی کارەساتئامێزی عەرەبە لەبەردەم شەیدا بوونی بۆ دەسەڵات، حیزبە فەلەستینییەکان کە سەرچاوەیەکی شۆڕشگێڕیان هەبووە، لەیەك خاڵدا یەکیان گرتۆتەوە ئەویش وەستان بوە دژ بەو تەنها مەترسیە چارەنووسسازە، یەکەم شتێکیش رووبەڕووی بوونەتەوە و خەباتیان بۆ کردووە شەیدابوونیان بووە بۆ دەسەڵات. کێشەی هەوڵدان بۆ دەسەڵات بەشێوەیەکی فراوان کەوتۆتە نێو ریزەکانی حیزب خۆشیەوە، هەر لەسەرەتای ناوەڕاستی سەدەی رابردووەوە، کێشەکانی ململانێ لەپێناوی دەسەڵاتدا، بەو دەرئەنجام و نیشانانەی کە هەیبوو هیچی کەمتر نەبووە لە خەتەری کێشەکانی ململانێ لەگەڵ دەرەوەی داگیرکەردا: دیموکراسی سوریا و یەمەن نموونە بێ چەندوچوونەکانن لەم مەسەلەیەدا.

هەواڵنامەی کتێب

وەك ئاماژەمان بۆكرد، لەرابردوودا دەسەڵات لەسەرەوە ئەسەپێنرا، یان بەهۆی میراتییەوە یان لەڕێی خیلافەت و پادشایەتییەوە یاخود بەهۆی پەلاماردانی تاقمێك بەسەر تاقمێكی تردا. لەسەردەمی نوێدا (كودەتای سەربازی) نموونەی دڕندەترینی ئەو پەلامارانەیە، هەروەها كوشندەترین و نەفامترینیشیانە. هەنووكە، ڕاپەڕینە عەرەبییەكان بیرمان ئەهێننەوە كە ئەكرێت دەسەڵات لەخوارەوە دابمەزرێت، لەشەقام و خەڵك وژیانەوە. ئەمەش تەواو تازەیە لە مۆدێلی عەرەبیدا. بۆیە پێویستە پێشوازی لەم گۆڕانە بكەن، پارێزگاری بكەن، یارمەتی بدەن، كایەكانی قوڵتربكەنەوە و یاریدەی بدەن. ئەمە تەنها چاندن و وەشاندنە ئەگەرچی دوورینەوە پێویستە بۆ ئەوەی بەبەرتر و داهێنەرانەتر بێت، تا ببێتە خەباتێكی دوولایەنە، دژ بەو مۆدێلە لە دەسەڵاتدارێتی عەرەبی كە پەیڕەوی كردووە، مۆدێلی ئایینی سەدەكانی ناوەڕاست، بەهەموو هەمەرەنگی بەیەكداچوونەكانیەوە.

هەندێك ڕایان وابوو كە ڕاپەڕینی بەهاری عەرەبی لە تونس و میسر و یەمەن و بەحرەین و سوریا و لیبیا درێژكراوەی شۆڕشی ئیسلامییە لە ئێران دژی دەسەڵاتی پادشایەتی ئەو وڵاتە، یان لاساییكردنەوەیەكی ئەو بزووتنەوە میللیە دیموكراتییەی ئەندۆنوسیایە كە لە ١٩٩٨ ڕژێمی سەربازی و دیكتاتۆری سۆهارتووی هەرەس پێهێنا. یان درێژكراوەی ڕاپەڕینی ئورزی یەك ملیۆنییە كە ساڵی ٢٠٠٥ لوبنانی لەژێر دەسەڵاتی سەربازی ئەمنی سوریا ڕزگاركرد. یان لاسایی كردنەوەی بزووتنەوەی بێزاری و نارەزایی دەربڕینی سەوزیی ٢٠٠٩ی ئێرانە، كەلە دژی دەستێوەردانی هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی بۆ سەركەوتنی مەحمود ئەحمەدی نەژادی پاڵێوراوی ڕژێم كرا. هەیشبوو دەیووت لەو

راپەڕینە ئاشتیخوازانە گەورەیە دەچێت کەساڵی ١٩٨٦ لەدژی دیکتاتۆری فلیپین فردیناند مارکوس و ئیملیدای ژنی بۆ بەرژەوەندی فەرمانڕەوایەکی دیموکراتی نوێکراو خەڵك پێی قایل بوو.

## کۆتایی

**باشترین** لایەنی راپەڕینەکانی عەرەب، بریتییە لەوەی سیستمە پۆلیسییە شمولییەکانی ناچارکرد بێ ویست و حەزی خۆیان بکرێنەوە. راپەڕینەکان بۆ یەکەم جارە ئەو سیستمانەی تۆقاند و وایلێکردن لە لوتبەرزی خۆیان، گەرچی کەمیش بێت، بێنە خوارێ. ناچاریکردن بۆ یەکەمجار لە مێژوویاندا مانای گفتوگۆ و دانوسان بزانن، تەنانەن ئەگەرچی لانی کەم ئەو گفتوگۆ و دانوسانە لەگەڵ خودی خۆشیاندا بێت.

کێ بیستوویەتی باوکی خێزانێکی عەرەبی یان یان سەرۆك عەشیرەتێك، گفتوگۆ لەگەڵ ماڵ و حاڵی خۆیدا بکات؟

شوورەییە، نابێت، ئەوە لە شان و شکۆی کەمدەکاتەوە. ئەگەر ئەوان وابن، ئیدی دەبێت سەرۆك یان سەرکردە چۆن بێت؟ ئەوە حەقیقەتە، لێرەوە تازەترین تیۆری فەلسەفی هابرماس لەمەڕ گفتوگۆیەکی کارلێکەری بەردەوامی دیموکراسی شارستانی، لای ئێمە پراکتیزە ناکرێت، هابرماس لە بنەڕەتدا ئەو تیۆرییەی لە میانەی ئەزموونی گەلانی پێشکەوتوو گەڵاڵە کرد و لەپێناو ئەوانیشدا ئەنجامیدا. چونکە تەنها ئەقڵە رۆشنگەرەکان دەتوانن بە هێنمی گفتوگۆو دانووسان بکەن. هەرچی ئەوانی دیکەشە، دەست دەدەنـە یەك و تەنانەت لەژێر چەتری پەرلەمانیشدا یەکتر بۆڕ دەدەن، تەماشای ئۆکرانیا بکەن کە نموونەیەکە لە چەندین نموونە. لێرەوە بۆ ئەوەی ببین بە دیموکراسی، تەنها ئەوە بەس نییە کە لەبەر هەر هۆیەك بێت زاراوەی دیموکراسی



هەواڵنامەی کتێب

بڵێینەوە، بەڵکو پێویستە بزانین چۆن مومارەسەی دەکەین، واتا چۆن و تاچەند دەتوانین بەرگەی جیاوازییەکانی یەکتر دەگرین، بێ ئەوەی دەست درێژی بکەینە سەر یەك، ئەمە یەکەم هەنگاوی دیموکراسیە. دیموکراسی پرۆسەیەکی دورودرێژە بۆیە تەمەنی دەوێت، کەواتە با لە خاڵی دەستپێکەوە دەستپێبکەین.

بەڵام نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت کەهەندێ لایەنی تاریك و ناڕوون لەم شۆڕشانەدا بەدی دەکەین، کە تا ئێستا لەرووی سیاسیی و فەرهەنگییەوە نەتوانراوە بەتەواوی دەستنیشان بکرێت، بەڵام ئەوەی روون و ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەو شۆڕشانە دەکرێ لە سیاقی خۆیاندا راست بن، واتە بۆ شوێنکاتی هەنووکەیی حوکمی عەرەبی راست و گونجاوبن، و زەنگێکی ئاگادارکردنەوەش بێت بۆ وڵاتانی دەوروبەر، بەڵام خەیاڵکردن بەوەی ئیتر ئەوە شەپۆلی لافاوێکی سیحرییە و ئەبێت تەڕو وشکی پێوە بسووتێ ئەوە تەنها لە هەندێ فەرهەنگدا ماوە!..

*مامۆستای زانکۆی سلێمانی.



# ڕووخانی لۆکاڵ
# لە سەردەمی گلۆباڵدا

جەمال حسێن

هەواڵنامەی کتێب

له‌کۆتاییه‌کانی سه‌ده‌ی نۆزده‌دا، پاش زیاتر له‌سه‌د ساڵ له نووسین و گفتوگۆ له‌نێوان نوخبه‌یه‌کی رۆشنبیری عـه‌ره‌ب، که قاهیره سه‌نته‌رێکی سه‌ره‌کی ئه‌و گفتو گۆیانه بوو، له‌گه‌ڵ رۆحی به‌ره‌نگاری کۆلۆنیالیزمی خۆرئاوایی، سه‌ره‌نجام ئاراسته‌ی نوێکردنه‌وه‌ی ده‌سه‌ڵاتو سه‌رکه‌وتنی گوتاری ناسیۆنالیزمی عه‌ره‌بی زاڵ بوو به‌سه‌ر دۆخی سیاسی و ده‌وڵه‌تدا. هه‌رچه‌نده له‌سه‌ره‌تادا رژێمه پاشاییه‌کان وه‌کو پاشماوه‌ی کۆلۆنیالیزمی ئه‌وروپی جێگیر بوون، به‌ڵام هه‌رزوو له‌لایه‌ن هێزه ناسیۆنالسیته عه‌ره‌بیه‌کانه‌وه کۆتاییان پێ هێنراو له‌بری ئه‌وان رژێمی کۆماری ناسیۆنالیسیتی جێگیرکرا. له جیهانیعه‌ره‌بیدا نمونه‌ی رووخان و شکستی جۆرێك له فه‌رمانره‌وایی ده‌بینین که مۆدێلێکی ناسیۆنالیستی فاشیانه‌ی نادیمکراسییه و له سه‌ره‌تاکانی سه‌ده‌ی رابردووه‌وه چه‌که‌ره‌ی کردو له نیوه‌ی دووه‌می هه‌مان سه‌ده‌دا ده‌سکرا به‌دامه‌زراندنی له‌سه‌ره‌تای ئه‌م سه‌ده‌یه‌شدا ورده ورده ئه‌م مۆدێلانه به‌ره‌و له‌ناوچوون ده‌چن. ئه‌م قوتابخانه‌یه به‌رهه‌می زاڵکردنی یه‌ك ئایدۆلۆژیاو ویه‌ك حیزب‌و یه‌ك بڕیاری سیاسییه. که ئه‌گه‌ر ئه‌م مۆدێله بۆسه‌رده‌مه‌کانی پێشوتر له‌توانایدا بوبێت بمێنێته‌وه له ده‌سه‌ڵاتدا که هه‌موو سه‌رچاوه‌کانی مه‌عریفه‌و زانیاری له‌ده‌ست ده‌وڵه‌ت یان حیزبدا بووبێت، ئه‌وا بۆ سه‌رده‌می ئێستا که زیاد له ده‌یان سه‌رچاوه‌ی هه‌مه‌جۆرو جیاواز له کۆمه‌ڵگادا کارده‌که‌ن و وشیاری کۆمه‌ڵایه‌تی دروست ده‌که‌ن و ئاراسته‌ی ده‌که‌ن، ئیدی دوای پاشه‌کشه‌ی ده‌سه‌ڵات به‌سه‌ر مه‌عریفه‌دا، دۆڕانی ده‌سه‌ڵاتیش به‌سه‌ر سیاسه‌تدا دێت.

بالێره به‌دواوه هه‌وڵ بده‌ین زۆرتر له‌سه‌ر ئه‌م دیوه‌ی کۆمه‌ڵگای عه‌ره‌بی بوه‌ستین، که کۆمه‌ڵگای سه‌رده‌می گلۆبالیزمه، له‌به‌رامبه‌ر ده‌سه‌ڵاتێکدا که بۆ سه‌رده‌می شه‌ڕی سارد ده‌گه‌ڕێته‌وه وتوند ده‌ستی گرتووه به‌داخراویه‌کانی.



هه‌ولێری کتێب

یەکەمین تایبەتمەندی کۆمەڵگای عـەرەبـی، لەهەموو ئاستە سیاسی و کۆمەڵایەتیو مەعریفیەکەی، داخرانیەتی بەڕووی نوێگەریدا، قەتیس بوونیەتی لە مێژووداو سوڕانەوەیەتی لەناو بازنەیەکی داخراودا. بەجۆرێك کەهەموو هەوڵێك بۆ دەرچوون لەو واقیعەو نزیك بوونەوە لەسەردەمێکی تر، تۆمەتبار کراوە بە بیدعەو دوورکەوتنەوە لە رۆحی عەرەبی. بەم جۆرە شوناسی عەرەب بوون جیانەکراوەتەوە لەو شوناسە کۆنینەی کە بەمیرات بۆ ئەو سەردەمە ماوەتەوە. قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکانی کە کۆمەڵگای عەرەبیدا پێیدا رۆشتووە، چ سەردەمی کۆلۆنیالیزم بێت، یان سەردەمی دەوڵەتی پاشایەتی یان سەردەمی دەوڵەتی ناسیۆنالیستی، رۆحی عەرەب رۆحێکی نۆستالیژی بووە، هەمیشە گەڕانەوە بووە بۆ مێژوو، بۆ دواوە، بەڵام بەگۆشەنیگاو ئایدۆلۆژیای جیاوازەوە. هەر ئەو خاڵەی هەموو هێزو گروپە عەرەبیەکانی کۆکردۆتەوە، خاڵی کۆکەرەوەی گووتاری عەرەبی، هەر هەمان ئەو خاڵە جارێکی تر جیای کردوونەتەوە، ئەویش سوڕانەوەیە لە نێو رابردووی عەرەبیدا، نەبوونی وزەی جوولان بەرەو پێشەوەو جێ هێشتنی شوناسی سەردەمەکانی رابردوو، ئەوەی کە بیرمەندێکی وەکو جۆرج تەرابیشی ناوی دەنێت بە نەخۆشی شیزۆفۆنیای کۆمەڵی عەرەبی. کەبریتیە لە دەستدانی توانای دورکەوتنەوەو رزگار بوون لە یادەوەریەك. تا ئەوەی مرۆڤەکە لەبری ئەوەی بتوانێ وەکو کەسێکی ئاسایی بژی و مامەڵە لەگەڵ پێشهاتەکاندا بکات، هەمیشە لە گۆشەنیگای رابردووەوە داهاتوو دەبینێت. ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە هەرچەندە لە رووی فیزیکیەوە لە ئێستادا بژین، لەرووی مەعنەویو رۆحیەوە لە رابردوودان. ناسیۆنالیزمی عەرەبی، هەرچەندە لەرووی فۆرمەوە مۆدێلێکی تازەی دەسەڵاتداری دروستکرد کە نەئاینی بوو وە نەپاشایەتی، بەڵام لەهەمان کاتدا بەتاڵ بوو لە هەر ناوەڕۆکێکی فیکری ناسیۆنالیستی. ناسۆنالیزم بەمانایەك لەماناکان هەڵوەشاندنەوەی دووجۆر لە ئینتمایە، ئینتمای خێڵو مەزهەبی، وەلەبری ئەوە درووستکردنی ئینتمایەکی تازەیە کە ئینتمای نەتەوەییە ، وەکو دۆرکهایمەر باسی دەکات. واتە لە فەزای نەتەوەدا وەکو بزووتنەوەیەکی سیاسیو ئایدۆلۆژیایەك، ئینتمای نەتەوەیی لەسەروو ئینتماکانی ترەوە دەبێتو لەسەر ئەو

بنه‌مایه‌ش وشیاری گشتی دروست ده‌بێت. ئه‌م شوناسه دابڕان نییه له كه‌لتوورو كه‌له‌پووری میللی، به‌ڵكو گۆڕینیه‌تی بۆ سه‌رمایه‌ی مه‌عنه‌وی و ره‌مزی، له‌گه‌ڵ به‌خشینی قودره‌تی نوێكردنه‌وه‌و دارشتنه‌وه‌ی له قالبێكی ناسیۆنالیستی مۆدێرندا. به‌ڵام ناسیۆنالیستی عه‌ره‌بی نه‌ك ئه‌وه‌ی نه‌كرد، به‌ڵكو له ئاستی ناوه‌ڕۆكدا نه‌یتوانیوه ته‌جاوزی ئه‌م كه‌لتووره بكات، ته‌نها له‌سه‌ر ئاستی شكڵیدا نه‌بێت. بۆیه هه‌ندێك جار به مۆدێرنه‌ی عه‌ره‌بی ده‌وترێت مۆدێرنه له‌ئاستی توێكڵدا (الحداثة القشروية).

ئه‌م ناسیۆنالیسته عه‌ره‌بیه له‌بری ئه‌وه‌ی ئینتمای سیاسی مه‌زهه‌بو خێڵ جێ بێڵێت، بۆ دروستكردنی ئینتمایه‌كی تازه‌ی نیشتمانی و نه‌ته‌وه‌یی و له‌سنووری ده‌وڵه‌تی نه‌ته‌وه‌یدا كۆیان بكاته‌وه، له‌بری ئه‌وه له ئینتمای مه‌زهه‌بی و خێڵه‌كی ئینتمایه‌كی تازه‌ی دروستكرد كه هه‌موو ده‌ماره سه‌ره‌كییه‌كانی خێڵو مه‌زهه‌بی تیایه، به‌ڵام له فۆرمدا خۆی گۆڕیوه‌و به‌ناوێكی تره‌وه خۆی خستۆته ڕوو. ده‌وڵه‌تی نه‌ته‌وه‌یی له ژینگه‌ی سروشتی خۆیدا، بزووتنه‌وه‌یه‌كی دیموكراسیه، به‌شێكه له پرۆسه‌ی له‌دایك بوونی چه‌مكی هاووڵاتی له بۆته‌ی نیشتیمان و نه‌ته‌وه‌دا. ئه‌وكاته‌ی ده‌وڵه‌ت ده‌بێته مه‌خلوقێكی نه‌ته‌وه‌یی، له‌سه‌ر ئه‌و بنه‌مایه خۆی به‌رجه‌سته ده‌كا دروست ده‌بێت، تاكه ڕێگای ئه‌م ده‌ركه‌وتنه‌یه ئه‌وه‌یه كه‌س له‌سه‌رووی نه‌ته‌وه‌وه نییه، هه‌مووان وه‌كو چۆن ئه‌م شوناسه كۆیان ده‌كاته‌وه‌و دروستیان ده‌كات، به‌هه‌مان شێوه له‌ڕێگای دامــه‌زراوه یاساییه‌كانی وه‌كو په‌رله‌مان، حكومه‌ت، ته‌عبیر له‌و ڕاستیه وجودیه ده‌كات، ڕاستی ئه‌وه‌ی كه گه‌ل هه‌موو نه‌ته‌وه ده‌گرێـته‌وه، نه‌ته‌وه‌ش هاوزمان و هاومێژووه‌كانن له‌یه‌ك نیشتیماندا. گووتاری ناسیۆنالیستی عه‌ره‌بی، هه‌روه‌ها ئه‌و ده‌وڵه‌ته‌شی كه دروستی كرد له سه‌ده‌ی ڕابردوودا نه‌ك هه‌ر نه‌یتوانی ئه‌وه بكات، وه‌نه‌ك هه‌ر ته‌نها درێژبوونه‌وه‌ی هه‌مان گووتاری كۆنینه‌ی عه‌ره‌بی بووه، به‌ڵكو زیاتر له‌وه‌ش وه‌همی ئه‌وه‌شی كوشت كه ئه‌م جیهانه پێویستی به گۆڕینه، پێویستی به نوێبونه‌وه‌یه. چونكه هه‌ڵگرانی گووتاری ناسیۆنالیستی و ده‌وڵه‌تی نه‌ته‌وه‌یی له نیشتمانی عه‌ره‌بیدا نه‌یانتوانی هه‌موو خێڵه‌كانی ناو كۆمه‌ڵگاكانی خۆیان له‌خێڵێكی

گەورەتری وەکو نەتەوەدا بتوێننەوەو مافی یەکسانیان پێ ببەخشن لەبەشداری سیاسیدا، وەکو لیبیا، یان هاونیشتمانیە مەزهەب جیاوازەکان لەدۆخی کەسانی بیانی و نامۆ دەرنەچوون لەناو لاشەی ئەو دەوڵەتانەدا، وەکو میسرو عیراق، ئەمانە ئاماژەی گەورەی شکستی پێش وەختی ئەو بزووتنەوانەن کە سەرەتا بەناوی نوێگەرییەوە دەستیان پێکردو دواتر بوونەوە تۆخکەرەوەیەکی سەرسەختی هەمان ئەو گووتارەی گوایە بۆ تەجاوزکردنی لە دایك بوونی دروست ببوون.

دوای رووخانی بلۆکی خۆرهەڵاتی و کۆتا هاتنی جەنگی سارد، بە رووخانی دیواری بەرلین ئیدی قۆناغێکی تازەی سیاسی و مێژوویی شارستانی دەستی پێکرد. کە یەکەمین لێکەوتەی ئەم جیهانە تازەیە بریتیە لە گۆڕانی بەردەوام و نەوەستانەوە لەسەر یەك مۆدێلی دیاریکراو. رووداوی لەدایك بوونی سیستمێکی نوێی جیهانی، تەنها رووداوێکی سیاسی نەبوو، بەڵکو سەرەتایەکی تازەی شارستانیەتی مرۆیش بوو، بەشێك بوو لەو کۆمەڵگا جیهانیەی لەژێر فشاری زۆر دەرکەوت و دیاردەی زانستی و تەکنەلۆژی تازەوە لەدایك بوو. بەکۆتایی هاتنی جەنگی سارد کۆتایی بە کۆمەڵگای تاك رەهەند و تاك رەنگ هات، بەپێچەوانەوە دۆخی تەکنەلۆژیای پەیوەندی ئەم جۆرە لە کۆمەڵگای تەقلیدی کۆتایی پێ هێنا و کۆمەڵگایەکی فرە کلتوورو فرە سەرچاوەی مەعریفەو فرە زمانی دروست کرد. کۆمەڵگای تەقلیدی مەبەستم ئەو کۆمەڵگایانەیە کە خاوەنی تەنها یەك زمانن، یەك کلتوورو یەك خەیاڵی گشتی کۆی دەکاتەوە، پەیمانێکی کۆمەڵایەتی گشتی رێکی دەخاو لە رۆژهەڵاتیشدا بەتایبەت لەرۆژهەڵاتی عەرەبیدا یەك حیزب و یەك سەرکردەو یەك سەرچاوەی وشیاری کە راگەیاندنە وشیاریەکەی دیاریدەکات. ئەمرۆ لە هەموو کاتێك زیاتر ئەم مۆدێلە لەژێر زەبری ئاڵوگۆڕە تەکنەلۆژیاکاندا ترازاوەو بنەما سەرەکیەکانی لەرزیوە. ئێمە ئەمرۆ خاوەنی کۆمەڵگایەکی فرە کەلتوورین، فرە شوناسو فرە پەیوەندین، فرەزمان و فرە سەرچاوەی هەمە جۆری مەعریفین، فرە خەیاڵو فرە گووتارین. بەواتایەکی تر ئەو شۆڕشانەی ئێستا روو دەدەن، تەنها رووداوی سیاسی نین، بەڵکو رووداو و لێکەوتەی

کۆمەڵایەتیشن. بەشێکن لە دەرئەنجامەکانی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر کۆمەڵگاکاندا هاتووە لەڕووی تەکنیکیەوە، بێ ئەوەی ڕژێمەکانیان توانای ئەوەیان بووبێت تەریب لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانە برێك لەو گۆڕانکاریانە بەدی بێنن کە لانی کەمی تینوێتی کۆمەڵگاکان بشکێنێت. بەواتایەکی تر بەرلەوەی لەڕووی سیاسیەوە گۆڕانکاری ڕووبدات، پێشتر لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە گۆڕان ڕوویداوە. ئەو مۆدێلە تازەیە لە کۆمەڵگا لەسەردەمی گلۆباڵدا، لەلایەن تیۆریستانی کۆمەڵناسییەوە، لەسەرڕووی هەموویانەوە (کاستلێر) ناونراوە بە کۆمەڵگای تۆڕ، کەمەبەست لێی ئەوەیە کۆمەڵگای تازە لەسەرڕوو سنوورە نەتەوەیی و سیاسیەکانەوە، بەتۆڕێك لە پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی زانیاری بەیەکەوە بەستراوەتەوە، لەدەرەوەی دەسەڵاتی سیاسی دەجوڵێ. شووناسی ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە، یان گرنگترین تایبەتمەندی ئەوەیە کە کۆنترۆڵ ناکرێت و تادێت سنوورەکانی مومارەسەکرنی ئازادیە فیکری و سیاسیەکانی لە فەزای تەکنەلۆژیای تازەدا فراوانتر دەبێت. ئاسانبوونی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی زانیاری لەناو کۆمەڵگادا، دیاردەیەك نییە تەنیا لەدنیای تەکنەلۆژی دا بمێنێتەوە، بەڕۆشتنی کات ئەم دۆخە دەگوازێتەوە بۆ جیهانی واقیع. لەسەردەمی پەیدابوونی چاپخانەو زۆربوونی ڕۆژنامەگەریدا، وەکو تیۆریستەکانی ناسیۆنالیزم پێمان دەڵێن، سەرەتاکانی شووناسنامەی نەتەوەیی و وشیاری نەتەوەیی لەدایك بوو، لەسەدەی ڕابردووشدا دەرکەوتنی تەلەفزیۆن و سینەما، سەردەمێکی تری گەشەکردنی شارستانیەت و کۆمەڵگایە، بۆیە ڕەنگە هەڵەمان نەکردبێـت کە بڵێن تەکنەلۆژیای پەیوەندی لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێك بەها و پرەنسیپ دەباتە دواوەو لەبری ئەوە نەخشەیەکی تازەی کۆمەڵایەتی و سیاسی پێشنیار دەکات. کە لەسەرڕووی هەمو خەسڵەتەکانیەوە ئەوەیە کۆمەڵگا چیتر لە ڕێگا تەقلیدیەکانی زمان و بەیەکگەشتنەوە ئاڵوگۆڕی هەڵوێست و زانیاری ناکات، بەڵکو لە ڕێگای تەکنەلۆژیایەکەوە کە تادێت دەست خستنو بەکارهێنانی ئاسانتر دەبێت. ئەمە وەکو (کاستلێر) لەبەرگی دووەمی کتێبە نایابەکەیدا (کۆمەڵگای تۆڕ) باسی دەکات، هۆکاری یەکەمی ئاشکرابوونی گەندەڵی ڕژێمەکان و لەرزۆك بوونی ڕژێمە پۆلیسیەکانە. چونکە نەدەتوانرێت زانیارییەکان

تاسەر بشارێنەوە، نە دەشتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت. لاشەی سووتاوی بو عەزیز لە تونس و خالید سەعید لە  میسر، بەهۆی ئەم تەکنەلۆژیایەوە لەماوەیەکی کەمدا بوونە دوو سومبولی بەرەنگاری رژێمە ستەمکارەکان و بەهەزاران گەنج بانگەشەی تۆڵەیان بۆکردن. بڵاو بوونەوەی وێنەکانیان گەورەترین مەسیجی نارد بۆ وروژاندنی سەرجەمی ئەو کەسانەی بەهۆکاری جیاجیای ئابووری و سیاسی و ئایدۆلۆژی نەیاری رژێمەکانیان بوون. تەکنەلۆژیای تازە  ئەگەر نەشتوانێ نارەزایەتی دروست بکات، بەڵام دەتوانێ درێژەی پێبدات، رێکی بخات و بەردەوامی پێبدات و فراوانتری بکات. با لەمیسرەوە لەم وێنەیە بڕوانین، لەوەتەی رژێمی میسری هەیە هەژاری یەکێك بووە لە گرفتە بەردەوامەکانی ئەو کۆمەڵگایە، بەپێی دواین ئامارەکانی سەردەمی موبارەك هەژاری هۆکاری یەکەمی ئەوەبوو ساڵانە زیاتر لە دەهەزار کەس تەنها لە قاهیرە خۆی کوشتووە، زیاتر لە پانزە ملیۆن هاووڵاتی لە گۆڕستان و کەلاوەکاندا ژیانیان بەسەر بردووە، زیاتر لە نیوەی ئەم کۆمەڵگایە ساڵانە داهاتەکەی کەمتر لە شەش سەد دۆلار بووە، لەبەرامبەردا کەمینەیەکی دەسەڵاتدار وەکو سەردەمی فیرعەونەکان خاوەن گەڕەك و پارك و شوێنی گەشتوگوزاری خۆیان بوون، کەئەم ناکۆکیە رۆژانە بەشێوەیەکی روو لەزیاد لە رێی کەناڵەکانی ئەنتەرنێتەوە دەوترانەوە، بێ ئەوەی ئەم رژێمە هەنگاوێکی ئەوتۆ بنێ کە ئاماژەبێت بۆ بەجدی وەرگرتنی ئەم خەمە گشتیە. ئەوە جیا لەوەی سینەمای میسریش رۆڵێکی باشی بینی لە نمایش کردنەوەی وێنەی واقیعی کۆمەڵگای میسری. ئاشکرابوونی ئەو راستیانە، گەیشتنی وێنە راستەقینەکە دوور لە کۆنترۆڵو سانسۆری دەسەڵاتی سیاسی بەهەموو کەس، بگرە بەشداری هاووڵاتیان لە دروستکردنی وێنەکەو بڵاوکردنەوەی، رقی کۆمەڵایەتی زیاتر کرد. وشیار بوونەوەی بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگا لەو ناتەواویانە، سەرەتایەکی ترسناکە بۆ سەر هەر دەسەڵاتێك. بەتایبەت لە کۆمەڵگایەکدا کە هەژاری توشی چەندین پەتاو کارەساتی کردبێت.

لە ئەدەبیاتی مارکسیدا، وشیاری چینایەتی بەرامبەر بە چەوساندنەوەی سەرمایەداران، بایەخێکی گەورەی هەیە لە دروستبوونی شۆڕش و هەوڵی گۆڕینی ئەو

واقیعه ستەمکارییه، بەهەمان شێوه تەکنەلۆژیای پەیوەندی ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت له گەشەکردنی وشیارییەك كه لەناوەڕۆکدا ڕەخنەییه بەرامبەر ڕژێمه ستەمکارییەکان، جورئەت و ئازایەتیەکیش به هەمووان دەبەخشێت له وەستانەوه بەرامبەریدا. له بەرامبەر ئەمەدا، ڕژێمەکانی لیبیا و میسرو تونس و سوریا و بگره یەمەن و زۆر شوێنی تریش که هێشتا دۆخەکه نەگەشتووه بەخاڵی شۆڕش، بەڵێنەکانی نوێبوونەوەو بەدیهێنانی چاکسازیی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوه بەردەوام دەوترانەوه. بێ ئەوەی ئەمه لەسەر ئەرزی واقیع بچووکترین ڕەنگانەوەیان ببێت. کەئەمەش یەکێکی تره لەخێراکردنی کاڵبوونەوەی ئەم دەسەڵاتانەو لاوازبوونیان، سەرەنجام گەیشتنیان بەو ڕۆژەی که ئێستا هەمووماں دەیبینین. که هەرچەندە ئەوە دیاره که ئەو گەلانه هاتوونەته دەرو شۆڕشیان بەرپاکردووه بۆ ڕزگار بوون له دۆزەخ، بێ ئەوەی دیاربێت که ئایا بەرەو بەهەشت دەچن یان دۆزەخێکی تر. لەهەموو ئەو شۆڕشانەدا دروشمی سەرەکی ئازادی بووه، خۆشگوزەرانی و سەربەخۆیی بوه، بەڵام ئایا ئەم کۆمەڵگایانه خاوەنی کەلتوورێکی لەوجۆرەن؟ ئایا بەراست بەدیلی دیموکراسی و پاراستنی مافی مرۆڤ جێی دەگرێتەوه؟ (هانا ئارنت) لەبەرهەمه گرنگەکەیدا (لەبارەی شۆڕشەوه)، زۆر دیوی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتووری چەمکی شۆڕش دەخاته ڕوو، ئەوەش یەکلا دەکاتەوه بەپێی میتۆده فیکریەکەی خۆی که لەمێژووی مرۆڤایەتیدا تەنها شۆڕشی ئەمریکا شۆڕشێك بووه ئازادی بۆ کۆمەڵگا هێناوه، چونکه لەبنچینەدا بەرهەمی گەشەکردنی وشیاری ئازادی خوازانەی گەلی ئەمریکابووه، نەك وەکو شۆڕشی فەرەنسا زۆرتر دەرئەنجامی هەژاری و خراپی دۆخی کۆمەڵایەتی بووبێت. بەلای ئەوەوە وەکو (کۆنۆرسه) ئەوه دووباره دەکاتەوه که شۆڕش ئەوەیه ئازادی بۆ خەڵك دێنێت. ماهیەتی شۆڕش لەو ئازادیه دایه کەدروستی دەکات، لەو فەزایەیه که دەیخاتەوه له ناو کۆمەڵگادا و لەهەموو کایەکاندا، که هەمووان تیایدا ئازاد دەبن له بیروباوەڕو هەڵسوڕان ، ئەوەی ئەم ژیانه نوێیەش ڕێك دەخات یاسایه، یاساگەلێك که لەبنچینەدا ئامانج لێی پاراستنی ئازادیەکانه. چونکه جگه لەوەی بێ ئازادی مرۆڤ لەمرۆڤی خۆی دەکەوێت، هاوکات تەنها له ژینگەیەکی واشدا ئەگەری دووبارەبونەوەی

ستەمکاریی و چەوساندنەوە کۆتایی دێت و چانسی ئەوەش دێتە پێشەوە کە کۆی کۆمەڵگا ئاسوودەبێت. بەگەڕانەوە بۆ جیهانی عەرەبی، کەلتووری ئازادی خوازیی و دەرچوون لە هەژموونی کەلەپووری کۆنینە نابینین، هەروەکو پێشتریش باسمانکرد.

لێرەدا ئەگەری دەرکەوتنەوەی ستەمکاریی بە فۆرم و شێوازی جیاوازتر لە جاران بە ئەگەرێکی بەهێز دەمێنێتەوە، بەڵام بەتاکە جیاوازییەکەوە ئەویش ئەوەیە ئەو زەمینە جیهانیە لەئارادانیە بۆ ئەوەی تەنها یەك هێز و یەك ئایدۆلۆژیا بتوانێت قۆرغی دەسەڵات بکات، چونکە وەك وتمان ئێمە ئێستا لەسەردەمی کۆمەڵگای تۆڕدا دەژین. یەکێك لە تیۆریستەکانی سەردەمی نوێ لە شوێنێکدا دەڵێت: دیموکراسی بەبێ کەسانی دیموکراس خواز نابێت. بەکەڵك وەرگرتن لەو دەربڕینە دەتوانین بڵێین کە دیموکراسی بەبێ تەکنیکی دیموکراسیش نابێت. مەبەستیشمان لەتەکنیکی دیموکراسی ئەوەیە کە تەکنەلۆژیای پەیوەندی هێند گەشەی کردبێت کە هەمووان بتوانن ئازادانە راکانی خۆیان بڵێن و خۆیان رێکبخەن و هەڵبسوڕێن، کە هیچ هێزێك نەتوانێ قۆرغی ئەو فەزایە بکات و تەنها ئایدۆلۆژیای خۆی ماف بوون و دوانی هەبێت. کەئەمە ئەو سەردەمەی ئێستایە، بەواتایەکی تر دوای ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ناوچەکە بینیمان، کەئەویش بۆخۆی بەرهەمی کۆمەڵێك گۆڕانکاری ترە کە پێشتر بەشێوەیەکی کورت بەشێکی بچووکیمان خستە ڕوو، دوای ئەو سەردەمە ئیدی ئەگەری دکتاتۆریەت لاوازترە لەهەر سەردەمێکی تر. بێ ئەوەی ئەمە پێچەوانەی ئەوەبێت لەگەڵ هەبوونی رۆحی فاشیەت و ستەمکاریی لەناو گووتاری ئەو هێزانەی کە ئەمڕۆ لە سایەی دیموکراسی بوونی ئەم وڵاتانە متمانەی هاووڵاتیان دەبەنەوەو زۆرینە بەدەست دێنن. مەبەستم هێزە ئیسلامیەکانی ناوچەکەیە، کە ئەم هێزانە، لەرێی ئەدەبیات و ئەزموونی خۆیانەوە فێری ئەو راستیەیان کردووین کە ئەمانە هێزی دیموکراسی نین، ئەستەمیشە بتوانن دیموکراسی بن. بەڵام ئایا ئەوەی بۆ رژێمە بەهێزەکانی ناوچەکە نەچووە سەر، پاش ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر کۆمەڵگاکاندا هاتبوو، ئایا ئەم هێزانە دەتوانن بیکەن؟ هەر چەندە دوور نییە ئەم هێزانە لانی کەم

لە قۆناغی یەکەمدا هەوڵێکی زۆر بدەن بۆ دەرخستنی رووی دیموکراسی و کراوەیی خۆیان لەبەرامبەر کۆمەڵگای ناوخۆ و دەرەکیدا، بەڵام هێشتا مەترسیەکە هەر بەجدی دەمێنێتەوە. کەمیش نین ئەو شۆڕشانەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەناوی ئازادی و رزگار بوون لە ستەمکاریی دەستیان پێکرد و دواتر نەیان توانی لە ستەمکاریی راستەقینە رزگاریان بێت. یەکێك لە چاودێرانی دۆخی هەڵکشانی هێزە ئیسلامیەکان لە شوێنێکدا وتی: ئەم هێزانە شەرعیەتیان لە خەبات لە دژی ستەمکارییەوە وەرگرتوە، کەهاتنە سەرحوکم پێویستە شەرعیەت لە دیموکراسیەوە وەربگرن، لەوەوە کە پێشکەشی دەکەن، نەك لەوەوە کە دژی وەستاونەتەوە.

لێرەوە رەنگە قۆناغی دووەمی تەنگژەی سیاسی لەم وڵاتانەوە دەربکەوێتەوە. بۆیە بەگشتی وێنەی رۆژهەڵات وادەردەکەوێت کە لەچەند ساڵی داهاتوودا وێنەیەکی نائارام و پر لە کێشمەکێشی سیاسی زبرو زۆر دەبێت. دیار نییە لەچ دورگەیەك لەنگەر دەگرێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە دورگەی هێزە ئاینیەکان لەتوانای دانابێت کەشتی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکان بگرێتە خۆی.

# کــورد

- دەربارەی‌دروستبوونی دەوڵەتی کوردی .
- هەڵکشان بەرەو چارەنووسێکی نادیار.

خوێندنەوەیەك بۆ قەیرانی كەمفرە ڕەگەزەكان و پرسی كورد



# دەربارەی دروستبوونی

# دەوڵەتی کوردی

ئازاد تۆفیق خەیات

* پێشەکی

١ - پێناسەی چەمکی دەوڵەت

٢ - رەگەزە پێکهێنەرەکانی دەوڵەت

أ- دانیشتووان

ب- هەرێم

ج- دەسەڵاتی سیاسی

د- دانپێدانانی نێودەوڵەتی

٣ - بەربەستەکان وئەگەرەکان

٤ - ئاییندەی هەرێمی کوردستان

*دەرەنجام

*سەرچاوەکان

هەوڵنامەی کتێب

## پێشەکی

**دوابەدوای** پرۆسەی ڕزگارکردنی عێراق، لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وهاوپەیمانانەوە، کوردی باشوور ڕۆڵێکی کاریگەری لە بنیاتنانەوەی ستراکتووری خودی عێراقدا هەبووە. بەڵام، ئەوەتا مێژوو جارێکیتر خۆی دووبارە دەکاتەوە، دیارە ئەو برا عەرەبە چاو ڕەشانەی پێشتر لە ترسی ڕژێمی بەعس خزابوونە ئێرە، بارەگا ومۆڵگەکانیان لە هەرێم واڵا بوو، دواتریش دەسەڵاتی سیاسی عێراقیان لەسەر دەفرێکی ئاڵتوونی پێشکەشکرا، ئێستاکە مافی گەلی کورد بەزۆر دەزانن. لە بری سوپاسگوزاری، باس لەوە دەکەن کە دەستووری هەمیشەیی عێراق، پەلەپەلی تێدا کراوە ولە کەشێکی دژواردا نووسراوەتەوە. هەربۆیە، هەموارکردن ودەستکاریکردنی دەقەکانی، بە پێویست وخواستێکی نیشتمانی دەزانن. ئەمە، بێجگەلەوەی ماددەی (١٤٠) بە مردوو دادەنێن، وناوچە جێناکۆکەکان بە خاکی بەڵێنپێدراو گەڕانەوە وجێنزرگەی باب وباپیرانیان دەزانن.

گەر، کوردە فریادڕەسە ڕەسەنەکان نەبوایە، نەك حکومەتی نیشتمانییان بۆ دانەدەمەزرا، بگرە مەزهەبەکانیشیان لەناودەچوو. ئەدی گەلۆ، لەپای چی ئەم ناپاکییە مێژووییە دەرهەق بە گەلی کورد؟ بەڵام، سوپاس بۆ خوا، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، داکەوتی گەلی کورد زۆر باشتر بوو. دیارە، جێگیربوونی ڕەوشی سیاسی وگەشەی ئابووری، وایکرد کە ناوچەیەکی ئارام لە عێراقدا سەرهەڵبدات وخۆی بسەلمێنێت، ئەویش هەرێمی کوردستان بوو. پێشتر، ئەم ناوچەیە، هەمیشە پێگەی ناکۆکی وشەڕ وململانێ وداگیرکاری بووە. بەڵام، هەروەك ئاماژەمان پێدا، ئێستا بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی تری عێراقدا، زۆر گەشەسەندووتر وپێشکەوتووتر وشارستانیترە. لەوەش گرنگتر، ئەوە بوو کە ساڵی (٢٠٠٥ز)، کەسێکی کورد بۆ سەرۆکایەتی عێراق هەڵبژێردرا.

له ئێستاشدا، هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی هەرێمی پێدا دەڕوات، لەگەڵ بوونی ژێرخانێکی گەشەسەندوو، هەروەها دام ودەزگـا حکومییەکان ودەسەڵاتەکان وپەیوەندییە دیپلۆماتەکان وچەندین کونسوڵگەری، وڵاتانی دەوروبـەر ودوژمنان وناحەزانی خستووەتە دڵەڕاوکێوە. لەمەش گرنگتر، بوونی گەلێکە کە نیشتەجێی هەرێمێکی دیاری خاوەن دەسەڵاتێکی سیاسی هەڵبژێردراوە. هەڵبەت، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش، چ هەرێمی کوردستان، چ حکومەتەکەی، ناسراوە وخاوەنی چەندین پەیوەندی دوولایەنەیە. وەلێ، ماوەتەوە سەر ئەوەی بە ئیرادەیەکی پۆڵایین ودەنگێکی نێرانەو بوێرانە مژدەی دەوڵەتی کوردی پڕ شۆڕەت، بە گوێی هەموو کوردێکی دڵسۆزی ئەم هەرێمەدا بدەین..

## ١ – پێناسەی چەمکی دەوڵەت

**هەڵبەت،** چەمکی دەوڵـەت، هەڵگری چەندین پێناسەیە، کە هەریەکە ولە ڕوانگەی خۆیەوە وبەپێی کات وشوێنی دیاریکراو، شرۆڤە ولێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ دەکات. بەڵام، دەکرێت بەوە پێناسەی بکەین کە " دەوڵەت، بریتییە لە کۆمەڵە تاکێك کە هەڵسوکەوت وچالاکی لەسەر هەرێمێکی جوگرافی سنوور دیاریکراو دەکەن وملکەچی سیستمێکی سیاسی دیاریکراون کە کاروباری دەوڵەت بەڕێوەدەبات. هەر دەوڵەتیشە سەرپەرشتی چالاکییە سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابوورییەکان دەکات، کە هەوڵ بۆ بەرەوپێشبردن وگەشانەوە وباشترکردنی باری گوزەرانی تاکەکان دەدەن. ئەمە بێجگەلەوەی، جیهان بەسەر کۆمەڵێك دەوڵەتدا دابەش دەکات، هەرچەندە لە ڕووی شێوە وسنوور وسیستمی سیاسییەوە جیاوازن." [١]

وێـرای ئەوەی وترا، دەکرێت دەوڵـەت بە وێنەیەکی هاوچەرخی کۆمەڵگاش بچوێندرێت، کە بریتییە لە هزرێك ولە مێشکدا چەسپیبێت، بەوەی هیچ کەسێك نەتوانێت نکوڵی لێبکات. لەگەڵ ئەوەشدا کە هیچ کەسێك نە دەیبینێ، نە دەیبیسێ.

کەواتە، دەوڵەت، لە لایەکەوە فیکرەیە ولە لایەکیتریشەوە دیاردەیە، هەروەها وەکی قەوارەیەکی دروستبوو، بوون ودەسەلاتی هەیە. سەرباری ئەوەش، دەوڵەت چەندین شێوەی هەیە، سەرەڕای ئەوەی بەرپرسیارێتی چەندین کار وفەرمان وئەرك لەخۆدەگرێت.. ٢

بۆچوونێکیتر هەیە، کە دەڵێت: "دەوڵەت ڕێکخراوێکی سیاسی کۆمەڵگایە وگرنگترین هۆی دەسەلاتگرتنەدەستی چینێکە، کە لە ڕووی ئابوورییەوە ڕۆڵێکی گرنگ لەو کۆمەڵگایەدا دەگێڕێ. لێرەدا، ئەرکی سەرەکی دەوڵەت، هێشتنەوەی ڕژێمی ئابووری وداکۆکیکردنە لەو چینە فەرمانڕەوایە." ٣

دەوڵەت، لە بوونەوەرێکی زیندوو دەچێت، بۆیە گەشەکردنیشی کارێکی پێویستە. گەورەیی ورووبەرفراوانیی وڵات، گرنگییەکی زۆری هەیە، بەتایبەت لە کاتی جەنگدا. هەڵبەت، ئەم گرنگییەش، لەو زاراوە سەربازییەدا دەردەکەوێت کە دەڵێت (بەرگری لە قوڵاییەوە). دیارە، دەوڵەتی ڕووبەر بچووکیش، هەر زوو دەرووخێت لەبەردەم دراوسێ ڕووبەر گەورەکاندا. گەر، ڕووبەرە گەورەکەی دەوڵەت، ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی تێدابێت ودەرامەتەکانیان بەباشی بەکارهێنابێت، ئەوا ئەو یەکە سیاسییە دەبێتە هێزێکی سیاسی. ٤

بیرمەندان، بڕوایان وایە کە لە ڕووی سیاسییەوە، دەسەلات لە دەوڵەتدا بە مانای کۆمەڵە هۆکارێك دێت، بەوەی حکومەتەکان پەیڕەوی لێدەکەن. دیارە، لەڕووی یاساییشەوە، زامنکردن ودەستەبەرکردنی هێمنی وئارامی بۆ کۆمەڵگای سیاسی، لە گرنگترین بەرپرسیارێتییەکانی دەسەلاتی سیاسی دەوڵەتە، کە خۆی لە فەراهەمکردنی سیستم وڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکاندا دەبینێتەوە. جا هەربۆیە دەسەلاتی دەوڵەت، بە مانای بوونی فەرمانڕەوایە، کە فەرمان ونەهی بە ناوی دەوڵەتەوە دەردەکات. وەلێ، لەبەرئەوە دەتوانین بلێین، دەسەلاتی دەوڵەت دیاردەیەکی "کۆمەلایەتی، سیاسی ویاساییە." ٥

ئاشكرایە، كە دەوڵەت، بەرزترین شێوە وڕووخساری دەسەڵات وفەرمانڕەواییە، كە لە هەموو كۆمەڵگا مرۆییەكاندا هەیە. لێرەدا، چەمكی دەوڵەت، لە واتایەكی بەربڵاوتر لە دامەزراوە یاساگوزاری وجێبەجێكارەكاندا بەكاردێن. دیارە، گرنگترین ڕووخساری فەرمانڕەوایی دەوڵەت، جێبەجێكردن ودانانی یاساكان لەنێو كۆمەڵگادایە. دەسەڵات، سەرچاوەی كەڵك لێوەرگیراوی دەوڵەتە. حكومەتیش، كۆمەڵێك دامەزراوەیە كە بۆ جێبەجێكردنی فەرمانڕەوایی بڕیار وهەڵوێست پێویستن. سیاسەتیش، كۆمەڵێك كاروباری دەوڵەتن. بەم پێیە، دەوڵـەت، چەمكێكی هزری ڕووت وناكەسایەتییە، كە هەر وەك (ماكس ڤیبەر) دەڵێت: "بە تەنیا، بەكاربەری دەسەڵات وهێزە لەسەر زەوییەكی تایبەتی ولەنێو كۆمەڵێك لە دەوڵەتانی خاوەن سەروەری دا." كەواتە، دەسەڵاتی دەوڵـەت، نایابترین وبێهاوتاترین فەرمانڕەواییە كە لەنێو وڵاتێكدایە. هەڵبەت، دابەشكردنی فەرمانڕەوایەتیش، بە واتای دابەشبوونی دەسەڵات دێت.. [٦]

لە سۆنگەی ئەم بابەتەوە، دەكرێت زاراوەی "دەوڵـەت" بەكاربهێنرێت بۆ ئاماژەكردن بە كۆمەڵێك شتی لێڵ وشاراوە. وەكو، كۆمەڵێك دامودەزگا، یەكەیەكی هەرێمی، كیانێكی مێژوویی، ئایدیایەكی فەلسەفی وتا دوایی. لە زمانی ڕۆژانەدا، زۆرجار دەوڵەت لەگەڵ حكومەت تێكەڵ دەكرێت وهەردوو زاراوەكە لەبری یەكتر بەكاردەهێنرێن. دەوڵەت، لە فۆرمە مۆدێرنەكەیدا، تا سەدەی پازدەش پەیدا نەبوبوو. دیارە، پێوەندی نێوان دەوڵەت وحكومەت زۆر ئاڵۆزە. حكومەت، بەشێكە لە دەوڵەت، هەروەها لە هەندێ ڕووەوە گرنگترین بەشی دەوڵەتە، بەڵام تەنیا توخمێكە لەنێو كیانێكی گەورەتر وبەهێزتردا. [٧]

بیرمەند، سامۆئێل هنتنگتۆن، لە دووتوێی پێكدادانی شارستانییەتەكاندا، كاتێك باس لە دەوڵەت دەكات، ئاماژە بەوە دەدات كە "دیارترین نیشانە، لە سیستمی نێودەوڵەتیدا، ئەوەیە كە دەوڵەت چیتر تەنیا بكەر نییە لە سیاساتی نێودەوڵەتیدا. هەروەها، ڕێكخراوە ناحكومییەكان، ئەوانیش لەنێو بكەرە نوێیەكاندا هێندە كاریگەر نین. بەڵكو، كۆمپانیا ئابوورییە فرەڕەگەزەكانی تایبەت بە بازرگانی وپیشەسازی،

که له ڕێی کار وچالاکییەکانیانەوە، سنووره جوگرافیەکانی وڵاتانیان جێهێشتووه، ئەوان کاریگەرترین بکەرن. هەر ئەوانن، که گەورەترین فشاری سیاسی دەخەنه سەر زۆرینەی وڵاته بچووکەکان، لەپاڵ ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتیدا، که وێنەی هێزێکه، وکاریگەرێکەی سنووری سیاسی دەوڵەتان بەجێدێڵێ." [8]

## ٢ - ڕەگەزه پێکهێنەرەکانی دەوڵەت

**ئاشکرایه**، که هەموو دەوڵەتێك سێ ڕەگەز یاخود سێ پایه وەیان سێ کۆڵەکەی سەرەکی دیاریدەکات، ئەویش "هەرێمێکی سنوور دیاریکراو، گەلێك که دانیشتووی ئەو هەرێمه بن، هەروەها دەسەڵاتێکی سیاسی که کاروباری ناوەوه ودەرەوەی ئەو دەوڵەته بەڕێوه ببات. کەواته، لەپاڵ هەردوو ڕەگەزی (گەل وهەرێم)دا، ڕەگەزی سێیەم زۆر پێویسته بۆ دروست بوونی دەوڵەت. ئەو ڕەگەزەش بەبوونی دەستەیەك یان ئەنجوومەنێك که "دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتییان لەدەستدایه"وکۆمەڵ یان گەلیش قایل بن به فەرمانڕەوایەتییان، دێتەئاراوه. دیاره، ئەو ئەنجوومەنه خاوەن دەسەڵاتەش (حکومەته).[9]

شایستەی وتنه، له ڕووی یاساییشەوه خەسڵەتەکان یان پایەکانی دەوڵەت، خۆیان له گەل وهەرێم ودەسەڵاتی سیاسی ودواجاریش دانپێدانانادا دەبینێتەوه. یاخود، دەتوانین بڵێین: کاتێك دەوڵەت شیدەکەینەوه، دەتوانین توخمه سەرەکی وگرنگەکانی دەوڵەت بەو جۆره بخەینه ڕوو که پێکهاتوون له:

١ – دانیشتوان: واته، بوونی ژمارەیەکی زۆری خەڵك.

٢ – خاك: واته، بوونی شوێنێکی دیاریکراو، بۆ ئەوەی خەڵك لەسەری بژین.

٣ – حکومەت: واته، بوونی ڕێکخراوێکی سیاسی که گوزارشت له ویستی یاسا یاخود یاسای دەوڵەت بکات وکارەکانی دەوڵەت هەڵسوڕێنێت وبەڕێوەببات.

٤ – سەروەری: بەو مانایەی، دەوڵەت بتوانێت باڵادەست ببێت وکۆنترۆڵی هاووڵاتی وڕێکخراوەکانی سەر بەخۆی بکات، وله ژێر باڵادەستیی هیچ حکومەتێك یاخود ڕێکخراوێکی دەرەکیدا نەبێت.[10]

له ڕاستیدا، ڕێكەوتنێكی ترادسیۆنی هەیە، بەوەی دەوڵەت وەكی باڵاترین جڤاتی مرۆیی خۆی دەردەخات. له هەمان كاتیشدا، بابەتی سەرەكی یاسای دەستوورییه. بەم پێیەش بێت، دەوڵەت بە مانای كۆمەڵێك هاووڵاتی دێت كە لەسەر هەرێمێكی شێوە دیاریكراو هەڵسوكەوت دەكەن، وسیستمێكی سیاسی تێدا باڵادەستە كە مافی گوێڕایەڵی ودڵسۆزیی لەلایەن تێكرای كۆمەڵانەوە، یاخود زۆرینەیانەوە هەیە. لەبەرئەوە، بۆ دروستبوونی دەوڵـەت، پێویستە سێ كۆڵەكەی گرنگی تێدا بەدی بكرێت، كە گەل وهەرێم وڕێكخستنێكی سیاسییە. دیارە، دانپێدانان بەم دەوڵەتەشدا، بابەتێكی پێویستی ترە..[11]

پاش ئەم چەند زانیاری وڕوونكردنەوەیە لەسەر بابەتی دەوڵـەت، ئێستاكە واباشترە هەریەك لەو ڕەگەزە پێویستانەی بوونی دەوڵەت، ئاماژە وشرۆڤە بكەین كە ئەمانەن:

## أ- دانیشتووان:

دیارە، دەبێت ئەو هەرێم وناوچەیەی دەوڵەتی تێدایە خاوەنی دانیشتووان بێت، چونكە ئەو بەشەی زەوی كە خەڵكی تێدا نییە وكەسی تێدا ناژی، بە تەنیا ناكرێت وەكو دەوڵەت تەماشا بكرێت. دانیشتووانی ناو دەوڵەت، بە هاووڵاتی ناودەبرێن، ئەوەش مانای وایە كە ئەو هاووڵاتیانە ئەندامی دەوڵەتن وخاوەندارێتی هەموو ئەو مافانە دەكەن كە ئەنجامی بەئەندامبوونیانە لەو دەوڵەتەدا. ئەوانە، ئەو گەلەن كە بڕیار ودەسەڵاتەكانی دەوڵەتیان بەسەردا پراكتیك دەكرێت.[12]

ئەو بابەتەی هیچ جیاوازییەكی لەسەر نییە، وە زانایان لەسەری ڕێككەوتوون ئەوەیە كە: دەوڵـەت هەرگیز پێكنایەت، بەبێ كۆبوونەوەی كۆمەڵێك مرۆڤ، كە بەشێوەیەكی هەمیشەیی دەژین لە سنووری چوارچێوەی هەرێمێكدا. بەمانای، دەوڵەتێك نابینرێت بەبێ گەل..[13]



هەولێرنامەی کتێب

دانیشتووان، یاخود بە مانا نوێیەکەی "گەل،" ڕەگەزێکی گرنگ وجەوهەرییە، کە هەرگیز وێنای دروست بوونی دەوڵەت ناکرێت بەبێ بوونی ئەو. گەل یان میللەت، پێکدێت لە کۆمەڵە کەسانێك یان دانیشتووانێك کە ڕازین بەو پێکەوە ژیانە، لە سایەی دەوڵەتێکدا. دیارە، بەم پێکەوە ژیانەشیان، هاوژیانی وهاوڕێکی وهاوگوزەرانی دێننە بەرهەم..[١٤]

شایستەی وتنە، لەڕووی یاساییەوە، گەر میللەت یان دانیشتووان ڕاستییەکی کۆمەڵایەتی بێت، ئەوە مانای "تێکڕای تاکە نیشتەجێبووەکانی سەر هەرێمی دەوڵەتێك دەگەیەنێت، کە ڕەگەزنامەی هەمان دەوڵەتیان هەیە." خۆ ئەگەر ڕاستییەکی سیاسیش بێت، لێ مانای "تێکڕای ئەوتاکانە دەگەیەنێت، کە مافی سیاسییان هەیە." هەربۆیە، میللەت یاخود گەل، بەیەکەمین ماتریاڵی دەوڵەت دادەنرێت.. [١٥]

پسپۆڕانی بواری یاسایی (الفقهاء)، لەسەر چۆنێتی بوونی دانیشتووان لەناو دەوڵەتدا ناکۆکبوون. لەبەرئەوەی، ئەو بنەمایەی کە تاوەکو ئێستا لەسەری دەڕۆن، ئاماژە بەوە دەکات کە مەحاڵە (گەل) یاخود دانیشتووان، لە یەك وەچەوە، یاخود یەك ڕەگەزی مرۆییەوە شۆڕبووبنەوە. هەرگیز، ناکرێت بڕیار لەسەر ئەوەش بدرێت، کە "نەتەوە" هۆکاری دروستبوونی گەلان بێت، نە لە مێژووی کۆن ونە لە مێژووی ناوەڕاستدا. لەبەرئەوە، ناکرێت ئەو وتەیە وەك پێوەرێك، بۆ دروستبوونی گەل پشتی پێببەسترێت. بە هیچ شێوەیەك، ناکرێت کرداری کۆچکردنی بەردەوام بەدرێژایی مێژوو، پشتگوێ بخرێت، بەوەی بەهۆیەوە پەرش وبڵاو دەبنەوە ودەتوێنەوە ودواتریش لەگەڵ گەلانیتردا یەکدەگرن، ئەمەش سەرجەم وەچە ورەگەزە مرۆییەکان دەگرێتەوە. وەلێ، ئەمانەی وتران، هۆکارێکی تەواون بۆئەوەی ئەو وتانە بەدرۆبخەنەوە کە باس لە بوونی ڕەگەزی مرۆیی پاڵاوتە دەکەن.

دەشێت، ئەو داکەوتەی ئێستا تێیدا دەژین، باشترین نموونەبێت بۆ ئەو وتانەی پێشوو. دیارە، دانیشتووانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پێکدێن لە چەندین نەتەوە ورەگەزی مرۆیی جۆراوجۆر، کە سەردەمانێکی پێشتر کۆچیان بۆ خاکی

ئەمریکا کردووە ونیشتەجێیبوون وبوون بە گەلی ئەمریکا. هەروەها، ڕووسیای فیدراڵ، وەك نموونەی دەوڵەتێکیتر دێنینەوە، کە (گەل) دانیشتووانەکەی پێکدێت لە (١٢٠) نەتەوەی جیاواز. هەڵبەت، دانیشتووانی عێراقیش، نەتەوەی کورد وعەرەب لەخۆ دەگرن. یاخود، وڵاتانی سوریا ولوبنان، لە پێکهاتەی دانیشتوانەکەیدا، نەتەوەی چەرکەس وعەرەب لەخۆدەگرن..[١٦]

لە لایەکیترەوە، سروشتیش کاریگەریی لەسەر مرۆڤەکان دروست دەکات. بە مانایەکیتر، سروشت دەتوانێت شێوازی کۆمەڵگا مرۆییەکان بگۆڕێت، بەوەی بەردەوام لە نێوان مرۆڤەکان وژینگەدا، کرداری کارلێککردن و وەڵامدانەوە هەیە. هەربۆیە، باشترین تێبینیکردنی جوگرافی بۆ ئەم پەیوەندییە دوولایەنەیە، ئەوەیە کە بە ئاڵوگۆڕی پەیوەندییەکان لە نێوان کۆمەڵگا وژینگەدا، بیچوێنین یاخود ناوزەدی بکەین. [١٧]

مێژوونووس وپرۆفیسۆری مێژووی یۆگۆسلاڤی، پرۆفیسۆر پاڤیچ، لە ڕوانگەیەکی سیاسی– مێژووییەوە، ئاماژە بە دانیشتووانی کوردستان، واتە گەلی کورد دەدات و ئەو فاکت وفاکتەرانە دەخاتە ڕوو، کە بۆ دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ گرنگن. ئەو دەڵێت: "بوونی کوردەکان، وپەیوەندییان بە کوردستانەوە، فاکتەرێکی سەرەکی نەگۆڕی بۆ بوونی زەوی نەتەوایەتییان دروستکردووە. هەروەها، دەتوانرێت ئەو فاکتەرە، بکرێتە یەکێك لە هۆکارە گرنگەکان، بۆ دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیی خەملێنراو. دەگونجێت، گۆڕانی کۆچکردنە مێژووییە گەورەکان، ببێتە دروستگە وپێکهاتنی دانیشتووان، دیارە ئەو کارەش وا دەکات کە نەتوانرێت باوەڕ بەو بانگەشانە بکرێت، کە داوای حکومەتێکی مێژوویی دەکەن. بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە کە کوردەکان پەیوەندییان بە نیشتمانی تایبەتی خۆیانەوە هەیە، کە کەوتۆتە نێوان کەوانەیی بەپیت وناوچەی قەفقاس. هەروەها، کەوتۆتە نێوان دەریای قەزوین ودەریای ڕەش ودەریای سپی ناوەڕاست، وە کەنداوی فارسییەوە." [١٨]

## ب- هەرێم:

کاتێك، پێناسەی هەرێم دەکرێت، بەمانای دابەشبوونێکی ئیداری تایبەت بە ناوچەیەکی دیاریکراو، کە تایبەتمەندە بە نزیکیی وهاوشێوەبوون لە ڕووی ئایینی وترادسیۆن وخێڵایەتی وزۆر لایەنیترەوە. [١٩] هەڵبەت، جێنشینبوونی دیاریکراو لە ناوچەیەك، وبڵاوبوونەوەی بیرۆکەی حوکمکردنی ئەو ناوچەیە وکۆنترۆڵکردنی، دوو فاکتەری گرنگ بوون بۆ سەرهەڵدانی ڕێکخراوە سیاسییەکان. دەوڵەت، وەکو ئەوەی وشەکە ئاماژەی بۆ دەکات، دامەزراوێکە لە شوێنێکی دیاریکراو دادەمەزرێت. خاوەنداریێتیکردنی ناوچەیەکی دیاریکراو، شتێکی هەرەپێویستە بۆ دەوڵەتە تازەکان، چونکە دیارە بیرۆکەی سەروەری وباڵادەستی بەسەر ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراودا شتێکی بنچینەیی وجێگیرە لەنێو تیۆرە سیاسییەکاندا. [٢٠]

لە ڕووی یاساییەوە، بوونی هەرێم، مەرجێکی سەرەکییە بۆ دروستبوونی دەوڵــەت. هەر هەرێمیشە، کە سنووری زەوییەکان وئاوەکان وبــواری ئاسمان دەنوێنێ، کە دەوڵەت مامەڵەی سەروەری خۆیی لەسەر دەکات وسیستمی دەسەلاّت ویاساکانی خۆیی لەسەر جێبەجێ دەکات. لەبەرئەوە، هەرگیز دەوڵەتێك بوونی نابێت، گەر هەرێمێکی دەستنیشانکراو ودیــاری نەبێت، وە بــەردەوام گەلی ئەو دەوڵەتەی لەسەر نیشتەجێ نەبێت. هەربۆیە، "کۆچەرییەکان" بە گەل دانانرێن، لەبەرئەوەی نیشتەجێی هەرێمێکی دیاریکراو نین، گەرچی جۆرێك لە دەسەلاّت لەنێو خۆیاندا دەساودەست پێدەکەن. هەر لەبەرئەوەیە، کە دەوترێت "هەرێم، خەسڵەتی بەردەوامبوون وجێگیربوون دەستەبەر دەکات." [٢١]

هەرگیز، ناتوانین پەیوەندی نێوان دانیشتووانی دەوڵەت وزەوییەکەی تێبگەین،

تا بە تەواوی شارەزای هەریەك لەو دوو بوارە نەبین. لە باری ئاساییدا، ڕێژەی هەڵە لە لێکۆڵینەوە سروشتییەکاندا، کەمترە لەچاو لێکۆڵینەوە مرۆییەکاندا. چونکە، دیاردەکانی لایەنی یەکەم، خەسڵەتی نەگۆڕی هەیە. ئەو گۆڕانکارییانەی، کە بەسەر زەوی دەوڵەتێکدا دێت، زۆر کەمتر وهێواشترە، لەچاو ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ئەو مرۆڤانەدا دێت، کە لەسەر هەمان زەوی دەژین. هەموو دەزانین، هەر چوارچێوەیەکی سروشتی کە دەوڵەتەکەی تێدابێت، دەرەنجامی نێوان کۆمەڵێك هۆکاری جیاوازە، وەلێ دەبێت هەریەکەیان بەجیا وبە وردی لێیان بکۆڵرێتەوە. ئەگەرچی، لە کۆتاییشدا کۆدەبنەوە وکار لە یەکتری دەکەن وشانۆیەکی ئامادەکراومان دەدەنێ، کە مرۆڤ لەسەری دەژی.. [٢٢]

توێژینەوەی بنەماکانی جوگرافیای دەسەڵاتی دەوڵەتان، ئەو بابەتەیە کە جیۆپۆلەتیك دەیگرێتەوە. ڕۆڵی تایبەتمەندییەکانی سەر زەوی، ئاو وهەوا، سەرچاوە سروشتییەکان، هەڵکەوتی جۆگرافیایی، تایبەتمەندییەکانی دانیشتووان وتایبەتمەندییە فەرهەنگییەکان لەسەر چێوە وکارکردنی سیستمی سیاسی، ئەو بابەتانەن کە لەم لقە زانستە سیاسییەدا توێژینەوەیان لەسەر دەکرێت. وە لەبەرئەوەی، هەر یەك لە دەوڵەتان، بەشێك لە جوگرافیای سیاسی جیهانیان پێکهێناوە، بۆیە، لێرەوە ولەم ڕوانگە تایبەتەوە، جوگرافیای سیاسی، مەسەلەکانی تێدا تاوتوێ دەکات.. [٢٣]

ئـەوەی جێگەی سەرنجە، لە عێراقدا تەنها هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فیدراڵییە وخـاوەن دام ودەزگـا فەرمییەکانی (سەرۆکایەتی هەرێم وپەرلەمان وئەنجومەنی وەزیران ودەسەڵاتی دادوەرییە) وهیچ هەرێمێکی دیکەی لەو شێوەیە نییە. هەرێمی کوردستان، بەپێی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، بە فەرمی ناسێنراوە ودان بە هەموو دام ودەزگاکانیدا نراوە. هەروەها، لە دەستووری هەمیشەییشدا، دان بە هەرێمی کوردستاندا نراوە ولەو چوارچێوەیەدا، بڕگەی یەکی ماددەی (١١٧)، هەرێمی کوردستانی بە هەموو دەسەڵاتەکانییەوە، بە هەرێمێکی فیدراڵ ناسیوە. ئەمەش، دانپێدانانێکی ڕوون وئاشکرایە، بە دام ودەزگا

فەرمییەکانی هەرێمی کوردستاندا، وئەم هەرێمە لە سایەی دەستووری هەمیشەییشدا هەمان پێگە ودەسەڵاتی یاسایی خۆی دەبێت وتایبەتمەندییەکانی پارێزراوە. دیارە، ماددەی (١٢٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق، رێگەی بە هەرێمی کوردستان داوە، دەستوور بۆخۆی دابنێت وتێیدا پەیکەری دەزگا فەرمییەکان ومیکانیزمی پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی دابنێت، بە مەرجێك لەگەڵ دەستووری عێراقدا ناکۆك نەبێت..[٢٤]

ئەوەی ئاماژەی پێدرا، ودەمەوێت مەبەستەکەی بخەمە روو، ئەوەیە کە پێگەی هەرێمی کوردستان، بە فەرمی وبە شێوەیەکی یاسایی وبە دەستوور، دانیپێدانراوە. کەواتە، لەپاڵ رەگەزەکانیتردا، دەکرێت هەرێمی کوردستان ببێتە دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆی خاوەن سەروەری.

ماوەتەوە سەر ئەوەی، دەربارەی پێگەی کوردستان، چەند زانیاری وداتایەك بخەینە روو. بە درێژایی سەدەکانی رابـردوو، لە ناوچە شاخاوییە سەختەکانی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا، کورد بە شێوە ژیانێکی خێڵەکی کۆچەریی (ترانس هیومانس)ی سەربەخۆ دەژیان، بە بێئەوەی لەگەڵ خێڵەکانی دەوروبەریان تێکەڵ ببن. بەلام، بوونی نەوت وسەرچاوەکانی ئاو لەم دەڤەرەدا، سەرچاوەی ململانێی ئیمپراتۆریەتەکانی ئەملاوئەولایان بوو.کوردەکان، لەوە تێگەیشتبوون کە بوونی سەرچاوەی سامانەکان، ئەنجامی باشی نەبووە بۆیان. [٢٥]

## ج- دەسەڵاتی سیاسی:

لە نێوکۆی بابەتەکەدا، جەخت لەوە دەکرێتەوە کە دەسەڵاتی سیاسی، رەوابوونی خۆی (الشرعیە) لە گەلەوە بەدەست دەهێنێت، واتە دانیشتووان کە پێشتر ئاماژەمان پێدا. هەر بەو هۆیەشەوە، دەتوانێت دەسەڵاتەکانی یاسادانان وجێبەجێکردن ودادوەریی بەرهەڤ بکات، کە لە رێیەوە بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل وکاروبارە بەرگری وسەروەرییەکانی پارێز وفەراهەم دەکات. گەلی کورد لە هەرێمی



هەولێرمەی کتێب

کوردستان، لەوەتەی ساڵی (١٩٩١ن)یەوە خاوەنی دەسەڵاتێکی سیاسییە، کە تیاکاری (ممارسە) دەسەڵاتەکان وپسپۆڕییەکانی خۆی لە بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێم بە سەرجەم لایەنەکانییەوە دەکات. رایەڵەکانی ئەم وتانە، ئەوە دەخەنە ڕوو کە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان، توانیان لە ساڵی (١٩٩٢ن)یەوە یەکەمین هەڵبژاردن بۆ یەکەمین پەرلەمانی کوردستان، وە لەسەر خاکی کوردستانی باشوور ئەنجام بدەن.

دیارە، بەو پێودانگەی دەسەڵات کۆمەڵە هۆکارێکی زۆرەملێ ونازۆرەملێیانەیە، کە حکومەتەکان بۆ بەئەنجام گەیاندنی کارە تایبەتییەکانیان هەیانە وبەکاری دێنن. هەڵبەت، پاراستنی سەرچاوەکانی دەسەڵات ودابەشکردنیان وململانێ لەبۆ دەستبەسەراگرتنیان، لە گرنگترین کۆباسەکانی زانستی سیاسییە. کەواتە، سیاسەت، بە تەنها مانای بەکارهێنانی سەرچاوەکانی هێز ودەسەڵات بۆ کارە تایبەتییەکانی حکومەت ناگەیەنێت، بەڵکو سیاسەتمەدارانیش لەبۆ ئەوسەرچاوانە لەتەك ڕکابەرەکان ونەیارەکانیاندا، دەبێت بکەونە ململانێوە. لەنێو زانستی سیاسی ئەمڕۆدا، زۆر بە ڕوونی کارەکانیان دابەشکراون. ئەو بەشەی تایبەت بە باسی حکومەت وسیاسەت بێت، ولەمەڕ ململانێکان لەبۆ دەستبەسەراگرتنی سەرچاوەکانی دەسەڵات، لە ڕێی شۆڕش وە یان هەر شێوەیەکیتری خەبات یان هەڵبژاردنەوە بێت، وا باوە لە لقی (کۆمەڵناسی سیاسی)دا تاوتوێ دەکرێت. لە بەرانبەردا، ولەو بەشەی کە پەیوەست بە سیاسەت وحکومەتە (بەواتای، بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگە وپاراستنی یاسا وئارامی، وە جێبەجێکردنی هەموو سیاسەتە جیاوازەکان)، لە لقی (زانستی سیاسەت)دا تاوتوێ دەکرێت ودەخوێندرێت..[٢٦]

کەواتە، ناوەڕۆکی دەسەڵاتی سیاسی لە بنچینەدا پەیوەستە بە بابەتی دەستنیشانکردنی بنچینەکانی گردبوونەوەی تاکەکان لەنێو هەیئەتێکی (یاخود دەستەیەکی) کۆمەڵایەتی دیاریکراودا. هەربۆیە، دەسەڵات لە بنچینەدا داکەوتێکی کۆمەڵایەتی سیاسییە، کە پێناسەکردنی هەرگیز کارێکی ئاسان نییە، ئەوەش بەهۆی خەسڵەتە جۆراوجۆرەکانیەوە. بە وتەی "ئەرستۆ" (مرۆڤ ئاژەڵێکی سیاسی، یان سیڤیلە)، مانای مرۆڤ ناتوانێت بە تەنیا بژی، بەڵکو مەیلی ئەوە دەکات کە لەگەڵ

هاوڕەگەزەکانی خۆیدا بژی.. کۆمەڵ، دیاردەیەکی سروشتی وخۆڕسکە، وە بەهۆی خواستی کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە دروست دەبێت. کەواتە "گردبوون" دیاردەیەکی پەیوەست بە ژیانی مرۆڤەکانە، ولەمێژەوە تاك هەرگیز نەیتوانیوە وناشتوانێت فەرمانڕەوایی ژیانی خۆی دوور لە تاکەکانیترەوە بکات..[٢٧]

وێڕای ئەوانەی وتران، دەسەلات، چەمکێکە بە کۆمەڵە دامودەزگایەکەوە بەستراوەتەوە، هەروەك چۆن بەوەش بەستراوەتەوە کە بە توندوتیژی ڕەوا ناودەبرێت. لێرەوە، بیرمەند "ماکس ڤێبەر" هێز ودەسەلات وا دیاریدەکات، کە تاکە ڕێگا یان تاکە هەلێکبێت بۆئەوەی کەسێك (یاخود دەوڵەت– نووسەر) بەهۆیەوە ئیرادەی خۆی بەسەر ئەوانیتردا بسەپێنێ، وکارێکی وەها بکات کە ئەو ئیرادەیە لە کاکڵەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا سەربکەوێت. وەلێ، ناوبراو پێی وایە کە کۆنترۆڵکردن، هەلی ڕێکەوتن وبوونی کەسانێکە، کە ئامادەن ملکەچ وگوێڕایەڵ بن. چونکە، لە هەموو کۆنترۆڵێکی سیاسیدا، پەیوەندییەکی سیاسی لە نێوان دوو لایەندا هەیە، فەرمانڕەوا وفەرمان لەسەرکراو. هەروەها، کۆمەڵە هۆکارێکی جیاجیا، کار لەو پەیوەندییانە دەکەن. وەکو ڕێزگرتن، ترس، سوودوەرگرتن، سەرکەوتن ونەریت، بەلام هەژموون وەك زاراوە، شتێکی بنەڕەتییە بۆ هەموو دەسەلاتێکی سیاسی. لەبەرئەوەی، گشت دەسەلاتێکی سیاسی لە هەموو دەوڵەتێکدا لە ڕێگەی هێزەوە، هەوڵدەدەن بۆ گەیشتن بە هەژموون، کە جۆرە هەستێکی (خۆبەزل زانین وگەورەییەك) لەگەڵ خۆیدا دێنێ..[٢٨]

لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا، پرسی دەسەلات، تا دەهات ئالۆزتر دەبوو، لەلایەك فراوانبوون وپێشکەوتنی ماف وئازادییەکانی تاك لەنێو کۆمەڵگەی مۆدێرندا، هەروەها پێشکەوتنی ئەخلاقی کۆمەلایەتی بە لێبوردە یان پەسنکراو، پاڵی بە هەندێکەوەنا زۆر بە نێگەتیڤانە بڕواننە دەسەلات. وایان دەبینی، کە دەسەلات شتێکی کۆنە وهیچیتر پێویست نییە، یان زۆر بە ئاشکرا چەوسێنەرە. لەلایەکیترەوە، ئەم پرۆسەیە، پاڵی بە بەرگریلێکەرانی دەسەلات ناوە پێداگرن لەسەر گرنگییەکەی. بە بۆچوونی ئەوان،



هەولێرمەی کتێب

داماڵینی دەسـەڵات، لە ماڵەوە وشوێنی کارکردن وقوتابخانە وکۆلێژ وزانکۆکان، مەترسی ئاژاوە وناڕێکیی وناسەقامگیریی ولەبارچوونی کۆمەڵگەی لێدەکەوێتەوە.

تیۆرەکانی گرێبەندی کۆمەڵایەتی سەدەی حەڤدە وهـەژدە، بە شێوەیەکی کلاسیکی دەسەڵات دەسەلمێنن. ئەمانەش، پشتڕاستن بەهۆی دروستکردنی وێنەی کۆمەڵگەیەك بە بێ بوونی سستمێکی حکومی دەســەڵات، کە پێی دەگوترێت "دەوڵەتی سروشتی،" جەختیش دەکەنەوە کە ئەنجامی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە دروستبوونی بەربەرییەت ونادادپەروەری دەبێت، کاتێك تاکەکان ململانێی یەکتر دەکەن بۆ بەدەستهێنانی چەند کۆتاییەکی جۆراوجۆری خۆیان. بەڵام، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە بۆچوونێکی هاودژ لەسەر دەسەڵات هەیە، هاودژییەك کە لەلایەن گەلێك لە تیۆریستە لیبراڵەکانەوە هاتووەتە کایەوە. پێش هەموو شتێك، پێشنیازی ئەوە دەکات کە پێویستیی دەســەڵات درکی پێدەکرێت لەلایەن هەموو تاکێکی عەقڵانی، کە ڕێز لە دەسەڵات دەگرن لەبەرئەوەی دەسەڵات ڕێکوپێکی وسەقامگیریی دێنێتە کایەوە وهەروەها بەرگری لە ئازادی تاك دەکات وناهێڵێت کەس ماف وموڵکی کەسیتر زەوت بکات.

لەو سۆنگەیەوە، لیبراڵەکان، هەمیشە جەخت لەوە دەکەنەوە کە دەسەڵات لە خوارەوە ڕا سەرهەڵدەدات، ودەسەڵات دەوەستێتەوە سەر ڕازیبوونی حکومەت. بەڵام، لە هەمان کاتیشدا، دەسەڵات بەپێی پێویست زاڵدەبێت بەسەر ئازادی، وتوانای ئەوەشی هەیە ببێتە زۆرداریێك لە دژی تاك. لە ئەنجامدا، لیبراڵەکان سوورن کە دەبێت سنووریێك بۆ دەسەڵات هەبێت، وە پەسنی فۆڕمەکانی دەسەڵاتی عەقڵانی یاسایی دەکەن، کە بە ڕوونی کار دەکات لەنێو سنوورە یاسایی ودەستوورییەکاندا..[٢٩]

هیچ پرەنسیپێکی گرنگ لەبۆ هزری دیمۆکراتی، لەگرنگی "بەرگرتن لە دەسەڵاتی دەوڵەت" زیاتر بەدیناکرێت، کە بەهۆیەوە پێویستە ڕێز لە مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ بگیرێت. ئەمرۆکە، دوژمنی سەرەکی دیمۆکراتیەت، پادشایەتی ومافی خواوەندی پادشا، وە یاخود مۆنۆپۆڵی یەکێك لە ئۆلیگارشییە خـاوەن موڵکەکان وە یان دەرەبەگایەتی نییە، بەڵکو دەسەڵاتی پاوانخوازییە (تۆتالیتاری– نووسەر). گرنگترین

ڕێگاش، بۆ قەڵاچۆکردنی ئەم پاوانخوازییە، شەرعیەت ودانپێدانانە بە سنووری دەسەڵاتی دەوڵەتدا..[30]

بێمکووڕیکردن، دەوڵەت کۆمەڵگایەکی مرۆییە، لە مەرجە سەرەکییەکانیشی ئەوەیە کە ڕەگەزی ڕێکخستنی سیاسی هەبێت. مانای، پێویستە لە بنچینەدا دەسەڵاتێکی سیاسی بوونی هەبێت، تاوەکو کاروبارە دەوڵەتییە نێوخۆیی ودەرەکییەکان بەجێبهێنێت. لە هەمان کاتیشدا، بەرپرسبێت لە بەردەم کۆمەڵانیتر، دەربارەی هەموو ئەو کاروبارانەی تایبەتن بە هەرێم وگەل. کاتێکیش، بوونی دەسەڵات دەسەلمێنرێت، کە تاکەکانی کۆمەڵگا دابەش ببن بۆ دوو دەستە، دەستەی حوکمدار، کە ڕووکەشی هێزەکەی ئابووری یان ئایینیی وەیاخود سەربازی بێت. دەستەیەکی تریش، کە حوکملەسەر بن وملکەچی فەرمانەکانی دەستەی یەکەم بن. بەم شێوەیە، ئەم کۆمەڵگایەی باسکرا، دەگۆردرێت بۆ کۆمەڵگایەکی ڕێکخراو ودیسپلینکراو، کە هزری یاسای ناچاریی بەسەردا زاڵ دەبێت.[31]

## د- دانپێدانانی نێودەوڵەتی:

لە ڕاستیدا، ئەو سێ ڕەگەزە سەرەکییەی بۆ دروستبوونی دەوڵەت، کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، وە کە خاك یان هەرێمێکی دیاریکراو بوو، لەگەڵ گەلێکی نیشتەجێ لەسەر ئەو هەرێمە، پاشان دەسەڵاتێکی سیاسی یان سیستمێکی سیاسی، کە مامەڵەی سەروەری خۆی لەسەر ئەو گەل وهەرێمە بکات، دەرەنجامی ئەو ڕێککەوتنە بوو کە دەوڵەتان وقەوارە ئەورووپییەکان لە کۆنفرانسی (وێستڤالیا)ی ساڵی (١٦٤٨ز)دا لەسەری ڕێککەوتن، ئەمەش دوای ئەو جەنگە ئایینییانە بوو کە لە ئەڵمانیا وبۆ ماوەی (٣٠) ساڵ بەردەوام بوو. پاشان، لە پەیماننامەی (مۆنتیفیدیۆ)ی ساڵی (١٩٣٣ز)دا، مەرجی چوارەمی بۆ زیادکرا، ئەویش کە پێویستیی (دانپێدانانی نێودەوڵەتی) بە دەوڵەتی نوێ دا بوو، تاکو ببێتە ئەندام لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا. ئەم مەرجانە یاخود بنەمایانە، بووە بەشێك لە (یاسای نێودەوڵەتی) ئەمڕۆ، بەم پێیەش زۆرینەی دەوڵەتانی جیهان دامەزران..[32]

بە هەمان شێوە، لە ڕووی یاساییشەوە، ئەگەر سێ ڕەگەزە ئاماژە پێدراوەکە دەستەبەر بوو، ئەوا دەوڵەت فەراهەم دەبێت وبوونی یاسایشی دەستەبەر دەبێت، لێ سەروەری بەسەر خاك وگەلەکەیدا جێگیر دەبێت.

دیارە، ئەم بابەتە، چەندین پرسیاری لای پسپۆڕانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی دروستکردووە، بەوەی کە ئایا "دانپێدانان– الاعتراف" بە دەوڵەتی نوێدا لەلایەن دەوڵەتانی ترەوە، بە ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی دروستبوونی دەوڵەت دادەنرێت؟ بە شێوەیەك کە ئەگەر ئەم کارە ئەنجام نەدرێت ئەوا دروستبوونی ئەو دەوڵەتە مەحاڵە. بە مانایەکیتر، ئایا دانپێدانان، دامەزرێنەر وبنچینەی ڕووداوێکی یاسایی نوێیە، یاخود سازان ودروستکەری دەوڵەتە؟

سەرباری ئەمە ، گونجاوترین ڕا وبۆچوونی پسپۆڕان، ئەوەیە کە دانپێدانان بە دەوڵەتی تازە دروستبوو لەلایەن ولاٌتانیترەوە، تەنها بەجێهێنانی کارێکی سەربەخۆیە، دوور لە چالاکییەکانیتر. بەوەی، ئەو دەوڵەتە، تازە دروستبووەو بوونی یاسایشی بەهۆی ئەو سێ ڕەگەزەی کە پێشتر ئاماژەی پێدرا، جێبەجێ بووە. هەرچی دانپێدانانیشە، تەنها بڕیاردانێکە لەلایەن دەوڵەتانیترەوە بە دیفاکتۆدا (الامر الواقع). واتە، تەنها بڕیاردانێکە لەسەر ئەوەی کە ڕووداوێکی یاسایی بوونی هەیە، وەلێ ئەم کارە جێبەجێ بووە پێش دەرچوونی دانپێدانانی ئەو ولاٌتانە. لەبەر ئەم هۆیە، "دانپێدانان" سیفەتێکی بڕیارلەسەردانە، نەك سیفەتێکی دامەزراندن (الاعتراف، صفە اقراریە، لا صفە انشائیە). ئەوەشی لێوەی دەچنرێتەوە، دەرخستنی ئەو دەوڵەتە نوێیەیە وەك ئەندامێك لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا. خۆ ئەگەر، دەوڵەتان لە دانپێدانانی دەوڵەتێکی نوێ دوورەپەرێز بوون، ئەوا هەرگیز کارێکی لەوجۆرە ڕوونادات کە ئەو دەوڵەتە نوێیە، نەتوانێت مافەکانی وکەسایەتی یاسایی نێودەوڵەتیی خۆی، مامەڵە وتاووتوێ نەکات. کەواتە، دەرەنجامی ئەم کارە (الامتناع)، تەنها کێشە دروستکردنە بۆ ئەو ولاٌتە، بۆ بەجێنەهێنانی مافە یاساییەکانی خۆی بە تەواوی، هەروەها بۆئەوەیە کە نەتوانێت پەیوەندییە سیاسییەکان لەگەڵ ولاٌتانیتردا دروست بکات.[٣٣]

سەلماندنی مافی کوردەکان، لە دانپیانانیان لە عێراقدا، خۆی لە خۆیدا بایەخێکی گەورەی هەیە. نەك تەنها لەسەر ئاستی جیهانیی، بەڵکو سەبارەت بە کوردەکانیتر لە تورکیادا، کە بەشێوەیەکی ڕەسمی دان بە بوونیاندا نانرێت، وپێیان دەڵێن (تورکە شاخاوییەکان). لەو کاتەی، دۆزی کورد، پێشکەوتنێکی لاوەکی بەخۆیەوە دەبینێت، وەك کێشەیەکی ناوخۆیی بۆ عێراقێکی نوێ، ئەوا لەو کاتەشدا بایەخێکی ڕاستەقینەی زۆر لەوە فراوانتر، لەخۆ دەگرێت. [٣٤]

## ٣ - بەربەستەکان و ئەگەرەکان

ڕۆژانێکە، مقۆمقۆی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی زیادیکردووە. هەڵبەت، دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، نەك تەنها خەون ومافی ڕەوای گەلی کوردە، بەڵکو خەونی هەموو کەسێکی خوازیاری ئاشتی وئەوانەشە کە هەستی مرۆڤایەتییان لەشدارە، لە جیهاندا. ئەمەش لەگەڵ مافی تێکرای گەلان وکۆمەڵە مرۆییەکاندا هاوجووت دەبێ، کە هاوشێوەن وهەوڵ بێوچان بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین دەدەن، وخەبات لە دژی داگیرکەران دەکەن، ئەو داگیرکەرانەی هاوهەست وهاوئازاری ئەوان نین.

شتێکی سەیر نییە، کاتێك کەسێکی وەك (حەسەن عەلەوی) کە کەسایەتییەکی عەرەبە، وداکۆکی لە مافی گەلی کورد لە دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆیان دەکات. لە بەرانبەریشدا، هیچ سەیر نییە، کاتێك کوردێك لە بەغدا جامی تووڕەیی بەسەر گەلێکی تێکۆشەردا بڕێژێت، تەنها لەبەرئەوەی شیعە مەزهەبە، یان بەو هۆیەوە کە گوایە لایەنگری (موقتەدا سەدر ونوری مالیکی وحسێن شەهرستانییە).

لە ڕاستیدا، دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، هزرێکی دوژمنکارانە دژی هیچ کەس ولایەنێك نییە. بەڵکو، چارەسەرێکی بوێرانەیە لەبۆ ئاڵۆزترین کێشە، کە ئەمرۆکە بەرەنگاری ڕۆژهەڵاتی ناڤین بووەتەوە. هەرگیز، وێنای ئەوە ناکرێت ئاسایش وئاشتی بەرقەراربێت لەم ناوچەیەدا، گەر پرسی کورد چارەسەر نەکرێت. مەحاڵە، گەلانی ناوچەکە بتوانن پەیوەندییە شارستانییە ئابووری وسیاسی وکۆمەڵایەتییەکانیان

دروست بەکەن لە نێوان خۆیاندا، هاوشێوەی ئەورووپای ئەمڕۆ، گەر کێشەی کورد چارەسەرنەکرێت. مەبەستیش، دروستبوونی دەوڵەتی کوردییە، کە ئاڵاکەی بشەکێتەوە شانبەشانی ئاڵای وڵاتانی ناوچەکە. [٣٥]

گەلۆ، گەلی کورد لە دێرزەمانەوە خەون بەوەوە دەبینێت کە ببێتە خاوەنی نیشتمانێکی نەتەوەیی، وبەهۆیەوە ڕۆڵەکانی نـاوەوە ودیاسپۆراو ئاییندە ڕا کۆبکاتەوە. لێ، زمان وترادسیۆن وکەلتوور ومێژوو وزۆر دیاردەی تری ئیتنی، وایان لە کورد کردووە خوازیاری دەوڵەتێکی تایبەت بە خۆیان بن. هەڵبەت، شیمانەی ئەوەش دەکرێت، هەنگاوێکی لەو جۆرە زەحمەتییەکی زۆر لەبۆ گەلی کورد لەگەڵ خۆیدا بهێنێت. لە سۆنگەی ئەم هەڵوێستە چاوەڕوانکراوەشەوە، سەرکردایەتی کورد لە هەرێمی کوردستان، ئەوە باش دەزانن کە کارێکی لەو جۆرە بێ سەرئێشە مەحاڵە. بەڵام، تاکە ڕێگەی گونجاو، کاری دیپلۆماتییە، بۆ مسۆگەرکردنی ئەو خەونە مێژووییە. واتە، لەسەر دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستانە کە بزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ بارودۆخە هەستیارەکاندا دەکەن.

کەس نکووڵی لـەوە ناکات، کە سیاسەت لە هەموو کاتێکدا پێداچوونەوە وهەڵسەنگاندن بۆ بڕی سوود وقازانجی خۆی دەکات. ئاشکرایە، کە شەڕ تاسەر وە ئاشتی تاسەر نییە، بەڵام بەرژەوەندی تاسەر هەیە. واتە، ئەمەیە میکانیزمی تێکرای گەمە سیاسییەکان. بە مانایەکیتر، هەموو هاوکێشەیەکی سیاسی، لە کۆتاییدا بەندە بە بڕی قازانجەوە. بە درێژایی مێژووش، هەموو جەنگە خوێناوییەکان وداگیرکارییەکان ومالوێرانییەکان، هاوسەنگی هێزەکان، دارشتنی سیاسەت، دەستنیشانکردنی سنوورەکان، ئاییندەی گەلان، هەموو هۆکار یاخود پاڵنەرەکانیان، هەر بەرژەوەندی بووە.

ئەمڕۆ، دەسەڵاتدارانی تورکیا، بە ئاشکرا داوای لێبوردن لە گەلی کوردی باکوور دەکەن، لەهەمبەر مەرگەسات وجینۆسایدی (دێرسیم). ئەو تورکیا نەتەوەپەرستەی،



هەولێرەی کێپ

لە ماددەکانی (٨٨) و(٣٠١)ی دەستووری وڵاتەکەیدا، ئاماژە بە تورك بوونی سەرجەم نەتەوە وچین وتوێژەکانی درابوو، تەنانەت ناوی دێرسیم بە (تونجەلی) گۆڕدرابوو. یاخود، دەنگۆی ئەوە هەیە، کە دەسەلاّتدارانی سوریا ئامادەن جۆرێك لە ئۆتۆنۆمی ببەخشنە گەلی کوردی ڕۆژئاوا، لەبەرانبەر بەشدارینەکردنیان لە خۆپێشاندانەکانی سوریادا. خۆ ئەگەر، بۆ بەکارهێنانی ناوخۆش بێت، ئەو هەنگاوە یان ئەو دەربڕینە زۆرە. هەر دوێنێ بوو، کە زیاد لە (٣٥٠) هەزار ڕۆڵەی کورد لە تێکرای شارەکانی سوریادا، لە سەرەتاییترین مافەکانیان بێبەش بوون، خاوەنی شووناسی خۆیان نەبوون، ئەدی ئەمڕۆ خێرە ئەم گۆڕانکارییانە. کەواتە، ئەوە بەرژەوەندییە ئەوە پێشنیار یاخود دەچەسپێنێت، کە سوریا یا تورکیا وە یان عێراقی ئەمڕۆ وتەنانەت ئێرانیش، مامەڵەی خۆیان لەمەڕ کورد بگۆڕن.

بەر لە چەند ساڵێك، وەزیری دەرەوەی تورکیا "ئەحمەد داود ئۆغڵو" کاتێك سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد، هاوڕێ لەگەڵ سەرۆکی هەرێم بەڕێز (مەسعود بارزانی)، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییان بەستبوو، تیایدا سیاسەتی تورکیا وهەرێم وپرسە هەنووکەیی وبارودۆخی ناوچەکەیان خستبووە ڕوو. ئۆغڵو، لە وەڵامی پرسیاری یەکێك لە ڕۆژنامە نووسەکانی (هاوەڵی خۆی)، لەبارەی ئەوەی کە ئایا ئەم سەردانەی دانپێدانانە بە "شەرعیەت"ی حکومەتی هەرێمی کوردستان یان نا؟ ناوبراو، لە وڵامدا وتبووی: "هیچ کات، ئەم سەردانە ئەوە ناگەیەنێت کە ئێمە شەرعیەتمان داوە بە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان." ئۆغڵو، (هەولێر)ی وەك شارێکی عێراقی فیدراڵ ناساندبوو، ڕاشیگەیاندبوو "هیچ جیاوازییەك نییە، گەر تۆ بچیتە تەکساس لە ئەمریکا وهەولێر لە عێراق." [٣٦]

هەڵوێستی ئێستا وئەو کاتەی وەزیری دەرەوەی تورکیا، ودەسەلاّتی میلیتاریی پێشوو، تەنانەت هزر وفەلسەفەی ئەتاتورك لە سەردەمانێکی پێشووتریشدا، هەمان شتە. واتە، تێزی نەتەوەپەرستی وتیۆری ڕاسیزم، لای تورکان بێ چەند وچوون چەسپاوە. ڕەنگە، کەسانێکیش بێن وبڵێن، ئەوەتا سەرکردە (عەبدوڵلاّ ئۆجەلان)



هەولێرنامەی کتێب

مـاوەی زیـاد لە پێنج مانگە لە زیندانەکەیدا چـاوی بە پـارێـزەران وکەسەکانی خۆی نەکەوتووە، یاخود بە بیانووی هاریکاریی (پەکەکە)وە چەندین کەسایەتی وسیاسەتوان وپارلەمانتار وچالاکوانی کورد دەستگیر کراون. بەڵام، ئەوەش کارلێکی بەرژەوەندییەکانە، وا دەخوازێت کە تورکیای ئەمڕۆ جۆرێك لە کرانەوە لە سیاسەتیدا بەرجەستە بکات. ئـەوەش ژ بیر نەکەین، کە ڕەوتـی ئیسلامگەرای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کارتێکەرێکی ئەکتیڤی سیاسەتەکانی نەك تورکیا، بگرە زۆرینەی وڵاتانی ناوچەکەشە.

گوڵەوەچنەی ئەم باس وخواسە، ئەوە دەخاتە ڕوو کە دەسەڵاتدارانی تورکیا بە یەکێك لە کۆسپ وتەگەرە سەرەکییەکانی بەردەم دروستبوونی دەوڵەتی کوردی دادەنرێن. ئەمە بێجگە لەو کۆسپگەلەی، داکەوتی ناوچەکە ودیفاکتۆی ڕووداوەکان وترسی وڵاتانی چواردەور لە نێوخۆی خۆیان، هەروەها دەرەنجامی بەرژەوەندییە باڵاکان وسیاسەتی وڵاتانی ناوچەکە وزلهێزان، خوڵقێنەرێتی. ئاشکرایە، عێراقی ئەمڕۆ، گەرچی بانگەشەی دیمۆکراتی وفیدراڵیزم وپلوراڵیزم وپێکەوەژیان دەکات، بە مانای عێراقی هاونیشتمانان، کەچی ڕاستییەکان ئەوە دەخەنە ڕوو کە خواستی سەرەکی لەسەر دەوڵەتە نەتەوەییەکەی جارانە. لەبەرئەوە، ئەستەمە بە ئاسانی ئەم حەمکە ئەقڵییەتە بگۆڕدرێت، واتە ئەستەمە ئەوانە وانەکانی دیمۆکراتی ومافی مرۆڤ تێبگەن. سەرباری ئەوانەش، سیاسەتی زلهێزان لەمەڕ پرسی کورد، جێگیر وڕاستەقینە نییە. گەلۆ، گەر گەلی کورد یەکبن، سیاسەتزان وپێداگربن، ئەوا خۆیان ئاییندەی خۆیان ڕا دیاریدەکەن، هەر خۆشیان بونیادنەری ستراکتووری دەوڵەتی کوردین.

گەلی کورد، دەبێت ئەو ڕاستییە باش بزانێت، کە وڵاتێکی سوپەر پاوەری وەك ئەمریکا، هەرگیز ئامادە نییە لەخۆڕا دەستبەرداری هاوپەیمانانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببێت. بەڵام، زۆرجار دیفاکتۆ پێچەوانەی ئەوە دەسەلمێنێت، ئەوەش وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا، دەگەڕێتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی بری قازانج وسوودە درێژخایەنە ستراتیژەکان. مانای، گەر گەلی کورد بتوانێت کارتەکانی بەردەمی لەم گێمەی

گەمەکەدا وەك فشار بەکاربهێنێت، ئەوا وەك هاوپەیمانێکی نوێ، مسۆگەرکردنی دەوڵەتی کوردی ئەگەری زیاتری دەبێت. هەربۆیە، ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی گەلی کورد داوای مافی چارەنووسی خۆی بکات، لەبەرئەوەی دەوڵەتانی عەرەبی نغرۆی کێشە ناوخۆییەکانی خۆیانن، لاواز وشەکەت وماندوون، باهۆزی گۆڕانکاری رووبەڕوویتێکردوون. دەبێت هەرێمی کوردستان، داخوازییەکانی بە هێزە ناوچەیی ونێودەوڵەتییەکان ڕابگەیەنێت، گەر وەڵامگۆی گونجاوی دەست نەکەوت، ئینجا دەتوانێت ئەگەرەکان تاقیبکاتەوە، کە خۆی لە کارتەکانی نەوت وگازدا دەبینێتەوە. بە مانای، ڕاگرتنی هەناردەکردنی نەوت وبەشدارینەکردن لە پرۆژەی (نابۆکۆ)ی ئاییندەییدا. بەمەش، ڕێژەی داهات وبودجەی حکومەتی عێراقی فیدراڵی، گەورەترین کورتهێنان بەخۆیەوە دەبینێت، کە کەلێن وکەموکوڕییەکی زۆری تێدەکەوێت. ناچار، پەنادەبرێتە بەر دانوستان، بەڵام، کورد وەك لایەنێکی بەهێز ئامادەی دانوستانەکان دەبێت، کە ڕەنگە چەندین لایەنی ئیقلیمی ونێودەوڵەتیش بەشداری تێدا بکەن. ئەوجا، بەرانبەر بە هەر هەنگاوێکی ڕازیبوون، دەکرێت هەنگاوێك بەرەو پێش بچین. هەروەك لە بابەتەکانی پێشتریشدا، ئاماژە بە سێ ڕەگەزە سەرەکییەکەی دەوڵەت درا، کە هەرێم وگەل ودەسەڵاتی سیاسی بوو، وە کە داکەوتێکی حاشاهەڵنەگرە، ئیدی ڕەگەزی چوارەم بە ئاسانی ئامادەگی بۆ دەکرێت، کە بابەتی دانپێدانانە. بەمەش، ئەو کارە ئەگەری مسۆگەرکردنی زۆر زیاتر دەبێت.

هەڵبەت، بەپێی پرۆژەیاسایەکی گەڵاڵەکراو لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، یاخود بەهۆی فشارخستنە سەر نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ڕیفراندۆمێك بۆ گەلی کوردی باشوور ساز بکرێت، تا لە ڕێیەوە خواستی ڕاستەقینە وسەرەکی خەڵکی هەرێمەکە ئاشکرا بکرێت، ئەویش کە جیاکردنەوەی هەرێمی کوردستانە لە نەخشەی سەرەکی عێراقی فیدراڵ، چۆن لە کاتی خۆیدا نەتەوە یەکگرتووەکان، هەمان ڕیفراندۆمی بۆ دانیشتوانی (تەیموری ڕۆژهەڵات) ڕێکخست، کە تیایدا چارەنووسی هەرێمەکە دەستنیشانکرا ولە کۆسنووری دەوڵەتی ئەندۆنیسیا جیاکرایەوە.

هەولێر - کتێب

بیرمەند، (ئیرنست گێلنەر) دەڵێت: "نەتەوە ئیرادە وفەرهەنگە." پێدەچێت، ئیرادە ورێکەوتنیش لەسەر بنەمای بابەتی (فەرهەنگ یان نەتەوە)، ببێتە ئامانجی مرۆڤەکان لەبۆ هێنانەدی چوارچێوەیەکی ئەقلانی خاوەن ناسنامەی مێژوویی، یان گشتی. هەربۆیە (هیگڵ)یش لەمبارەیەوە دەڵێت: "ئامانجی ئەقلانی مرۆڤ، ئەوەیە لە دەوڵەتێك (واتە سیستم)دا بژی. خۆ ئەگەر، مرۆڤ دەوڵەتی دەست نەکەوێت، ئەوا ئەقڵ ناچار دەبێت هەر زوو ئەو دەوڵەتە لە مێشکی خۆیدا دابمەزرێنێ." [٣٧] واتە، هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی دەوڵەتی کوردی، دەبێ ببێتە ئامانج.

کۆتا وەڵام، ئەوەیە کە بەرژەوەندییەکان سنووریان نییە وهیچ شتێکیش لە سیاسەتدا مەحاڵ نییە. بە مانای، دەکرێت هەر هیچ نەبێت، لانیکەم وەك (فەلەستینییەکان) ببنە ئەندام لە (ڕێکخراوی یۆنسکۆ) لە نەتەوە یەکگرتووەکان. یاخود، وەکی حکومەتی (تالیبان)، کە سێ وڵات دانیپێدانا (عەرەبستانی سعوودی وئیماراتی عەرەبی وپاکستان)، یا (ئەبخازیا) کە ڕووسیا وسێ دەوڵەتی تر دانیان پێدانا، وە یاخود بەشی سەرووی (قوبرس) کە تەنها تورکیا دانیپێدانا. لەوانەیە، چەندین نموونەی تریش هەبن، ئەمە وبێجگەلەوەی کە دەشێت سیاسەت وبەرژەوەندی ئەوە بخولقێنن کە (ئیسرائیل) لە دژی تورکیا، ئامادەیی خۆی بۆ ئەو کارە دەرببڕێت، یان کوردانی هەندەران ببنە گەورەترین پاڵپشت وفشار، بۆ ئەو مەبەستە. بەڵام، لە هەمووی گرنگتر، یەکێتی ویەکڕیزی ودپلۆماسیەتی کورد خۆیەتی.

وەلێ، ڕووداوە هەنووکەییەکانی ناوچەکەش، پشتڕاستکەرەوەی ئەو هەقیقەتانەن کە باسکرا. ئەوەتا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە بەرچاوی هەمووانەوە پشتی کردە هاوپەیمانە تەقلیدییەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆئەوەی بە چارەنووسی خۆیان بگەن، بە هەموو ناخۆشی وناهەموارییەکییەوە. بە بەرچاویەوە، یەك لەدوای یەك ئەم دەسەڵاتانە لە ناوچەکەدا ڕاگوزەر دەکرێن، بێئەوەی دەستوەردانی ڕاستەوخۆ ڕابگەیەنێت. ئاخۆ، مەبەست لەم کارە چی بێت؟ ئایا، مێژوو جارێکیتر خۆی دووبارە دەکاتەوە؟ یاخود، جارێکیتر وسەرلەنوێ، ڕۆژهەڵاتی



هەوراز کتێب

ناوەڕاست لەنێوان زلهێزاندا دابەش دەکرێتەوە؟ خۆ ئەگەر، فەرەنسا وبەریتانیا، ببنە فریادرەس ومیراتگری ئەم دەوڵەتانە، ئایا ئەمریکا بە پشکی شێر لە کۆمپانیا نەوتییەکاندا وەك هاوبەشێك، رازی دەبێت؟ یاخود، پێشتر پشکی شێری بۆ پارێزراو وجیاکراوەتەوە؟ ماوەتەوە سەر ئەوەی بڵێین: ئایا کوردستان، لەم دابەشکردنەدا چی بەسەر دێت؟ ناکرێت، پێشوەخت بریار لەسەر شتێکی سیاسی نادیار بدەین، بەڵام بێ شك دەتوانین بریار لەسەر ئەوە بدەین، کە ئەگەر هەوڵی چاکسازی وگۆڕانکاری ئەکتیڤ نەبێت، بارودۆخیش گونجا ولەبار نابێت..[٣٨]

سەربار، تێکستەکان، ئەوە دەخەنە روو کە بەربەستەکانی بەردەم دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، مەرج نییە هەر فاکتەری دەرەکی وسیاساتی ئیقلیمی ونێودەوڵەتی وبەرژەوەندییەکان ونەیارە تەقلیدەییەکان بن، بەڵکو شانبەشانی ئەوانیش، فاکتەری ناوخۆیی، کە خۆی لە گەندەڵی ونەبوونی چاکسازیی ودڵسۆزی وپلانی ستراتیژی تۆکمە وکەسانی کارامە، هەروەها ئەقڵییەتی خێڵایەتی وناوچەگەریی وناکۆکی حزبی دا دەبینێتەوە، کە هەموو ئەمانە شەن وکەو لەو بابەتەدا دەکەن.

## ٤ - ئاییندەی هەرێمی کوردستان

شتێکی شاراوە نییە، کە پێویستیی هەرێمی کوردستان بە تورکیا، هیچی کەمتر نییە لە پێویستی تورکیا بە هەرێم، لەبەرئەوە پێویستە لەسەر تورکیا هەڵسوکەوت لەگەڵ کوردی باکوور وەك هاوبەش بکات، نەك وەکی نەیار. راستییەکیتریش هەیە، ئەویش ئەوەیە کە جێگیریی عێراق وهەرێم، لە بەرژەوەندی تورکیادایە، لەگەڵ ئەوەی کەس ناتوانێت نکوڵی لەوەش بکات کە ئەو گۆڕانکارییانەی عێراق دوای شەڕی دووەمی کەنداو، تا ئێستاش زیانێکی زۆری بە بەرژەوەندی نیشتمانی وئاسایشی نەتەوەیی تورکیا گەیاندووە. هەروەها، ئەوەی روون وئاشکرایە، ئەوەیە کە توانای تورکیا بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخ وناوچەکە، سنووردار بووە. ئەمرۆکە، تورکیا

له میانه‌ی "گه‌مارۆی زیانه‌كان"دایه‌، نه‌وه‌ك سه‌پاندنی داخوازییه‌كانی وهه‌ڕه‌شه وئاڕاسته‌كردن. كه‌س ناتوانێت مێژوو بۆ دواوه بگه‌ڕێنێته‌وه‌، كوردانی باكووریش چیتر ئاواره نابن، هه‌روه‌ك چۆن جارێكیتر "سه‌دام حسێن" زیندوو نابێته‌وه بۆ حوكمڕانیكردنی عێراق.. [٣٩]

لێكۆڵه‌رانی سیاسی، پێیان وایه سیاسه‌تی ئه‌مڕۆی توركیای ئیسلامی (مه‌به‌ست له پارتی داد وگه‌شه‌پێدانه‌)، پێچه‌وانه‌ی سیاسه‌تی دوێنێی توركیای عه‌لمانی كه‌مالیسته‌. هه‌ر له باسكردنی، كرانه‌وه‌ی دیمۆكراتی ووتوویژ له‌گه‌ڵ هێزه سیاسییه كوردییه‌كانی ناو توركیا وهه‌وڵی هه‌مواركردنی ده‌ستوور وئاماژه‌دان به پچڕاندنی په‌یوه‌ندییه سه‌ربازییه‌كانی پێشوو له‌گه‌ڵ ئیسرائیل، وزیندووكردنه‌وه‌ی عوسمانیزم وده‌ستێوه‌ردان و.....هتد، پشتراستكه‌ره‌وه‌ی ئه‌م ڕاستییه‌ن. لێكۆڵه‌رانی سیاسی، له‌و باوه‌ڕه‌دان، چیتر سیاسه‌ت وپێگه‌ی ئه‌مریكا له عێراق وه‌كی پێشووی نه‌ماوه‌، واته ڕای گشتی گه‌لی ئه‌مریكی وسووربوونی سه‌رۆكی ئه‌مریكا له‌سه‌ر كشانه‌وه‌ی هێزه‌كانی، له كۆتایی مانگی ئابی (٢٠١٠ز) تا كۆتایی كانوونی یه‌كه‌می (٢٠١١ز)، به قۆناغ ومایه‌پووچبوونی به‌شێك له گه‌وره كۆمپانیا ئه‌مریكی وجیهانییه‌كان، وكێشه‌ی دارمان وهه‌ڵاوسان وناچالاكیی ئابووری جیهان، هه‌موو ئه‌مانه جۆرێك له پاشه‌كشه ونائاماده‌باشی له سیاسه‌ت وهێزی ئه‌مریكای له ناوچه‌كه‌دا فه‌راهه‌م كردووه (به‌ڕای لێكۆڵه‌ران)، كه ده‌توانین (لانیكه‌م) به جۆرێك له بۆشایی هێز بیخه‌مڵێنین. ئێستاكه‌، وه‌ك ده‌بینرێت هێزه سیاسییه ئیقلیمییه‌كانی ناوچه‌كه‌، له هه‌وڵی پڕكردنه‌وه‌ی ئه‌و بۆشاییه‌دان. سه‌ربار، بێجگه‌له‌وه‌ی ئه‌مریكا وهاوپه‌یمانانی به جۆرێك له جۆره‌كان ده‌ستوه‌رده‌ده‌نه سیاسه‌تی ناوخۆی عێراق، لێ توركیا وئێران وسوریا وعه‌ره‌بستانی سعودیش، بۆ هه‌مان هۆ كێشمه‌كێش وكێبڕكێی یه‌كتری ده‌كه‌ن، ئه‌مه‌ش ڕاستییه‌كه نكووڵی لێناكرێت. [٤٠]

وێڕای ئه‌وه‌ی، ئێستاكه هه‌رێمی كوردستان بووه‌ته دیفاكتۆ، به‌ڵام ناكرێت سانا سه‌یری بكرێت. چونكی، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی دۆخێكی مرۆیی هه‌یه‌، له هه‌مان كاتیشدا

داکەوتێکی سیاسی بەرچاوە. ئەمەش، ئەو ڕاستییەیە کە نەیارانی هەرێمی نیگەران کردووە، بەڵام سەرباری ئەوەش، دەسەڵاتدارانی هەرێم هەردەم خوازیارن ئاشتییانە ولەڕێی دپلۆماسییەوە هەموو کێشە ئیقلیمییەکان وپرسی ناوچە جێناکۆکەکان وسنوور وهێز وچالاکییەکانی (پەکەکە وپژاك) وکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا وئاییندەی عێراق وهەرێم، چارەسەر بکەن. بۆ ئەم مەبەستە، لە دوایین سەردانی مەکۆیی سەرۆکی هەرێم بۆ تاران، لە ڕۆژی (٢٩/ تشرینی یەکەم/ ٢٠١١)، دواتریش بۆ ئەنکەرە لە (٣/ تشرینی دووەم/ ٢٠١١)، بەڕێزی ئەو ڕاستییانەی خستبووە ڕوو..[٤١]

ئەمڕۆ، ڕایەڵەکانی ڕووداو وپێشهاتەکان، ئاماژە بە گۆڕانکارییەکی ڕادیکاڵی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدەن. وەلێ، دوابەدوای جەنگی جیهانیی دووەم ورەوینەوە وکاڵبوونەوەی دیاردەی ئیمپریالیزمیی، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وزیاتریش لە وڵاتانی عەرەبی، وە پاش ئەوەی ئەو وڵاتانە سەربەخۆییان وەرگرت، باهۆزی نەتەوەپەرستی وچەمکی ناسیۆنالیزم وهەستی نەتەوایەتی ودەستەواژە کۆمۆنی وسۆشیالیزمییەکان وتێزە مارکسی ولینینییەکان، بە جۆش وخرۆشەوە سەرتاپای ناوچەکەیان داپۆشی. هەڵبەت، بەم کارەش، جۆرێك لە بیروباوەڕی نەتەوەپەرستیی وپرۆژەی نەتەوەیی وهێزی سیاسیی نەتەوەخواز وچەپڕەو، وەك خواستێکی جەماوەریی مۆدێرن فەراهەم ودەستبەکاربوون.

لە میانەی ئەم هەنگاوانەوە، چەندین سەرکردە وکەسایەتی کاریزما وشۆڕشگێڕ وبزاڤی ڕزگاریخوازیی، لە سەرجەم ئەم وڵاتانەدا وەك دەرەنجامێکی چاوەڕوانکراو هەڵتۆقین. وردە وردە، لە سۆنگەی تێز وتێکستە سۆشیالیزمییەکانەوە، دەنگۆی پێشکەوتنخوازی ومۆدێرنە ویەکیەتی سەرتاسەریی، دەدرا بە گوێی تاکەکاندا. ئەوجا، ڕەوش وئەدگاری گۆڕانکارییەکان، ئەوەیان دەخستەڕوو کە کۆمەڵگایەکی مۆدێرنی چەشەکراو بە ناسیۆنالیزم، دوورخستنەوەی تاکەکانی دەویست لە هەموو دیاردە ورەوتێکی ئایینیی ومەزهەبی ودواتریش ناوچەگەریی، مانای هەوڵدان بۆ نەتەوەییبوون. ئەمە بێجگەلەوەی، تاك دەبووە برغوویەکی بێبەهای ماشێنێکی زەبەلاح، واتە دەبووە ئامراز بۆ ئامانجێکی سەرەکی، ئەوەش لەبۆ بونیادنانی

ستراکتووری کۆمەڵگایەکی بەناو مۆدێرن، کە تیایدا تاك فێری بڕوا وبیروباوەڕ (العقیدە والایمان)ی نەتەوەپەرستی ببێت.

کەواتە، دەبوو تاك خواستەکان ومافەکانی لە پێناو گەل ونیشتمانی گەورە وپاشان بیروباوەڕی حزبایەتیدا بتوایەتەوە. بەمەش، هێدی هێدی پێشێلکارییەکان بەرانبەر بە تاك وبگرە کەمەنەتەوەکان ومەزهەب وئەوانەی هزر وبۆچوونیان جودا بوو، زیادی دەکرد. ئەوەش ژ بیر نەکەین، کە بوونی ئۆپۆزسیۆن ولێکبوردن وشەفافیەت لە ئەجێندا وکایەی سیاسی ئەو سەردەمە ولەلای پارتە دەسەڵاتدارەکان، هێندە بوونی نەبووە. بەو مانایەی، ئەو یەکێتی خاك وزمان ونیشتمانە عەرەبییە سەرتاسەرییەی لە پارتە نەتەوەپەرست وسۆشیالیستەکان چاوەڕوان دەکرا، لە ئەندێشە وفەنتازیا دەرچوو. بەڵکو سەرباری ئەوەش، مۆدێلێکی نوێی دەسەڵاتیان هێنایە کایەوە، کە لێوانلێو لە دیکتاتۆریەت بوو، وڵات لەبری ئەوەی پێشبکەوێ، لێ تا دەهات بەرەو نەهامەتی ودواوە دەچوو، گەندەڵی ودواکەوتوویی وهەژاریی ومیلیتاریزم وگواستنەوەی دەسەڵاتی باوك بۆ کوڕ، سیمای سەرەکی ئەم کۆمەڵگایانەبوو.

هەڵبەت، چیتر تاکەکان هەستیان بە دڵسۆزیی وبەو پیرۆزییانە نەدەکرد کە پێشتر ئەوان بەڵێنیان پێدابوون، لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵات ببوە دێوەزمەیەکی قێزەون، گوێدان بە چەمکی نەتەوە ونەتەوەپەرستی، تەنها هەڵوێستێکی ڕاگوزەریانە بوو. شایانی باسە، دوای ئەوەی کەسە کاریزماکانی دوێنێ وکاربەدەستانی ئەوڕۆی ئەو وڵاتانە، بۆ ماوەیەکی دوور ودرێژ وبگرە هەتاهەتایی دەسەڵاتیان قۆرخکرد، ئیدی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێگە وسەنگ وقورساییان بەرەو لاوازیی وئاوابوون دەچوو، وتە گرنگ وتێڕوانینەکانیان وتیۆرییەکانیان پوچ دەرچـوون ولەگەڵ شەماڵی گۆڕانکارییەکاندا ڕۆیشتن. گۆڕینی دەسەڵات و وەلانانی دەسەڵاتداران، بووە یەکەمین وپێشەنگترین داواکاریی زۆرینەی ئەو کۆمەڵگا مرۆییانە. هەر لێرەوە، چەمکەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی ونەتەوەپەرستی وناسیۆنالیزم وچەپڕەویی وبەها سۆشیالیزمی وکۆمۆنیزمییەکان کاڵبوونەوە. سەربار، لە بەرانبەردا، بەها ڕۆحییەکان ویەکیەتییە



هەواڵنامەی ئێستا

ئایینی ومەزهەبییەکان وئایینی ئیسلامی پیرۆز، لەگەڵ هاتنی بەهاری گۆڕانکاری سەرتاسەریدا، باڵادەست وبەهێز بوون. واتە، مۆدێلە کۆنەکە بە مۆدێلێکیتری نوێ گۆڕدرا.

هەرچەندە، لەم تەم ومژ وسەروبەندەدا، وبە ناوی ڕووخاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری وبەهاناچوونی گەلان وبەرقەراربوونی دیمۆکراسیەوە، جارێکیتر ئیمپریالیزمی نوێ هەوڵی دەستبەسەراگرتنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات. ئەوەش لە یاد نەکەین، کە ناوبردنی هەموو هەینییەك بە ناوێکی خواستراوەوە، باڵادەستیی وگەشانەوەی ڕەوت وهێزە ئیسلامگەراکان لە ناوچەکەدا دەگەیەنێت، بەواتای پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونەکانی پێشوو.

لە نێوکۆی بابەتەکەدا، پێشتر ئاماژە بەوە درا کە ئەمریکا ورۆژئاوا، چیتر دەستبەرداری هاوپەیمانە تەقلیدییەکانی خۆیان لە ناوچەکە دەبن. لە بەرانبەریشدا، پێشوازی لە هاوپەیمانە ئیسلامییە نوێیەکان دەکەن، تا ئەوانیش بتوانن دەسەڵات بگرنە دەست. دیارە، ڕۆژئاوا، بەم کارەی دوو چۆلەکە بە یەك بەرد دەکوژێ، لە لایەکەوە قسەی ئەو هێزە ئیسلامییانە دەبڕێ کە ئێستاکە ڕابەرایەتی چین وتوێژێکی بەرفراوانی گەلەکانیان دەکەن ودەسەڵاتیان پێشکەش ورادەست دەکەن، لە لایەکیتریشەوە بەشداریکردنی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی بەرهەمهێنانی نەوت، کە ئەمان (بەتایبەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) پشکی شێریان دەبێت لەو بەرهەمهێنانی نەوتەدا، بەمانای دووبارە بەدەستهێنانەوەی بەرژەوەندییە ئابوورییە ستراتیژییەکان. وە بە دیوێکیتریشدا، دووبارە دەستگرتنەوەیە بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام ئەم جارەیان نەك وەکی ئیمپریالیست یان داگیرکەرێك، بەڵکو بە ناوی دیمۆکراتی وئـازادی تاکەکانەوە و وەکی فریادرەسێك، ئەمە بێجگەلەوەی پێشتریش پلانی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەی بۆ دارێژراوە. لێرەدا، پرسیارێك دێتە پێش، ئەویش ئەوەیە کە ئایا دەسەڵات پەیرەوکردن لەلای ئەم هێزە ئیسلامگەرایانە، وەکی هێزە چەپڕەو ونەتەوەپەرستەکان بە نشێوی ولاڕێی دیکتاتۆریەت وئۆتۆکراتیەتدا ناڕوات ودەسەڵات قۆرخ ناکەن؟

هەڵبەت، ڕۆژئـاوا بەم کـارەی، سەرجەمی هێزە ئیسلامییەکان وئاییندەی

بارودۆخەکەشی خستووەتە بەردەم پرسیارگەلێك وتاقیکردنەوەیەکی چارەنووسساز. هەروەها، حسابی ئەوەشی کردووە، کە ئەگەر ئەم هێزە ئیسلامییانە بەرژەوەندی باڵای گەلەکانیان لەبەرچاونەگرن، ئەوا ئەمانیش هەمان چارەنووسی دەسەڵاتدارانی پێشوویان دەبێت، کە ئێستاکە هەر ئەمان (هێزە ئیسلامییەکان) بە دەستی خۆیان بەشێك لە سەرکردەکان ورژێمەکانی پێشوویان ریشەکێش کرد. واتــە، ئەگەر وانەکرێت، ئەوا قۆناغێکی نوێ لە داهاتوودا، تێکڕای ئەم کۆمەڵگایانە دەگرێتەوە، کە ڕەتکردنەوەی ئەم ڕەوت وپارت وهێزە ئیسلامییانە لەخۆدەگرێت. بە مانایەکیتر، بێئەوەی ئەمریکا وزلهێزان، لە ئاییندەدا خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شارستانیەتی ئیسلامی ومەترسی دەرەکی ئامادە بکەن، لێ نەوەی داهاتووی ئەو گەلانە خۆرسکانە خۆیان ئەو کارەیان بۆ ئەنجام دەدەن. ئەمەش، مانای دووبارەبوونەوەی هەمان سیناریۆی ئێستا ومسۆگەرکردنی ڕاماڵینی هێزە ئیسلامییەکان لە داهاتووتردا، بەپێی نەخشەی ئامادەکراوی داهاتووی ناوچەکە. دیارە، باشترین نموونەش بۆ وەرزبوون لە هێزە ئیسلامگەراکان، گەلانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، کە چاوەڕوانی هەلێك دەکەن لە ڕۆژئـاوا، تا بەهۆیەوە داروپــەردووی حکومەتی مەلا وفەقێکان بەسەریەکدا تێکوپێك بدەن، وبگەن بە ئازادییەکان وجەستەی شەکەت وماندوویان بۆ هەتاهەتایە بحەوێننەوە. پێدەچێت، ئەم هەنگاوە گریمانەییانەی پێشتر ئاماژەیان پێدرا وباسکران، ببنە هۆی دواخستن یان هەڵوەشاندنەوەی چەمکی "پێکدادانی شارستانیەتەکان" کە ئەمرۆکە وەك تێز یاخود تیۆرییەك ئامادەباشە.

لە ڕاستیدا، ئەم کۆمەڵگایانە، بەم کارەیان هێدی هێدی پێدەنێنە قۆناغی یاخود سەدەکانی ناوەڕاست. واتە، گەر گریمانەی ئەوە بکەین کە کۆمەڵگا عەرەبییەکان، پێشتر وەکـی کۆمەڵگایەکی گریکی چەشەکراو بە فەلسەفە ودواتـریـش وەك کۆمەڵگایەکی ڕۆمانی شارەزا بە کاروباری یاسا وگەلان ڕەفتاریان کردبێت وناوزەدیان بکەین، ئەدی لێرەوە بەرەو دارمانی چەمکەکانی شارستانیەت وفەلسەفە ودانایی ودیمۆکراسی ودواتریش هزرە لیبراڵی ولێکبوردەیی وجیهانگیرییەکان دەچن. کەوابوو، پێناچێت وێنای ئەوە بکرێت کە ئەم کۆمەڵگایانە لەگەڵ ئەوەی لەدەست سستمە تۆتالیتارییەکانیان ڕزگاریان دەبێت، مانای ئیتر بە لانکی ئازادی ودیمۆکراسی شاد

دەبن، بەڵکو لەوانەیە (وەك گریمانەیەك) گۆڕانکارییەکان بەرەو سەرەتای قۆناغێکی نوێیان ڕاپێچ بکات، کە ئەویش دیاردەی فەندەمێنتاڵیزم وکۆنزەرڤاتیزم وپۆپۆلیسیزم وسەلەفییەتە، کە دەشێت لە قۆناغێکی داهاتووتردا گەورەترین کۆسپ بن لەبەردەم ئازادی مافی مرۆڤ ودیمۆکراسیدا. ئەمەش مانای، هەنگاونان بەرەو ئەو قۆناغە نوێیەی کە ئێمە لێرەدا بە سەدە تاریکەکانی کۆمەڵگا ئەوروپییەکان ناوی دەبەین، یاخود دەیچوێنین.

لە سۆنگەی ئەم گۆڕانکارییانەوە، دەگەینە ئەو دەرەنجامە گریمانەییەی کە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین ئێستاکێ لەبەردەرگای یاخود خۆرسکانە خۆیان ئامادەکردووە، بۆئەوەی بچنە قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاستەوە. بەڵام، کاتێکیش گوڵەوەچنەی نەهامەتییەکان دەچننەوە ووەڕسبوون لەدەست داکەوت لێوانلێو دەبێت و دەگاتە چڵەپۆپە، ئیدی سەرەتای ئەو قۆناغە دەست پێدەکات کە هەموو ترادسیۆنێك وبەهایەکی ڕۆحی وواتا پیرۆزییەکان وسیکۆلاریزم بە پێچەوانەکەی دەگۆردرێت. واتە، ئینجا سەرەتای شۆڕشێکی ڕاستەقینە دەست پێدەکات، کە دەکرێت سەردەمی ڕۆشنگەری بەدوای خۆیدا بهێنێت. مانای، سەرەتای گۆڕانکارییەکان یاخود دووبارە هەنگاونان بەرەو مۆدێرنیزە وسکیۆلاریزم ودیمۆکراسی.

گەلی دۆست وبرادەرینە، ئەمە ئەو کاتە هەستیارەیە کە دەبێت گەلی کورد ئەسپی خۆیی تیادا تاوبدات، بەوەی لە میانەی گۆڕانکارییەکاندا گورزی خۆی بوەشێنێت. ئێستاکێ، نەك عێراق، بگرە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی بەدەست ناهەمواریی بارودۆخەوە دەناڵێنن. ئەوەتا، لە نێوخۆی خودی عێراقدا، مقۆمقۆی جیاکردنەوەی هەرێمی سوننە مەزهەب بازاڕی گەرمە. واتە، لەدایکبوونی خوشکێکی هاوشێوەی هەرێمی کوردستان. گەر، ئەو کارەش سەربگرێ، مانای ئەوەی دەمێنێتەوە لە کۆزەوی وکۆسنووری عێراق، نەخشاندنی هەرێمی شیعە مەزهەب دەخولقێنێ، یاخود بەمانایەکیتر، بەجێگەیاندنی ڕاسپاردەکانی پرۆژەی (جۆ بایدن)ی جێگری سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دەربارەی دابەشکردنی عێراقە بەسەر سێ هەرێمی فیدراڵدا. ئەوەش ژ بیر نەکەین، کە ئێمەی کوردی باشوور، قەوارەیەکی فیدراڵین نەك قەوارەیەکی سەربەخۆ. کەوابوو، با هەموو تواناکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجی سەرەکی بخرێنە گەڕ.

هەڵبەت، ئەوانەی وتران، ئاییندەی هەرێمی کوردستان لە رووی دەرەکییەوە رووماڵ وهەڵدەسەنگێنێ، وبەهۆیەوە پێشهات وئەگەرەکانیش قوتبوونەوە. دیارە، میکانیزمی سیاسەت وشارەزایی ولێزانیی هەرێمیش، لەم رووەوە سەنگی مەحەکە. ماوەتەوە سەر ئەوەی، لە رووی ناوخۆی هەرێمەوە، کێشە وکێشمەکێش وبابەتە هەستیارەکان وئاییندەی تێکرای حزبەکان ودەسەڵات بخەینە روو.

دەوترێت، چەندە دیمۆکراتی بەردەوام بێت، هێندەش ململانێ وکێشمەکێش بەردەوام دەبێت. بەوەی، لەلایەکەوە ململانێ وخەباتی بێوچان وبەردەوامی پارتەکانی دەوێت، بۆ گەیشتن بە دەسەڵات. لەلایەکیتریشەوە، هەمان پارتی سیاسی دوای ئەوەی دەسەڵاتی گرتەدەست، دوچاری جۆرێك لە بەرهەڵستی هێزە سیاسییەکانیتر دەبێتەوە، ئەمە وبێجگەلەوەی کە دەشێت پارت ولایەنە بەشداربووەکانی نێو دەسەڵات، لە نێوخۆشیاندا بەرەنگاری جۆرێك لە کێشە وجیاوازی بیرورا ونۆرە ودەساودەسکردنی دەسەڵات ببنەوە (بە شێوازی رێککەوتن– توافق). شایانی باسە، ناکرێت تەنها لایەنی ئایدیۆلۆژی بە خوڵقێنەری ئاڵۆزی وقەیران وکێشەکان دابنێین، بەڵکو چەندین لایەنیتری سیاسی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی، جوگرافی، ئابووری، چینایەتی، ئایینی ومەزهەبی وزۆر شتیتریش هەن، کە ئەوانیش بە هەمان شێوە خوڵقێنەرن..[٤٢]

یەکێك لە پێناسەکانی پارتی سیاسی، ئەوەیە کە دەوترێت دەزگایەکی ململانێیە، یاخود دەوترێت زیاتر بۆ ئەو مەبەستە دروست بووە. هەروەها، پێناسەیەکیتری ئەوەیە کە، مەبەستی سەرەکی لێی بریتییە لە "گەیشتن بە دەسـەڵات،" کە بە کارێکی سروشتی لە قەڵەم دەدرێت. جا ئەگەر، هەردوو پێناسەکە بدەین لەیەك، ئەوا دەستەواژەی "گەیشتن بە دەسەڵات لەرێی ململانێ" وە بەرهەمدێت. واتە، پارتە سیاسییەکان بەم میکانیزمە کار دەکـەن، وهـەوڵی بەدەستهێنانی کورسی دەسەڵات دەدەن. هەربۆیە، ئاماژە بەوە دەدرێت کە: مەحاڵە، هیچ پارتێکی سیاسی، لەخۆرا رێگە خۆش بکات، لەبۆ پارتێکی دی ودەسەڵاتی حکومەتێکی پێکهێنراوی پێببەخشێت.

ململانێ بۆ دەستبەسەراگرتنی دەسـەڵاتـی سیاسی، بە یەکێك لە رووە

سەرەکییەکانی ژیانی سیاسی دادەنرێت. بەر لە دەرکەوتنی دیمۆکراسی، ململانێی سیاسی زەبر وزەنگاوی وپێشبینینەکراو بوو، بەڵام لە سەردەمانی دیمۆکراسیدا، "ململانێ" خەسڵەتێکی ئاشتییانەی پەیداکرد، بەتایبەتیش لە ڕێی هەڵبژاردنەوە ئەنجام دەدرا. دیارە، زانایانی کۆمەڵایەتی، هۆکاری سەرەکی ململانێکان لە چەند هۆکارێکی وەك: غەریزەی پیاهەڵشاخان، حەزی خاوەندارێتی تایبەتی، کەمی سەرچاوەکان، دەسەڵاتخوازیی سروشتیی، هەستی نائارامی تاکایەتی و....هتد، تاوتوێ کردووە..[٤٣]

ئەگەر، یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئۆپۆزسیۆن دەساودەسکردنی دەسەڵات بێت، ئەوا لەمە گرنگتر ئەوەیە، کە بە شێوەیەکی ئاشتییانە ودوور لە توندوتیژی ئەم ئەرکە ڕابپەڕێنرێت. تا ئەو شوێنەی، کە بوونی توندوتیژی، مەغزا ڕاستەقینەکەی لە ئاستی تیۆری وشەرعیەتی یاسایی وئەخلاقی، کۆی پڕۆسەکە لە ئاستی پراکتیکی دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

مەرجی یەکەمی دیمۆکراسی، دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن وبەرجەستەبوونی لایەنە پۆزەتیڤ وڕۆڵە گرنگ وچارەنووسسازەکانیەتی. هەربۆیە، پراکتیزەبوونی دیمۆکراسی، لە هەردوو ئاستی سیستم وئاستی کەلتوور، تاکە ڕێگەی بەدەرکەوتنی ئەو ئۆپۆزسیۆنە ڕاستەقینە وتەندروستەیە، کە دواجار دەسەڵات ناچار بە کرانەوە ولێبوردەیی دەکات. هەروەها، ڕێگرییەکی سەرسەختانەی لێدەکات، کە بەرەو دیکتاتۆری وزۆرداری وتاکڕەوی ملنەنێت..[٤٤]

کۆمەبەستی باسەکە، ئەوەیە کە تێکڕای پارت وڕەوت وبزووتنەوە وهێزە سیاسییەکانی کوردستان بە عەلمانی وئیسلامی ونەتەوەییەوە، لەگەڵ ئەوەی ئەم ڕاستییانە دەزانن، بەڵام ئایا بەم میکانیزمە کار دەکەن؟ خۆ ئەگەر وانەبێت، ئەوا مانای سەرچاوەی کێشەکان خراونەتە ڕوو. هەربۆیە، وەك هەڵوێستێکی کوردانە ونەتەوەخوازانە، وە بۆئەوەی لە لاپەڕە ڕەشەکانی مێژوودا هەڵە وخراپەکارییەکان وەك ڕاستییەك تۆمارنەکرێن، باشتر وایە سەرجەمیان بۆ بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوە وخواستی گشتیی جەماوەر، بەرپرسیارانە وکوردانە هەڵسوکەوت بکەن.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوە کوردییەکان:

١. ئینگۆ نۆیمایەر: کورد گەلێکی بێ دەوڵـەت، و: ڕێبوار تۆفیق، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران، زنجیرەی هۆشیاری (١)، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی– سلێمانی، ٢٠١١

٢. ئاندرو هێیوود: تیۆری سیاسی، و: گـۆران سەباح، چاپی یەکەم، دەزگـای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس– هەولێر، ٢٠٠٧

٣. ئەکرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، ڕەخنە)، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)– سلێمانی، ٢٠٠٦

٤. ئازاد تۆفیق خەیات: دەربـارەی عەقڵی سێکیولار وکورد سێکیولار، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان– سلێمانی، ٢٠١١

٥. برهان قانع: زاراوەی نوێ یان فەرهەنگی نوێ، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الحوادپ)– بەغدا، ١٩٨٥

٦. بەختیار جەبار شاوەیس: ئۆپۆزسیۆن لە چەمکەوە بۆ ئـەرك، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران، زنجیرەی هۆشیاری (١٩)، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی– سلێمانی، ٢٠١١

٧. پرۆفیسۆر پاڤیچ: کوردستان ومەسەلەی کورد، و: عبدالخالد صابر، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، ٢٠٠٦

٨. حوسەین بەشیریە: بنەماکانی زانستی سیاسی– تیۆری، پراکتیکی، و: ئەبوبەکر ڕەشید محەمەد ئەمین (کاروانی)، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی– سلێمانی، ٢٠٠٩

٩. خەلیل عەبدوڵڵا: کورد وپرسی دانپێدانانی دەستووری، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران، زنجیرەی هۆشیاری (٢٢)، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠١١

١٠. رایمۆند گارفیڵ گیتیڵ: زانستە سیاسییەکان، و: ڕێبین ڕەسوڵ وموحسین ئەدیب، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنانووسی وچاپ وبڵاوکردنەوە، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران- سلێمانی،٢٠١٠

١١. د. محەمەد عەبدولغەنی: جوگرافیا و پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان، و: جەزا تۆفیق تالیب، ئەحمەد عەلی ئەحمەد، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران- سلێمانی، حکومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٥

١٢. نەورەس ڕەشید: دەوڵەت، بەرگی یەکەم، چاپخانەی بابان- سلێمانی، ٢٠٠٤

## سەرچاوە عەرەبییەکان:

١. آلان تورين: ماهي الديمقراطية؟ حكم الاكثرية أم ضمانات الاقلية، ت: حسن قبيسي، الطبعة الثانية، الطبعة العربية (دار الساقي)- بيروت، لبنان، ٢٠٠١

٢. د. ابراهيم قاسم درويش بالانى: صدام الحضارات لهانتنغتون- دراسة جيوبولتيكية، الطبعة الاولى، مركز كردستان للدراسات الستراتيجية- السليمانية، ٢٠٠٧

٣. د. احسان حميد المفرجي، د. كطران زغير نعمة، د. رعد ناجي الجدة: النظرية العامة في القانون الدستوري و النظام الدستوري في العراق، الطبعة الثالثة، شركة العاتك لصناعة الكتاب- القاهرة، ٢٠٠٩

٤. بيار مصطفى سيف الدين: تركيا وكوردستان العراق، الطبعة الاولى، تسلسل الكتاب (٣٤)، مؤسسة موكرياني للبحوث و النشر- اربيل، ٢٠٠٨

٥. زانا رؤوف حمه كريم: مشكلة تقييد السلطة السياسية بالقانون- دراسة تحليلية، من منشورات مكتب الفكر والوعي للاتحاد الوطني الكردستاني، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر- السليمانية، ٢٠٠٩

٦. د. يوسف محمد عبيدان: مبادىء العلوم السياسية، الطبعة الثانية، دار الكتب القطرية- الدوحة، قطر، ١٩٩٦

## گۆڤارەکان:

نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی وروناکبیریی وەرزییە، ژمارە (٩)، بەشی روناکبیری مەڵبەندی (١)ی رێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەریدەکات، ٢٠١٠

## رۆژنامەکان:

١. کوردستانی نوێ: کاکێشان، ساڵی نۆزدەهەم، ژمارە (٥٣٥٤)، چوارشەممە، ١٥/ ١٢/ ٢٠١٠

٢. کوردستانی نوێ: دووریان، ساڵی بیستەم، ژمارە (٥٦٣٧)، یەکشەممە، ٢٧/ ١١/ ٢٠١١

٣. رۆژنامەی ئاسۆ: ژمارە (١٠٨٨)، ساڵی شەشەم، یەکشەممە، ١/ ١١/ ٢٠٠٩، ل ٧

## ماڵپەرەکان:

١. اسواني: ما معنى الاقليم؟ اجابات ejabat.google.com، ٥/ ١٠/ ٢٠١٠، Google

٢. تعريف الدولة: منتديات برق العامة، ٢٨/ ٣/ ٢٠٠٨، com forum٨.brg.

٣. دولــة: مـن ويكيبيديا، الموسـوعـة الحــرة، ١٣/ اغسـطـس/ ٢٠١١، ar.wikipedia.org

٤. حسين القطبي: كثر الحديث عن التي اهواها، الحوار المتمدن، العدد: ٣٥٢٣، ١/ ١١/ ٢٠١١، www.ahewar.org

٥. خدر شنكالي: عناصر ومقومات الدولة الكوردية المرتقبة ٣/ / الاعتراف الدولي، دوغاتا كوم، ١١/ ١١/ ٢٠١١، www.doxata.com

٦. مستقبل إقليم كردستان بعد الانسحاب الأمريكي من العراق: الجمل– قسم الدراسات والترجمة، ٥/ ١١/ ٢٠١١، www.aljaml.com

هەوارنامەی کتێب

# نوێبوون

هەواڵنامەی کتێب



# هەڵکشان بەرەو چارەنووسێکی نادیار

## خوێندنەوەیەك بۆ قەیرانی کەمفرە ڕەگەزەکان و پرسی کورد

د. سەردار قادر

## بنەڕەت لە فرەییدا یەکترناسینە

**ئەمە** حاڵەتێك و دیاردەیەکی جیهانی پڕ بایەخە کە دەبێ تەواوی تاکەکانی بەشەریەت لەم ڕاستیە حاڵیبن، بەوەی کە هیچ ئیرادەیەکیان لە دروستبوونی ئەو واقیعە مرۆییە نیەو بگرە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیش بەو حاڵەوە جوانە، دەنا تەواوی ئەو بیردۆزە ڕەگەزپەرستیانە ئاکامیان دەهاتە دی کە باس لە نەتەوەی دروست و بوێرو نەوعی ئەکەن بۆ بەرەوپێشچوونی وڵات و تەنانەت بۆ دروستکردنی یەکەیەکی سیاسی، بەوەی کە پێشکەوتن و مێژوو لەواندا ئۆقرەی گرتووەو کۆتایی بەشەریەتیش هەر لای ئەوانەوە خۆرەکەی ئاوا ئەبێ. ئەم فرەییە دیاردەیەکی هەر ئەوەندەی بۆ مرۆڤ ماوەتەوە کە خۆی ڕابێنێ لەگەڵیداو کارێك بکات کە پەیوەندیەکانی نێوانیان لەسەر بنەمای مرۆڤایەتی و ماف و تایبەتمەندی و تەواوکاری و بەرژەوەندی و...هتد ڕێکبخات و بەردەوامیان پێببەخشێ، دیارە ئەو بەردەوامی و پەیوەندیەش لە بەرەنجامدا دەبنە مەسەلەیەکی ڕێژەیی کاتێك وا بڕیارماندا کە ڕەفتارکردن لەگەڵ یەکتریدا لەلایەن مرۆڤەکان خۆیانەوە ئەکرێ و هەندێ جاریش هەیە کە تەواوی ئەو بەها باڵایانەی کە ئاماژەمان پێدان دێنە ئاستێکی گەلێك نزم و پێکهەڵپڕژانەکان زێتر ئەبن، خۆ ئەگەر وا نەبوویایە ئەوا لە مێژوودا بەپێی هەندێ ڕا تا کۆتایی سەدەی بیستەم نزیکەی زێتر لە شازدە هەزار جەنگ ڕووی نەدەدا[1].

ئەمە دیاردەیەکە پێویست بە بیانوو هێنانەوە ناکات، هەندە نەبێت کە ڕاستیەکی بوونە، پەیوەستە بە کەینونەی مرۆڤایەتیەوە، پەروەردگاریش بۆ ئەو مەبەستە دروستە خوڵقاندوونی تا یەکتری بناسن و پەیوەندی لەگەڵ یەکتریدا بنیاتبنێن و تەواوکاری یەکبن و کەس لەوی تر بەڕێزترو ئازیزترو بەتواناتر نیە لەسەر ئاستی گەلان بەڵکو چانسەکان دراوە بەهەمووان و تەواوی مەسەلەکانی پێشکەوتنیش پەیوەستە بە بواری زانست و عەقڵکاری، بەیەکەوە ژیانیش سیمای مرۆڤایەتیەو هەمیشە جەنگەکان

گەر بەو ژمارە زۆرەش روویاندابێ، ئەوە ناگەیەنن کە ئەصل لە ژیان و مرۆڤایەتیدا جەنگە نەك ئاشتی، بەڵکو زۆربەی هزریارو فەیلەسەفەکان لەسەر ئەو مەسەلەیە کۆکن کە مرۆڤ بە سروشتی خوڵقاوی خۆی بوونەوەرێکی ئاشتیخوازو مەدەنیە و هەرگیز ناتوانێ بەتەنها بژی و بەردەوام پێویستی بە ئەوانی تر هەیە. زانایانی بواری زانستی کۆمەڵایەتیش ئەو مەسەلەیە لایان یەکلاییە کە خودی دروستبوونی کۆمەڵگاکان لەسەر بنەماو دیاردەی بەرژەوەندی هاتوونە کایەوە نەك لەسەر بنەمای خوێن و ڕەگەز بەتەنها، هەر ئەو بۆچوونەشە کە پسپۆرانی بواری زانستی دبلۆماسیەت و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان هەر وەك ئەوانی تر جەختی لێدەکەنەوە کە کەمبوونەوەی قەڵەمڕویی جەنگ لە دنیای ئەمڕۆدا ئەگەڕێتەوە بۆ زاڵبوونی بەرژەوەندیەکان بەسەر سیمای پەیوەندیەکاندا، تەواوی ئەو جەنگانەش کە لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا کۆمەڵگای بەشەریەت دووچاریان ئەبێتەوە زۆرینەیان لەمەڕ بەرژەوەندیەکانەوە دروست دەبن نەك جودایی ڕەگەزەکان.

## جیۆپۆلەتیکی فرە ئیتنیەکان

**لە** کۆی نزیکەی ٦٠٠٠ زمان لە جیهاندا تەنها لە ئاسیای پاسیفیکدا نزیکەی بە ٥١٪ ئەو زمانانە ئەخافین، ئەو ناوچەیە بە قەرەباڵغترین ناوچەکانی دنیا ئەژمەردە ئەکرێن لەڕووی زۆری زمانەوە، بەوەی کە نزیکەی تەواوی هەموو زمانەکان لەو نێوچەیەدا گوژمە بووە، بەڵام ڕاستیەکی تر هەیە کە ئەو گرووپانە کەمچەشن و کەمژمارەن، تا ئەو ئاستەی کە لە ٩٦٪ ئەو زمانانەی جیهان لە تەواوی دانیشتووانی هەموو جیهان، تەنها ٤٪ خەڵکی دنیا بەو زمانانە ئەخافێن، بۆ نموونە لە وڵاتی ئەندەنوسیا کە ژمارەی دانیشتووانی زیاترە لە ٢١٠ ملیۆن کەس زیاتر لە ٣٠٠ ئیتنی و زمانی جۆراوجۆری تێدایە، میانیماریش وەك تێکەڵەیەك وایە لە فرەڕەگەزی، لاوس نزیکەی ١٠٧ ئیتنی فرەچەشنی تێدایە، ڤیتنام زیاتر ٥٣ وتورکیای دراوسێشمان ٦٦ و ئێرانیش زیاتر لە ٢٠ و وڵاتی فلیبینیش زیاتر لە ١٠٠ و بەنگلادیش زیاتر لە ٥٢، لە

نیپالیش زیاتر لە ٣٠ ئیتنی فرەچەشنی تێدا دەژی[٢]. لە چینی میللیشدا زیاتر لە ٥٥ نەتەوەی تێدا ئەژی کە ڕێژەیان لە ٦,٧٪ی کۆی دانیشتووانی ئەو وڵاتە پێکئەهێنن کە بەسەر پێنج ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا دابەشبوون و ٣٠ ویلایەت پێکدەهێنن و لە ٧٢ پارێزگاشدا ئالآی ئۆتۆنۆمی خۆیان دەلەرێننەوە، کە زۆربەیان ئەکەونە باشووری خۆرئاوای ئەو وڵاتە کە تا کۆتایی سالآنی حەفتا لە ٤٠ ملیۆن زیاتر بوون[٣]. لە یەکێتی شۆرەویی جارانیشدا نزیکەی ٤٠٠ نەتەوە ئەژیان و لە ئۆسترالیاش زیاتر لە ١٠٧ دەستەی ئیتنی فرەچەشن دەژین.

ئەمە بێجگە لەوەی کە گوژمەیەکی تر لە ئەفریکیاو ئەورووپاو هەردوو ئەمەریکاکە هەیە، بۆ نموونە هەر لە ئەوروپا کە پانتایی ئەو کیشوەرە لە کیشوەرەکانی تر گچکە ترە ٤٧ دەوڵەت لەسەر ئەو بنەمای تایبەتمەندیە هاتوونەتە کایەوە، کە لە بەرامبەردا لە کیشوەرەکانی تری وەك ئەفریکیا ٥٣ دەوڵەت و لە هەردوو ئەمەریکاکەش ٣٥ دەوڵەت و ٥٦ یش لە کیشوەری ئاسیا، کە پانتایی کیشوەری ئەورووپا لەبەرامبەر کیشورەکانی تردا ڕووبەرەکەی بچووکە، بەلآم ژمارەی دەوڵەتانی ئەوەندە لەوانی تر کەمتر نیە، تەنانەت ژمارەی دەوڵەتانی لە هەردوو کیشوەری ئەمەریکاکە زێترە.

کەواتە لێرەدا فرەییەکە بە تەواوی دنیادا بەربلآوەو هیچ دەوڵەتێك کەم تا زۆر لێی قوتار نیە، تەنانەت ئەو دەوڵەتانەش کە ڕێژەی پێکهاتەی یەکرەگەزییان لەسەروو ٦٥٪ وەیە کە وەك پێوەر بە گەلانی یەکانگیر لەسەر ئاستی دنیا ئەژماردە دەکرێن لە ٦٪ کۆی دەوڵەتانی دنیا تێناپەڕێنن کە دانیشتوانەکانیان بە زۆرینە بەیەك زوبان و یەك نەتەوەو مێژوو گوژمە دەبن وەك یابان و صۆماڵ.

## ئەزموونەکانی ڕەفتارکردن

**ئەمە** مەسەلەیەکی ڕێژەییە، ئەشێ لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی تر جودا بێ، یان تایبەتمەندی کەمەنەتەوەکە یان ئیتنیەکە لەگەڵ زۆرینەدا کەم تا زۆر دژواری جیاواز بێ، بەلآم پێدەچێ لە چوار ئەزموون تێپەڕ نەکات، ئەوانیش:

## ١. دیدگای ئاسایشی

ئەمە پەتایەکی مێژووییە، ئەو دەمەی کە تاکگەرایی دەستیکێشاوەو ئەیکێشێ بەسەر دەسەڵات و ئیرادەی گەلداو وا سەرنجی ئەوانی تری داوە کە دەبێ لە خزمەت ڕەوڕەوە سیاسیەکەی ئەودا بن، لەو دیدگایەوە سەرنجی ئیتنیەکانی تری داوە کە تاچەند خزمەت یان پشت ئەکەنە دەسەڵاتی سیاسی، لەو ڕووەیەشەوە هەمیشە هەوڵدراوە ئەو کەمایەتیانە لە قاڵبدرێن و لە قەبارەیەك و ڕەفتارێکی سیاسی ڕەگەزی وادا قەتماغە بدرێن کە مەترسیان کەمبێ. هەر بۆیە لە تەواوی دنیای دواکەوتوو لە جیاتی ئەوەی کە بەرەو یەکگرتوویی تەبایی بچێت بەرەو هەڵوەشاندن و لێکترازان و دووبەرەکیە ناوخۆییەکان بۆتەوە، ئەمەش ئاکامی دیدگایەکی ئەمنیە بۆ ئەو کەمەنەتەوەیی یان ڕەگەزیانەی کە لە نێو وڵاتدا دەژین، کە هەر ئەو دیدگا ئەمنیە دەسەڵاتداریە وای کردووە لە مێژوودا کە هەمیشە ئەو کۆمەڵگایانە لە قەیرانێکی ئەمنیدا بژین و پرۆسەی سیاسیشیان هەمیشە لە خولانەوەدا بێ لەناو بازنەیەکی داخراوداو لە کۆتاییەکی بێ بەرەنجامدا هەمیشە لەو کۆمەڵگایانەدا مەیلی جیابوونەوەو لیکترازان و بەیەکەوە نەژیان زۆرترە وەك لە پێکەوە بوون و ژیان[٤].

ئەو دۆزە هەستیارە هەندەی تر لە دوای پایان بوونی ئەستێرەی ڕۆژهەڵات و نەمانی جەنگی سارد لە نێوان ئەو دوو بەرداشەدا قووت و زەقبوویەوە، بەوەی کە زۆرێك لە کەناڵە ناڕاستەوخۆکانی پێکهەڵپرژانی دوو جەمسەرەکە لەسەر حیسابی گەلانی ژێر دەست و کەمفرەڕەگەزەکانی کە کەوتبوونە ژێر چەپۆکی یەکێك لەو دووانە ئەبوونە قوربانی و هەندێك جاریش هەپرون دەبوون. چونکە جەنگی سارد کەبەسەر پشتی خەباتی گەلانی چەوساوەوە کوورەکەی گەرم کرابوو و چەقەکانی بڕیاردەری هەردوو جەمسەرەکەش لە پریشکەکانی بەدوور بوون تەنها ململانێیکەی سیخوری نەبێ، ئەوەتا داتاکانی بواری سیخوڕی ئاکامی ئەو جەنگە بەوە دەخەملێنن کە یازدە ئەوەندەی جەنگی جیهانی یەکەم و سێ ئەوەندەی جەنگی جیهانی دووەمیشی

تێچووە، پێکهەڵپڕژانەکانیشی هەمیشە لە جیاتی بوون و ڕاستەوخۆ لەنێوان دوو جەمسەرەکاندا نەبووە نموونەش ئەفغانستان، عیراق ئێران...هتد. ئەم حاڵەتە دژوارە دوای نەمانی جەنگی سارد قووڵتر بوویەوە ئەوەتا هەر وەك لە ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە کە ئەم دیدگا ئاساییشیە چۆن لە دواتردا بووە هۆی شەڕەکانی ناوخۆو یەکترخۆری، پێشتر بەهۆی ستەمکارەکانیەوە بە وڵاتانی گۆڕەبەکۆمەڵەکان ناسرابوون ئێستا لەسەر دەستی خۆیان ئەو مۆدیلە لە مردن و کوشتن درێژەی هەیە، جا هەندێکیان بەهۆی دەستێوەردان و هەندێکی تریش بەهۆی گرفتی بەیەکەوە نەژیان کراون. ساڵی ١٩٩٢– ١٩٩٥ی سەدەی پێشوو هەروەك لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە هەشتاو دوو پێکدادان و هەڵپڕژانی سەربازی یان سوپایی لە دنیادا ڕوویان داوە کە تەنها سێ حاڵەتیان لە نێوان دەوڵەتاندا بووە، حەفتاونۆ حاڵەتەکەی تر ناوخۆیی بوون و زۆربەشیان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤیەتی جاران و ئاسیاو ئەفریکیاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوون(٤)، تەنانەت تا ئاستی بوار دان بە خود بە جینۆسایدکردنی بەرامبەر هەر وەك لە حاڵەتی روەندادا هاتووە.

بەڵام ئەوەی کە لەپارسەنگی دیدگا ئاسایشیەکەوە لەمپەری گرتووە، زۆر بوونی دژواریە ئاینیەکانە، لە نێویشیدا جودایی مەزهەبی، کە ئەمەش بە مەترسیدارترین هۆکاری پێکەوەنەژیان ئەژماردە ئەکرێن، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٤٨دا تەنها سێ جەنگی دینی لە سەرتاسەری دونیادا هەبوون کە هۆکارەکە ڕاستەوخۆ ئاین بوو، بەڵام لە دوای ساڵانی ڕووخانی یەکێتی شۆرەوی جارانەوە ژمارەی جەنگە ئاینیەکان بوونە بیست وسێ کە زۆربەیان لەو نێوچانەدان کە پێشتر باسمان کردن و دوانیشیان لە ئەوروپا کە ئەوانیش لە یوگسلافیای جاران و ئایرلەندای باکوور(٥). ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە بلۆکی کۆمۆنیستی هیچ خاڵێکی پۆزەتیڤی لەوبارەیەوە بۆ ئەژماردە بکرێ، بەڵکو ئەو حاڵە لەو سەردەمەدا قەتیسماوەو دوای نەمانی کۆت و زەبری هاتۆتە سەر زەمین و پێکهەڵپڕژان، لەوەش زیاتر ئەوەیە کە لە تەواوی ئەو سەردەمەدا نەتوانراوە یان هیچ گوتارێکی دروستیان پێنەبووە بۆ چۆنیەتی ڕەفتارکردن، هەندە نەبێت کە پێچەوانە لەگەڵ فیترەتی مرۆڤەکاندا ڕەفتاریان دەکردو هیچ بەهایەکیان بۆ



هەواڵنامەی کتێب

ئەو حاڵەتانە دانەدەنا، لەبەرامبەریشدا دەوڵەتانی ئەورووپی لەگەڵ بوونی حاڵەتێکی زۆر دژوار لەو میانەوە بەڵام چارەسەرکران.

لە وڵاتانی ئەفریکایی و ئەمەریکای لاتینی و جیهانی ئیسلامیشدا هەمان دیدگای ئاسایشی بۆ ئەو کەمفرە ڕەگەزانە هەبووە، بەڵام مەخابن ئاکامێکی دژواریان داوە بەدەستەوە، هەر بۆیە لەو بارەیەوە بە پێی ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرەنجامی ئەو دۆزە ئاسایشیە دەرهەق بە ڕەگەزەکان و کەمە نەتەوایەتیەکان ئەبێتە مایەی زۆر بوونی ژمارەی دەوڵەتانی ئەندام لەو ڕێکخراوەیەدا، بەوەی کە ڕەگەزەکانی ناو وڵاتان بەو شێوازەی کە ئێستا لەسەری گوزەر ئەکەن مەحاڵەو ڕێگەچارەکانیش گەیشتوونەتە بن بەست و جۆرێك لە قەناعەتیش لای زۆربە گەڵاڵە بووە کە چیدی ژیان لەسەر ئەو وەتـەرە ناتوانرێ گوزەر بکرێ. ڕاپۆرتەکە لە دەرەنجامی ئەو دۆزە دژوارەدا ئاماژە بەوە ئەدا کە ژمارەی دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئەبێتە نزیکەی چوار سەدو پەنجا دەوڵەت[٦]، ئەمەش هەر چەند کارێکی گریمانەییە بەڵام کێرڤەکە بەرەو ئەو ژمارەیە ڕۆژ دوای ڕۆژ لە هەڵکشاندایەو لەبەرواری دەرچوونی ئەو ڕاپۆرتەوە چەندان دەوڵەتی نوێ دروستبوون و چەندانی تریش بێ سێ و دوو زیاد دەکەن.

بە پێی گوتەی پسپۆرانی بواری ستراتیژیەتیش ئەو دۆزە ناهەموارە دژوارەی کە لە دیدگایەکی ئاسایشیەوە ڕەفتاری سیاسی و دامەزراوەیی و ئایدیۆلۆجی سەرچاوە ئەگرێ، بەردەوام وڵاتان و گەلانی ئەو ناوچە ململانێویانە بەرەو موراوەحەو هاتنەکایەی چەندان گرفت و قەیران کە تەبایی و پێکەوەژیان و بەرەوپێشچوونی وڵات دەخاتە ژێر مەترسیەوەو پرۆسەی سیاسی و بەڕێوەبردنی وڵاتیش بێئاکام ئەخاتەوە. چونکە لە هەمان کاتدا سەرباری ئەو دژواریەی ناوخۆ "دەستێوەردانی دەرەکیش لە ئارادایەو خودی ئەو کەمفرە ڕەگەزانەش لە بەرەنجامی ململانێ سیاسیەکاندا ئەبنە درێژکراوەی مەودای ستراتیژیەتی دەوڵەتانی خاوەن نفوزو بەرژەوەندی"[٧].

## ٢. دیدگای سیاسی

تەواوی ئەو بۆچوونە ئەمنیانە لە واقعی کرداردا سەرنەکەوتن، تەنانەت وڵاتیشیان بەرەو هەڵدێر برد، شەڕی خۆخۆری وەگەڕکەوتن، ئاشووب کەوتەوە، کۆمەڵگا پەرت بوو، دەسەڵاتی سیاسی بووە موڵکی خانەوادەکان، خاوەن مافەکان وەدەرنران، بە تیرۆریست و بەکرێگیراو تۆمار کران، بەتێکدەر درانە قەڵەم و حوکمی لە سیدارەدانی بێئامادەبوون دران، گەل وەك سەرچاوەی دەسەڵات بێبەش کراو لەو مافە ڕەتاندرا، دیموکراسیەت سەرلەنوێ بووەوە هۆکارێکی زیندوو بۆ سەرلەنوێ کۆنترۆڵ کردنەوەی کۆمەڵگاکان و ئایدۆلۆژیایەك بۆ ئاراستەکردن، بەمانایەکی زیندووتر ناکرێ باس لە دیموکراسیەت بکرێ لەژێر ڕەحمەتی وەك یەکێك لەسەرکردەکانی دونیای دواکەتوو یان نیشتمانی عەرەب کە تا زەردەپـەڕی سپێدەی دوێنێ و دوا تارمایی خۆری سیاسەتی حوکمڕانی ئەو، قەڵەمڕەویان لەسەر بونیادی کەللە سەرەکەیان باڵا بووەو شکۆمەندیان بە عارەقەی ناوچەوانی ژێر دەست و شەوی خەزاڵیشیان بە خوێنی ئەوان سوور ڕەخشاندووە، بەو عەقڵیەتە دیماگۆجیەش ڕەفتار لەگەڵ ڕەعیەتدا کراوە کە کاتەکە ناسکەو دوژمنانی دەرەکی لەبەر دەرگان و نابێت دزەبکەنە ناومانەوەو سەبارەت بە دیموکراسیەتیش کارێکی باشەو کەسمان نکوڵی لێناکا، بەڵام سەردەمی نەهاتووەو هێشتا هەندە هزربەخش نین تا بتوانین بیگوزەرێنین و خوا تەنمان بدات لە پرۆسەماندا هەیە "ئەو دیمەکراسیەتەش بە ئاراستەکراو ناوزەد کراوەو گەرەکیەتی کۆمەڵگا بەرەو ئەو گەشەبکات، دۆزی نالەباری وڵاتانی دواکەوتووش لەسەر زارن و بە پاساو دێننەوە"(٨).

دوای هەرەسهێنانی دیدگای ئەمنی و چیتر نەمانی پاڵپشت و مۆدێلی، ئێستا دەوڵەتانی دنیای دواکەتوو لەبەردەم سێ دەرفەتی نوێدان بۆ چارەسەرکردنی کەمفرەڕەگەزەکان، گەرچی دۆزەکە هەنووکە گەیشتووەتە ئاستێك ڕێگەچارە

کلاسیکیەکان تەنها وەك ئازار شکێنێك سەرنج ئەدرێن: ئەوانیش: هاولاّتیبوونێکی ڕاستەقینەی هەموو کەمفرەڕەگەزەکان لەناو بۆتەی یەك پانتایی جیۆسیاسیدا، کە ئەمەش بە مەحاڵ دائەنرێ چونکە بە ئەزموون ئەو مسەلەیە سەلماوە کە هەمیشە دیکتاتۆرەکان پانتاییەکی زهنی دژوار وەك کەلەپوور لە پاش خۆیان جێئەهێڵن، کە دواتر هەمان ئەوانەی کە لە دژی جەنگاون دەبنە هەڵگرو شوێنکەوتووی هەمان ڕەوتی سیاسی و کلتوور، ئەمەش لە عیراقی نوێدا زۆر بەرجەستەیە بەو پێیەی کە تەواوی یەکە سیاسیەکانی تر لەبەرامبەر کورد بە ڕاستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئارەزوو بکا یان نا هەمان وێنەی دزێوی جارانەو هیچی تر.کەواتە مەسەلەی هاولاّتیبوون وەك چارەسەر جۆرێکە لە موریدی کەمفرەڕەگەزەکان بۆ زۆرینەی لەسەروو هەر ئەوانیش مافی چارەی خودبڕیاریان بۆ دەدەن.

دیدگایەکی تر بۆ پێکەوە ژیان فیدراڵیەتە، بەلاّم ئەم ڕێگەچارەش دڵەڕاوکێیەکی زۆری لای دەسەلاّتداران دروست کردووە، ئەویش لە دوو ڕوانگەوە: یەکەمیان هەر فیدراڵیەتێك کە لەسەر بنەماو ماهیەتی کارگێری نەبێت مەترسی پەرتبوونی ولاّت دەنێتەوە، لەهەمان کاتیشدا زیاتر شەرعیەت بە قەڵەمرەوی ئەودەدات و تەواوی ئەوانی تر وەك لە میانەی سیستمی کارگێڕیەوە وەك ئێلیکترۆن بەدەورو خولگەی سەربەو دەسوڕێنەوە کە بەو شێوەیە لەتونایدایە کێشیان بکات، ئەمەش مەخابن ئەزموونێکی سەرکەوتوومان لە دنیای دواکەوتوودا نیە. دووەمیش فیدراڵیەتەکان لەسەر بنەمای جیۆسیاسی و نەتەوەیی و تایبەتمەندی نین، بۆیە کەمفرەڕەگەزەکان هیچ تایبەتمەندی و کەسێتی مەعنەوی و ماهیەتی خۆیانی تێدا نابینن و لای دەسەلاّتدارانیش بە باکگراوندە تاکڕەویەکەوە ڕەفتاری دەرهەق ئەکرێ و هیچ ئاکامێکی لێناکەوێتەوە.

ئەوی تر مافی چارەی خۆدیاریکردنە، کە لەوانەیە لە خود موختاریەکی سادەوە دەستپێبکا، بەلاّم پێدەچێ لە دوو ڕوانگەوە ئەمجارەیان سەر بگرێ، ئەوانیش بەو حاڵەتە بەهاریەی ئێستا و ڕووخانی سیستمە سیاسیەکان و هاتنەپێشی چانسەکان،



هەولێرمەی کتێب

یان بەو شێوازانەی کە لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دیاری کراون، بەڵام ئەم ڕێگەیەیان ئاسان نیەو بگرە هەندێ جاریش لەوانەیە سیاسەتمەداران دووچاری شۆك بکات، بەڵام مەحاڵ نیەو چەندان دەوڵەتی نوێ لەو ڕێگەیەوە ئەندامێتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیان چنگخستووەو ئێستا خاوەنی کەسێتی مەعنەوی خۆیانن و ئاڵاکەشیان ئەلەرێتەوە.

## چارەنووس بەو حاڵە گەیشت

زۆربەی ئەزموونەکان لە دنیای سیاسەتدا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەیسانە بە عەلمانی و ئیسلامیەوە سەرنەکەوتن، هەموویان کۆمەڵگاکانیان دووچاری شۆك کرد، موراوەحەیان پێکرا، دۆزەکـان قەتیسکران، تا ئەو ساتەی مەنفەسەکان کرانەوەو چیدی ئەو دۆزە قبوڵ نەکرا، زستان بوو بەستەڵەکەکان لە جیاتی ئەوەی زێتر تووندبن، نەوبەهار کە باوەڕنەدەکرا ئاوا زوو بێت هەڵتەکان، نارەزایەتیەکان گوژمەیان کرد، تەختوتاراجەکان ڕمان، بانگەشەو گوتارەکانی دیموکراسیەت و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەرزکرانەوە، دەستوورەکان لە گۆڕاندان، هەڵبژاردنەکان لە گوژمەو هوتافدان، وەلێ تا ئێستاش ڕوون نیە کە کێ دەبێتە سەروەرو وڵاتیش بەکام ئاقاردا دەچێ.

## کاریگەریەکانی لەسەر کورد

١. **بەهارێکی هەستیار**: هێشتا بەهارەکە نوێیە ناتوانین تەواو ئەو چرۆیانە بخوێنینەوە کە لەم وەرزەدا دەپشکون، چونکە تەم تا ئێستا بەهۆی گۆڕانی کەشەکەوە دنیاکەی تەنیوە، پرسی دیموکراسیەت ڕوون نیە، ئایندەی شۆڕش ڕۆشن نیە ، تا هەنووکەش لەبەردەم مەترسی فراندن و لاداندایە، لەهەندێ وڵات بەرەنجامەکانی هەڵبژاردنە نوێیەکان هاوسەنگیان پێوەدیارە وەك تونس جەزائیر بەڵام لە میسر مەترسیدارە کە دوور نیە لە ئاکامدا خودی دەرچووان کە ئیسلامیەکانن



هەواڵنامەی ئیتیژ

عەیبدار بن چونکە بە ناهاوسەنگی تا ئێستا هاتووەو خەریکە فرەییەکە دەکەوێتە نێوان ئیسلامیەکان خۆیانەوە، ئەوانەی کە تا دوێنێ لە کونجی ژێرزەمین و لە رۆخی دەریاو بیابانەکاندا لە دەست پیاوانی ئاسایش قوتار نەدەبوون، ئێستا بوونەتە حوکمدار، ئەمە مافی خۆیانە بە هەڵبژاردن هاتوون، بەڵام هیچ ئەزموونێکیان نیەو هیچ بوارێکیش بۆ ئەوانی تر نەماوە تا بە فیعلی بەشداری لە دەسەڵاتێکی نیشتمانیدا بکەن، چونکە ئەمان زۆرینەی دەنگەکانیان چنیوەتەوە.

ئەوەی کە لێرەدا مەترسیدارە ئەوەیە کە ئەزموونێکی نوێیە لە پڕتاودا هاتۆتە کایەوە، بە پێچەوانەی تورکیا کە لەسەر هەردوو ئاستی یاسادانان و راپەراندن و شارەوانی ئەزموونیان هەبوو، بەڵام ئەمان نا. ئەمەش مەحاڵ نیە، بەڵام پێویستی بە چەند مەسەلەیەکە: قۆرخنەکردنی دەسەڵات هەرچەندە زۆرینەن، حکومەتی ئینتقالی نیشتمانی، دەستوورێکی مەدەنی...هتد.

کورد لەو نێوەندەدا ناتوانێ بڕیاری کۆتایی خۆی بدات چونکە لەلایەك ئەو بەهارە بەهۆی چەندان حاڵەتی گەندەڵی و نێگەتیفی سیاسەتی کوردیەوە خۆیشی گرتۆتەوە، لەلایەکی تریشەوە لە وڵاتێکدا گوزەر دەکا کە هەر رۆژەی دۆسیەیەکی مەترسیداری تێدائەکرێتەوە، لەلایەکی تریشەوە تەنراوە بە چەندان دەوڵەت کە بە ئایندەی کورد ناحەزن، ئەمە سەرەرای ئەوەی کە کورد لەم چەند ساڵەی رابردوودا خاوەنی ستراتیژێکی رۆشن نەبووە لە چوون بەرەو دەوڵەت و بگرە تا ئەو رادەیەی کە کاریشی بۆ نەکردووە.

٢. **هەڵکشانی چارەنووسەکان:** دوای رووخـانـی بلۆکی رۆژهـەڵات کەمفرەرەگەزەکان لە وڵاتانی دواکەوتوو و پاشماوەی ئەو جەمسەرە سیاسیەدا نەفەسێکیان داو بەدوای چارەنووسی خۆیان کەوتن، بەڵام تا ئێستا زۆرێك لەوانە نەگەیشتوونەتە ئاکام، یەکێك لەو هۆکارانە کەوتنی لە ناکاوی سیستمی رۆژهەڵات و شوێنگرتنەوەی بە چەندان سیستمی دیکتاتۆر بەهەمان رەوتی سیاسەت و باکگراووندی فیکری ئەگەرچی لە رووکاریشدا سوێندیان بە دیموکراسیەت ئەخوارد.

کەواتە لێرەدا پێویستە کورد قەناعەت بەو گوتەیە بێنێ کە لەو پرسە دواکەتووەو رەوتی سیاسەتی کوردی هەر لە ساڵی ١٩٩٢ وە بەرەو لادان رۆیشتووەو دواتر شەری ناوخۆش جەرگبڕبوو لە پرۆسەی چوون بەرەو مافی چارەی خۆنووسین، هەر چەندە یەکەمین بڕیاری بوێرانەی پەرلەمان هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە فیدراڵیەت بوو بۆ گەلێکی ستەمدیدە، بەڵام هەنگاوەکان لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی کوردەوە خاو بوون و تا ئەو رادەیەش کە کەمتەرخەمی و هەستکردن بەلێپرسراوێتی بە پێی پێویست نەبوو، دیارە لێرەدا مەبەستمان راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی نەبووەو نیە لەو ئان و ساتە مێژوویەدا، چونکە راگەیاندنی ئەو بڕیارە بیرکردنەوەو سەرنجدانی ستراتیژیانەی دەوێ، هەرچەندە بە مەحاڵ نەروانین بۆی، بەڵام پێویستە روونتر بڵێین کە کورد و سەرکردایەتیەکەی پرۆژەیەکی ستراتیژی دیاریکراویان نەبووە بۆ ئەو دۆسیەیەو تا بە قۆناغبەندی بەرەوپیری هەڵکشێن، ئەوەش لای هەمووممان ئاشکرایە کە پێش جاردانی دەوڵەت و سەربەخۆبوون چەندان هەنگاو هەن کە دەبوا لای عەقڵیەتی سیاسی کورد بە هەند وەربگیرانایەو ئەژماردەبکرانایە، تا ساڵ دوای ساڵ خۆدروستکرنی لەسەر ئاستی ناوخۆو پتەوکردنی دەسەڵات و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم پتەوتر بکرانایە.

٣. **دەوڵەت لە بەرنامەی پارتە سیاسیەکاندا:** ئەمە گرفتێك نیە کە تەنها یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان لێی بەرپرسیارن، بەڵکو لە عەقڵیەتی سیاسی کوردیدا وا بە زیهنماندا هاتووە کە دەوڵەت ئەگەر باست کرد یان بیرت لێکردەوە ئەبێ دەماودەست جاری بۆ بدەی، ئەمە هەڵەیەك و خەوشێکە بە عەقڵ و رەفتاری سیاسی کورد و سەرکردایەتیەکەیەوە، بۆ نموونە هێرتزل کە خەمخۆرو مشوورخۆری دەوڵەتی جولەکە بوو دوای بەستنی کۆنگرەی ساڵی ١٨٩٨ بۆ کۆکردنەوە پشتیوانی و دیاریکردنی چارەنووسی جولەکەکانی دنیا، ئەو دەم مژدەی نەدا بە هاوسۆزو دۆست و جولەکەکانی دنیا کە لە وادەیەکی نزیکدا یان باشتر بڵێین لە پێنج شەش ساڵی ئایندەدا دەوڵەت دروست ئەکەن، ئەگەرچی تەواوی دنیای عەرەبی و جیهانی ئیسلامی لە ژێر چەپۆکی کۆڵۆنیالیزی ئەوسای ئەوروپادا بوو، کە بەئارەزووی

هەولێرنامەی کتێب

خۆیان ولاتانیان پەرتدەکردو دەستیانبەسەردا ئەگرتن، بەلام وتی دوای ئەم کۆنگرەیە واتە ساڵی ١٨٩٨ تا پەنجا ساڵی تر دەوڵەتی جولەکە لەسەر خاکی فەلەستین بەچاوی خۆتان ئەبینن، ئەوەش ڕاستدەرچوو، هەر چەند لە ساڵی ١٩١٧ەشـەوە پەیمانی بەلفۆریان لە داگیرکەری فەلەستینیش وەرگرت.

هەڵکشان بەرەو ئەو چارەنووسە لە سەرەتادا زۆر نادیارو لێڵەو لای هەندێ کەسیش مەحاڵە، بەلام گەرەکمە ئەوە دووبـارە بکەمەوە کە جاڕدانی دەوڵەت جودایە لە هەڵکشان بەرەو دوا قۆناغی مافی چارەی خۆنووسین و شێوەی کە دەوڵەتە، ئەمە لای هەندێك بیرمەندی سیاسی وەك موغامەرەیەك وایە کە چەندان گەل گەر ستراتیژیەتیان ڕوون نەبووبێ و بە زیهنیەتی حوکمداری نەدارانەبووبن تیایدا سەرکەتوو نەبوون.

پارتە سیاسیەکانی کورد لە کوردستان ئەگەر وەك زێدەڕۆیی باس نەکرێ، بەهۆی ئەو ژینگە سیاسیە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەی کە بەسەر سیاسەتدا زاڵبووە، هیچ گرنگیەکی جیددی و کرداری بەو دۆسیەیە نەدراوە ، تەنها ئەوەندە نەبێ کە لە پەروەردەی حیزبی خۆیدا وەك مافێك بۆ گەلێکی بێدەرەتانی سیاسی کە دەوڵەتی نیەو وەك مافێکی سەرەکی و بنەڕەتی لێیزەوتکراوە، زیاتر بایەخی نەبووە، تەنانەت لەو سەردەمانەدا پێدەچێ مۆدێلێکی سیاسیش نەبووبێ.

ئەمە سـەرەڕای ئـەوەی کە تـەواوی پارتە سیاسیەکانی کوردستان پێشتر کەوتبوونە ناو نەخشەیەکی سیاسی ئایدیۆلۆژیەوە کە هەر یەکەیان خۆی لە مەودای ستراتیژیەتی زلهێزێکدا دەبینیەوە، بۆ نموونە زۆربەی پارتە سیاسیەکانی کوردستان پێشتر باکگراوندی ئایدیۆلۆژیان یان چەپ یان ئاینی بووە تەنانەت کەمتر نەتەوەیی بوون، کە هەردووکیان بە مۆدیلی سیاسی ئەو کات زیاتر جەخت لەسەر پێکەوە ژیان و پاراستنی یەکڕیزی و یەکپارچەیی ولات بووە، گەرچی ئێستا لەو مەسەلەیەدا جیاوازییەك لە نێوان پارتێکی ئیسلامی و چەپ و لیبرالیەکدا نیەو ئەو مەسەلەیە بە

مەرکەزی سەیر ئەکرێ. کەواتە تەنانەت لە پەروەردەکردنی کاری پارتایەتیدا بەهۆی نەبوونی بوار لەسەر زەمین و ترسان لە دروستنەبوونی کەسێتیەکی شیزۆفرینایی سیاسی حیزبی باس لەو مەسەلەیە کەمتر کراوە، بەڵکو زیاتر جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە لە واقیعدا ئەرزشی زیاترە، کە ئەویش ئۆتۆنۆمی، خودموختاری، فیدراڵیەت...هتد، تەنانەت هەندێ پارتی سیاسیش وەك پارتی کرێکارانی تورکیا لە بانگەشەی دروستبوونی دەوڵەتی کوردیەوە دادەکشێ بەرەو ئەژماردەکردنیان وەك هاوڵاتیەك و ڕازیبوون بە دیموکراسیەتێك کە هیچ سیمایەکی تایبەتمەندی خودی پێوەدیار نیە، کەواتە ئەکرێ ئەوەش بوترێ کە واقیعی سیاسی لە کوردستانی باشوور لەو خاڵەوە دەستپێدەکاتەوە کە ئەوانی تر ئێستا پێیگەیشتوون.

جەرگبڕتر لەوە نەخشەی کاری پارتایەتیە، ئەوەیە کە هەم پەتایەکی مێژووییە لە دیاردەو ژیانی سیاسی کورد، ئەویش ناوچەیی بوونی دیاردە سیاسیەکان بەو ڕادەیەی کە پارتە سیاسیەکان ناوچەکانیان بەپێی نفوزی خۆیان بەشکردبوو تا ئەو خاڵەی زۆرێك جاران خەباتی ئەوی تر لە ناوچەی نفوزی ئەودا قەدەغە بووەو خوێنی حەڵاڵ بووە، هەر ئەو دیاردە مێژووییە سیاسیەیە کە تا ئێستاش بە نەخشەی سیاسی هەرێمی کوردستانەوە ماوەتەوە.

لەهەر توێژینەوەیەکدا سەبارەت بە هەر دیاردەیەکی سیاسی یاخود سیستمی سیاسی جا چ لاوەکی یان سەرەکی بێت پێویستە دوو ڕەهەند بە هەند وەربگیرێ ئەوانیش: دامودەزگا یان دامەزراوەو ئۆرگانەکانی یەکە سیاسیەکە بەوەی کە چۆن پێکهاتوون یان چۆن کار ئەکەن و لەسەر چ بنەمایەك دەگوزەرێن، ڕەهەندی دووەم ئەو بەهایانەیە کە لەپشت یەکە سیاسیەکەوە ناوەندەکانی بڕیاری دەجوڵێنێ. ئەم شرۆڤەیە پێناچێ بەسەر زۆرێك لە پارتە سیاسیەکاندا جەم ببێ چونکە کاری پارتەکان ئەوەندەی کە وەك کاردانەوە بەگەڕکەوتوون ئەوەندە خاوەن ستراتیژیەت نەبوون و زۆرێك لە چالاکیەکانیشیان لە بۆنەکاندا گەرمتر بووە نەك هاوسەنگیەك لەو نێوەندەدا هەبێ.

### ٤. کاریگەری لەسەر پرسی دەوڵەتی کورد

ئەو واقیعەی کە ئێستا لە دیاردەی سیاسی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتۆتە پێش لەچەند ڕوویەکەوە کاریگەری لەسەر پرسی دەوڵەتی کوردی ئەبێ، ئەوانیش:

١. ئەبێتە خاڵێکی وەرچەرخان بۆ دەسەڵاتی سیاسی کوردی تا بە خۆیدا بچێتەوەو هەڵسەنگاندنێك بۆ خۆی بکات، ئەوەش ئێستا لەئارادایە.

٢. هەڵکشانی ڕەوتی ئۆپۆزیسیۆن و گۆڕان لە نەخشەی کاری سیاسی و هێزە جیاوازەکان، ئەمەش وەك پێوەرێك بۆ کاریگەری هەر لە ئارادایە.

٣. ئەکتیڤبوونی ڕای گشتی، بەوەی کە زیاتر لە جاران بایەخ بە کایە سیاسیەکان ئەدات و ئەیانکاتە پرس لەبەردەم دەسەڵاتی سیاسی، ئەمەش وەك خۆپیشاندانەکانی حەڤدەی شوباتی پار ساڵ و مانگرتن و ئیمزاکۆکردنەوەو کێبڕکێ سەختەکان کە لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا بەدەر ئەکەون و...هتد.

٤. نزیکردنەوەی قۆناغەکان بۆ بەرەو دەوڵەت هەڵکشان، چونکە بەهاری عەرەبی حاڵەتێکی سیاسی وای خولقاند کە هاوکێشە سیاسیەکانی بە کراوەیی هێشتۆتەوەو کەمفرەڕەگەزەکان لەبەردەم قۆناغێکی ئیجابیدان و شێوازەکانی پێکەوەژیان ئێستا لە یەکێك زیاترە.

٥. پشتیوانی ئیجابی و ئاشکرای کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەمەڕ مافی کەمفرەڕەگەزەکان و ڕەوتی دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ و لەسەر هاتنە وەلامیان کاتێك کە دووچاری توندوتیژی و قاتوقڕی ئەبنەوە.

٦. زۆربوونی کەناڵەکانی پەیوەندی و کرانەوە بە ڕووی دنیادا تایبەت لەبواری دیبلۆماسیەت و پەیوەندیە کونسولیەکان، ئەمەش باشترین هۆکارن بۆ بەرەوپێشبردنی پرسەکەو گەیاندنی پەیام.

٧. قوتارنەبوونی دەسەڵاتی سیاسی کورد لە زەرورەتی چاکسازیی ڕیشەیی، ئەو بەهارە هی هەمووانەو کاریگەریی لەسەر هەموو لایەنەکانیش ئەبێت تەنانەت کوردستانی خۆشمان هەر وەك پارساڵ لە حەڤدەی شوباتدا ڕوویدا، بەلام لە ماهیەتی

جوڵەیدا جیاوازە، چونكە لە كوردستان باس لە گۆڕین نیە و پەنا بۆ توندوتیژی كارێكی نێگەتیڤە، بەڵام چاكسازیەكە پێویستەو بەهەمان شێوەش دەبێ لەسەر ڕەوتی دەسەڵاتی سیاسی ڕەنگبداتەوە.

### ٥. كورد دەبێ چیبكا ؟

بۆ ئەوەی كورد هەندێجار پێش ڕووداوەكـان بكەوێ لـەڕووی ستراتیژیەت و بیركردنەوەوە پێویستە ئەم هەنگاوانە بنێ پێش جاڕدان یان باسكردنی دەوڵەتی كوردی، ئەوانیش:

١. بیركردنەوە لەسیاسەت بە زیهنیەتێكی هەڵكشان بەرەو دەوڵەتداری و حوكم، ئەگەرچی ئەو دەوڵەتە چەندانساڵیش دوا بكەوێ.

٢. بوونی ستراتیژیەتێكی ڕوون و هاوسەنگ لەنێوان داخوازیەكانی گەلی كورد و نەیارانی، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ كە ئەوان جێی پرسن، نەخێر، بەڵكو ئەوان جێی سڵەمینەوەن و ئەبی تەواو ئاگاداری خۆمان بین و بە حیكمەت بین لە كاری سیاسیماندا.

٣. هەرچی زووتر چاكسازیی ڕیشەییە بۆ بەرەوپێشچوونی حكومەتی هەرێم، بەوەی بە توانایی ئێمە لە تۆكمەیی ئەزموونەكەماندایە.

٤. سیاسەت بۆ هەمووانە، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ كە پرۆسەی دیموكراسیەت لە كوردستاندا باشتر و جوانتر بكەین و تـەواوی ململانێ و ركابەریەكان لەسەر سندوقەكانی دەنگدان و هۆڵەكانی پەرلەمان بەتاڵ بكەینەوە نەك جارێكی تر شەقام و كۆڵانەكانمان سووركەینەوە. ئەو حەقیقەتەش ڕوون بێ لامان كە هیچ پرۆسەیەكی دیمۆكراسی پاكژ لە دنیادا نیە بەبێ بەشداریەكی ئازادانەی هەمووان لە پرۆسەی سیاسیدا، وە ئەبێ قەناعەتیشمان وابێ كە براوەی یەكجارەكی و دۆڕاوی هەتاهەتایی لە دیموكراسیەتدا نیە، بەڵكو براوەی ئیمڕۆ ئەشێ لە خولی ئایندەی هەڵبژاردندا گەل پێبدۆڕێنێ و دۆڕاوی دوێنێش لەلایەن گەلەوە ببێتە براوە، بەڵام هەردووكیان سیستمی سیاسی وڵات پێكدەهێنن.

٥. ڕەوتی هەڵكشان بەرەو ئەوچارەنووسە تەنها بە سیاسەتمەداران و پیاوانی

حکومەت و کاربەدەستان ناکرێ، بەڵکو زۆرێـك لەو هزرانە یاخود سـەرەداوە ستراتیژیانە دەبێ لەلایەن پسپۆرانەوە دابنرێ، بەڵام مەخابن لەنێوان هەڵسوڕاوانی حکومەت و پسپۆران هیچ ڕایەڵەیەك لە کوردستان بەدی ناکرێ، ئەمەش پێویستی بە سەنتەری توێژینەوەو ڕاوێژ هەیە.

٦. خودکاری لە هەرێمی کوردستاندا، بەوەی کارەکانی خۆمان لە هەرێم لەسەر زۆرێك لە هاوکێشەکانی عیراق نەبەستینەوە، ئەمەش مانای ئەوە نیە کە ئەوەی پەیوەندی بە مەرکەزەوە هەیە پشتگوێی بخەین.

٧. کردنەوەی چەندان نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لەو پایتەختانەی کە لەسەر پرۆسەی بڕیاردانی نێودەوڵەتی و ناوچەکە کاریگەرن.

٨. بوونی دبلۆماسیەتێکی کارا تا پرس و پەیام و کەسێتی مەعنەوی ئێمە بەوانی تر بناسێنێ.

٩. گرنگیدان بە ئابووری کە دواتر ئەبێتە بڕبڕەی پشتی حکومەت یان ئەو حاڵەتە سیاسیەی کەلە دەوڵەتدا بەرجەستە ئەبێ.

١٠. دانـانـی بـەرنـامـەیـەکـی ستراتـیـژی بـەنـاوی هـەنـگـاوەکـانـی پێش دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، کە ئەمە زیاتر جێی باسە نەك تەنها جاڕدان، چونکە بونیادی دەوڵەتی پتەو بە قۆناغبەندی دروست ئەبێ.

١١. هــەوڵــدان بـۆ بـــوون بــە هــەرێــم لــە عــیراقــی فــیــدراڵــدا، کــە لــەلایــەك فشارەکانی سەر کورد کەمتر ئەبنەوەو مافی چارەی خۆنووسینیش ئاسانتر و نزیکتر ئەبێتەوە.

١٢.قـۆسـتـنـەوەی ئـەو دۆزە نـاهـەمـوارەی عـیراق بـۆ جێبەجێکردنی ماددەی سەدوچل کە ئێستا لە نێوان یەکە سیاسیە مەزهەبیەکاندا هاتۆتە ئاراوە.

# پەراوێزەکان

(1) نافذ أبو حسنة، عولمة الشر فساد التاريخ، قضايا دولية، العدد ٢٩٣، السنة السادسة، (باكستان، معهد الدراسات السياسية، ١٤ آب ١٩٩٥). ص٥.

(٢) جوزيف ياكوب، ما بعد الأقليات بديل عن تكاثر الدول، ت: حسين عمر، ط١، ( بيروت، المركز الثقافي العربي، ٢٠٠٤ )، ص٢١٥– ٢١٦.

(٣) مجلة بناء الصين، الأقليات القومية في الصين، مجلة بناء الصين سلسلة سور العظيم، (بكين، الشركة الصينية العالمية لتجارة الكتب، ١٩٨٣ )، ص٦.

(٤) د. برهان غليون، نظام الطائفية من الدولة إلى القبيلة، ط١، (بيروت، المركز الثقافي العربي، ١٩٩٠)، ص٧.

(٤) نافذ أبو حسنة، عولمة الشر فساد التاريخ، المرجع السابق، ص٤.

(٥) محمد السماك، الإستغلال الديني في الصراع السياسي، ط١، (بيروت، دار النفائس، ٢٠٠٠)، ص١١.

(٦) محمد السماك، موقع الإسلام في صراع الحضارات والنظام الدولي الجديد، ط٢، (بيروت، دار النفائس للطباعة والنشر والتوزيع، ١٩٩٩)، ص٣٢٣.

(٧) روبرت تابر، حرب المستضعفين، ت: محمود سيد رصاص، ط١، (بيروت، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ١٩٨١)، ص٨٢.

(٨) غاستون بوتول، سوسيولوجيا السياسة، ت: نسيم نصر، ط١، (بيروت، منشورات عويدات، ١٩٩٢)، ص١٢٢.

# فەرهەنگی زاراوەکان

ئامادەکردنی/ ئازاد تۆفیق

هەواڵنامەی کتێب

## وتەیەكی پێویست...

زاراوە سیاسی و كۆمەڵناسیەكان، كە ئەمڕۆ بەگشتی خۆیان لە نێو دونیای فەرهەنگی سیاسیدا دەبیننەوە، بوونەتە كارێكی پێویستو گرنگ. بۆیە دەبینین لەكاتی خوێندنەوەی بابەتێكدا زۆرجار خوێنەر ڕووبەڕووی هەندێ چەمكو زاراوە دەبێتەوە كە بۆ زانینیان دەبێت هەڵوێستەیان لەسەربكات. جا بۆئەوەی پرۆسەی خوێندنەوە ببێتە كارێكی تەندروست، تائەوەی مەبەستی نووسەرە بە ئاسانی بگاتە لای خوێنەر. ئەوا گۆڤاری نوێبوون بڕیاریداوە لە ژمارە (١٣) بەدواوە ئاشناكردنی خوێنەر بەزاراوە سیاسیی‌و چەمكە سۆسیۆلۆژیەكان بكاتە بەرنامەی كاری خۆی‌و تەنانەت ئەو زاناو فەیلەسوف‌و بیرمەندانەش، كە ناویان لە وتارو لێكۆڵینەوەكاندا دێت، كەم تا زۆر تیشكێ بخاتە سەر ژیان‌و بەرهەمەكانیان،بۆئەوەی هاوشانی وتارو لێكۆڵینەوەكانی هەر ژمارەیەك، ئەوا لەبواری فەرهەنگ ناسیشدا خزمەتێكی بچكۆلە بەخوێنەرانی ئازیز بكات.

هەولێنامەی كتێب

- **ئەرستۆ**

ئەریستۆتالیس (٣٨٤ بۆ ٣٢٢ ) پێش مەسیح لەشاری ستاجیرۆسدا لە دایك بووە و لە تەمەنی ١٧ ساڵی بەرەو ئەسینا كۆچ دەكات و دەبێتە قوتابی لە ئەكادیمیایەكەی پلاتۆن. پەیوەندی لەگەڵ مامۆستاكەیدا دەبێ باش بوبێت، چونكە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵی ڕەبەق لەوێ ماوەتەوە. ئەم فەیلەسوفە لەگەڵ ئەفلاتوون و سوكراتدا بەدامەزرێنەری فەلسەفەی خۆرئاوا لەقەڵەم دەدرێن. یەكێك لە نووسراوە هەرە گرنگەكانی بریتییە لە ئۆرگانون organon كە بەمانای ئامێردێت و بریتییە لە نامەیەك دەربارەی لۆژیك. هەروەها دەربارەی فیزیك و فەلەكناسی و ئاكار و سیاسەت و گیانەوەران

و ڕووەکسازیی و میتافیزیکش کتێبی لێ بەجێماوە. خاوەنی کتێبێکیشە بە ناوی سیاسەت. کە دەڵێن بەرامبەر کتێبی کۆماری ئەفلاتۆن دەوەستێتەوە لە گرنگیدا.

### • ئۆتۆکراسی

بە ڕژێمێك یان سیستمێك دەگوترێ کە ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوەی هەبێ:

١ –زاڵبوونی بە ئاشکرای کەسێك کە لەسەرەوەی هەرەمی دەسەڵاتدابێ.

٢ –نەبوونی یاسا یان نەریتێك کە بەسەر ئەرك و کردەوەکانی دەسەڵاتداردا چاودێری بکات.

٣ –بێ سنووربوونی دەسەڵاتی دەسەڵاتدار لە پراکتیکدا.

### • ئۆلیگارشی

لە سەرچاوەی وشەی یۆنانی ئۆلیگۆس (oligos) وەرگیراوە کە بە مانای کەم دێت. ئەم زاراوەیە بەمانای سەروەری ژمارەیەکی کەم دێ و لە زانستی سیاسەتدا بەواتای دەسەڵاتداریێتی سیاسی و ئابووری تاقمێکی بچووك لە دەوڵەمەندان و چەوسێنەرانو دەست ڕۆشتووەکان دێ. کە لەسەردەمی کۆنی یۆناندا بەمانای حکومەتی تاقمێکی کەمیان وتووە. تاقمێك لە توێژەکانی کۆمەڵ و دەوڵەمەندە دەسەڵاتدارەکان.

### • ئەرستۆکرات

وشەیەکی یۆنانیە و لە دووبەش پێکهاتووە aristos بەمانای باش، لەگەڵ kratos کە بەمانای هێز دێت. ئەم زاراوەیە لەبنەڕەتدا یەکێکە لە شێوازەکانی حکومەت کە تێیدا دەسەڵات دەکەوێتە دەستی ژمارەیەکی کەمی خەڵکەوە.

## • ئۆپۆزسیۆن

زاراوەی ئۆپۆزسیۆن. لەبنەمادا دەگەڕێتەوە بۆ (opposition)ی لاتینی بە واتای ڕووبەڕوبوونەوە و بەرامبەریەك وەستان، یان مانای ڕای پێچەوانە دێت، کە لەسەرەتاوە لە بواری ئەستێرەناسیدا بەکار دەهات، بەڵام دواتر هاتەناو بواری دیکەوە بەتایبەت بواری سیاسەت.

بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە لەزمانی فەرەنسی دا بەواتای ڕەخنەگرتن و نارازی بوون یان بەرگری دێت. لە ڕاستیدا ئۆپۆزسیۆن وەك چەمکێکی سیاسی بەواتای دژایەتی حکومەت نایەت بەقەد ئەوەی بەواتای ڕەخنەگرتن و بەدیارخستنی کەم و کورتیەکانی دەسەڵات دێت. بۆیە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی وەك دامەزراوەیەکی فەرمی بەرامبەر سیاسەتەکانی حکومەت بۆ یەکەمجار دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی دەستووری لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەهەم لە بەریتانیا. ئۆپۆزسیۆنی سیاسی حاڵەتێکی دروست و ڕەوایەو بەشێکە لە سیستەمی سیاسی وڵات. ئەمەش مانای وایە لە سیستەمە سیاسیە پلورالیستەکاندا ئۆپۆزسیۆنی سیاسی ئەرکەکانی خۆی لەسەر بنەمای ئازادی و ڕەوایەتی پیادە دەکات بۆیە ئەرکی ئۆپۆزسیۆن تەنیا ڕەخنەگرتن نیە و بەس بەڵکو پێشکەش کردنی پرۆژە و پێشنیاری ئەڵتەرناتیڤیشە. ڕاستە ئۆپۆزسیۆن بەشداری لە حکومەتدا ناکات بەڵام باوەڕیان بە دەستووری وڵات هەیەو بەشداری دانیشتەکانی پەرلەمان دەکەن و بەپێی یاسا دیاریکراوەکان چاودێری ڕاستەوخۆی کاروبارەکانی حکومەت دەکەن و هەوڵ دەدەن کەم و کورتیەکان بگەیەننە ڕای گشتی.

## ئۆتۆنۆمی

لە زانستی سیاسەتدا ئۆتۆنۆمی بریتییە لە (ئیختیار و دەسەڵات)ی گرووپێك سەبارەت بە دانانی یاساگەلێك بۆ خۆی و کارپێکردنیان. دەستەواژەی ئۆتۆنۆمی هەم بۆ دیاریکردنی بارودۆخی ناوچەیەك یا هەرێمێك کە لەناو چوارچێوەی وڵاتێك بەکاردەهێنرێ و هەم بۆ دەرخستنی هەلومەرجی یاسایی وڵاتێك لەناو چوارچێوەی فیدراسیۆن یان کۆنفیدراسیۆندا. چەمکی یاسایی ئۆتۆنۆمی بریتییە لە دەسەڵاتێکی ناحوکمڕان، کە بەگوێرەی یاساگەلی تایبەت دەتوانێ بنەما گەلێکی یاسایی دابڕێژێ و کاری پێبکات.

## ئەمازیغ

یاخود (بەربەر) نەتەوەیەکن لە باکوری ئەفریقا دەژین، هەر لەناوچەی سیوە لە میسر تا دەگاتە ئۆقیانووسی ئەتڵەس و دەریای ناوەڕاست تا دەریای نەیجەر، زمانی ئەمازیغ لە چەندین شێوەی جیاواز پێکدێت و بریتییە لە لقێکی زمانەکانی ئەفروئاسیایی، گەلی ئەمازیغ ئێستا بێجگە لە زمانی دایك بە زمانی فەرەنسی قسەدەکەن و ئەمازیغەکانی مەغریب بە زمانی ئیسپانی دەدوێن، زۆر لەبەربەرییەکان خۆیان بە ئەمازیغ پێناسەدەکەن، کە لەوشەی (مازیس ) هاتووە ئەویش یەکێك لە ناوەکانی ڕۆمانییە بۆ گەلی بەربەر.

کەسایەتییە ناسراوەکانی ئەمازیغ "تاریق بن زیاد و عباس بن فرناس و زین الدین زیدان" هەروەها خێڵی (تەواریق) هەن لە لیبیا، کە خۆیان بەنەوەی تاریق بن زیاد دەناسێنن و ئەوانیش هەر ئەمازیغین.

هیرۆدیت مێژوونووسی گریکی بە ماکسیس ناوی ئەمازیغی هێناوە لە کتێبەکەیدا و ڕۆمانەکان لە ناوی (مازیس و نۆمیدییون و مۆریتانیو و ریبۆ) ئیشارەتیان پێکردوە. عەرەبەکان بەناوی بەربەر یاخود مەغاریبی باسیان کردوە، لە ڕاستیدا وشەی

هەواڵنامەی پێر

بەربەر لە مێژوودا لەدوای کۆتایی هاتنی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی سەریهەڵدا، چونکە وەك مێژونووسان دەڵێن ناوی بەربەر پێش ڕووخانی رۆمانییەکان لە کتێبی مێژوودا نەهاتووە، هەروەها لەبەرئەوەی سەرچاوەی ناوی ئەمازیغ یاخود بەربەر نازاندرێت، بەڵام لە زمانی نوێ بەربەری وشەی "مازغ" بەمانای ئازاد دێت.

هەروەها تەواریق کە ئەوانیش هەر ئەمازیغین بوونیان هەیە لە ولاٌتی نەیجەر، وا باس دەکرێت کە ئەمازیغ لە خۆرئاوای ئاسیاوە کۆچیان کردبێت بۆ باکووری ئەفریقا لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی رۆمانیا.

پیتی نوسینی ئەمازیغ بەخەتی( تیفیناغ ) دەنوسرێت کە (ئیبن نەدیم) رەگەزەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ حەبەشییەکان و پەیوەندیدارە بە پیتی "حمیری" بەپێی نووسینەکانی (ابن خلدون ) گەلی ئەمازیغ لە چەند خێڵێکی بەهێز و پەرت بلاٌو پێکهاتبوون و مەلیکەکەیان ناوی (کەسیلە) بوو. پاشان لەسەردەمی (فاتیمییەکان ) گەلی ئەمازیغ بوونە ئیسلام و زمانی عەرەبیان کردە زمانی رەسمی خۆیان .

• **بیرۆکراسی**

لە وشەی لاتینی (burra) وەرگیراوە و بۆ یەکەمین جار لەسەدەی هەژدەهەم وەك (bureaucratie) لەلایەن یەکێك لەوەزیرانی بازرگانی فەرەنسا بەواتای حکومەت کەڵکی لێوەرگیرا. ئەم وشەیە لەسەدەی نۆزدەهەمدا بەشێوەی burokratie هاتە نێو زمانی ئەڵمانی و ئیتر لەوە بەدواوە کەڵك وەرگرتن لەو وشەیە لەزمانی ئینگلیزیو زمانەکانی دیکەدا پەرەی گرت. بیرۆکراتی ئەمڕۆ ئاماژە بەتوێژی ئیداریو چینی بەڕێوەبەری ڕێکخراو بەتایبەتی ڕێکخراوی دەوڵەتی دەکاو بەگشتی بەواتای حکومەتی فەرمانبەران بەشێوەیەکی ڕێکخراو و پێکهاتەیەکی پتەوو یەکگرتوو دێت. بۆیە بەزۆری ئەم زاراوەیە بۆ ئیدارەی حکومەت، بەتایبەتی دەربارەی کاروبارە ڕەسمیەکان لە حکومەت و خزمەتگوزاری مەدەنیدا بەکاردێت و زۆر جاریش وەك



هەولێرنامەی کتێب

ڕەخنەیەك بەكار دەهێنرێت بۆ پیشاندانی بەفیڕۆدانی توانا و كات و سامانی حكومەت لەزنجیرەیەك ڕۆتینی بێزاركەرانەدا.

## • بیابانی خۆرئاوا

ناوچەیەكی بیابانییە ڕووبەرەكەی دەگاتە( ٢٦٦ هەزار كیلۆمەتر دووجا) و دەكەوێتە باكووری مەغریب و باشووری مۆریتانیا و خۆرهەلاتی جەزائیر وشاری (عیون) بەناوبانگترین شاری بیابانی خۆرئاوایە.

## • جەنگی جیهانی دووەم

جەنگێكی سەربازی جیهانیە، وێرانكاریی و گیان لەدەستدانێكی زۆری لێكەوتەوە، سەخترین و كاولكارترین جەنگە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، لەساڵی( ١٩٣٩) دا وەك ململانێیەك لەنێوان ئەڵمانیاو هاوپەیمانێتی ئینگلیزی و فەرەنسیدا هەڵگیرسا. بەڵام سەرئەنجام بەرین بوەوەو زۆربەی وڵاتانی جیهانی گرتەوە. لەساڵی(١٩٤٥) دا كۆتایی هات و لەدوای خۆیەوە جیهانێكی نوێی بەجێهێشت كە بەجیهانی دوو جەمسەری یان دوو سەربازگەیی دەناسرا، كە ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكاو یەكێتی سۆڤێتی دوو جەمسەرەكەی بوون.

## • جیۆپۆلەتیك

ئەم زاراوەیە لە دوو وشەی لاتینی پێكهاتووە (جیۆ) كە بەمانای زەوی دێت و (پۆلەتیك) كە بەمانای سیاسەت دێ، توێژینەوە لە بنەماكانی جوگرافیای دەسەڵاتی دەوڵەتان، ئەو بابەتەیە كە جیۆپۆلەتیك دەیگرێتەوە. (تایبەتمەندیەكانی سەرزەوی، ئاو و هەوا، سەرچاوە سروشتیەكان، هەڵكەوتەی جوگرافیایی، تایبەتمەندیەكانی دانیشتووان، تایبەتمەندییە فەرهەنگیەكان لەسەر چوارچێوەی كاركردنی سیستمی سیاسی)، ئەو بابەتانەن كە جیۆپۆلەتیك لێیان دەكۆڵێتەوە. بەوەی هەریەك لەو دەوڵەتان بەشێك لە جوگرافیای سیاسی جیهانیان پێكهێناوە. لێرەوەو لەم ڕوانگە

تايبەتيەوە – كە پەيوەنديە نێودەوڵەتيەكان – جێوپۆلەتيك مەسەلەكانى تێدا تاوتوێ دەكات، يەكێك لە دامەزرێنە سەرەتاييەكانى ئەم لقە زانستيە (فردريك ڕاتزل ٨٤٤–١٩٠٤)ى ئەڵمانى بوو، كە دەيووت دەوڵەت هەروەك ئۆرگانيسمێك لەدەوروبەرى جوگرافياى خۆيدا كار دەكات. بۆيە چيەتى و نەوعيەتى ئەو دەرووبەرە لە دەسەڵاتى نێو دەوڵەتيدا زۆر زۆر چارەنووس سازە.

## • هيگڵ

جۆرج فدريك هيگڵ( ١٧٧٠–١٨٣١ )لە ئەڵمانيا لە دايك بوە، باوكى كارمەندى دەوڵەت بوەو سێ منداڵى هەبووە، هيگڵ گەورەترينيان بووە, ئەم پلەوپايەى گەورەيى و پيريەى هيگڵيش بۆ ماوەيەكى دوورودێژ لە گەڵيدا مايەوە. لەوساڵانەدا كە تێولۆژى دەخوێند بوو بەبرادەرى شێلينگ و هۆيلدەرلين. ئەمانيش نازناوى (باپير)يان لێنا.

دواتريش كە لە فەلسەفەدا پلەى پسپۆريى بەدەست هێنا، زۆرينەى هاوەڵەكانى لەخۆى زۆر گەنجتربوون. كاتێ بارودۆخى ڕاميارى ناچارى كرد هەم شوێنى ژيانى و هەم پيشەكەشى بگۆڕێ. لەپێشدا بووە سەرنووسەرى (بامبێدگەر زايتونگ) ئەوجا وەك سەرۆكى كۆليج لەشارى نيورنبێرگدا دامەزرا. لێرەوە دەرگاى بەناوبانگبوونى لەسەر ئاوەلا بوو. لەساڵى( ١٨١٦) دا لەشارى هايدلبێرگ بووە پرۆفيسۆرى فەلسەفە و بۆماوەى دووساڵ وانەى گووتەوە. هەموو ئەو زيادەش كە لە بەردەستيدا بوو لەشارى بەرليندا وەك فەيلەسوفێكى بەناوبانگ بەسەريدەبرد. وانەكانى هەر زوو بوونە مايەى سەرنجى چواردەورەكەى هەرچەندە لە ڕاستيدا گوتاربێژێكى مەزن نەبوو (هيگڵ نە بەشێوەيەكى ئاسايى قسەى دەكرد وە نە بەرەوانيش، دەنگێكى قرخنى هەبوو زۆرينەى وشەكانيش بەدەنگێكى نووساو هەڵدەڕشت و زوو زوو قورگى پاكدەكردەوەو دەكۆكى و هەميشەش وشەكانى ڕاستدەكردەوە). لەوكاتەدا نە خۆشى كۆلێرا لەبەرليندا بڵاو بووبوەوە هيگڵيش هەربەهەمان نەخۆشى مرد.

هیگڵ دەیووت بۆ ئەوەی هەقیقەت بتوانێ لەخۆی بگات پێویستی بە مەعریفەیەکی بە ئاگا هەیە، تەنها هەقیقەتی بە ئاگا دەتوانێ ببێتە هەقیقەتێکی (ئەقڵانی). هیگڵی پسپۆڕ لەدیالێکتێکدا مامۆستایانە یاری بەلێکدژەکان دەکرد، ئەو لێکدژانەی کە بەپێی ڕێنامەو پلان دەیهێنایە ناو پڕۆسیسێکی بیرکردنەوەی وەهاوە کە سەرجەمی شتەکانی پێ پێناسە دەکرد و دیاری دەکردن. بۆ نموونە ڕۆحی خۆی و ڕۆحی بابەتی ئاگایی تاکایەتی و ئاگایی سەروو تاکایەتی تێکەڵ بەیەکدی دەبن. تاکە کەس تەنها بەشێکی بچکۆلەی مێژووی مەزنی جیهان پێکدەهێنێت. چالاکیە گەورەکانی ڕۆحیش لە سەرەتای کاتەوە تاکۆتایی پڕۆسیسی خولقاندن دەگرێتەوە. تاکە کەس لە چەند هەڵگرێکی پرەنسیپی ئاگایی دیاریکراو زیاتر هیچی دی نیە.

- **وێستڤالیا**

ڕاشتی وێستڤالیا بریتیە لە پەیمانێك کە لە( ٢٤ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٦٤٨ ) ئیمزاکراو بووە هۆی کۆتایی پێهێنانی شەڕوشۆڕی سی ساڵەی تاوتوێکردنی کاروبارە ئاینی و سیاسیەکان لە ئەوروپادا.

ئەم ناوەی بۆیە لێنراوە. چونکە ئەو دانووستاندنەی لەساڵی( ١٦٤٤) دا دەستی پێکرد لەهەردوو شاری (مونستەر و ئوسنابروکی) ئەڵمانییدابوو لەناوچەی وێستڤالیا. بەشدارانی سەرەکی بریتی بوون لە فەڕەنسە و سوید لەگەڵ ئیسپانیاو ئیمپراتۆریەتی ڕۆمان کە لە دژی دووانەکەی یەکەم بوون. بەپێی ئەو پەیماننامەیە سەروەریی و سەربەخۆیی هەریەکە لە دەوڵەتەکانی ناو ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی سەلمێنراو بە پراکتیك ئیمپراتۆریەتەکە دەسەلاتی نەما.

- **گرامشی**

(گرامشی ١٨٩١ - ١٩٣٧) تیوریزانێکی مارکسی بوو. دامەزرێنەری پارتی کۆمۆنیستی ئیتاڵی بوو. دادگایەکی فاشیەکان لەساڵی( ١٩٢٨ ) بڕیاری( ٢٠ ) ساڵ گرتنی دا. گرامشی ڕۆڵێکی دیاری هەبووە لە یەکالاکردنەوەی بۆچوونی مادی و



هەواڵنامەی دیپێ

بنچینەی ئایدۆلۆژی لادانی ڕاستگەری. زۆر لە نووسینەکانی ئەم بیرمەندە لە نێوان پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەوروپا بڵاو بۆتەوە.

توێژینەوەکانی لەبارەی مێژووی ڕوناکبیری ئیتاڵی، ڕەخنە گرتنی لە کاسۆلیکایەتی گرنگیەکی زۆری هەیە، لە کێشەی پەیوەندی نێوان ژێرخان و سەرخان و پڕۆلیتاریا بەچینی روناکبیری کۆلیەوە.

## • کانت

ئەمانوێل کانت (١٧٢٤ – ١٨٠٤) فەیلەسوفێکی ئەڵمانیە. بەڕای زۆر لە بیریاران مەزنترین فەیلەسوفە لە سەردەمی مۆدێرندا، دەرچووی زانکۆی کینسگبورگە و فیزیا و ماتماتیکی خوێندووە، پاشان بۆ ماوەی ١٥ ساڵ وانەی وتۆتەوە. سەرەتا زانست و فیزیای دەووتەوە، پاشان وردە وردە وانەکانی فراوان کردەوە و زۆربەی لقەکانی فەلسەفەشی گرتەوە. لە میانەی نووسین و وانەکانیەوە شۆرەتێکی باشی پەیداکردوە. بەڵام هەتا ساڵی( ١٧٧٠ ) کورسی ئوستادێتی لە زانکۆ بەدەست نەهێناوە، کە دەبێت بە پڕۆفیسۆری لۆژیك و میتافیزیکا ماوەی بیست و حەوت ساڵی دواتر لەسەر وانەوتنەوەی ناو زانکۆ بەردەوام بووە. وانە نا ئاینیەکانی کانت کە زیاتر لەسەر عەقلانیەت دامەزرابوون. نەك سروشت یان وەحی ئایینی تووشی چەند قەیرانێکیان کرد لەگەڵ حکومەتەکەی پرۆسیادا و لەساڵی( ١٧٩٢ ) دا پاشا فرەدریکی دووەم فەرمانی پێدەکات کە نابێت دەربارەی بابەتە ئاینیەکان وانە بڵێتەوە یان بنووسێت، کانت بۆ ماوەی پێنچ ساڵ گوێرایەڵی ئەم فەرمانە دەبێت. دوای ئەوەی پاشا دەمرێت دیسان تێهەڵدەچێتەوە. ساڵێك دوای خانەنشین بوونی واتە لەساڵی( ١٧٩٨) دا پوختەی بۆچوونەکانی خۆی لەمەڕ ئایین بەچاپ دەگەیەنێت و ساڵی( ١٧٨١ ) کتێبی ڕەخنەگرتن لە عەقڵی پەتی بەچاپ دەگەیەنێ کە بەگرنگترین کتێبی ئەو دەژمێررێت.

## • کاسۆلیک

کەنیسەی رۆمانی roman catholic church فراوانترین بەشی ئاینی مەسیحیە. لەو مەسیحیانە پێکهاتوە کە ملکەچی دەسەڵاتی پاپای رۆمان، وشەکە لە katholikasی یۆنانیەوە هاتووە مانای گەردوونیی یان جیهانیی دەگەیەنێت و لەسەرەتاکانی ئاینی مەسیحییەوە بەکارهاتووە. ئەوکاتەی کە خۆی تاکە کەنیسەی مەسیحی بوو.

## • کۆنگرێسی ئەمریکا

دەزگای یاسا دانەرە لە حکومەتی ئەمریکادا، لەدوو بەش دەسەڵات پێکهاتوە. ١٠٠ سیناتۆر و ٤٣٥ ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی ئەرکی بنەڕەتی کۆنگرێس نووسین وگفتوگۆ لەسەرکردن و پەسەندکردنی یاساکانە. پاشان ڕەوانەی سەرۆکیان دەکەن تاڕەزامەندی خۆی لەسەریان دەربڕێت. کاتێك سەرۆك ڕەزامەندبوو ئینجا بەشی جێبەجێکردنی یاساکان ڕەوانەی شارەزایانی کاروبارە یاسایی و دادگاییەکان دەکات تالێکیان بدەنەوەو بیانخەنە بەرکار. ئەرکەکانی دیکەی کۆنگرێس بریتین لە لێکۆڵینەوەی مەسەلە نەتەوەییەکان و سەرپەرشتی کردنی لقەکانی جێبەجێکردن و دادگاو داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا.

هەولێرە کتێب

## • لینین

فلادیمێر لینین (١٨٧٠ – ١٩٢٤) سەرکردەیەکی سیاسی ڕوسییە و دامەزرێنەری پارتی کۆمۆنیستی ڕوسیایە و سەرکردەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی( ١٩١٧) یە و یەکەمین سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەتە ( ١٩١٧ – ١٩٢٤ )دیارترین نووسراوەکانی بریتین لە (پەرەسەندنی سەرمایەداری لە ڕوسیا ١٨٨٩، ئیمپریالیزم بەرزترین قۆناغی سەرمایەدارێتیە ١٩١٦).

## • لۆبی

لۆبی lobby پێکهاتەیەکە و وەکو گرووپی بەرژەوەندی وەهایە، لۆبی بریتیە لە هەر تاکێك یان گرووپێك بیەوێ کاریگەری هەبێت لەسەر یاسادانەران یاخود لەسەر رەوت و کردەوەی حکومەت. هەموو بەشەکانی کۆمەڵگا لۆبی خۆیان هەیە، بزنس، کار، کشتوکاڵ، پەروەردە، دەزگای ئاینی... هتد. بەکارهێنانی لۆبی لە خزمەتی گرووپەکاندا دەبێتە هۆی ئەوەی دەنگی هاووڵاتی ئاسایی لە حکومەتدا ببیسترێت. بەڵام هەندێکی دیکەش هەن کەپێیان وایە هەندێ گرووپی کۆمەڵایەتی زۆر بە دەسەڵاتن.

## • مارکس

کارل مارکس (١٨١٨ – ١٨٨٣) کۆمەڵناس و بیریارو ئابووریزانێکی ئەڵمانیە، بزووتنەوەی مارکسیزم لەسەر بنەماو کارو نووسینەکانی ئەو دامەزراوە و زۆرینەی بۆچوون و بیروراکانی ئەو رەوتـە لە نووسینەکانی ئەم فەیلەسوفەوە پەرەیان سەندووە. لە ساڵی( ١٨٤٨) دا لەگەڵ فردریك ئینگلسی هاورێیدا مانفێستی پارتی کۆمۆنیست دەنووسن. لەوێدا گریمان دەکەن. مێژوو بریتیە لە مێژووی ململانێی چینەکانو بەسەرکەوتنی چینی پرۆلیتاریا دەگاتە کامڵترین ئاست. ناودارترین نووسراوی کتێبی (سەرمایە)یە.

## • ماکیا ڤێللی (١٤٦٩– ١٥٢٧)

مێژوونووس و سیاسەتمەدارێکی ئیتاڵیە. فەیلەسوفی سیاسەتیشە، نووسینەکانی کاریگەریی زۆریان لەسەر بیرکردنەوەی سیاسی هەبووە. ناوەکەی بووە بە ئیدیۆمێك بۆ سیاسەتی سوودگەرایی دوو ڕووانە. دیارترین دانراوی کتێبێکە بەناوی (میر).

### • مونارشی

حکومەتی پاشایەتی سەڵتەنەتی، بەو دەوڵەتانە ئەڵێن کە لەلایەن تاکە کەسێکەوە بەڕێوەبرێت بەشێوەی میراتگریانە.

### • نەتەوە یەکگرتووەکان

نەتەوەیەکگرتووەکان ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیەو لەسەر ئەساسی هەماهەنگی و ئاشتی جیهانی دروست بووە. ئەم ڕێکخراوە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە دروست بوو کە لەساڵی( ١٩٤٥ ) کۆتایی هات. پەیامی ئەم ڕێکخراوە بریتیە لە .. پاراستنی ئەمن و ئاسایشی جیهان، گەشەپێدانی پەیوەندییە باشەکانی نێوان دەوڵەتان وهەماهەنگیکردنی هاوکاری بۆ چارەسەکردنی کێشەکانی جیهان و هاندانی زیاتر بۆ ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ. لە ڕووی مێژووییەوە لە( ٢٥ی ئەپرێلی ١٩٤٥ ) نەتەوە یەکگرتووەکان وەکو ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی لەسانفرانسیسکۆ بەبەشداری نوێنەرایەتی( ٥٠ ) دەوڵەت کۆبوەوە. نوێنەرەکان نزیکەی دوو مانگ کاریان بۆ تەواوکردنی میساقەکە کرد. کە ئامانج و پرەنیسپ و هەیکەلی ڕێکخراوەکەی لە خۆگرتبوو. میساقەکە ڕێکەوتننامەیەکی لە خۆگرتبوو کە داوای لە دەوڵەتانی جیهان دەکرد بۆ دانانی بنەمایەکی ئەساسی هاوبەش تائەو پەیوەندییانە ببات بەڕێوە. بۆ ئەمەش نەتەوە یەکگرتووەکان وەك ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی فەرمی لە ٢٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٥ هاتە بوون.

### • نیمچە دیموکراسی

نیمچە دیموکراسیەکان لەو وڵاتانەدا بەدی دەکرێ کە لە حاڵەتی ڕاگوزەرو پەرەسەندندان. لەم سیستمانەدا ژیانی سیاسی نە بەتەواوەتی دیموکراتیکن و نە بەتەواوەتی تۆتالیتارن. ئەم وڵاتانە گیرۆدەی پرۆسەی مۆدێرنیزە و پەرەپێدان و تێپەڕینن لە نەریتەوە بۆ مۆدێرنە.

## • نازیزم

زاراوەیەکە زیاتر بۆ تیۆرەکان و شێوازی حکومەتیی ئەڵمانیا لەسەردەمی ئادۆڵف هیتلەر کەڵکی لێوەردەگیرێ و هەندێ جاریش بەهاو واتای فاشیزم و تیۆرە هاوشێوەکانی لە وڵاتانی دیکەی جیهان کەڵکی لێ وەردەگـرن. زاراوەی نازیی کورتکراوەی (حزبی ناسیۆنال سوسیالیستی کرێکانی ئەڵمانیا)یە. ئەم حزبە لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی دامەزراو لەساڵەکانی ١٩٣٣ تا ١٩٤٥ دەسەڵاتی ئەڵمانیای بەدەستەوەبوو.

بنەما تیۆریەکانی حزبی نازیی بریتی بوو لە تێکەڵاویەك لە فاشیزمی ئیتاڵیا و بیروڕای ناسیۆنالیستی کۆنی ئەڵمانیا و تیۆرە ڕەگەزییەکان و نەریتەکانی سەربازی پروسی . بەرنامەی ئەم براقە پێکهێنانی ئەڵمانیایەکی بەهێزی میلتاریستی بوو کە سنوورەکانی پەرەپێداو ویەکیەتی نیشتمانی ناوچە ئەڵمانی نشینەکان دابین بکا. شێوازی حکومەتی نازیزم دیکتاتۆریەت و تۆتالیتاریزمە.

## • سەدەکانی ناوەڕاست

زاراوەی سەدەکانی ناوەڕاست تارادەیەك ماوەیەکی زەمەنی دورودێژ دەگرێتەوە لەسەدەی پێنجەمەوە درێژدەبێتەوە تادەگاتە سەدەی شانزە. دیارە ماوەیەکی دوورودرێژی ئاوەهاش پێویستی بەدابەشکردن دەبێت. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە بەم شێوەیە دابەشکراوە..

١ –سـەدەکـانـی نـاوەڕاسـتـی سـەرەتـا، کـە لـەسـەدەی پێنجەمەوە تاسەدەی دەهەم دەگرێتەوە.

٢ –سەدەکانی ناوەڕاستی دواتـر، کە لەسەدەی یانزەوە تا ناوەڕاستی سەدەی سیانزە دەگرێتەوە.

٣ – سەدەکانی ناوەڕاستی پاشینە. کەلە ناوەڕاستی سەدەی سیانزەوە تا سەرەتای سەدەی شانزە دەگرێتەوە.

بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ناوی (سەدەکانی ناوەڕاستی تاریکیان) بەسەر سەدەکانی ناوەڕاستدا سەپاندبوو. بێگومان ئەو ناوە لەسەدەی ڕۆشنگەریدا سەری هەڵداو دواتریش بوو بە دەستەواژەیەك کە بەردەوام دووبارە دەکرایەوە .

## • سۆشیالیزمی فابی

بیروبۆچوونی سیاسی ڕێکخراوێکی سۆسیالیستیە کە لەبەریتانیا سەریهەڵدا لایەنگرانی ئەم ئایدیایە لەساڵی( ١٨٨٤) دا لە زانکۆی (فابیش) یەکیان گرت و (سیدنیوب، جۆرج برناردشو، گراهام دالاس، هـ،ج.وێلز) لە سەرکردەکانی ئەم بزووتنەوەیە بوون. فابیزم ناوی خۆیان لە ناوی (فابیۆس)ی سەرکردەی ڕۆمەکان وەرگرتووە کە بەهێمنی و لەسەرخۆیی و شەڕ کشانەوە دواوە. ئەم کۆمەڵە بوو بە بنەمای پێکهێنانی حزبی کرێکاری بەریتانیا، بەڵام لەدوای دامەزراندنی حزبی کرێکار، ئەم کۆمەڵە وەکو کۆمەڵێکی پڕوپاگەندەیی و لێکۆڵینەوەیی بە ناوی (کۆمەڵەی فابیان) درێژەی بە چالاکی خۆی دەدا. دواجار وتارگەلێکیان دژی بیروبۆچوون و فەلسەفەی مارکسی بڵاوکردەوە.

بنەما فیکریەکانی فابیەکان بریتیە لە:-

١ -چاکسازیی کۆمەڵایەتی، کە دەبێتە هـۆی گەشەی کۆمەڵایەتی و باری ئابووری کرێکار بۆخۆی بەرەو پێش دەڕوات، ئیتر پێویستی بە بەکارهێنانی توندوتیژیو ڕێکخستنی شۆڕش نیە.

٢ -پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی پێویستی بەململانێی چینایەتی نیە.

## • سەلەفیەت

بریتیە لە بەرنامەیەکی بڕواو ڕەفتار کە لەکاتی موسڵمانە سەرەتاییەکانەوە درێژبۆتەوە و ڕێساو هەڵوێستەکانی لەو موسڵمانە سەرەتاییانە وەردەگرێت. وە لە یەکێك لە رووەکانیەوە، دەبێتە نموونە بۆ ڕەوتە ئیسلامیەکانو لە رووەکی



هەواڵنامەی کتێب

تریشەوە لەم سەردەمە نوێیەدا نموونەیە بۆ خوێندنگایەك لە کۆمەڵە ئیسلامیەکانی دیکە بەرامبەر بە خوێندنگە فیکریە سوننیەکە، کە ئامانجی گۆرانکاری و چاککردنی رژێمی فەرمانڕەوایی و کۆمەڵگە و ژیانە بەگشتی، کە لەگەڵ سیستمی شەرعی ئیسلامیدا بگونجێت– بەگوێرەی بۆچوونی سەلەفیەت– سەلەفیەت بەم زاراوەیەوە لەسەردەستی( ئەحمەد بن تەیمیە ) لەسەدەی هەشتەمی کۆچیدا سەریهەڵدا، وە (شێخ محەمەد عەبدولوەهاب )سەلەنوێ ئەم زاراوەیەی زیندووکردەوە لەناوچەی (نەجد) لەسەدەی دوانزەهەمی کۆچیدا، بانگەواز دەکات بۆ گەڕانەوە بۆ (رێبازی پیاوچاکانی پێشوو) وە پابەندبوون پێوەی، بەوەی کە نموونەیە بۆ رێبازی ئیسلامی ڕەسەن.

## • فیدراڵی

لە ڕووی زاراوەوە وشەی (فیدراڵی) بۆ زۆر مانای تارادەیەك جیاواز بەکار هاتووە. ڕەگی ئەم زاراوەیە بۆ سەرچاوەی جیاجیا دەگەڕێتەوە. هەندێك وشەی فیدراڵی بۆ زاراوەی (federe)ی لاتینی دەگەڕێننەوە کە بەمانای (totrust) واتە متمانە کردن دێت. هەندێکی دیکەش دەستەواژەی فیدراڵیزم لە ڕووی ریشەییەوە دەگێرنەوە بۆ وشەی لاتینی (فۆدیوس– feodas) کە بە مانای یەکێتی، پەیمان و پرۆتۆکۆڵ دێت.

لە زانستی سیاسەتدا مەبەست لە فیدراڵیزم بریتیە لەجۆرە یەکێتی و یەکبوونێکی بەردەوام و پایەداری کۆمەڵێکی سیاسی، کە وێڕای یەکێتی و یەکبوونی هەر ئەندامێکی ئەو کۆمەڵگایە، تایبەت مەندی و خەسڵەتە تایبەتیەکانی خۆی دەپارێزێ.

واتر ڕۆناڵد – خەسڵەتەکانی سیستمی فیدراڵی بەم شێوەیەی خوارەوە کورت دەکاتەوە:

١ –هەبوونی لانی کەم دوو یەکە (دوو حکومەتی ناوچەیی)ی ئەو سیستمە کە هیچیان لە ژێر کاریگەری ئەوەی تر نەبنو لەهەمان کاتدا هەریەکەشیان بۆ خۆی ئەو توانایەی هەبێ کە سەربەخۆیانە یاسا و پرەنسیپ و ڕێوشوێنە



هەواڵنامەی دیپلۆ

دەوڵەتیەکان بەسەر هاووڵاتیانی ئەو کۆمەڵگایە کە بەدەنگدانی خۆی دامودەزگاو ئۆرگانەکانی هێناونەتە ئارا، پیادە بکات.

٢ -لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتی (یاسادانان و جێ بە جێ کردن) لە هەموو ئاستەکانی سیستمدا بەپێی یاسای بنەڕەتی و لە هەمان کاتدا دانی دەسەڵات و سەلاحیەت بەهەر لایەك یان هەریەکەیەکی ئەو سیستمە.

٣ -بوونی ئامادەیی داوەر یان دۆز گەلێك لەپێناو پشتیگری و چارەسەرکردنی ناکۆکی و کێشە چاوەڕوان کراوەکان لە نێو سەرجەم ئاستە دەوڵەتیەکاندا

## • فاشیزم

مانای زانستیانەی ئەم زاراوەیە بریتیە لە ڕژێمێکی دیکتاتۆریانە کە لەسەر زۆرداری و کوشتن و ملهوڕی دامەزرابێ. لەڕووی مێژوییەوە فاشیزم یەکەمجار لەساڵی( ١٩١٩ ) لە ئیتاڵیا پەیدابوو، لەدوای ( ٣ )ساڵ توانی دەست بەسەر هەموو دام و دەزگاکانی دەوڵەتدابگرێ. حزبی فاشستی ئەڵمانی ساڵی ١٩٢٠ دامەزرا. بۆ خەڵك هەڵفریواندن و خەڵك خەڵەتاندن ناوی حزبی ناسیۆنال سوشیالیستی لە خۆی نا. لەڕووی فیکریەوە... فاشیزم ئایدۆلۆجیایەکی سیاسی مۆدێرنەو دەیەوێ ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری وکلتووری کۆمەڵگا لەسەر بنەمای قووڵکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی یاخود ناسنامەی ئەتنیکی ڕێك بخاتەوە. فاشیزم بیرە ئازادیخوازەکانی لە وێنەی سەربەستی و مافە تایبەتیەکانی تاکە کەس ڕەتدەکاتەوە و هێز بەکاردەهێنێت بۆ سەرکوتکردنی هەڵبژاردنی ئازادو ئەنجوومەنی یاسادانان و ڕەگەزەکانی دیکەی دیموکراسی. فاشیزم لە پاڵ ئامانجە ئایدۆلۆجیەکانیدا هەوڵدەدات کۆمەڵگەی فاشی لە جیهاندا بینا بکات جا بەشەڕ بێت یان بە چەوساندنەوە. ئەنجامەکەشی کوژرانی ملیۆنەها کەس بوو لەسەدەی ڕابردوودا.

## • فیودالیەت. (دەرەبەگایەتی)

فیودالیزم یان دەرەباگایەتی لە بنەڕەتدا ئاماژەیە بۆ قۆناغێکی دیاریکراوی

مێژووی وڵاتانی ئەوروپی لەسەدەی( ٩ تا سەدەی ١٣). دەرەباگایەتی سیستمێکی سیاسی کۆمەڵایەتیە کە لەو سیستمەدا دەسەڵات لەنێوان خاوەن زەویە گەورەکاندا دابەش بووە و هەر خاوەن زەوی یان ئاغایەك هەندێك ڕەعیەتی هەیە کە لە بەرانبەر سەربازیی کردن یان خزمەتی دیکەدا، مافی خاوەندارێتی یان کەڵك وەرگرتن لە پارچە زەویەك کە ئاغاپێیداون وەدەست دێنن

مێژووی فیودالیزم دەریخستووە کە هەرکاتێك ئەم هەلومەرجانە لە کۆمەڵگایەکدا هەبوون، فیودالیزم لەو شوێنەدا بە ئاسانی گەشەدەکات.

١ –شێوازی سەرەکی بەرهەم هێنان کشتوکاڵ بێ.

٢ –کۆمەڵگا بەسەر هۆز و عەشیرەتی جیاوازدا دابەش بووبێ، کە پەیوەندیەکی لاوازی ئابووری، کلتووری و مێژوویان لەگەڵ یەکتریدا هەبێ.

٣ –پەیوەندی نێوان ناوچە جیاوازەکانی وڵات بەهۆی جوگرافی یان هۆیەکانی دیکە ئەستەم بێ یان پەیوەندییان نەبێ.

٤ –یەکیەتی ئابووری وڵات هەڵوەشابێتەوە، یان بەهۆی نەبوونی یەکێتیەکی ئابووری، وڵات خاوەنی حکومەتێکی ناوەند نەبێ.

## • ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

تائێستا هاوڕایی لەسەر سنووری یاخود تەواوی ئەو وڵاتانەی دەوکەونە ناو ڕۆژهەڵاتی ناڤینەوە لە ئارادانیە. ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی ئەوروپیە، بۆیەکەمجار لە ساڵی( ١٩٠٢ )بەکارهاتووە بۆ ئاماژەکردن بە ستراتیژی دەریایی بەریتانیا لەناوچەی کەنداو، واتە ئەو ناوچانەی گرنگی و بایەخی ستراتیژیان هەیە لەلایەن بەریتانیاوە .

بڵاوبوونەوەو بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە لە مێژووی نوێدا دەگەڕێتەوە بۆ جەنگی



هەواڵنامەی کتێب

جیهانی دووەم. (ئەلفرید ماهان) توێژەرێکی جێوپۆلەتێکیە دەڵێت: (ڕۆژهەڵاتی ناڤین ناوچەکانی نێو چوارچێوەی وڵاتی لیبیا لە ڕۆژئاواو پاکستان لە ڕۆژهەلات و تورکیا لە باکوور و نیوەدورگەی عەرەبی لەگەڵ ئەسیوبیا و سۆدان لەباشوور دەگرێتەوە) لە قۆناغی نوێ بەزۆری بیرمەندان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە ڕۆژهەڵاتی ناڤین واتە هەموو ئەو ناوچانە دەگرێتەوە، کە دەکەونە ناو چوارچێوەی وڵاتە عەرەبیەکان لەگەڵ ئیسرائیل و تورکیا و ئێران و پاکستان و ئەفغانستان کە پڕۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی گەورەش هەمان سنوور دەگرێتەوە.

- **ڕۆشنگەری**

سەدەی ڕۆشنگەری سەدەی( ١٧و١٨ ) دەگرێتەوە. لەو ماوەیەدا شێوە بیرکردنەوەیەکی تایبەت سەری هەڵدا، کە پەیوەست بوو بە عەقڵەوە. (کانت)ی فەیلەسوف بەم شێوەیەی خوارەوە وەسفی ناوەڕۆکی ڕۆشنگەری دەکات و لەو کاتەشەوە وەك پێناسەیەکی کلاسیکی ماوەتەوە... (ڕۆشنگەری واتە هاتنە دەرەوە لەو ناکاملێیەی کە خۆی بۆ خۆی خوڵقاندویەتی. ناکاملێ بەو مانایەی کە مرۆڤ تەنها ئەو کاتە دەتوانێت ئەقڵی بەکار بهێنێت کە کەسێکی تر بۆی بەڕێوەببات، کاتێك ناکاملێ کۆتایی هات و کاملێ سەری هەڵدا ئەوا ئەو کاتە عەقڵ لەو ڕاستیە تێدەگات کە خۆ گونجاندن لە جیهاندا چەندە سەختە، ئەگەر کەسێکی دی بەڕێوەی نەبات، چونکە ئەوکاتە چیتر هیچ دەسەڵاتێك (کە لەلایەن خۆمانەوە هەڵژێردراوە) نامێنێتەوە کە مرۆڤ خۆی پێوە ببەستێتەوەو هەموو توانای پەیبردن بەرەوڕووی خود دەگرێتەوە. ئەمەش لەهەمان کاتدا هەم سەختەو هەم بەربەرەکانیەکی مەزنیشە).

- **ڕۆزفۆلت.**

فرانکلین ڕۆزفۆڵت (١٨٨٢–١٩٤٥) سیودووهەمین سەرۆکی ئەمریکایە (١٩٣٢–١٩٤٥) لەباوەشی خێزانێکی سەرمایەداری ویلایەتی نیویۆرکدا لەدایك بوەو سەر بەپارتی دیموکراتە. ڕۆزفۆڵت دەرچووی زانکۆی هارفاردە و لەیاسادا خوێندویەتی،

ساڵی ١٩١٠ بووە بە ئەندامی کۆنگرێس، لە ١٩٢١دا قاچەکانی ئیفلیج بوون و لەوەبەدوا هەموو ژیانی لەسەر کورسی کەم ئەندامیەوە بەسەر برد. تاکە سەرۆکی ئەمریکایە کە زیاتر لە دوو خول هەڵبژێردراوەتەوە و بەیەکێك لەسەرۆکە هەرە مەزنەکانی ئەمریکا دادەنرێت. ئەو لە دەیەی( ١٩٣٠) دا ئەمریکای لە شکستێکی ئابووری گەورە دەربازکردو پاشان سەرکردایەتی ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمانی کرد لە جەنگی دووەمی جیهانیدا بەرەو سەرکەوتن. لەجەنگدا کۆمەکی بەبەریتانیاو یەکێتی سۆڤیەت کرد و لە کۆبونەوە هاوبەشەکانیدا لەگەڵ ونستۆن چەرچڵ و جۆزێف ستالیندا سەر لەنوێ نەخشەی جیهانی دوای جەنگی دووەمیان دارشتەوە.

- **تیرۆریزم**

چەمکی تیرۆر (terror) لە ریشەی لاتینی terrere کە بەمانای ترس و تۆقاندن دێت وەرگیراوە. ئەم زاراوەیە بۆ یەکەمین جار لەساڵی( ١٧٩٦ ) لە پێوەلکاوی فەرهەنگی وشەی (فەرهەنگستانی زانستەکانی فەرەنسا)دا هاتە ئاراوە. تیرۆریزم بریتییە لەخولقاندنی ترس و تۆقاندن بەمەبەستی هێنانەدی گۆرانکاری سیاسی. بۆیە هەموو کردەوەیەکی تیرۆریستیانە چەردەیەك توندوتیژی تێدایە. قامووسی فەرەنسی رۆبێر دوو پێناسەی بۆ تیرۆریزم دەخاتە روو.

١ –پیادەکردنی بەردەوامی توندوتیژی لەپێناوی ئامانجێکی سیاسی و ئەو کردەوە توندوتیژیانەی کە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە جێبەجێ دەبن.

٢ –ئەو هەڵس و کەوت و کردەوانەی کە نیشانەی پێکەوە هەڵنەکردن و نەسازانن و دەبنە هۆی ترساندن و تۆقاندن.

- **پۆپۆلیزم**

ئەم وشەیە لە زاراوەی لاتینی (populus – جەماوەری خەڵك) وەرگیراوە. لە پۆپۆلیزمدا، ئامانجە سیاسیەکان لە رێگای جەماوەر و پاڵەپەستۆی خەڵك بۆ سەر حکومەت بەبێ بوونی هیچ (نێوبەندێك– وساطة) یان تاقم و حزب و رێکخراوێك جێ

بەجێ دەکرێ. ئەم ڕوانگەیە زیاتر لەسەر ئەو بۆچوونە پێدادەگرێ کە دەوڵەت پێویستە لە ڕێگای خەڵك و بیروڕای گشتیەوە داخوازیە گشتیەکان بەسەر حکومەتدا بسەپێنرێت نەك بەهۆی حزب و ڕێکخراوی سیاسیەوە.

## • پەیمانی کۆمەڵاتی

پەیمانی کۆمەڵایەتی social contract تیۆرییەکی سیاسیەو باس لەوەدەکات کە دەوڵەت و هاووڵاتییەکانی پەیمانێکی نەنووسراویان لەنێوانی خۆیاندا هەیە. پەیمانێکی کۆمەڵایەتی کە خۆبەخشانە مۆری دەکەن. لەبۆچوونی تۆماس هۆبزدا (١٥٨٨ – ١٦٧٩) ئەم جۆرە پەیمانە پێویست بوو بۆ ئەوەی مرۆڤ لەحاڵەتی بەرابییەوە (حاڵەتی سروشتی) کە تێیدا ژیان نارەحەت و پڕ گێروگرفت و توندوتیژی بوو، ژیانێکی کێویانە بوو، تەمەنی مرۆڤ کورت بوو، بگوێزرێتەوە بۆ حاڵەتی مەدەنی. لای جان جاك ڕۆسۆ (١٧١٢ – ١٧٧٨) ئەندێشەی حاڵەتێکی سروشتی کردووە پێش ئەوەی حکومەت بوونی هەبێت. بۆیە لای ئەو قۆناغی سروشتی قوناغێکی نموونەییە، کە تیایدا مرۆڤەکان ئازادن. پەیمانی کۆمەڵایەتی پێویستە بۆ پێشکەوتن و پەرەسەندنی زیاتر. لەو پەیمانەدا تاکەکان لەگەڵ دەزگایەکی دیموکراسیدا پەیمان دەبەستن کە بەناوی ئەوانەوە فەرمانڕەوایی دەکات و تیایدا ئیرادەی گشتی دەبێبەیاسا.

## • پارتی سیاسی.

ئەم زاروەیە لە قامووسی وشەی فەرەنسا، وشەی پارتی (parth)، سەرەتا خاوەن واتایەکی سەربازی بووە و بەدەستەیەك لەو سەربازانە دەگوترا، کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن ئامادە دەکران، کە لەلەشکر جیادەبونەوەو لەگەڵ دوژمندا دەجەنگان. (پارتیۆ) لەزمانی ئیتاڵی و (پارتای) لە زمان و فەرهەنگی ئەڵمانی و وشەی (پارتی) لەزمانی ئینگلیزی، مێژوویەکی هاوچەشنیان هەیە. لەهەموو ئەم حاڵەتەدا پارت بەواتای دەستە، گرووپ بەشێك لە شتێك و کۆمەڵێك لە بەرامبەر ئەوانیتردا،

بەكاردێت بەشێوەیەكی گشتی دەكرێت بەم شێوەیە پێناسەی پارتی سیاسی بكەین.. بریتییە لە كۆبونەوەی كۆمەڵێك خەڵك بەشێوازێكی ڕێكخراو، كە هەمان بەرژەوەندی و پرەنسیپی دیاریكراویان هەیە بەسەركردایەتیەكی یەكگرتووەوە لەپێناو گەیشتن بە دەسەڵات یاخود بەشداربوون تیایدا هەوڵ دەدەن و بۆ چوونیان لەیەكەوە نزیكە.

## سەرچاوەكان :


١ فەرهەنگی سیاسی، ئا. زاهیر محەمەد و یاسین حاجی زادە.

٢ فەرهەنگی سۆفیا، و.بەهرۆز حەسەن.

٣ فەرهەنگی نوێ، ئا. برهان قانع.

٤ ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، ن. یاسین ساڵح.

٥ ئینسایكلۆپیدیای فەیلەسوفان، و.محەمەد وەسمان.

٦ زانستی سیاسی، و.ئاوات ئەحمەد.

٧ بنەماكانی زانستی سیاسەت، و.ئەبوبەكر كاروانی.

٨ پارتە سیاسیەكان و ڕای گشتی، ن.ڕێبوار كەریم مەحمود.

٩ فەلسەفەی خۆرئاوایی، و.ئاوات ئەحمەد.

١٠ سیماكانی ئەقلانیەت و خورافە، و.ئاوات ئەحمەد.

١١ تیرۆریزم، و.ئاوات ئەحمەد.

١٢ ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتوەكان، و.كارزان عومەر.

١٣ دەسەڵاتی دادوەری لە دەوڵەتی فیدراڵیدا، ن.گۆران ئازاد.

١٤ ڕێـبـازی سـەرۆكـەكـانـی ئـەمـریـكـا، و.ســـەردار محـەمـەد و ســەردار عەزیز.

١٥ بنچینەكانی فیدرالیزم، و.ڕێباز مستەفا.


هەواڵنامەی کتێب